# چەند وێستگەیەکی
# فیکری و ئەدەبی

ناوی کتێب: چەند وێستگەیەکی فیکری و ئەدەبی

نووسینی: نیچە، فۆکۆ، ئەلبێرکامۆ، ئەریك فرۆم، ئێدوارد سەعید،

ئومبێرتۆ ئیکۆ، لوسیان گۆڵدمان...

وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی

بابەت: فیکری

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج

تیراژ: **1000** دانە

نرخ: **3000** دینار

ژمارەی سپاردن: **1412**ی **2008**

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : سێیەم ساڵی **2008**

کوردستان -سلێمانی

**www.serdam.net**
**www.serdam.info**

# چەند وێستگەیەکی

# فیکری و ئەدەبی

**نیچە، فۆکۆ، ئەلبێرکامۆ، ئەریك فرۆم، ئێدوارد سەعید،**
**ئومبێرتۆ ئیکۆ، لوسیان گۆڵدمان....**


وەرگێڕان و نووسینی:

**ئازاد بەرزنجی**



**چاپی سێیەم**

**سلێمانی 2008**

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (454)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

SARD

# پێڕست


بەر لەخوێندنەوە 7
ئێمە کۆچەرین: سەرەتایەك بۆ فەلسەفەی نیچە 9
میشیل فۆکۆ: چاخی نوێ، مرۆڤی نوێ 71
کێ لە میشیل فۆکۆ دەترسێت؟ 86
ئەلبێر کامۆ: سەما لەژێر شمشێرەکەی دیمۆکلیسدا 91
کەسی شۆڕشگێڕ کێیە؟... ئەریك فرۆم 117
ڕۆڵی ڕۆشنبیر...... ئێدوارد سەعید 139
ئومبێرتۆ ئیکۆ: لەسەدەکانی ناوەندەوە بۆ "ناوی گوڵەباخ" 161
ماتێریالیزمی دیالەکتیك و مێژووی ئەدەب... لوسیان گۆڵدمان 175
فۆرمالیستە ڕووسەکان.... بابەك ئەحمەدی 203

**بەر لە خوێندنەوە**

**خوێنەری هێژا..**

ئەم وتارو باسانە کە لە دووتوێی ئەم کتێبەدا دەیانبینیت نەخشەیەکی دارێژراو کۆی نەکردوونەتەوە، بەڵکو هەروەکو ناویشمان لێناون چەند وێستگەیەکی پەراگەندەن کە تیایاندایە لەسەر ئەم بیرمەند یان ئەو ئەدیب دەوەستێتو، تیاشیاندایە لەسەر دیاردەیەکی رۆشنبیری، یان رێبازێکی ئەدەبی دەدوێت. هەربۆیە هێڵێکی دیاریکراو پێکەوە نایانبەستێتەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە لەدەرگای هەندێ مەسەلە لە مەسەلەکانی مرۆڤی هاوچەرخ دەدەن بە هەموو گرفتو ئاڵۆزییەکانییەوەو، هەروەها دەشێ ببنە سەرەتایەك بۆ تێگەیشتن لە جیهانی ئەو بیرمەندانە یان ئەو مەسەلانەی خراونەتەروو. دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە زۆربەی بابەتەکان وەرگێرراون جگە لەو دوو نووسینەی سەبارەت بە ئەلبێرکامۆو ئومبێرتۆ ئیکۆن. هیوام وایە خوێنەری ئازیز گەشتێکی فیکریی چێژبەخش بەم وێستگانەدا بکاتو هەر وێستگەیەك هەڵوەستەیەکی جیددیی لادروست بکات، گەر ئەمەش روویدا، مانای وایە ئەم هەوڵە بچووکە ئاکامی خۆی پێکاوە، گەرچی لە خەوشو کەموکوریش خاڵی نییە.

ئازاد بەرزنجی

# ئێمە کۆچەرین

## -سەرەتایەك بۆ فەلسەفەی نیچە-

(1)

یەکێك لە دیاردە فیکریە سەرسوڕهێنەرەکان ئەوەیە کە بیروڕاکانی فەیلەسووفی ئەڵمانی فریدریك ویلهلم نیچە (1844-1900) تانیو سەدە بەلای ڕۆشنبیرانەوە لەجیهاندا نامۆ بوو[1]، گەرچی هەر زوو ناوبانگی بڵاوبۆوە، وەلێ بە سڵێکی زۆرو بەدحاڵیبوونو پێشداوەرییەکی بێ وێنەوە پێشوازی لە بیروڕاکانی کراو، دەشگوترێ گوایە هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی نووسینەکانی خۆی. ئەی هەر ئەو نییە  کە وتویەتی: هەموو حەقیقەتەکان بە پێچو پەنان (زەردەشت بەم جۆرە ئاخاوت 178) و هەموو دەروونێکی قووڵ پێویستی بە دەمامك هەیە (ئەودیو چاکەو خراپە 270)و هەموو فەلسەفەیەك فەلسەفەیەکی تری لە پشتەوەیە، هەموو ئایدیایەك ڕووبەندێکەو هەموو وشەیەکیش دەمامکێکە (ئەودیو 289)و هەموو بیرمەندێك پتر لەوە دەترسێت کە تێی بگەن (ئەودیو 381) (زانستی شاد 290)، وشە گیرفانە (ڕێبوارو سێبەرەکەی 33)و پاشان هۆیەکی تریشی بۆ مۆرکی خودێتیی زێدەڕۆی ئەو نووسینانەی خۆی دەگەڕێتەوە کە خەڵکی لەسەر زیاتر ئاڵۆزکردنی ڕاهاتوونو هەروەها پابەندبوونیان بە لایەنی ئەبسێرد (لامعقول)ی بوونەوە.

بەڵام ئەگەر بۆ مێژووی فیکر بگەڕێینەوە دەیان بیرمەند دەبینینەوە کە لەزۆر ڕووەوە پتر لە نیچە ڕقیان لەبەها باوەکان بووەتەوەو هێرشیان کردۆتە سەر ئەقڵانییەتو نووسینەکانیان تەمومژاوی بوونو دوو دڵیی خەڵکیش زۆری نەخایاندووە لەئاست بیرو ڕایانداو بەچاك یان

خراپ هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر نواندووە. بۆیە ئێمە هۆیەکی تر دەستنیشان دەکەین، ئەویش ئەوەیە کە تەواوی بیرمەندەکانی پێش نیچە لایەنێکی دیاریکراویان لە ناخی خوێنەر دەدواند. لەزۆربەی کاتیشدا ئەو لایەنە لایەنی ئەقڵی بووە. لەبەر ئەمە گفتوگۆی ئەقڵانی لەگەڵ ئەو بیرمەندانەداو قبوڵکردنو نەکردنی بیروڕاکانیان کارێکی ئاسان بووە. بەڵام نیچە بەتەنها لایەنێکی ناخی خوێنەر نادوێنێت، بەڵکو تەواوی هاندەرە قووڵەکانیو تامەزرۆیی بۆ باڵاییو ئینجا هۆشیشی. بۆیە گفتوگۆ لەگەڵیدا دژوارەو ناوەندە فیکرییە میانڕەوەکان کاردانەوەیەکی ئینفعالیانەیان بەرامبەری هەیەو ئەو قسەیەی خۆی بەسەریاندا دەچەسپێت کە دەڵێت (ئەوەی دەیکەین هەرگیز تێی ناگەن، بەڵکو هەمیشە مایەی سەرزەنشت، یان سەرسامی دەبێت) (زانستی شاد 264) ئەمەش بووەتە هۆی دروستکردنی خوویەکی فیکریی نەزۆك بەوەی ئەو ناوەندانە پێشتر (چاوەڕوان)ی ئەو شتانەبن، کە لە نووسینەکانیدا دەیخوێننەوە لەبری ئەوەی بە فیعلی (بیخوێننەوە)، ئێمەش هیوادارین خوێنەری ئازیزمان لەو خووە بەدووربێت.

نووسینەکانی نیچە دوای جەنگی جیهانیی دووەم ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا[2] و ئەو ئابلۆوقەیەی جارانی لەسەر لاچوو و پاش ئەوەی بە خراپەکاریو بەدڕەفتارکردنی لاوانو هاندانی بزاڤە ڕەگەزپەرستەکانو نازیزمو دوژمنایەتیکردنی ئافرەتو سۆشیالیزم تاوانبار کرا: لەزانکۆکانی جیهاندا دەست کرا بە بایەخدان پێیو وتنەوەی وانە سەبارەت بە فیکریو، نزیکەی دوو هەزار کتێب دەربارەی نووسرا لە جیهانداو بیروڕاکانی لەچوار کیشوەردا بڵاوبۆوەو کۆمەڵێك بیرمەندو ئەدیبو هونەرمەندی گەورە[3] کەوتنە ژێر کاریگەرییەوەو تیایاندا چەند ئەدیبێکی عەرەب[4] و بەوەشەوە نەوەستاو لاوانی شۆڕشگێڕی ئەوروپا لەو ساڵانەی دواییدا پاش دەسبەرداربیان لە هەندێ ئەزموونی نائومێدهێن ڕوویان لەچەند لایەنێکی بیروڕاکانی ئەو کرد[5].

(2)

خوێندنەوەی نیچە کارێکی زۆر دژوارەو لەویش دژوارتر پەیبردن بە تۆخمەکانی فیکریو جگە لەوەی کە ئەو ویستوویەتی وەك هەر بیرمەندێکی قووڵ تیۆرییەك، یان ڕێبازێکی گشتگیر دابڕێژێت، تا کۆکردنەوەیان لە چوارچێوەیدا ئاسان بێت. بەڵام نا.. بەپێچەوانەوە، نیچە بەردەوامو بەتوندی دژی تیۆریزەو ڕێبازگەریو چوارچێوە بووەو، دروستبوونی بیروڕێی لەژیانیدا شوبهاندووە بە چوون بۆ ماسی گرتن (ئەسڵی ئاکار 185) واتە وەکو مومارەسەکردنێکی زیندووی ئەزموونەکانی ژیانو ڕاوکردنی حەقیقەتە تەڕو تازەکانو بە پێچەوانەی ڕێبازگەراکانەوە کە قایلن بە کۆمەڵێك شتی مۆمیاکراو و دۆگمای زەینی (ڕێبوارو سێبەرەکەی 317)، دۆگماش زیندانەو دوژمنایەتیکردنی لەگەڵ حەقیقەتدا زۆر لە دوژمنایەتی درۆ مەترسیدارترە (دژی مەسیح55). جگە لەمانە نیچە خاوەنی شێوازێکی زۆر بەهێزە لەڕووی دەربڕینەوە کە چڕیو وردیو شاعیریەت لەناوخۆیدا کۆدەکاتەوە. بۆیە شێوەی پەند (APHORISM)ی بۆ دەربڕینی خۆی هەڵبژاردووە، لەبەر ئەوەی بە وردی داڕێژراوەو مۆر کراوە (ئەسڵی ئاکار 23)، ئەو دەیویست ئەو شتانەی کەسێکی تر ناتوانێت لە کتێبێکدا بیانڵێت ئەم بە دە دێڕ دەریببڕێت (ئاوابوونی بتەکان 104)، هەروەها خوێندنەوەو تێگەیشتنی نیچە بۆ کەلەپووری فیکریی خۆرئاوا (هەروەکو لەئاماژە ڕەخنەییە وردەکانیدا بەرچاومان دەکەوێت بۆ دەیان فەیلەسوفو ئەدیبو هونەرمەند لەکتێبەکانیدا)و قووڵبوونەوەی لە خوێندنی زمانە کۆنەکاندا (تا ئەو ڕادەیەی لەزانکۆی بال کرا بە مامۆستای ئەو وانەیە لەکاتێکا هێشتا تەمەنی 24 ساڵ بوو). لەسەرەتای کتێبی سپێدەی ڕۆژدا وتوویەتی (فیلۆلۆژیا فێرکەری خوێندنەوەی باشو هێدیو قووڵە). پاشان تێڕوانینە جەسوورەکانی نیچە بۆ دەروونی مرۆڤایەتی وایکردووە دەروونناسێکی گەورەی وەکو سیگمۆند فرۆید بڵێت (ئەو فەیلەسووفەی کە بۆچوونەکانو خەملاندنەکانی بەشێوەیەکی سەیر لەگەڵ دۆزینەوە دژوارەکانی دەروونشیکاریدا وێك دەگرنەوە) [6] هەموو ئەمانە پێکەوە

رەهەندێکی قووڵ بە بیروڕاکانی نیچە دەبەخشن. قووڵییەك کە پەی پێنابرێ تەنها بەسەبرو ماندووبوونو بەستنەوەی بەشە نزیکو دوورەکانی ئەو بابەتە نەبێت کە دەیخوێنیتەوەو خۆنەدانە دەست هەندێ مانای ساکار، چونکە ئاشکرایە کە مانای رووکەشی زۆر لە دەستەواژە پڕ لە مەجازو شوبهاندنو تەوریەکانی، خوێنەری ئاسایی دووچاری پرینگانەوە دەکاتو وای لێدەکات دەست لە خوێندنەوەی هەڵبگرێت. هەرچۆن لەو عیبارەتە بەپێچو پەنا بەناوبانگەیدا هەیە کە دەڵێت (تۆ بۆ لای ئافرەتێك دەچیت، کەواتە قامچیەکەت بیر نەچێت) (زەردەشت93) نیچە خۆی دەڵێت (لەجۆرەکانی خوێنەر ئەوانەن کە لەو سەربازانە دەچن کە ئاگادار دەکرێنەوە: هەندێ شتی پیسو چەپەڵ لەگەڵ خۆیاندا دەبەن کە بتوانن بەکاری بهێنن، ئیدی شتەکانی دی ئافەرۆز دەکەنو جنێو بە هەمووی دەدەن) (کۆمەڵێك ڕاوپەندی جۆراوجۆر137).

ئێستا با نموونەیەکی ئاسان بۆ قسەکەمان بهێنینەوە: نیچە لەیەکەم دێڕی پێشەکیی کتێبی (ئەودیو چاکەو خراپە)دا دەڵێت: (حەقیقەت ئافرەتە) [7] لە (زەردەشت بەمجۆرە ئاخاوت)یشدا دەڵێت ژیان ئافرەتە (ل339) هەروەها زانستی شاد13)، بەختەوەری ئافرەتە (زەردەشت 184). ئایا ئەمە شیعرە یان لەو شوبهاندنەدا مەبەستێك هەیە لە دووپاتکردنەوەکە؟ خوێندنەوەی سادە خۆی تەسلیمی ڕێی یەکەم دەکات، بەڵام ئێمە گەر هاتو بەوردی ئەو دێڕانەمان تاوتوێ کرد دەبینین لەماناکانی شوبهاندنی یەکەمدا کە دەڵێت حەقیقەت وەکو ئافرەت وایە، جوانە، مایەی حەزە، قووڵە، ڕێزدارە، پارێزراوە، نابێ بەزێدەڕۆییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، زۆربەی کات مایەی خۆشحاڵیە گەرچی لەئازار خاڵی نییە، ئیدی بەمجۆرە مانا دوای مانا لە زەینمانا دروست دەبێت، بەڵام لەڕاستیدا ناتوانین پەی بە قووڵایی ڕاستەقینەی ئەو گوزارشتە بەرین ئەو دەمە نەبێت کە دوا پەردە لەڕووی هەڵدەماڵینو دەزانین کە نیچە مەبەستێتی بڵێت کە حەقیقەت وەکو ئافرەتو ژیانو بەختەوەری زوو ڕووی خۆی دەگۆڕێتو ناسەقامگیرە، هەروەها خوێندنەوەی گشتگیرو تونو

تۆڵ یاریدەمان دەدات پەی بەدیدگای نیچە بۆ (بوون) بەرین لەمیانی شوبهاندنی سێ شتی جیاوازەوە بەیەك. ئەویش بە یەکسانکردنێکی ماتماتیکیانەی ئەو سێ وشەیە: حەقیقەتو ژیانو بەختەوەری.

حەقیقەت هیچ ئەرزشێکی نییە ئەگەر بەشێك نەبێت لە ژیان. ژیانیش دەبێ سەرشارو بەپیتو خۆش بێت. کەواتە نە هیچ دووبارە کردنەوەیەك لە بابەتەکەدا هەیەو نە هیچ یاریکردنێکی هونەریی پەتی بە وشەکان.

نیچە تێڕوانینێکی چەندێتیانە (کمی)ی بۆ دیاردەکانی ڕۆح هەیە (هەروەها بۆ دیاردەکانی سروشت)، لەدیدی تێڕوانینی چەندێتیانەوە نە بەتەنها سپیو نە بەتەنها رەش هەیە، بەڵکو تێکەڵەیەکی چەندێتییە[8]، هەر ئەمەش جۆرە ئاڵۆزیو نهێنی ئامێزیو دژایەتییەکی ناوەکی بە بیروڕاکانی بەخشیوەو نموونەی نزیکیش بۆ ئەم تێڕوانینە دووفاقیەکانێتی بۆ ئەو کەسانەی کە خۆشیویستوونو لەهەمانکاتدا ڕەخنەی لێگرتوون وەکو: ناپلیۆن، پاسکاڵ، سپینۆزا، گۆتە، شۆپنهاوەر، فلۆبیرو، دۆستۆیڤسکی، هەروەها بە پێچەوانەی هەر بیرمەندێکی دۆگماتیکیشەوە لەڕێی چەند دەستەواژەو عیبارەتێکی لەقاڵب دراوەوە ناناسرێ، نیچە بە تەنها (ئاکاری سالارانو کۆیلان) یا (ئیرادەی هێزو (گەڕانەوەی ئەبەدی) نییە ، بە دەربڕینێکی دی نیچە لەڕێی (نیچە- یزم)ەوە ناناسرێ وەك چۆن زۆر بیرمەند لەڕێی (مارکسیزم) یا (ئێگزستەنسیالیزم-بوونگەرایی)و (مەسیحیەت)و (ئیسلام)ەوە دەناسرێن بەبێ ئەوەی شتێکیشیان سەبارەت بەو ڕێبازانە خوێندبێتەوە.

بەڕێی هەموو ئەوانەی لەسەریان نووسیوە نیچە مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو. نیچە لەپیاوێك دەچێت بریندار، خوێن لەزامەکانییەوە دەڕژێو تایەکی گەرم جەستەی گرداوەو لەنێو زەلکاوێکدا ڕاکشاوەو چاوەکانی دەڕواننە کۆمەڵێك ترۆپکی چیای بڵند، گەرچی لەوپەڕی پلەی ئازارو شەکەتیو هەڵچوونی پێغەمبەرانو سۆفییە گەورەکاندایە لە حاڵەتی (وەجد)یاندا، بەڵام لە نووسین ناوەستێو هەر دەنووسێت. لەدەفتەری یادەوەریەکانیدا

نووسیویەتی ((منیش هەر لەو حاڵەتەدا دەژیم کە زەردەشتو موساو موحەمەدو مەسیحو ئەفلاتوونو پرۆتس‌وسپینۆزاو میرابۆی لەناوەوە هان دا)) هەروەها لەزانستی شاددا دەڵێت ((کێشە مەزنەکان پێویستیان بە خۆشەویستییەکی مەزنە))[9] ئیدی ئەو کە لەم حاڵەتەدا بووبێت دەبێت نووسینەکانی چۆن بووبن؟ بێگومان سەرشارە لە وەجدو ئاوێتەیە بەخوێن. لەوانەشە نائارامو پارچە پارچە بێت وەکو کوتە گۆشتی هەڵوەریو لە جستەیەك کە خەریکە دادەڕزێتو دەفەوتێت. ئەم وێنەیەش بەتەنها وێنەیەکی خواستراو نییە، بەڵکو زۆر لایەنی ڕاستی دەگرێتە خۆیو هەر وەکو زانراوە نیچە سەرئێشەیەکی سەختی بەردەوامی لەگەڵدا بووەو ئازار لە گەدەیدا بووەو نزیکە کوێر بوون بووەو دواجاریش تووشی (سفلس) بوو کە بەرەو شێتی ڕاپێچی کرد[10].

لەکتێبی (ئەوەتانێ مرۆڤ)دا دەڵێت: من ئەو منەم کە وام لە بەرزاییدا، بە وشە نادوێم، بەڵکو بە هەورە تریشقە دەدوێم(281) هەروەها لەزەردەشتدا دەڵێت: لەنێو هەموو نووسراوەکاندا بەتەنها ئەوانەم خۆش دەوێن کە بە خوێن دەنووسرێن. بەخوێن بنووسە، پاشان بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو خوێنە هۆشە(67) هەر بۆیە نووسینەکانی نیچە وەکو نووسینەکانی ئەفلاتونو کانتو هیگڵ تێگەیشتنیان دژوارە.

(3)

نیچە یەکێکە لەو بیرمەندە دیارانەی کە بایەخیان بە کێشەی بێگانە بوون (ALIENATION) داوە، ئیدی لەوکاتەوەی هیگڵ ڕەهەندێکی فەلسەفیی بەم کێشەیە بەخشیو دواتریش لۆدڤیك فۆیرباخو کارل مارکس گرنگییان پێدا. لەو کاتەوە کەم ئاسەواری گرنگی فەلسەفەو ئەدەب دەبینینەوە لەسەدەی بیستەمدا بە شێوەیەك لەشێوەکان دەنگدانەوەی ئەم کێشەیەی تێدا نەبێت. ئەو بێگانەبوونەی مەبەستیشمانە نامۆبوونی (کردار)ی مرۆڤی هۆشمەندە لە (بوون)ە ڕاستەقینەکەی خۆی، (بۆیە ئەمە دەڵێین تا لێرەدا

جیاوازی بکەین لەنێوان ئەم چەمکە بۆ بێگانە بوونو نێوان کرداری نیوڕۆس (عوساب) یانەی کەسێك کە نەخۆشیی ئەقڵیی هەیە. هەرچەندە ئەمەش بێگانەبوونە، بەڵام لەئاستێکی تردا) بەمجۆرە ئەو کردارەی نامۆ دەبێت پێیو بەسەر مرۆڤەکەشدا زاڵ دەبێت، بەم مانایەش نامۆبوونی مرۆڤ لە کارەکەی لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا دەبێتە شێوەیەك لەشێوەکانی بێگانەبوون. ئەمەش ئەو ئایدیایەیە کە لە کتێبەکانی مارکسدا[11] دووپات بووەتەوە. بەڵام ئەمە تاقە شێوەیەکی بێگانەبوون نییەو بە تەنهاش پەیوەست نییە بە سیستمێکی ئابووریی دیاریکراوەوە.

سەرچاوەی ئەم بێگانەبوونەش بەپلەی یەکەم میکانیزمی کۆمەڵگاکە خۆیەتیو، ڕژێمەکانو دەزگاکانو ڕێکخراوەکانی وەك کۆمەڵێك جومگەی ئەو (گشت)ەن کە ئامێری کۆمەڵگایەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەگەشەو ئاڵۆزبووندایەو گەرەکێتی بە تەواوەتی مرۆڤ ملکەچی پێداویستیەکانی پاراستنی کۆمەڵگاو بەرژەوەندیی بەناو هاوبەشی تاکەکانی کۆمەڵو هەروەها بەپلەی دووەم تەکنۆلۆژیاو سیبیرنیتیك بکات.

ئەم دوو سەرچاوەیەش لە دەرەوەی بونیادی چینایەتیی هەر کۆمەڵێکن لەوەتەی قەوارەی کۆمەڵایەتی هاتۆتە ئاراوە. لەم دوو ڕێیەشەوە مرۆڤی هاوچەرخ وردە وردە لە ڕەگو ڕیشە سروشتیەکەی خۆی دوور دەکەوێتەوەو پەیوەندییە ڕۆحیەکانی بە شتو کەسەکانی دەوروبەری دەپچڕێتو خەیاڵو نموونەو مانا تیایدا وشك دەکات (مەبەستمان لەو هێزانەیە کە بەهۆیانەوە واقیعی باو تێدەپەڕێنێت)و سەرەنجام دەبێتە (وەزیفە)یەکی کۆمەڵایەتیی پەتی لەبری ئەوەی تۆپەڵێك هەستو سۆزو خۆزگەو مەترسی بێتو بەگوزارشتی نیچە کۆمەڵگا دەیەوێت تاك (وەکو خۆی) بهێڵێتەوە، واتە کەسێتییەكو وەزیفەیەکی نەگۆڕ. کۆمەڵگە پێی خۆشە کە چاکیی ئەو کەسەو خەونو خۆزگەی کەسێکی دیو بیرنەکردنەوەو حەزیان ببێتە ئامرازێك بەدەستی کۆمەڵگاوە کە پشتی پێ دەبەستێت، ئەوانە هەمیشە لەبن دەستیدان، کۆمەڵگا شانازی بەم سروشتەی تاکەکانییەوە دەکات کە ئامرازێکە بۆی[12].

ڕەنگە لەهەموو ئەم خاڵانەدا شتێکی تازەی ئەوتۆمان نەوتبێت، بەڵام گومان مرۆڤێك ڕۆژێك لەڕۆژان لە ناوەوەی خۆیدا هەستی کرد (ئەم هەستەش دەشێ هەر مرۆڤێك دابگرێتو، لەهەر کاتێکداو بەهەر ئەندازەیەك بێت) کە ئیدی ناتوانێت لەوە پتر ملکەچی بوونی وەستاو و بۆگەن بێتو، هێزێکی ناوەکیی زۆر هانیدا بۆ هەڵبژاردنی بوونێکی تری بزۆك بەرەو ئاستێکی بەرزتر لەوەی کە تیایدایەتی. ئەم هەڵبژاردنەش لەحاڵەتی کەسێك دەچێت کە سواری ئاڤزینی شەپۆلێکی بڵندڕۆ بووبێت.. هێزە زیندووەکانی ناوەوەی دەتەقنەوەو ئاوی شەپۆلەکە ئەو کەندرە تەسکانە دادەپۆشێت کە کۆمەڵگا ئامادەی کردوون، تا خەڵکی ئاسایی تیایاندا بژی، ئایا ئیدی ئەوددەمە دەتوانین بەیاساو دابو نەریتو بەهای باو بەرەوڕووی ئەم مرۆڤە بینەوە کە سواری پشتی ئەو شەپۆڵە سەرکەشە بووەو هەستی کردوە بوونی پێشووی خۆی تێپەڕاندووە؟ ئەم دابو نەریتو پێودانگانە بۆیە دانراون تا ئاستە سڕو مردووەکانی هەستی ئەو خەڵکانە بپارێزن کە لەبنی کەندرەکاندا دەژین، ئیدی چۆن ئەو کەسەی سواری پشتی شەپۆلی سەرکەش بووبێت دەتوانێت پێیانەوە پابەند بێت؟!

بەبێ ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە لەنێوان دوو ژیاندا: ژیانێکی بەپیتی دڕدۆنگ کە گرنگی بەهیچ حەقیقەتێك یان مرۆڤایەتیەك یان بەهایەکی ئەخلاقی لەدەرەوەی خۆیدا نادات و ژیانێکی سڕو مردووش کە بەها میتافیزیکەکانو چاکەو خراپە بەڕێوەی دەبات. بەبێ ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە ناتوانین پێگەی ڕاستەقینەی ئەو ئامانجانە دەرك بکەین کە نیچە بەتوندی هێرشی کردووەتە سەریان. بەڵام ئەم پێگەیە پێگەیەکی مێژووییە، لەم بانگەشەیەی نیچەدا بۆ ژیانی باڵایی و سەرفرازی و سەرکەشی هیچ بایەخێك بۆ هیچ سیستمێك و ڕووداوێك و بەهایەك دانانرێت کە بە کەڵکی ئەو ژیانە نەمابن. نیچە بیرمەندێك بوو بە ئاقارێکی مێژوویی بیری دەکردەوەو کەموکوڕیی هەستی مێژوویی لای فەیلەسووفانی بەر لەخۆی کردووە بەنەنگییەك لەسەریان[13]. هەروەها ڕەخنەی لە مەیلیان بۆ (تێڕوانینێکی ئەزەلی) دەگرت (ئاوابوونی بتەکان ل35) هەر بۆیە ئەو توندو تیژیەی نیچە لەتێکشکاندنو

شالاوبردندا پاساوی خۆی هەیە. چونکە هیچ بیرمەندێك هێندەی ئەو بەرگەی ئەو ئەرکە گرانو ئازارە قورسەی نەگرتووە، لەکاتێکدا ئەوانی دی بەش بەش هێرشیان دەکردە سەر سەر خانەکان، ئەو هێزی خۆی ئاراستەی بنەما سەرەکیو باوەکانی جۆرەکانی ئەو ساختەییو گومڕاکردنو فریوانە کرد کەمرۆڤ خۆی خولقاندوونیو بەدرێژایی سەدەکانو چاخەکان چەسپاندوونی (من کەسێك نیم، بەڵکو دینامێتم) (ئەوەتانێ مرۆڤ ل326) هەروەها وتویەتی: (فەلسەفەی من: ڕزگارکردنی مرۆڤە لەوەهم بەهەر نرخێك بێت) هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئەو ئاسۆ دوورانەی بڕی کە هیچ بیرمەندێك نەیتوانیوە بیانبڕێتو ئامانجیشی، ئەو ژیانە بوو کە خۆی تێدەپەڕێنێت کە بووە ئامانجی هەموو بیرمەندە ئازادیخوازەکانی دی. گەرچی دەبێ لێرەدا دان بەوەدا بنێین کە فەراهەمکردنی ئەو ژیانە، هیچ نەبێ لە ئێستادا ئەستەمە بۆ وزەی جەستەیی مرۆڤ، هەر بۆیە تا ساڵانێکی زۆری دی فەلسەفەی نیچە بەزیندوویەتی دەمێنێتەوە، چونکە لەناو گۆشتی نەژادی بەشەریدا ڕۆچەقیوە.

(4)

هەر لەزووەوە بیری مرۆڤایەتی پیرۆزییەکی بە چەمکی (حەقیقەت) بەخشیوەو گەلێ باسی فەلسەفی دەربارەی ماناو لایەنەکانو رادەی پابەندی بە ئەقڵو واقیعەوە لەسەر نووسراوە. نیچە یەکەم بیرمەند بوو پرسیاری سەبارەت (بەهای حەقیقەت) کرد. چونکە بەهاو سوودی حەقیقەت پتر شایستەی لێپێچانەوەیە نەك لایەنو رەهەندەکانیو وتی: (ئیرادەی حەقیقەت پێویستی بەڕەخنە لێگرتنە. با ئەرکەکەمان بەمجۆرە دیاری بکەین: دەبێ بەهای حەقیقەت بەشێوەیەکی کردەیی بخرێتە بەرپرسیار) نیچە تەماشای کرد زۆربە باوەڕیان بە حەقیقەت هەیە بە چاوپۆشین لەبەها واقیعیەکەی، ئەم باوەڕەش بەهایەکی میتافیزیکیە، باوەڕ بە بەهای رەهای حەقیقەت[14] و ئەو فەیلەسوفەی کە جیهانێك بۆ ئەقڵ دەخولقێنێت کە تیایدا بە تەنها پشت بە ئەقڵو وەزیفە لۆژیکیەکان دەبەستێت. بەم کارەی بناغەی

جیهانێکی (حەقیقی) دادەڕێژێت (ئیرادەی هێز 588) کە جیایە لە جیهانە (واقیعی) یەکەمانو ئەو جیهانە لەڕوانگەیدا جیهانێکی سەقامگیرترو بەرکەماڵترو رێکوپێکترە.

لەوەش دوورتر نیچە سەرنجیدا ئەوانە حەقیقەتیان دەوێت تا فریو نەدرێن، یان خۆیان فریو نەدەن لە دونیایەکدا کە پڕە لەهەڵەو گومڕاییو فریو و خۆتەفرەدانو ژیانێك کە بەرەو نائاکاریترین پرەنسیپەکان دەڕوات. کەواتە ئەوانە دەیانەوێت لەسەر زەوی (ئاکار -ئەخلاق) بوەستن، واتە (دونیایەکی دیکە)ی ئەخلاقییان دەوێت لەکاتێکدا چ ژیانو سروشتو چ مێژووش خۆیان نا ئەخلاقین. لەم (دونیایەی دیکە)دا جۆرە ئەفەرۆزکردنێك هەیە بۆ جیهانی واقیعی. واتە نەفیکردنی ژیان خۆیو بەدوایدا ئارەزوویەکی پەنهانی مەرگ[15].

بەرامبەر بەمە نیچە وەکو دیکارت نەفیی هەموو حەقیقەتێکی کردو ڕێی بۆ وتنی هەموو شتێك خۆش کرد تا هەموو شتێك بگاتە پلەو پایەی حەقیقەت، تەنانەت ناحەقیقەتیش (اللاحقیقە)و دروشمی (هیچ شتێك راست نییە، هەموو شتێك شیاوە)[16]ی بەرزکردەوە، پاشان بە دوای پێودانگێکی دیکەدا گەڕا بۆ هەڵسەنگاندنی حەقیقەت، ئایا ئەو پێودانگە ئەقڵە؟ ئەو ئەقڵەی بەدرێژایی سەدان ساڵ کۆمەڵێك هەڵەی بەرهەمهێناوە، هەندێك لەو بەرهەمهاتووانەی بە کەڵکی پاراستنی رەگەزەکان هاتوون. ئەقڵ هەڵەی کردوە ئینجا هەڵەکەی چاك کردۆتەوە، پاشان هەمدیسان کەوتۆتە هەڵەی ترەوەو ئیتر بەمجۆرە، چونکە هیچ شتێك ملکەچی حوکمێکی رەها نییە (دەشێ دیکارت وەکو باوکی ئەقڵانییەت-لێرەشدا وەکو باپیرەی شۆرش- و بەخشندەی دەسەڵاتی رەها بە ئەقڵ قبوڵ بکرێ، بەڵام ئەقڵ بەتەنها ئامرازێکەو هیچی دیو دیکارت رواڵەتبین بووە) (ئەودیو 191) ئەقڵ بەشێکە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کیانی مرۆڤ، دڵ هەیە کە ئەقڵی دووەمە [17] جەستە هەیە کە ئەقڵی زیاتر تیایە لە بەهێزترین لایەنەکانی پەندیاریت (زەردەشت62) مەبەستیشی لە غەریزەکانو نەست (لاشعور)ە. ئایا وەك هەندێك دەڵێن ئەوەی هانمان دەدات بەدوای

حەقیقەتدا هەڵوەدابین پتر لە حەقیقەت خۆی ئەو چێژە خودییەیە کە لە ئەنجامی ئەو هەڵوەداییەوە بەچنگمان دێ؟![18] ئەمەش پاساودانێکی (جزئی)ەو لەگەڵ ئەو ماندووبوونە دوورو درێژەی مرۆڤایەتیدا وێك نایەتەوە کە لە پێناوی حەقیقەتدا چەشتوویەتی. یان ئایا نهێنییەکی دەروونییە کە نیچە بۆ یەکەمجار پەردەی لەڕوو هەڵماڵی کاتێ لە بابەتێتی (مەوزوعیەتی) زانستی کۆڵیەوە- ئەمەش خاڵێکە دواتر لەسەری دەڕۆین و وتی ئایا ئەو بڕیارەی ئێمە کە پێویستە لە هەموو شتێکدا زانستی بین، لەجۆرە ترسێکەوە، یان لە هەڵاتنمان لە بەدبینییە وە سەرچاوە ناگرێت؟ ئەم دوا پەناگە ژەهراویە (مەبەستی لە زانستە-و) دژ بە حەقیقەت؟ یان وەکو ئەخلاقگەرایان دەڵێن: جۆرێك نییە لە ترسنۆکیو ساختەیی؟ (لەدایك بوونی تراژیدیا)، پاشان نیچە لەکتێبەکانی دواتریدا زیاتر لەسەر ئەمە ڕۆیشتووەو وتوویەتی کە پابەندبوونی زۆر بە (حەقیقەتی پەتی)یەوە جۆرە هەڵاتنێکە لە (حەقیقەتی واقیعی)و جۆرە دڵنیاییەکی دەروونییە کە مرۆڤ بەشێوەیەکی غەریزی حەزی پێ دەکات. لێرەشدا دەبێ جەخت لەوە بکەین کە ئەو غەریزانە لەڕێی نستەوەکاری خۆیان دەکەن. هەر ئەوانن هانی مرۆڤ دەدەن بەدوا کەنارەکانی ئاسوودەییدا بگەڕێت، بۆیە لەکاتێکدا بەڕواڵەت وا دەردەکەوێت بەدوا ئەقڵو مەنتیقدا دەگەڕێن، نازانن کە بەبێ ئەوەی بە خۆیان بزانن بەدوا ئەو شتانەدا دەگەڕێن کە غەریزە قووڵەکانیان لێیانیان دەوێتو، مەنتیقی ئەقڵی بە حەوانەوەیەکی سایکۆلۆژی ساختە قایل دەبێت. چونکە باوەڕ بە حەقیقەتێکی (جزئی) دەهێنێت. بەڵام مەنتیقی زیندوو بە (یەقین) قایل نابێتو بەردەوام لەهەموو شتێکدا بەدوای گرژیو نا ئارامیدا باوەڕی رەها دەگەڕێت. بەڵام نیچە مل بۆ هیچ یەکێك لەم پێودانگانە ناداتو پێودانگێك بۆ حوکمدان بەسەر حەقیقەتدا دادەنێت گشتگیرترو قووڵتر لە حەقیقەت خۆی، کە ئەویش ژیانە. بەهەمو لایەنە جیاجیاو رەهەندە فراوانەکانیانەوە. ئەو شتەی لەخزمەتی ژیاندا بێت (حەقیقی)یەو راستە. ئەوەش کە لە زیانیدا بێت ناحەقیقیو هەڵەیە. (بەمجۆرە هێزی زانین پشت بە پلەی راستێتی نابەستێت، بەڵکو پشت بە تەمەنی دەبەستێت.

بەوەی تا چ ڕادەیەك بەژیانەوە وا بەستەیە. تا چ ڕادەیەك بوونی وەکو مەرجێك پێویستە بۆ ژیان) (زانستی شاد).

بەڵام دەبێ وریابینو بەهەڵەدا نەچین: حەقیقەتەکان کەی وەك ئێمە هەست دەکەین بەو ڕادەیە روونن؟ نیچەش دەپرسێت: (لەراستیدا چی وامان لێدەکات هەست بکەین کە دژایەتیەکی ناوەکیی گەوهەری لەنێوان حەقیقەتو درۆدا هەیە؟ ئایا هەر هێندە بەس نییە وا دابنێین دیاردەکە پلەی هەیە، ڕۆشنە، تاریکە، سێبەری هەیە، شەبەنگدارە، (**منظور**)ی جۆراوجۆری هەیە (گەر لێرەدا زمانی شێوەکارەکان بەکاربهێنن)؟ (ئەودیو34) پاشان ئەگەر ژیان خۆی رادەی راستێتیی حەقیقەتێکی دیاریکراو دیاری بکات، ئەی بەرامبەر دیاردەیەکی دی چی بڵێین، کە تیایدا حەقیقەت لەگەڵ هەڵەدا لە بەرگی کۆمەڵە شەبەنگێکدا خۆی دەنوێنێت، بەڵام لەخزمەتی ژیانیشدایە؟ ئایا دەکرێ بەهای ئافەرۆز بکرێ؟ ئینجا با هەنگاوێك دوورتر برۆین: ئەی ئەگەر دیاردەیەکی ناحەقیقی لەخزمەتی ژیاندا بوو. ئایا دەکرێ فەرامۆش بکرێ؟ نیچە بەنەرێ وەڵام دەداتەوەو دەڵێت (دان نان بە ناحەقیقەت (اللاحقیقه)دا وەکو مەرجێك بۆ ژیان واتە بەرهەڵستیی هەستو سۆزی راهاتووی بەها باوەکان بەشێوازێکی ترسناك. هەر فەیلەسووفێکیش ئەم سەرچڵییە بکات جێی دانسقەی خۆی لەودیو چاکەو خراپەوە دەگرێت) (ئەودیو چاکەو خراپە4) ئایا مرۆڤایەتی بۆ ماوەیەکی زۆر لەمێژوودا لەسەر (وەهم) نەژیاوەو ئەم وەهمانە ئامراز نەبوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیانی رۆژانەیو رووبەڕووبوونەوەی گیروگرفتو دژوارییەکانی ژیان(19). لەو وەهمانەش سیحرو، بەپیرۆزکردنی شتەکانو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان (با چی حیساباتی وزە هەیە لە جیهاندا لە خزمەتی پراکتیکی رۆژانەدا بێت نەك مەعریفە) (لەدایك بوونی تراژیدیا). هۆڵنگدیل بە شێوازێکی باش ئەم رایەی نیچە پوخت دەکاتەوەو دەڵێت: (بەلای نیچەوە هەموو حەقیقەتەکان جگە لە حەقیقەتە زانستیەکان لەدیدگایەکی دیاریکراوەوە راست بوون، بەڵام لەدیدگایەکی گشتییەوە هەموو درۆن، حەقیقەتە زانستیەکان ئەگەر

راستیش بووبن، یان مرۆڤ وا تێگەیشتبێت کە راستن، بەڵام لە توانایاندا نییە هیچ زانیاریەك سەبارەت مانای جیهان بەدەستەوە بدەن، زانا وەڵامی "بۆچی" دەداتەوە، گەر بیشیداتەوە تەنها لەلایەنی لەبەر چ هۆیەك: نەك لەلایەنی تا چ کۆتاییەکەوە)[20].

حەقیقەت دژی هەڵە نییە، بەڵکو هەردووکیان خۆیان نمایش دەکەن و بەمجۆرە (نەبەردێکی رۆژانە لەنێوان هاندەرەکانی گەڕان بەدوا حەقیقەت و هەڵە و گومانەکان و وردبینییەکاندا روودەدات و مەعریفە دەبێتە بەشێك لە ژیان و لێرەدا هێزەکەی نەشونما دەکات تا دواجار دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ هەڵە بنەڕەتیەکاندا، هێزە ژیانییە کان بەیەکدا دێن. هاندەرەکانی حەقیقەت و هاندەرەکانی هەڵە کە ژیان دەپارێزن و لێرەدا پرسیارەکە دەبێت بەوەی ئایا حەقیقەت تا چ رادەیەك بەرگری توانەوەو ئاوێتەبوون لەگەڵ ژیاندا دەگرێ (زانستی شاد). بۆیە (بەدووری دەزانین کە مەعریفەمان لەوە فراوانتر بێت پێداویستیی پەنابردنە بەر پاراستنی ژیان داوای دەکات. بایۆلۆژیاش پێمان دەڵێت کە چۆن هەستەکان و دەمارەکان و تەنانەت مێشکیش بەپێی هاوگونجانی لەگەڵ گرفتەکانی گەڕان بەدوای خۆراکدا پەرەی سەندووە) (ئیرادەی هێز494) بەمجۆرە ئامانجی فەلسەفە شتێکی تر دەبێت نەك حەقیقەتی پەتی (تا ئێستا چی لە فەلسەفەکان داوا کراوە؟ حەقیقەت نییە، بەڵکو شتێکی ترە، با وایدابنێین تەندروستیە، پاشەرۆژە، گەشەکردنە، هێزە، ژیانە[21] بۆیە نیچە دەیوت پێویستە زانا شادبێت، هەروەکو لەیەکێك لەپارچە شیعرەکانیدا ئەمەی راگەیاندووە، بۆیە کتێبێکیشی ناوناوە (زانستی شاد) واتە خۆشی و کامەرانی[22].

(5)

زۆر دەربارەی ژیان و حەقیقەتی زیندوو دواین و بەهای یەکەمینمان لەسەروو بەهای حەقیقەتی پەتییەوە دانا. جا بۆ ئەوەی ئەمە گومان نەوروژێنێت، دەڵێین کە مەبەستی نیچە هێزە بایۆلۆژیە پەتیەکانی مرۆڤە و حەقیقەتەکەشیان حەقیقەتێکی زەمینییە، ئەوەتا دەڵێت

(ئایدیال مۆڵەت نادات، بەڵکو تا رادەی مەرگ جام دەکات) (ئەوەتانێ مرۆڤ284) هەروەها: ئایدیالەکان مەترسیدارن، چونکە دەبنە کۆسپو تەگەرە لەرێی کرداردا. هەموویان ژەهرن، بەڵام وەك چارەسەرێکی کاتی بنچینەن (ئیرادەی هێز223) و تەواوی وتەزاو هەستو سۆزە باشەکانو نیشانەکانی حەقیقەت تەنها لەرێی هەستەکانەوە بەدەردەکەون (ئەودیو134) و من جەستەیەکی پەتیمو شتێکی دی نیم لە پەنایداو رۆحیش وشەیەکە بەشتێك دەوترێ کە لە جەستەدایە[23] و هیچ شتێك وەکو حەقیقەت نەدراوە بەتەنها جیهانی ئارەزووەکانو حەزەکانمان نەبێتو ئێمە لە خواروویان لەوپەڕی هیچ حەقیقەتێکدا نین جگە لە حەقیقەتی هاندەرەکانمان (ئەودیو36) ژیانیش کە حەقیقەتێکە لەدەرەوەی ئێمەدایە پێویستی بە بیرلێکردنەوەی ئێمە یا هەستو سۆزی ئێمەو یا کرداری ئێمە نییە، چونکە ژیان حەقیقەتێکی سەربەخۆیەو جیایە لە ئێمەو وەکو جاران پێویستی بەوە نییە خۆی لە ئاوێنەیەکدا ببینێت (زانستی شاد354) جیهانیش شیاوی ناسینە، بەڵام بەشێوەیەکی تریش شیاوی لێکدانەوەیە، نەك بەمانایەك کە لە پشتییەوە هەیە، بەڵکو بەمانای بێ شومار (ئیرادەی هێز48).

لەوەش زیاتر نیچە لەم بوارەدا تەواو زانستگەرایەکی ئەزمونگەرایە، ئەوەتانێ لە نوسینێکدا کە مێژووی بۆ ساڵی 1887 دەگەڕێتەوە دەڵێت: (وتەزای وامان نییە کە جیهانێك لەخودی خۆیدا (عالم **في ذاته**)مان لەجیهانی دیاردە بۆ جیابکاتەوەو هەموو وتەزاکانمان سەبارەت بە ئەقڵ سەرچاوەکەی هەستەو لە ئەزموونەوە وەردەگیرێ (24) ئەو قسەیەی کە دەڵێت (هەموو مەعریفەی مرۆڤایەتی، یان لە ئەزموونەوەیە، یان لە ماتماتیکەوە) (ئیرادەی هێز53) هەروەها (مرۆڤ- دۆست. زۆر مرۆڤدۆست ل19،11) پرنسیپێکی بنەڕەتیی پرنسیپەکانی پۆزەتیڤیزمی مەنتیقیی نوێ (**الوضعية المنطقية الحديثة**)ە. لە برگەیەکدا کە تەرخانە بۆ رەخنە لە ئەزموونی ئایینی بەو پێیەی ئەزموونێکی

دووره لەهۆش ئەقڵ و تاقیکردنەوەوه. دەڵێت ئێمە تینووی ئەقڵین، بڕیارمان داوە بەوپەڕی ڕاشکاویەوه ئەزموونەکانمان وەك ئەزموونی زانستی سەعات دوای سەعاتو ڕۆژ، دوای ڕۆژ بپشکنین، ئێمە خۆمان دەمانەوێ ئەزموونی تایبەت بەخۆمانو کەرەسەی خاوی خۆمان هەبێت (زانستی شاد319).

لەهەمان کاتدا نیچە نایەوێت ئەزموونەکانمان بەتەنها گەڕانێك بێت بەدوا مەعریفەداو مەعریفەش پێخەفێك بێت بۆ حەوانەوه (زانستی شاد لە 324) لەبەر ئەوەی ژیان ڕاهاتن لەسەر مەسەلەکان ڕەت دەکاتەوەو خوازیاری شتی بەشێوەیەکی هەمیشەکاتییەو داواکارە مەنفاو سیبیریای تایبەت بەخۆت هەبێت (زانستی شاد295) بەگوێرەی ئەمە ڕاستیەکانی حکومەتەکانو یاساکانو خێزان کۆمەڵێك ڕاستیی میکانیزمین (بڕوانە ئاوابوونی بتەکان ل94) بۆیە نهێنیی (چنینەوەی گەورەترین بەروبوومەکانی (بوون)) لەوەدایە کە لە مەترسیدا بژینو شارەکانتان لەسەر هەڵدێر بنیادبنێنو خۆتان فڕێ بدەنە دەریا پێوارەکانەوە. لە جەنگدا بن چ لەگەڵ ئەوانەدا کە لە خۆتان دەچنو چ لەگەڵ خۆتاندا ئەی ئەوانەی بەدوا مەعریفەدا دەگەڕێن، مادامەکی ناتوانن ببنە فەرمانڕەواو موڵکدار، ببنە دزو داگیرکەر (زانستی شاد 283) ئەم جۆرە ژیانەش لای ئێمە لەپەندەکەی زەردەشت خۆشەویستترە (زەردەشت243).

عیشقی نیچە بۆ ژیان گەیشتە ڕادەیەك کە بەبێ هیچ سکاڵاو نائومێدیەكو بەهەموو ڕووداو و کارەساتەکانییەوە ژیان قبووڵ بکاتو ئەمەشی ناونا خۆشەویستیی چارەنووس، کە سیفەتێکە لە سیفەتەکانی دەستە بژێر (**النخبة**) و لە دەروون لاوازان جیایان دەکاتەوە، کە تەنها لەبەر نائارامییان بەرامبەر هەندێ ڕووداوی ژیان ڕقیان لێیەتی، بەڵکو نیچە لەو بڕوایەدابوو کە ڕووداوەکانی گەردوون بە وردو درشتیانەوەو بۆ هەتا هەتایە خۆیان دووبارە دەکەنەوە. ئەمەش بیرۆکەی (گەڕانەوەی ئەبەدی)ە لەسەر بنچینەی تیۆری ئەزەلیەتی گەردوون (بێ سەرەتاو بێ کۆتاییو بێ زیادەو بێ نوقسانو بێ مەبەستو بێ ئیرادەیەکی ئازاد). کە ئەمەش نیشانەی ڕادەی شانازیکردنی قارەمانە بەژیانەوە کە هیچ شتێك ناتوانێ

بەسەریدا زاڵ بێت. تەنانەت مەرگیش، چونکە هەر ساتێ لە ساتەکانی ژیان خۆی دووبارە دەکاتەوە، واتە بۆ هەتاهەتایە نەمرەو مردنیش بەتەنها ماوەیەکی کورتە لەم سووڕانەوە ئەزەلیەدا[25].

بەم جۆرە چەمکی ژیان لای نیچە خاڵێە لەهەر تۆخمێکی میتافیزیکیو ناکرێ بەراوردی بکەین بەو سیفەتەی کە هەندێ داویانەتە پاڵی وەك وزەی زیندوو (**الطاقة الحیویة**) لای بیرگسۆنو برناردشۆ.

(6)

ئاشکرایە کە وەسیلەی ئێمە بۆ ناسینی حەقیقەتی ماتەری زانستە. بەڵام ئایا رادەی ئۆبژێکتیڤیەتی زانست چەندەو هاندەری راستەقینەی چییە؟ (مەعریفە لە ریشەدا بریتییە لە غەریزەی ترس، واتە حاڵەتێکی نەخۆشانەیە، تۆ کاتێك جیهانت ناسی ئیدی ئەو گەرموگوڕیو تەڕوبڕییەی نامێنێت لەبەرچاوتو دەبێتە ئایدیایەك) زانستی شادل327. چونکە بیرو هزرەکان سایەی هەستو سۆزمانو هەمیشە بۆشنو ساویلکەترن (زانستی شادل179) دەربڕینیان دژوارە (تەنانەت بیروڕێی هەر یەکێك لەئێمە: مرۆڤناتوانێ جارێکی دی بە هەندێ وشەی گشتگیر گوزارشتیان لێ بکات) (زانستی شاد244) بەڵام تا ئێستاش زۆر هەن هەست دەکەن پێویستیان بە میتافیزیك هەیە، چونکە داوای (یەقین)ێکی شێلگیرە کە خۆی لەشێوەی پۆزەتیڤیزمی زانستیدا بەتاڵ دەکاتەوە (داوا ئەوەیە کە کەسێك بەهەموو شێوەیەك شتێکی نەگۆڕو چەسپاوی بوێت (زانستی شاد347) هەر بۆیە نیچە ئەو وتەیەی (گۆتە) لە فاوستدا هەڵدەگێڕێتەوەو دەڵێت (هەموو ئەوانە نەمرن، بەڵێ وان، بەڵام ئەمەش خەیاڵە) (زەردەشت ل111) چونکە حەقیقەتی نەمر نییە (مرۆڤدۆست ل2).

بەراشکاویەوە شتێك نییە ناوی زانست بێت بەبێ هەندێ پێشگریمانە- **فرضيات مسبقة** (ئەسڵی ئاکار ل151) واتە توخمێك هەیە تاقی نەکراوەو ناواقیعی، کە سەرچاوەیەکی ماتەریی لە دونیادا نییە و وەك هەوڵدانێکە بۆ بە مرۆکردنی شتەکان (**انسنة الاشياء**)هەر چۆن لەوە دەچێت ئێمە کەوەسفی شتەکانو بەدوایەکدا هاتنیاندا دەکەین بۆ ئەوەیە تا بەشێوەیەکی وردتر وەسفی خۆمان بکەین، نموونەی ئەمەش پرنسیپی هۆیەتی (**السببية**)یە لە سروشتدا، نیچە دەڵێت کە ئەم پرنسیپە پەیوەندیەکی دوالیزمییە (دەشێ هەرگیز نەبێت، چونکە ئێمە لەکاتێکدا دوو پارچە لێك جوێ دەکەینەوە ڕووبەڕووی سێڵاویەك (سیولە) دەبینەوە، ئێمە هەندێ ئاماژە هەڵدەهێنجین بەبێ ئەوەی دیدێکی راستەقینەمان بۆی هەبێت، ئەو ئەنجامانەی کە لە هەر پرۆسەیەکدا بە ناگەهانی دەردەکەون (بۆ نموونە لە لێکارییە کیمیاییەکاندا) گومڕامان دەکەن، لەساتێکی ناگەهانیدا ژمارەیەك پرۆسەی لەبن نەهاتوو لە دەستمان هەڵدێن، چونکە ئێمە مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێك شتی نائامادەدا دەکەین، ئەقڵێك کە دەتوانێ هۆو ئەنجام وەك سێڵاوییەك تەماشا بکات، نەك وەك ئەو دابەش کردنەی ئێمە دەیکەین کاتێ بەشێك لەهەندێ بەشی تری پارچە پارچە بوو وەردەگرین، بێ بەرییە لە تەسەورکردنی هەر هۆو ئەنجامێکو هەموو هۆیەتییەك باش دەکات (زانستی شاد 112) (ئەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە ئەم پەرەگرافەو دواتریش هەر خۆی لە ئەسڵدا کەمێك ناڕوونە -وەرگێڕ) پاشان وتی کە ئایدیای (بکەر) وەك کۆمەڵێك ئایدیای تر (ئۆبژێکت، ئەتۆم، گەوهەر، شت) زادەی ئەو کاریگەرییە تایبەتیانەی بەکارهێنانی زمانەوانیانەی وشەکان لەسەر جیهانو لە خۆمانەوە وەرگیراوە کە هەموو کردارێکمان بە ئامانجێکی ئیرادەمان دەزانین (ئیرادەی هێز488) ئەمەش لە ئایدیای شت لە خودی خۆیدا (**الشيء في ذاته**) لای کانت دەچێت.

بەشێوەیەکی گشتیش نیچە وەکو داڤید هیومو برتراند راسلو قوتابخانەی ئەزموونگەریی زانستیو زانایانی فیزیای ناوکی ماکس بلانکو هیزنبێرگ نکوولّی لەوە دەکات یاسا لە

سروشتدا هەبێت (باسڵ بکەینەوە لەوەی بڵێین یاسا لە سروشتدا هەیە، بەتەنها زەروورەت هەیە، کەسێك نییە رابەر بێت، کەسێك نییە کە دەبێ گوێڕایەڵ بێت، هیچ پێداویستییەك بۆ فێربوونی مەبەست نییە، هەروەها فێربوونی رێکەوت، چونکە بەتەنها لەدونیای مەبەستگەرادا رێکەوت مانای هەیە، وریابە لەوەی بڵێیت کە مردن دژی ژیانە، چونکە بەتەنها جۆرێکە لەجۆرەکانی رەگەزی مەرگ، جۆرێکی دواکەوتوو، باسڵ لە وتنی ئەوەش بکەینەوە کە جیهانی جاویدان شتی نوێ دەخولقێنێت (زانستی شاد109)

(7)

لەهەڵە گەورەکانی تێگەیشتن لە نیچە ئەوەیە کە بڵێین دژی ئەقڵ بووە. ئەمە بەپێچەوانەی راستیەوەیە، چونکە نیچە تا ئەوپەڕی تواناکانی ئەقڵ لەگەڵیدا بووە، هەیە هەر بەتەنها لەهەنگاوی یەکەمدا دەوەستیو زیاتر ناچێتە پێشەوە، ئەوە بوو لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا ئەو بیروڕا نوێیانەی کە سەبارەت بە سروشتو رەگەزەکانو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانو جۆرەکانی بیرکردنەوە هاتنە گۆڕێ، هەر لە بیرۆکەی پەرسەندن (ئۆگست کۆنتو هێربرت سپنسەر) و ململانێ لە پێناوی مانەوەدا لەنێوان بوونەوەراندا (داروین) و ململانێ لەنێوان چینە کۆمەڵایەتیەکاندا (سۆشیالیستەکانو مارکس)و گۆڕانی بنەماکانی ئاینو ئاکار (فیورباخ) بیروباوەڕە کۆنەکانیان پووکاندەوە. بەڵام هەمووە ئەم بیروباوەڕانە لەبازنەو سنورێکی دیاریکراودا مانەوەو تا کۆتایی بڕیان نەکرد.

بەڵام نیچە لەهەموو بیرمەندەکانی دی دڵسۆز تر بوو بۆ ئەقڵو زانستو وتویەتی (ئازادکردنی زانست لەمەبەستە ئاکاریو ئایینییەکان نیشانەیەکی باشە، بەڵام زۆرجار خەڵکی بەهەڵە تێی گەیشتوون) (ئیرادەی هێز. ل63).

با سەرەتا بپرسین ئەقڵ چییە؟ رامان هەر چیەك بێت سەبارەت بە ئەسڵی دەرك پێكردن (اصل الادراك) و ئەو پرسیارەی ئایا فیکر پێش مادده هەبووە، یان بە پێچەوانەوە. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە لەکاتی پرۆسەی دەرك کردندا مادده دەگۆڕێ بۆ فیکر (ئەمەش گرفتێکی فەلسەفییە کە تا ئێستاش بەتەواوەتی چارەسەر نەکراوە)و فیکریش خۆی دەبێتە جیهانێکی جیاوازی دیاری نەکراو بەو یاسایانەوە کە ئەسڵەکەیان بەرێوە دەبردو بەرەو کۆمەڵێك ئاسۆی بێسنوور مل دەنێت، بەمجۆرە ئەقڵ دەبێتە جۆرە ترانسندنس (باڵابوونەوە، **تعالي**، تجاوز) یێكو نەفیکردنێك بۆ واقیع. واتە ئەقڵ خۆی نامەعقول (اللامعقول) بەرهەم دێنێ، نیچە دەڵێت (بەگوێرەی تاقیکردنەوە سەلماوە کە نامەعقولیەتی شتێك بەهانەیەك نییە دژ بەبوونی ئەو شتە، بەڵکو مەرجێکە بۆی) (مرۆڤدۆست ل515) هەروەها وەکو نۆڤالیسیش وتویەتی ماتێریالیزمو ئایدیالیزم لەزۆر لایەندا هاوسایەنو ئایا بەهێزترین فەلسەفەی ماتریالیست، یان ئەقڵانی لەدەمارەکانی خۆیدا شتێك نائەقڵانییەتی هەڵنەگرتووە؟ (لینین)یش لە کتێبی نامیلکە فەلسەفیەکاندا وتویەتی: تەنانەت لەزانستە وشكو تۆکمەکانیشدا نکوڵی لە رۆڵی خەیاڵ ناکرێ.

(8)

نیچە لەدیدگایەکی بایۆلۆژیی پەتیەوە تەماشای بوونی کردووە، بەڵام هەموو ئەو لەمپەرانەشی بەزاندووە کە ئەقڵ لەبەردەمیدا دایناون، لەبواری ئاینیشدا هەروەك بواری حەقیقەتو زانست، بەو تێڕوانینە یەکلایەنییە باوە، نەیڕوانییە (خواوەند)و قسەی لەسەر بوونی خواوەند نەکرد، بەڵکو قسەی لەسەر سوودی بوونی بۆ ژیان کرد. هەروەها ئەوەی کە ئایا ئاین سوودمەندە بۆ ژیان، یان زیانمەندە، ئینجا لە ئایدیای مێژوویی مرۆڤی کۆڵیەوە سەبارەت (خواوەند) وەك ئەوەی لە ئاینەکاندا هاتووەو بە تایبەتیش مەسیحیەت.

بیرۆکەی باوەڕهێنان بەخواوەند لە دەروونی مرۆڤدا چۆن سەریهەڵدا؟ کاتێ کەسێك لە پڕێکدا نوقمی هەستکردن بە بەهێزی دەبێت (کە ئەمەش لەگەڵ دیاردە گەورەکاندا ڕوودەدات) یەکسەر لەناخی خۆیدا گومان بەرامبەر بەخودی خۆی دروست دەکاتو پڕکێشی ناکات خودی خۆی بەسەرچاوەی ئەو هێزەیە بزانێت، هەر بۆیە سەرچاوەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ بوونەوەرێکی بەهێزتری پیرۆزو دەیکاتە تەوەری بایەخپێدانی خۆی. بەکورتی لای نیچە ریشەی ئایین دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەستو سۆزە قووڵو بەهێزەی کە مرۆڤ دادەگرێتو لەبەر ئەوەی نامۆیە مرۆڤ دوچاری سەرسوڕمان دەکات، وەکو ئەو پیاوە نەخۆشەی بەشێوەیەکی نائاسایی هەست بە قورسایی پەلێکی دەکات، بەڵام هۆیەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ کەسێك کە لەسەر جەستەی وەستاوە، ئایینداری سادە کەسی خۆی لەچەند کەسێکی تردا تەقدیس دەکات. ئاینیش حاڵەتی گۆڕانی کەسێتیە، هەستکردنە بەکامەرانییەکی نائاسایی لەکاتی نەخۆشیدا، هەستکردن بە تەندروستی لەو کاتەدا بەسە بۆ ئەوەی ئیلهامی باوەڕ بە خواوەندو بە نزیکی بە خواوەندەوە ببەخشێت (ئیرادەی هێز135) ئەم هۆشیاریە سایکۆلۆژییە قووڵە بۆمان روون دەکاتەوە چۆن مرۆڤ لەهەستو سۆزەکانی خۆیو هەڵکشان بەرەو باڵاییو خۆشەویستیو شادیو خەم سڵ دەکاتەوەو دەیداتە پاڵ بوونەوەرێکی دیو ئەم هەستو سۆزانەش تەنها لەهەندێ حاڵەتی تایبەتدا بەدەر دەکەون، چونکە مرۆڤ زۆربەی تەمەنی بەشتی رواڵەتیو شتی هیچ پووچ دەباتەسەر، هەر بۆیە ئەو هەستو سۆزە قووڵو بەهێزانەی کە ناکاو دایدەگرێت بە پیرۆزی لەقەڵەم دەدات.

هەر ئەم لێکدانەوە سایکۆلۆژیەشە هۆی ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە بۆچی وێڕای جیاوازیی بارودۆخی کۆمەڵایەتیو ئابووریو بەدرێژایی هەزاران ساڵ لەتەمەنی مرۆڤایەتی ئەم هەستە ئاینییە هەر بە زیندوێتی ماوەتەوە. جا لەبەر ئەوەی ئاین لەسەر بنچینەی دابەش بوونی کەسێتیی مرۆڤ بنیاد نراوە، بەڕێی نیچە چارەسەری ئەم دابەش بوونو کەرتبوونە یەکێتیی ئەم کەسێتیەیە، هەر ئەوەش مانای ئەو عیبارەتە بەناوبانگەیەتی کە دەڵێت

(خواوەند مردو رێی بۆ پیاوان چۆڵ کرد. دەشێ کۆمەڵێك ئەشکەوت بمێنێ کە بۆ هەزاران ساڵی تریش سێبەری خواوەندیان لەسەر ببینین، بەڵام ئێمەش ئەوە شك دەبەین کە بەهۆیەوە ئەو سێبەرانەش ببەزێن) (زانستی شاد 108)، دارشتنی عیبارەتەکەش مەبەستی خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە خواوەندێتی مەسەلەیەکی تەجریدیی دیالەکتیکی نییە تا بۆ هەتا هەتایە گفتوگۆ لەسەر راستیو دروستیی بکەین. بەڵکو ئایدیایەکی مێژووییە دەبێ سەرەتاو کۆتاییەکی هەبێت[26]. بەراگەیاندنی کۆتایی قۆناغێکی درێژی مێژووییش ئەو مرۆڤە نوێیە لەدایکبوو کە دەسبەرداری ترسو بتەکانی دەرەوە بوو و متمانەی بە خۆیو بەتواناکانی خۆی بۆ بالآبوونو تێپەڕاندن کردو لە خودیدا مرۆڤو خواوەند بوون بەیەك. ئەمەش ئەو عیبارەتە لێك دەداتەوە کە دەڵێت (ئەگەر کۆمەڵێك خواوەند هەبن، ئیدی چۆن دەتوانم بەرگە بگرم منیش نەبمە خواوەند) (زەردەشت ل101) هەروەها دەڵێت (ئەگەر خواوەندەکان هەبن چی بۆ خولقاندن دەمێنێتەوە) (زەردەشت101) بەمجۆرە نیچە پێی نایە سەر یەکەم پلیکانەی ئەو پەیژەیەی کە رەگەزی مرۆڤ بەرەو مرۆڤی باڵآ (سوپەرمان- الانسان الاعلى) دەبات.

لای نیچە ئایینەکان هەموو وەکو یەك گیانی لاوازیو زەبوونیو فەوتاندنی خودو پیاهەڵدانی سووکایەتی خودو رەبەنیو دورکەوتنەوەو پارێز لەچێژو ئارەزووە هەستیەکان پەروەردە دەکەن. گەرچی ستایشی (تەورات) دەکاتو دەڵێت (مەکۆی بوونەوەرە بەشەرییە مەزنەکانو خاکی قارەمانێتییە) (ئەسڵی ئاکار144) هەروەها دەڵێت ئیسلام ئایینی پیاوە (ئیرادەی هێز 145) بەڵام پاشان دەڵێت کە جوولەکەکان نموونەیەکی نوێیان لە بابلەوە وەرگرتو ئینجا مەسیحیەتیان داهێناو دواتر ئیسلام غەیبانییەتیان وەکو هۆیەك بۆ سزادان لێ وەرگرت (ئیرادەی هێز 143) (هەروەها ئەسڵی ئاکار 154) هەر بۆیە نیچە دوژمنایەتیە زۆرەکەی ئاراستەی مەسیحیەت دەکات کە جەنگ دژی رادەگەیەنێت (ئیرادەی هێز 200)، چونکە بەرجەستەبووی واقیعیو پڕ بایەخی ئەو مانایەیە کە رقو کینەیان لە دووتوێی خۆیاندا بۆ ژیان هەڵگرتووە.

بۆئەوەی زیاتر بۆچوونی نیچە سەبارەت بە نەشونمای ئایین روون بکەینەوە بەچاکی دەزانین بەراوردێکی خێرای بکەین لەگەڵ بۆچوونێکی تری[27] باودا کە ئەویش بۆچوونی مارکسیزمە کە ئایین بە ئایدیۆلۆژیای چینی چەوساوە لەقەڵەم دەدات، ئەو چینەی کە هەڵگری هەموو ئەو سیفەتانەیە کە نیچە باسی لێوەکردن. ئێمە وایدەبینین کە ئەو بۆچوونە تەواو راستی ناپێکێت، بەپێی ئەو بۆچوونە ئایین لەسەرێکەوە داوای زوهدو قایلبوونو بەزمیی دەکات، بەڵام لەهەمانکاتدا دەڕوانێتە دوورتر، تەنانەت گەر جیهانێکی غەیبیش بێتو مـژدەی ژیانێکی تری پێچەوانەی ئەو ژیانە واقیعییە پڕ کوێرەوەرییە بە خەڵك بدات، واتە ژیانێکی خۆش کە تیایدا ئارەزووەکان دێتەدی. بەڵام چۆن ئەم دوو رووە دژبەیەکە لە ئاییندا پێکەوە دەگونجێن؟ رەنگە بوترێ کە هیواخستنەدڵی خەڵکەوە بەمژدەی جیهانێکی دیکە بەشێکە لەخودی ئایدیۆلۆژیەکە. بەڵام ئەو لایەنە ئیجابییە خۆی لە خۆیدا بە تێپەڕاندنو یاخیبوونێك دەژمێردرێ بەسەر ژیانە واقیعیە پڕ کوێرەوەرییەکەدا، بەڵکو لەئایینەکاندا (هیچ نەبێ لەڕووی تیۆرییەوە) شتێك نییە رێ لەوەدیهێنانی ئەو جیهانە ئاسمانییە بگرێت لەسەر زەوی، بۆیە بەبێ گەڕانەوە بۆ لێکدانەوەکەی نیچە کە لەدەروونی مرۆڤدا دوو لایەن هەیە یەکێکیان پاساو بۆ دونیا واقیعییە تاڵەکە دەهێنێتەوەو ئەوی تریان لەڕێی دونیایەکی بت ئاسای درەخشانەوە گوزارشت لەخۆی دەکات، ئاسان نییە بڕوا بەوە بکەین.

(9)

لەچاخە کۆنەکاندا ئاکار (ئەخلاق)ی بەرز لای ڕۆمانییەکانو عەرەبەکانو ئەڵمانو خانەدانە ژاپۆنییەکانو پاڵەوانەکانی هۆمیرۆسو ئەسکەندنافیەکان (ئەسڵی ئاکار 41) بریتی بوو لەپیاوەتیو جوامێریو ئازایەتی، بەڵام بە گوزەشتی رۆژگار دەسەڵات چووەتە دەست قەومی ترەوە (بەر لە هەمووشیان جولەکە)و ئاکاری لە چەشنی ملکەچیو فڕوفێڵو ریا جێی ئەوانەی پێشووی گرتەوە، ئینجا لەبەر ئەوەی چینەکانی ژێرەوە لەکلۆڵیو بێنەواییدا

ژیاون ئەو واقیعەی خۆیان سەرچاوەیەك بوو بۆیان تا بنەما ئاکاریەکانیانی لێوە دابڕێژن، هەر بۆیە رق لە جەستەو زوهدو میانڕەوییان بەچاکە (الخیر)و قارەمانێتیو ئارەزووە حیسیەکانو سەرچڵییان بەخراپە (الشر) لەقەڵەم داو ئیدی ئاکار مانای خووو نەریتی بەخشی، ئەو خوو نەریتەی کە (دەسەڵاتێکی باڵایەو ئەبێ گوێڕایەڵی بکرێ، نەك لەبەر ئەوەی ئامۆژگاریەکانی سوودبەخشن. بەڵکو لەبەر ئەوەی سەرچاوەی ئامۆژگارییە (ئاوابوونی بتەکان9) هەر بۆیە ئەم ئاکارە بە ئاکارێکی چەسپیوو نەگۆڕ ژمێردرا، لەبەر ئەوەی لەیەك (سروشتی مرۆیی- **طبیعة بشریة**)ەو سەرچاوەی گرتووە کە ناگۆڕێت. ئینجا ئاینەکان هاتنو وتیان کە ئەو ئاکارانە لە لەوحی ئەزەلیی پارێزراودا نووسراونو ئیدی وایان لێ دەهات کە نەدەبوو مشتومڕیان لەسەر بکرێ (هەرچۆن لەبەردەم هەموو دەسەڵاتێکدا دەبێ بیرنەکەیتەوە، ئاوهاش لەبەردەم ئاکاردا دەبێ زۆر کەمدووبیت. دەبێ هەر لەسەرەتای جیهانەوە گوێڕایەڵی بینو بزانین کە دەسەڵاتێك نییە قایل بێت بەوەی ببێتە بابەتێك بۆ رەخنە لێگرتن)(پێشەکیی ئاوابوونی بتەکان ل3).

نیچە هەموو جارێك دووپاتی کردۆتەوە کە (ئەسڵی راستەقینەی ئاکار فەرامۆش بکە) (ئیرادەی هێز204) چونکە گەورەترین ئەو ئەشکەوتانە بووە کە تارماییە غەیبییەکانو زەوتکردنی ئابووریو جەورو ستەمیان حەشارداوە لە مێژووی مرۆڤایەتیداو هەر کۆنەخوازو خوێنڕێژو چەوسێنەرێك دەگریت بەرگێکی باشتری لە بەرگی (ئاکار) نەدۆزیوەتەوە، تا خەوشیو نەنگیەکانی خۆی پێ داپۆشێت، بۆیە نیچە ویستی پەردە لەڕووی ئەو دەمارانەی هەڵماڵێت کە پڕن لەبۆگەنیو ژەهرو، داوای کرد کە وەکو دیاردەیەکی مێژوویی لێی بکۆڵرێتەوەو دیاردەی ئاکاریی ئەبەدی نییە، بەڵکو لێکدانەوەی ئاکاری بۆ دیاردە هەیە (ئاوابوونی بتەکان ل55، ئەودیو 108). (ئیرادەی هێز158)و پێویستە زانستەکان لەبری فەلسەفە ئەرکی دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ گرفتی ئاکار لەپاشەڕۆژدا بگرنە ئەستۆ (ئەسڵی ئاکار 56) چونکە ئەوەی تا ئێستا دەربارەی چاکەو خراپە وتراوە مەعریفە نییە، بەڵکو

بەتەنها گومانو بۆچوونەو هیچی دی (زەردەشت ل291)و رەوشتی بەرزیش گەورەترین بەدحاڵیبوونە (ئیرادەی هێز 54).

لەدیدی نیچەوە ئاکار بریتییە لە شێواندنی ئەو تەسەورەی لە سروشتەوە سەرچاوە دەگرێ سەبارەت بە (سوودبەخشو زیانبەخش)، مرۆڤ کردەوەکانی خۆی بە چاکەو خراپە وەسف کردووە وەك ئەوەی ئەو سیفەتانە بەو کردەوانەوە وابەستە بن هەر چۆن ئەمە لە زماندا دەبینین: کاتێ بەرد بەرەقی وەسف دەکرێ، یان درەخت بەسەوزیو بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەسڵی کردەوەکان. وەك ئەوەی ئەمانە بە ئەنجامیان سوودبەخش، یان زیانبەخش بن. بەهاکانیش یان چەمکەکانی چاکەو خراپە هاتوونەتە ناوبوونی ئۆبژێکتیڤیانەی سێڵناسای ژیانـەوە بـۆ گوزارشت لە بێدەسەڵاتیی لاوازەکان بەرامبەر مەسەلە سەرەکیەکانی ژیانو ترسیان لەهاندەرە سروشتیەکانی ناخی مرۆڤ (کە هەمیشە بە گوناه ناونراون) (ئیرادەی هێز 150) بۆیە نیچە وتوویەتی کە ترس سەرچاوەی ئاکارە، بەڵام خراپە (الشر) تـرس دەبزوێنێت (ئـەودیو 201،260) هەر بۆیە ئاکار کردەی ساختەکردنو جەور کردنە دژ بە سروشتو ئەقڵ (ئەودیو 188)و خواستی نەفیکردنی ژیانە (بڕوانە لەدایك بوونی تراژیدیاو پێشەکیەکەی مەسەلەکەی ڤاگنەرو ئیرادەی هێز 343) لە دونیای بەها مێژووییەکانیشدا ساختەکار حوکمڕانە (ئەودیو 269) ژیان دەکەوێتە دەرەوەی چاکەو خراپە، چونکە ناتوانین بەهۆی ئەمانەوە ژیان هەڵسەنگێنین، لەبەر ئەوەی ژیان ناتوانێ جیاوازی لەنێوان (بەڵێ)و (نەخێر) دا بکات (ئیرادەی هێز 351) بۆیەشە نیچە خۆی بەبێ ئاکاری یەکەم دەزانێ (ئەوەتانێ ئەو مرۆڤە 280) نەك بەمانای رەفتارکردن بەهەر شێوەیەك بێت بەبیانووی پێشێلکردنی دابـو نەریت، بەڵکو لەسەر بنەڕەتی نەشئە وەرگرتن لەژیانو باڵایی بەخشین پێی تا سنووری دەرچوون لەهەر هەڵسەنگاندنێك، تەنانەت لەڕووی مێژووییشەوە هـەر هەوڵـدانێك بـۆ ڕەخنەگرتن لەئاکار نەیتوانیوە خۆی لە کەوتنە ناو چوارچێوەی پێوادنگێکی دی قوتار بکات، جا ئیتر ئەو ڕەخنەگرتنە چەند بەهێزیش بوو بێت، واتە هەر لەسەر زەمینی ئاکار ماوەتەوە.

(هەموو فەیلەسووفەکان، تەنانەت –کانت- یش لەژێر کاریگەریی نەستی –**لاوعي**-انەی ئاکاردا بوون، ئەمانە بەرواڵەت مەبەستیان متمانەو راستگۆیی بووە دەنا لە راستیدا بایەخیان بە بنیادنانی بینایەکی ئاکاریی بەرزداوە) بۆ ئەمەش نیچە ئەم فەیلەسووفانە بە نموونە دەهێنێتەوە:

فەیلەسووفانی گریك دوای سوکرات، هیگڵو رۆسۆو رۆبسپیرو ئانارشیستەکان، چونکە لای هەموویان هاوکێشەکە بریتییە لەوەی کە رەوشت بەرزی یەکسانە بە بەختەوەری (ئیرادەی هێز ل 410) ئێمەش لێرەدا مارکسیستەکانو بوونگەراکان (وجودیەکان)یش دەخەینە سەر ئەو لیستەو بەتەنها نووسەری ئەڵمانیی خودگەرا ماکس شتێرنەر (1806-1856)ی هاوچەرخی نیچەی لێ دەردەکەین[28].

بەڵام خەڵکی لەهەموو سەردەمێکدا ملکەچی تەنها جۆرێکی ئاکار نەبوون، بەڵکو هەمیشە ئاکاری گەورەکان (اخلاق **السادة**)و ئاکاری کۆیلەکان (**اخلاق العبيد**)هەبووەو سەرباری هەوڵدان بۆ پێکەوە گرێدانیان هەر بەجیا مانەوە[29] ئەوەی دەیتوانی چاکەی بەچاکەو خراپەی بەخراپە وەڵام دەدایەوە، یان ئەوەی دەیتوانی وەڵام بداتەوە چاکەی داهێناو، ئەوەی کە توانای وەڵامدانەوەشی نەبووایە بێجگە لە خراپە هیچی تری دانەدەهێنا (مرۆڤدۆست45) واتە پێوەری جیاکەرەوە لەنێوان ئەم دوو جۆرە ئاکارەدا (توانست)ە. پێویستە لێرەشدا ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئەو جیاکردنەوەیە پەیوەندیی بە بارودۆخی ئابووریو کۆمەڵایەتیی ئەو دوو گرووپە (گەورەکانو کۆیلەکان)ەوە نەبووە، گەرچی سیفەتەکانیان مۆرکێکی چینایەتیی هەیەو هەروەها ئەو نموونانەی نیچە دەیانهێنێتەوە بەبێ ئەوەی مەبەستی بێت مانای چینایەتی دەگرنە خۆ وەکو لەو نموونەیەدا کە دەڵێت: (ململانێی ڕۆما لەگەڵ ئاینی جوولەکەدا رەمزی ئەو ململانێ سامناکەیە لەسەر زەوی کە هەزاران ساڵە لەنێوان چاکەو خراپەدا بەرپابووە) (ئەسڵی ئاکار 52)، چونکە مەبەست لە کۆیلەکان ئەوانەیە کە هەڵگری بەهاکانی رق لێبوونەوە لەژیانو پەیڕەوی لە لەوحەکانی ئاکار دەکەن،

گەورەکانیش ئەوانەن کە لەهەر بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی، یان ئابووریدا بێت لەپێناوی باڵایی بەژیاندا سەرچڵی دەکەن، دەکرێ بشڵێین کۆیلەکان ئەوانەن کە کۆیلەی بتە ئاکاریەکانن و، گەورەکانیش ئەوانەن کە گەورەی خۆیانن.

واپێدەچێت شتێکی سوودبەخش بێت گەر لێرەدا بەراوردێکی تری خێرا لەنێوان لێکدانەوەی نیچەو لێکدانەوەی مارکسدا بۆ ئاکار بکەین[30] ئەم دوو فەیلەسووفە هەردووکیان لەسەر ئەوە رێکن کە ئاکار هۆیەکە بۆ وەدیهێنانی هەندێ ئامانجی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو، نەك چەمکێکی رووت (مجرد) بێتو پەیوەندییەکی بە واقیعەوە نەبێت، نیچە ئاکاری کۆیلەکان بەشێوەیەکی گەوهەری بەئاکاری سوودبەخش دەژمێرێت (ئەودیو 260)و کۆی ئاکاری ئەوروپایی لەسەر بنەڕەتی ئەوە دامەزراوە، کەچی بۆ کۆمەڵ سوود بەخشە (ئیرادەی هێز 276)و سەرچاوەی ئەم جۆراو جۆرییەش ئەو (توانستە)یە کە لای ئەو گروپەی خەڵك هەیەو هەروەها قەوارەی ئەو توانستە کە لای مارکس دەرامەتەو لای نیچە هێزی ناوەوەی مرۆڤە. جیاوازیەکەش لەپێوەرەکەدایە کە لای مارکسیستەکان (خەباتی چینایەتی)یەو لای نیچە (بوونی زیندووە). دیاریشە کە پێوەری دووەم زێتر لە ناخی مرۆڤەوە نزیکترەو لەپێوەرە مارکسیستەکە گشتگیرترە، بۆ نموونە گریمان خەباتی چینایەتی کردارێکی دیاریکراو (وەك کۆنترۆڵکردنی ئارەزووی سێکسی) بەپێوەری خەبات بە کردارێکی (چاك- خێر)ی دەزانێت. دەشێ کە ئەمە بۆ خەباتەکە زۆر سودبەخش بێت. بەڵام بۆ ژیان سوود بەخش نییە . کەواتە لێرەدا کام لەم دوو پێوەرە وردترن لە حوکمیاندا بەسەر ئەو کردارەدا؟

هەر چەمکێکی ئاکاری لەڕەگو ڕیشەی ژیانەوە سەرچاوە نەگرێت (با دژ بە ئاکاری باویش بێت) چەمکێکی ساختە دەبێت، بە تایبەتیش مادامەکی لەچاکەو خراپەوە دەگلێت. ئەمەش لەو تەسەورە بوودابییەوە نزیکە کە نیچە لە (ئەودیو چاکەو خراپە)دا باسی لێکردووە[31]. ژیان خۆی هەموو بۆچوونێکی چینایەتی لەخۆ دەگرێت. بەڵام هیچ بۆچوونێکی چینایەتی هەموو ژیان لەخۆی ناگرێت.

(10)

ئێستا پێویستە باس لەوە بکەین ئەو گەورانە کێن کە بالایی بەژیان دەبەخشن، بەپێچەوانەی کۆیلەکانەوە، یان حەشاماتەوەو سیفەتەکانیان چییە. ئەمەش یەکێکە لەو لایەنانەی فیکری نیچە کە سەرنجی زۆربەی تۆژەرەوانی راکێشاوە. بەتایبەتیش دوای ئەوەی هەندێ بزووتنەوەی لاوانی یاخی بەسەر کۆیلایەتیی هاوچەرخدا سەری هەڵدا، لەپاش ئەوەی شکستی بۆچوونە دەستەجەمعیەکانیان لەخەباتدا لا روون بۆوە.

زانیمان کە خەڵکی بەهاکانیان بۆ سروشتو ژیان ئیزافە کردووەو شتێك نین سروشتو ژیان دایاننابن بۆ سەرکوتکردنی ئارەزووە سروشتیەکانو پاراستنی یەکەی رواڵەتیی کۆمەڵ. ئەم بەهایانە هەمیشە هەڵگری سیفاتی دەستەجەمعی بوونو رەنگی تایبەت بە خۆیان نەبووە. هەورەکو نیچە خۆی دەڵێت (تەواوی ئەو ئاکارو ئامۆژگاریانەی کە دەستەبژێری بالادەست خستوویانەتە روو بەردەوام لەخزمەتی یەکەی کۆمەلایەتی، یان حەشاماتدا بووە، لەخزمەتی هەر شتێکدا کە بە پلەی یەکەمو دووەمو سێیەم خۆیان تێر بکات، ئاکار تاکە کەس رادەهێنێت تا ببێ بە ئامرازێك لەپێناوی حەشاماتدا. جا لەبەر ئەوەی مەرجەکانی پاراستنی کۆمەڵگاکان لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێ، بۆیە شاکاری زۆر جیاواز لەیەکتر دەبینین) (زانستی شاد116، مرۆڤدۆست96) بەمانایەکی دی تاکەکەس لەرێی ئاکارەکانییەوە هەڵگری جەوروستەمی زۆربەیە (هەندێ راوپەندی جۆراوجۆر89).

بۆیە یەکەمین شتێك کە مرۆڤی (بالارۆح) دەستی دەداتێ ئەوەیە کە خۆی لەئاکارو داب و نەریتە گشتییەکان دادەماڵێت. خۆ ئەگەر لەکۆمەڵگایەکیشدا مایەوە کە (باو) دەپەرستێت، ئەوا سەرەتا دەچێتە ناوخۆیو ئینجا نەخۆش دەکەوێتو دوچاری ماتی (**کآبة**) دەبێتو دواجار وەکو شیللیو هۆلدرلنو کلایشت دەمرێت (شۆپنهاوەر وەکو مامۆستایەك ل3) پێویستە بەگومانیش بێتو بڕوا بە هیچ نەکات (ئیرادەی هێز 963)و چاکەو خراپەی

تایبەت بەخۆی دابهێنێت، چونکە چاکەی گشتی عیبارەتێکە دژایەتیی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە (ئەودیو 43)و ئەو ڕێسا (کانت)یەی کە دەڵێت: وەها ڕەفتاربکە وەك ئەوەی ڕەفتارەکەت ببێ بە یاسایەك بۆ خەڵك مەبەستی ئەوەیە کە (هەرکەسێك بەبێ هەراو زەنا بزانێت چ جۆرە ڕەفتارێك بۆ هەموو مرۆڤایەتی باشە، ئەمەش تیۆریەکە وەك تیۆریی ئازادیی بازرگانی کەوا دەبینێت ڕێکوپێکی گەردوونی لە خۆیەوەو بەهاوکاری لەگەڵ یاسا خۆڕسکیەکانی پێشکەوتندا هاتۆتە ئاراوە) (مرۆڤدۆست25) دەکرێ ئەوە بڵێینەوە کە مەسیح بەجولەکەکانی وت: یاسا بۆ خزمەتکارەکان بووە، ئیدی ئاکار چ بایەخێکی لای ئێمەی ڕۆڵەی خواوەند هەیە) (ئەودیو 164).

مرۆڤی (باڵاڕۆح) بایەخ بەو شتانە نادات لە سەردەمەکەیدا کە بایەخی زۆریان دەدرێتێ (زانستی شاد338) لە کاتێکا ڤیزی لەشتە کەموکورتەکان دێتەوە دروشمی ئەو ئەمەیە کە (ئێمە لەپێناوی تابۆدا تێدەکۆشین‌و لەکام شتەدا کە زۆر تابۆ کراوە هەستبەخۆشحاڵی دەکەین(32). بەرامبەر بەئاکاری گشتیی کۆمەڵیش، تایبەتمەندیە خودیەکانی خۆی، واتە خودویستی دادەنێت. (تا ئێستاش خەڵکی هیچ شتێکیان هێندەی ئەم سێ شتە بەنەفرەت نەکردووە، چێژی حیسسی، ئارەزووی هێز، خودویستی)و بەخراپترین کردەوەیان زانیوە گەرچی ئەمانە بەلای ئەوەوە (مەبەست لەزەردەشتە-و-) لەهەموو شتەکانی دی سەنگینترو مرۆڤدۆستانەترن (زەردەشت206) خودویستی بەشێکە لەدەروونی باڵا جیانایێتەوەو پێویستە (لەمڕۆ بەدواوە نەفرەتی لێ نەکەین. بێگومان بەکارهێنانی نەخۆشانەی هەیە، بەڵام هاودەمی بیرکردنەوەی دروستەو هی هەر کەسێك کە دەیەوێت باڵەکانی سووك بێت بۆ فڕین(33)و (من)ی دانسقە دەبێتە پێوەرێك بۆ هەموو شتەکان (زەردەشت60) ئیرادەی ئەو (من)ەش دەبێتە سەرچاوەی هەقو هیچ هەقێکیش نییە هێز پشتگیریی لێ نەکات (ئیرادەی هێز20) شێریش کە هێزو ئیرادەی خۆی دابین کرد لەکتێبی زەردەشتدا بەتەنها دەڵێت: من دەمەوێ (زەردەشت 55) چونکە کاتێ تۆ بەتەنیا خۆت (دەتەوێ) مانای وایە ئەو شتانەت

ناوێت کە خەڵکێکی ساویلکە خوازیارین وەکو بەزەیی و قوربانی دان و، کاتێکیش تۆ یاسای خۆت هەڵدەبژێریت مانای وایە ئەوان تێدەپەڕێنیت، چونکە ئەوان بەتەنها ئامرازن و تاکە کەس خولقێنەرە (ئیرادەی هێز 766و 767).

لەم حاڵەتەشدا رەوشتی بەرزت هەر هی خۆت دەبێت و کەس تیایدا هاوبەشیت ناکات (زەردەشت 63و64) (دەتوانیت چاکەو خراپەی خۆت هەر خۆت دیاری بکەیت و ئیرادەت وەك یاسایەك بخەیتە سەروو خودی خۆتەوەو ئیرادەت تۆڵەسێنی یاسای خۆت بێت؟ شتێکی ئاسان نییە هەر بەتەنها خۆت بیت. لەگەڵ داوەرو تۆڵەسێنی یاسای خۆتدا، ئەمە لە ئەستێرەیەك دەچێت توڕدرابێتە گەردوونێکی خاڵییەوەو لەنێو هەناسەکانی گۆشەگیرییەکی بەفرئاسادابێت) (زەردەشت 89).

(بەڵام ئەمە چارەنووسی هەر کەسێکە کە خۆی دۆزیبێتەوە. بەبێ دەنگی بەرامبەر بەنهێنی رادەوەستێت، ئەمە چاکەی منەو ئەمە خراپەی منە. من یاسای خۆمم، یاسایەك نیم بۆ هەمووان، بەتەنها گرگنەکان دەڵێن: ئەمە بۆ هەمووان چاکەیەو، ئەمەش بۆ هەمووان خراپەیە)[34].

ئەمە ئەو رێگایەیە کە بەتەنیا پیایدا دەڕۆیت و هەر کەسێکیش داوای لێکردیت رێگەیەکی پیشان بدەیت پێی بڵێ: رێگایەك نییە بۆ هەمووان (زەردەشت 213) ئەگەر پیاویت شوێن پێی من هەڵمەگرە (هەروەکو گۆتە لە (ئازارەکانی ڤارتەری لاو)دا دەڵێت بەڵکو شوێن پێی خۆت هەڵگرە، لەبەر ئەوەی من کەسێکم ناوێت کە لاساییم بکاتەوەو خوازیارم هەر کەسەو بەرگی خۆی بەگوێرەی نموونەی خۆی هەبێت. کەواتە ببە بەو کەسەی کە خۆتیت[35] هەر کەسێکیش بەرێی تایبەتیی خۆیدا بڕوات پێویستی بەکەس نییە . (پێشەکیی کتێبی ئاوابوونی بتەکان ل2).

ئینجا نیچە سەبارەت بەباوەڕی دۆگماتیکەکان دەدوێ و دەڵێت ئەوانە خەڵکانێکن کە خۆیان ون کردووەو بۆ ئەوەی لەخودی خۆیان هەڵێن پەنا بۆ ئەو باوەڕانە دەبەن. زەردەشت

بەوانەی کە دوای کەوتوون دەڵێت: ئێوە وەختێ منتان دۆزیەوە بەدوای خۆتاندا نەدەگەڕان. هەموو باوەڕدارەکان (العقائدیون) وەهان. هەر بۆیە ئەو باوەڕانە بێبەهان، ئێستاش تکاتان لێ دەکەم من ون بکەنو بەدوای خۆتاندا بگەڕێن (زەردەشت 103) چونکە نە ڕابەر هەیەو نە بەرێدابراو. لەکۆپلەیەکی شیعریی جوانیشدا کە لە پێشەکیی کتێبی (زانستی شاد)دا بلاوبۆتەوە دەڵێت:

(من رقم لەوەیە دوام بکەونو رقم لە رابەرێتییە، گوێ رایەڵی؟ ئۆ ە.. نەءفەرمانڕەوابم؟ هەرگیز نەء! تەنها کەسێ کە خۆی بترسێنێت دەتوانێ خەڵکیش بتۆقێنێت. تەنها کەسێك کـــە خـــەڵکی بتۆقێنێـــت دەتوانـــێ ببێتـــە فـــەرمانڕەوا.) -بڕگەی 33-

کەسێك کە نەتوانێ رابەرایەتی خۆی بکات دەبێ گوێرایەڵیی کەسێکی دی بکات (زەردەشت 217) بۆیە رابەرانی گەلانیش لەم کەلێنەوە خۆیان خزاندۆتە ناو دەروونی خەڵکەوە (چونکە توانیویانە لەو خاکە رەقە، بەڵام بە پیتەی کۆمەڵدا شتێك بورووژێنن. ئەوان بەتەنها پێویستیان بە شێتی نییە، بەڵکو پێویستیان بەو ئازاردانە ئەنقەستەش هەیە کە باوەڕیان تێدا دروست دەکات) (ئاوابوونی بتەکان 18).

لێرەشەوە بیروباوەڕە دەستەجەمعیەکانو کەسێتیی رابەرەکان هەمیشە بەپیرۆزییەوە سەیر دەکرێنو (کاتێ ئیرادە ئامادە نابێت پێداویستی بۆ باوەڕ بەتینتر دەبێت، کاتێکیش ئیرادە جڵەوی رابەرێتی دەگرێتە دەست ئەوە نیشانەی گەورەیی و هێزە، بەدەربڕینێکی تر کەمینەی خەڵکی دەزانن چۆن رابەرایەتیی خۆیان بکەن، بەڵام زۆربە خۆیان دەدەنە دەست ئەوانەی ئارەزووی رابەرایەتیی زۆر دەکەن وەك: خواوەند، میر، چین، پزیشك، پیاوانی ئاینی، بیروباوەڕ، یان ویژدانی حیزبی) (زانستی شاد 347) ئەو ئەنجامانەی نیچەش پێی گەیشتووە لەگەڵ ئەنجامەکانی شیکردنەوەی دەروونی لەنەستی دەستەجەمعی (اللاشعور الجمعي)دا وێك

دەگرێتەوە کە پێشانیدا، بەتەنها بوونی سەرۆکێك خۆی لەخۆیدا پەلەی شوورەییە بەناوچەوانی مرۆڤەوەو هاتنەکایەوەی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی ناوەوەو هەرەسی ئیرادە.

بەرامبەر بەخۆداماڵینیش لەدیاردە ئاکاریە گشتیەکان پێویستە لەسەر (باڵاڕۆح) لە کۆمەڵ دابڕێت، نەك بۆ دونیایەکی ناواقیعی، یان میتافیزیکی، بەڵکو بۆ سارایەکی پاکژی ساف (تاخودی دەوڵەمەند بێتو واقیع هەڵبمژێتو بە تێگەیشتنێکی وردەوە لەواقیعدا نوقم بێت) (ئەسڵی ئاکار 96و109) (هەروەها پێشەکیی مرۆڤدۆست ل3) زۆر وابەستە نەبێت (بەکەسەوە، تەنانەت بەوانەشەوە کە زۆری خۆش دەوێن، هەر کەسێك زیندانێکەو گۆشەیەکی چەپەکە. وابەستە نەبوون بە نیشتمانێکەوە... بەبەزەییەوە) (ئەودیو 41) لەم تەنیاییە پڕ مەترسیەدا وەکو قەدیسەکانی لێ دێت، بەڵکو بەشێوەیەکی وردتر بڵێین ئەمەیان قەداسەتی ڕاستەقینەیە (ئەودیو 271) (ئەرستۆ دەڵێت ئەو مرۆڤەی بەتەنیا بژی یا گیانەوەرە، یان خواوەندە، حاڵەتی سێیەمیش هەیە: هەردووکیان بێت، واتە فەیلەسووف بێت) (ئاوابوونی بتەکان23) ئەوانی دی (الاخرون)یش نامۆ دەبن پێیو بەتەنها پەیوەندیەکی ڕاستەقینەی دەبێت کە لەنێوان خۆیو خودی خۆیدایە (منو خۆم هەمیشە لەگفتوگۆی نێوانماندا زۆر جیددین، ئەگەر هاوڕێیەك نەبێت مرۆڤ چۆن دەتوانێ بەرگەی ئەمە بگرێت؟ لای پیاوی دانا، هاوڕێ هەمیشە کەسی سێیەمە) (زەردەشت 82) بەردەوام کەنداوێك هەیە لەنێوان مرۆڤێكو مرۆڤێکی تردا [36] و قورسە بتوانین پردێك لەسەر ئەو کەنداوە پەیدا بکەین[37].

کەواتە پەیوەندی لەنێوان ئەم بوونەوەرە لەیەك جودایانەدا چۆن دەبێت؟ (ئەو بوونەوەرە بەشەریەی لە پێناوی شتێکی مەزندا تێدەکۆشێت هەر کەسێك لەڕێی خۆیدا ببینێت بەئامرازێك، یان بە کۆسپێك، یان بەهۆیەکی دواخستنی کارەکەیو، یان بەخاڵێکی پشوودانی کاتیی دەژمێرێت (ئەودیو 273) هەستی مرۆڤیش بەرامبەر کەسانی دی ئەوە نییە کە ئەوان خۆیان چۆنن، بەڵکو ئەوەیە کە ئەم هەستی چۆنە لەگەڵیاندا (ئەوەتانێ ئەو مرۆڤە 233).

(مرۆڤی باڵاڕۆح)یش هەندێ سیفاتی تایبەتیی خۆی هەیەو گرنگترینیان سەربڵندی (کاتێ دەچیتە سەروو ئازارو پیاهەڵدانەوەو ئیرادەت دەیەوێت وەکو ئیرادەی عاشقێك رابەرایەتیی هەموو شتەکان بکات، ئەو دەمە رەوشتی بەرزت دەبێتە خاوەن ڕەگو ڕیشەو ئەبەدیەتی خۆی) (زەردەشت101) ئەمەش وا دەخوازێت وەك ئەوەی تۆ لە بڵندابییەوە تەماشای بوونەوەرەکان بکەیت کە لە گەردیلە دەچن (بێ دەربەستانە، گاڵتەجاڕانە، دڵڕەقانە، دانابی دەیەوێت وەهابین، چونکە دانایی ئافرەتەو ئافرەتیش بە تەنها جەنگاوەری خۆش دەوێت) (زەردەشت 68) لێرەشدا جیاوازییەکی ورد لەنێوان ئاکاری گەورەکانو ئاکاری کۆیلەکاندا تۆمار دەکەین (ئەو بوونەوەرە مرۆییانەی زۆر لەیەك دەچنو ئاسایین هەمیشە بەرژەوەندیەکیان هەیە، بەڵام ئەوانەی هەڵبژاردەنو باڵاییو هێزیان تێدایەو خەڵکی بەگران تێیان دەگات بەئاسانی بە تەنیا دەمێننەوە. گوێ بە رێکەوت نادەن، گۆشەگیر دەبنو دواجار وەچە دەخەنەوە) (ئەودیو268).

کەواتە ئەی (باڵاڕۆح) تۆ زۆر لەوە بێگەردتری کە پیسێتیی ئەم وشانە چەپەڵت بکەن: تۆڵەسەندنەوە، سزا، خەڵات، پاداشت (چونکە دایکێك چۆن منداڵەکەی خۆی خۆش دەوێت، تۆش ئاوەها رەوشتی بەرزی خۆتت خۆش دەوێ، کێ بیستووشیەتی دایکێك بەرامبەر خۆشەویستیی منداڵەکەی داوای پاداشت بکات)(38) ئایا میرابۆی مەزن هیچ سوکایەتیو شتی پڕوپووچی لە یادی خۆیدا تۆمار کردبوو؟ (ئەسڵی ئاکار39) بەڵکو دەبێ شانازی بە دوژمنەکەتەوە بکەیت (زەردەشت25).

لای مرۆڤی (باڵاڕۆح) غەریزەکان پیرۆزن (زەردەشت –102) چونکە هێشتا مرۆڤ بەشێوەیەکی گەوهەری گیانەوەرەو نەیتوانیوە تێیپەڕێنێت (ئیرادەی هێز90)و لە ناوجەرگەی یاخیبوونی وەحشیانەی ئارەزووەکانیدا دەژی (مرۆڤدۆست 142) دونیای ئارەزووەکانیشی دونیایەکی گەلێ قووڵە (لەپشت هەر ئەشکەوتێك لە ئەشکەوتەکانییەوە ئەشکەوتێکی قووڵتر هەیە) (ئەودیو 289) خامۆشیەکی سامناك باڵی بەسەردا کێشاوە (39)و سەرشارە

لەئازارو خەمێکی قووڵ کە پتر لەکەسانی دیمان جیادەکاتەوە (ئەودیو13، 224-220) ئەگەر بیەوێت داچۆڕێتە ناویەوە ئەوا دەبێ ئامادەبێت لەکلّپەی ئەودا خۆی بسووتێنێت (زەردەشت90).

نیچە لەپێشەکیی چاپی دووەمی (زانستی شاد)دا دەڵێت (ئازاری گەورەو درێژخایەنو لەسەرخۆ کە درێژە دەکێشێت، ئەو ئازارەی کە مرۆڤ تیایدا لەگەڵ داری تەڕدا دەسووتێ، وا لەئێمەی فەیلەسووف دەکات بۆ ناو قووڵاییە بێ کۆتاییەکانی ناخمان شۆڕ ببینەوەو هەموو متمانەیەکو ساختەیەکو هەر شتێك کە پەردەیەکی ناوەند دابنێو هەر شتێکی میانڕەو دەخەینە لاوە تا هەندێ شت بدۆزینەوە کە تیایاندا پێشوەخت مرۆڤایەتیی خۆمان ببینینەوە. من گومانم هەیە لەوەی ئازارێکی وەها وامان لێ بکات باشتر بین، بەڵام دڵنیام کەوامان لێدەکات قووڵتر بین). لەبڕگەی ئێمە ناکۆکین لەکتێبی (نیچە دژی ڤاگنەر)دا دەڵێت: دوو جۆر ئازار هەیە، یەکێکیان لە سەرشاری لە زیندوویێتیو چالاکیەوە دێو پێویستی بە هونەرێکی دیۆنیزیۆسیو دیدێکی تراژیکانە هەیە بۆ دیاردەکانی ژیان، دووەمیشیان لە سستیی زیندوویێتییەوە دێو هەڵوەدای حەوانەوەو بێدەنگیە.

هەروەها جیهانی ئارەزووەکانی (باڵاڕۆح) پڕە لە توندوتیژی. پێویستە لێرەدا ئەوەش روون بکەینەوە کە لێرەدا مەبەست لەوەیە کە توندوتیژی چەکێك بووە بە دەست مرۆڤی سەرەتاییەوە بۆ تێکشکاندنی کۆتو پێوەندەکانی بارودۆخی دەرەوەی. لەڕوانگەی نیچەشەوە ئەم تێکشکاندنە کردەوەیەکی باڵا بووەو هەر لە (باڵا ڕۆحان) وەشاوەتەوەو بەهایەکی هێناوەتە ئاراوە کە دواتر خەڵکی کردوویانە بەهی خۆیان (لەقووڵایی هەموو شتە جوانو باڵاکاندا تا دەگاتە وردترین هەژانە میتافیزیکیەکان، ئاخۆ چەند خوێنو توندوتیژی نیشتبێت) (ئەودیو 259-229). (ئەسلی ئاکار 62)، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو کە مرۆڤ نەیتوانی لەسەر توندوتیژی بەردەوام بێتو وایلێهات مرۆڤ چێژی، نەك لەکردارەکانی خۆی، بەڵکو لە کۆمەڵێك دیاردەی کۆمەڵایەتی دەبینی کە بەتوندوتیژییەوە وابەستەنو

(مێژووی مرۆڤایەتی گەواهیی ئەوە دەدات) (ئاوابوونی بتەکان ل18) لەو دیاردانەش جەژنەکانی دیۆنیزیۆس کە لەسەردەمی یۆنانییە کۆنەکاندا ساز دەکرانو ئاوێتەیەك بوون لەئارەزووی حیسسیو توندوتیژیو ئەوەبوو دواتر ئاسەواری خۆیان بەجێهێشتو هەربۆیە پاشتریش نیچە وتی هیچ جەژنێك بەرپا نابێت بەبێ توندوتیژی[40] و سزای جەستەیی ئەو کەسانەی لەیاساکانی کۆمەڵ دەردەچن لە ئاهەنگێکی جەماوەریداو ئینجا لە تراژیدیادا کە ئەو چێژە ئازاراویەی لە ئەنجامی تەماشاکردنییەوە هەستی پێ دەکەین حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی چێژ وەرگرتن لە توندوتیژی.

هەر لەو روانگەیەشەوە نیچە ئەو ئامۆژگارییەی لە (ستاندال)ەوە وەرگرتووە کە دەڵێت پێویستە پیاوان بە گیانی پڕ لە زۆرانبازییەوە بچنە ناو کۆمەڵەوە (ئەوەتانێ ئەو مرۆڤە 280، ئیرادەی هێز 102).

هەندێجار نیچە زیاتر دەڕواتو دەڵێ تەنها ئەو شتە گەورەیە کە تاوانێکی گەورە لەناو خۆیدا هەڵدەگرێت (ئیرادەی هێز 120،736) واتە شکاندنی یاساکانی کۆمەڵ، هەروەها دەڵێت رەقیی ئەو تاوانبارەی کەلەکاری خۆی پەشیمان نابێتەوە تەندروستترە لە دەروونی رووخاوی مەسیحیەك[41] ئەی ئەوە نییە دۆستۆیڤسکی دەڵێت زیندانییەکانی سیبیریا بەهێزترینو بەنرخترین بەشی گەلی رووسیان پێکدەهێنا (ئیرادەی هێز 788،740) بەکورتی لە مرۆڤدا (خولقێنەرو ئازارێکی خولقاو کۆدەبنەوە، لەمرۆڤدا مادە، پریشك، زێدەڕۆیی، قوڕ، چەپەڵی، پڕوپووچی، ئاژاوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا لە مرۆڤدا، خولقێنەر، داهێنەر، پتەویی چەکوش، قودسیەتی بینەر، حەوت رۆژەکە هەیە، لەم ناکۆکییە تێدەگەیت؟)[42].

لەهەموو ئەمانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو دەستە بژێرە (نوخبە)یە تا ئێستا بەدەگمەن نەبێ نەهاتۆتەدی. لە پێشەکیی کتێبی مرۆڤدۆست زۆر مرۆڤدۆست (بڕگەی2)دا نیچە چاوەڕێی پەیدابوونی خاوەن رۆحە ئازادەکانەو دەڵێت بۆ ئەو رەگەزانەی مرۆڤ دەنووسێت کە

هێشتا پەیدا نەبوون: بۆ گەورەکانی زەوی (ئیرادەی هێز 958)و هەر سیفەتێك لە سیفاتەکانی دەستەبژێر دژ بە ئاکاری چینایەتیی باڵادەستەو ئەو سیفاتانەش بەر لەوە سیفەتی جەستەیی بن، یان لەهێزو توانای ئابوورییەوە سەرچاوە بگرن سیفاتی رووحین، لەبەر ئەوە قسەیەکی بێمانایە گەر بوترێ نیچە مەبەستی لەو سیفاتانە سیفەتی چینێکی ئۆرستۆکرات، یان رەگەزێکی دیاریکراو[43] بووە بەڵکو مەبەستی هێزو توانای رۆحو گەورەیی خود بووەو لەو دێرانەش راشکاوتر نییە کە لە بڕگەی (257)ی کتێبی ئەودیو چاکەو خراپەدا وتوویەتی (لە سەرەتادا هەمیشە چینی خانەدانەکان چینی بەربەری بوون، سەرداریشیان لە هێزی جەستەییانەوە نەبووە، بەڵکو لەهێزی رۆحییانەوە. لە هەموو بوونەوەرە مرۆییەکان کاملتر بوون، واتە لەهەموو ئاستەکاندا لەهەموو درندەکان کاملتربوون.)

(11)

نیچەیش وەکو گۆتە رقی لە دروشمە جەماوەرییە بۆشەکان دەبۆوە، نیچە وتوویەتی (مەسیحیەت، شۆڕش، پساندنی کۆتی کۆیلایەتی، یەکسانی لەمافەکاندا، خۆشەویستیی مرۆڤ، ئاشتیخوازی، دادپەروەری، راستگۆیی، هەموو ئەم وشانە تەنها لەشەڕدا مانایان هەیە، وەکو ئاڵان، نەك وەك حەقیقەت، بەڵکو گوزارشتی بە باقو بریقن لەشتێك کە لە راستیدا دژی ئەو حەقیقەتانەن) (ئیرادەی هێز80) هەروەها دەڵێت (مرۆڤ دەبێ لێرەوە و بەوردی سەر لەنوێ دەست بەفێربوون بکاتەوە، ئەوەی رەگەزی مرۆڤبەجیددی بایەخی پێداوە حەقیقەتی سەلمێنراو نەبوون، بەڵکو بەتەنها خەیاڵات بوون.. هەموو ئەم تصەورانە: خواوەند، رۆح، رەوشتی بەرز، گوناه، غەیب، حەقیقەت، ژیانی هەتاهەتایی.. هەموو کێشەکانی سیاسەت، رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانو فێرکردن، ساختەو درۆبوون.. چونکە مرۆڤوا فێربووە رقی لە شتە بچووکەکان بێتەوە، ئەو شتانەی کە شتە بنەڕەتیەکانی ژیان خۆین) (ئەوەتانێ

مرۆڤ 256) گەرچی ئەو بیرورِایانە دونیا بەرِێوە دەبەن کە بەپێی کۆترێکەوە بۆمان دێن) (زەردەشت 168) لێرەدا پێویستە جارێکی تریش لەو هێرشەی بۆ سەر هەموو ئەو دروشمانە وردببینەوە، بێشك نیچە لەهەمان روانگەوە کە باوەرِی بە حەقیقەتی رووتو زانستیو ئالتەرناتیڤی باوەرِو ئاکاری تێکشێوێنراوی سروشتو ژیانی مرۆیی نەبووە، هەر لەهەمان روانگەوە هێرشی کردۆتە سەر ئەو دروشمانە، چونکە ئەم دروشمانە وێنەیەکی تری ئەو درۆو فریودانەن کە بالّی بەسەر سیاسەتدا کێشاوە (ئەوەتانێ مرۆڤ 225) ئەوەی کە مەزنە لەهەستی شارستانیدا ناسیاسییە، بەلّکو تەنانەت دژ بە سیاسەتیشە (ئاوابوونی بتەکان63)، چونکە حەشامات جگە لە قەداسەت هیچی تری ناوێت (مەسەلەی ڤاگنەر ل4) سیاسەتمەدارێکی وەکو (ماتزینی)یش بەدوا ئایینێدا دەگەرِێ تا سەرفرازیی بێ قەیدو شەرت بۆ کەسانی دی دابین بکات، ئەو کەسانەی بەتەنها دەبنە ئامراز بەدەست میر یا حیزب یا خێلّەوە (زانستی شاد ل5) هەر لە ئێستەشەوە تا سەد سالّی تر پیاوێکی نەخۆش وەکو رابەرێکی سیاسی هەلّدەبژێردرێ (ئیرادەی هێز 100).

بەلاّم پیاوە مەزنەکان لەودیو فەرمانرِەواکانەوە دەژین، بەئازادیو دوور لە هەموو کۆتو پێوەندێکو بەلّکو فەرمانرِەواکانیش دەکەن بەئامرازی خۆیان (ئیرادەی هێز 998) ئەوە نییە وتەیەکی بەناوبانگیشی هەیە دەلّێت (دەولّەت دەیەوێ بەشێوەیەکی رەها ببێتە ئەو وەحشەی کە لەسەر زەوی لەهەموو شتێك گرنگترە) (زەردەشت ل 154 - ئەوەی مرۆڤیش لەپێناوی دەولّەتدا دەیکات دژ بە سروشتی خۆیەتی(ئیرادەی هێز 718) بەر لەمەش هەرزوو وتوویەتی (تا کۆمەلّگای گەورەو حکوومەتو ئاینو رای باو هەبێت جەورو ستەم هەر دەبێو بە کورتی فەیلەسووفی تەنیا لەوێ دەبێتە مایەی رقو کینە، لەبەر ئەوەی فەلسەفە پەناگەیەك پێشکەش بەرِەگەزی مرۆڤ دەکات کە هیچ جەورو ستەمێك ناتوانێ زەفەری پێ بەرێت، بەلّکو دەبێتە حەرەمی ناوەوەو ناوەندی وێلّگەی دلّ (متاهة القلب) (44).

شتێك ماوه پێویسته بگوترێ: نیچه بۆچی سۆشیالیزم (وەك شۆڕشی فەرەنساو دیموكراسی)ی بە مەسیحیەت شوبهاندووەو وتوویەتی كە دژی ژیانە گەرچی ئامانجی هێنانەدیی هەلومەرجێكی ماددی باشترە بۆ ژیانی مرۆڤ. لە ئەنجامی شیكردنەوەدا نیچە ئەو سیفەتەی دەیداتە پاڵ هەر ڕێبازێكی سیاسی دەیداتە پاڵ سۆشیالیزمیش بەوەی كە دەیەوێت تاكەكەس ملكەچ بكاتو لەپلەو پایەی دابەزێنێت مادامەكی وای لێ دەكات شوێن هەڵگرێتو باوەڕ لە دەروونی خۆیدا بچێنێت بە ڕێبازەكەو بە نموونەی دەوڵەتەكەی (مرۆڤدۆست 473) بۆیە بە راشكاوی داوا لە كرێكارەكان دەكات بەرهەڵستییەكی ئازادانە هەڵبژێرنو دژ بەئامێرو سەرمایەو هەموو ئەو ئاڵتەرناتیڤانە بوەستنەوە كە هەڕەشەیان لێدەكەن ببنە كۆیلەی دەوڵەت، یان كۆیلەی هەندێ حیزبی شۆڕشگێڕ (ئاوابوونی 206) سۆشیالیزمیش هەمان پرۆسە دەگرێتەبەر كە مەسیحیەت گرتوویەتیە بەر، بەوەی مژدەی جیهانێكی نموونەیی پیرۆز لەسەروو ژیانەوە دەدات. لەهەموو ئەوانەش گرنگتر ئەوەیە كە ئەو (تەسەوورە نموونەیی - ئایدیالیستی)یەی كە سۆشیالیستەكان بۆ كۆمەڵگای نوێ هەیانە، كۆمەڵگایەكی سستو مردوو دەبێت با هەلومەرجی بەختەوەریی ماددیش بۆ تاكەكانی دابین كرابێت، ئەمە تەسەوورێكە نزیكە لەو تەسەوورە غەیبیانەی پێیان ئاشنایین. نیچە "چین"ی كۆن بە نموونە دەهێنێتەوەو دەڵێ ولاتێك بوو بێزاریی خەڵكی تێیدا ڕەوییەوەو هەلومەرجی گۆڕان هەبوو و شێوەیەك لەشێوەكانی (بەختەوەری) هاتبووە ئاراوە، بەڵام ئەوە چ بەختەوەرییەكە؟ بەختەوەریی ملكەچیو سڕبوونو مردنە، ئایا سۆشیالیستەكان بە كۆمەڵگایەكی بەختەوەری لەم جۆرەو بەو مەرجانە قایلن؟

دابینكردنی هەلومەرجی باش بۆ ژیانێكی ماددیو بایۆلۆژی مەسەلەیەكی پێویستە، بەڵام هەموو ئەم ئامانجە قۆناغیانە نابێ ئامانجی سەرەكیمان لەبیر بەرنەوە كە ئەویش بەپێی مەنتیقی نیچە بالآبردنی ژیانە وەكو گشتێك لەڕێی ناكۆكیو ململانێی بەردەوامی نێوان

مرۆڤەکانەوە کە هیچ بەرژەوەندییەکی دیاریکراو ناتوانێ بەسەریدا زاڵ بێت، ئەگینا هیچمان لە کۆمەڵگای چینی کۆن زیاتر نابێت[45].

(12)

بەرامبەر بەجیهانی درۆو فریو نیچە جیهانێکی راستەقینەتر لەراستی (حەقیقەت) (بەو تێگەیشتنەی ئێمە لەرێی توانا ئەقڵیەکانی ئێستەمانەوە هەمانە بۆی)و زیندووتر لەژیان (بەو ئاستە بایۆلۆژییەی ئێستای) پێشنیاز دەکات. بەڵام ئایا چۆن خوێنەر بەم جیهانە باڵایە ئاشنا بکەین؟

بوونی جیهانی واقیعی تەنها وەکو دیاردەیەکی ئێستاتیکی پاساوی هەیەو قابیلی ئیحتیماڵە (لەدایکبوونی تراژیدیا ل 5و ل24 و زانستی شاد ل 107) لەبەر ئەوەی ژیان لەم ئاستەی ئێستایدا تەواوی تامەزرۆیی مرۆڤ تێر ناکات، بۆیە مرۆڤ عەودالێکی هەمیشەیی تێدا دەمێنێ بۆ باڵایی و تێپەڕاندن، کە ئەم دووانەش تەنها دەروویەکیان هەیە ئەویش هونەرە، چونکە بەتەنها هونەرە (وا لە ژیان دەکات مومکین بێت)(لەدایکبوونی تراژیدیا ل 1) هونەرمەندیش بەرگەی واقیع ناگرێتو بۆ باڵاترو بە بەهاتر دەڕوانێت (ئیرادەی هێز ل572) وەکو گوزارشتێك لە بڵندبوونەوەو قارەمانێتیی نائاسایی (زانستی شاد 80)و جیهانێکمان بۆ دەخولقێنێت کە بە سروشتەوە پابەند نابێت (ئێمە کە لەڕۆژدا بەدەم خەوەوە دەڕۆین، ئێمەی هونەرمەند نکووڵی لەهەموو شتێکی سروشتی دەکەین (زانستی شاد 59) شاعیری قووڵ دەیەوێ پێمان بڵێت کە هەر یاسایەك، هەر نەریتێکی سروشتی، تەنانەت جیهانی ئاکاریش لەکارەکانیدا دەتوێنەوەو، کارەکانی بازنەیەکی سیحریی بڵند لەو ئەنجامانە پێکدەهێنن کە جیهانێکی نوێ دەخولقێنێت) —لەدایکبوونی تراژیدیا- ل9 هونەرمەند گوزارشت لەو پێداویستییە سەرەکیەی مرۆڤ بۆ تێپەڕاندنی واقیع دەکات (نە هۆمیرۆس

ئەخیلی دەخولقاندو نە گۆتەش فاوست: ئەگەر هۆمیرۆس خۆی ئەخیل بوایەو گۆتەش فاوست بوایە) (ئەسڵی ئاکار 101) هونەر بە تەنها ناواقیعی نییە، بەڵکو لە گەوهەریدا دژی واقیعەو هونەرمەند وێناندنێك دەخولقێنێت کە دەبێ بێتەدی (ئەو بەرهەمهێنەرەو لەبواری خۆیدا شتەکان دەگۆڕێتو حەز بە خوازیارانی مەعریفە ناکات کە هەموو شتەکان وەکو خۆی دەهێڵنەوە[46]) هەر بۆیە هونەر لە حەقیقەت گرانبەهاترە (ئیرادەی هێز 853) لەم بوارەشدا نیچە لێکدانەوەیەکی قووڵو نوێ بۆ تراژیدیا دەخاتەڕوو کە لەگەڵ ئەو لێکدانەوانەدا بەراورد ناکرێ کە تا ئێستا پێشکەش کراون (وەك تیۆریی پاکژبوونەوە لای ئەرستۆ، یان بەرهنگاریی قارەمانەکە بۆ یاسایەکی سروشتی یا کۆمەڵایەتی، یان ئارەزووە سێکسیە سەرکوتکراوەکان لە شیکردنەوەی دەروونیدا) ئەویش ئەوەیە کە لەتراژیدیادا بە کردارێکی ناسروشتی مل بە سروشت کەچ دەکرێ، وەك چۆن لە تراژیدیای ئۆدیپدا دەبینین کە بە کوشتنی باوکو کاری حەرام لەگەڵ دایکدا پیرۆزترین یاساکان دەشکێنرێن (لەدایکبوونی تراژیدیا-9- مرۆڤدۆست 212) ئەوەی لەو تراژیدیایانەدا سەرنجمان رادەکێشێت ئەو تێکشکاندنەی یاساکانی کۆمەڵو سروشتە، لەوانەیە ئێمەش لەناخی خۆمانداو لە نەستماندا ئارەزووی ئەو حەرام (تابۆ)انە بکەین، بەڵام لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە پاڵەوانە تراژیدیەکە ئەو کردەوەیەی خۆی دەکات بەدرۆ و ساختە(47)و ئەو جیهانە ناڕاستەقینە خەونئاسایەمان بۆ دەخولقێنێت، لەتراژیدیادا کۆرس بنچینە بووەو هەروەکو شیللەریش دەڵێت: تراژیدیا ئەم کۆرسەی وەکو دیوارێك بە دەوری خۆیدا تەنیوە تا جیهانی حەقیقەت بەڕووی خۆیدا دابخاتو جیهانە ئایدیالیستەکەی خۆیو ئازادییە شیعریەکەی بپارێزێت، بوونی کۆرسیش لەجیهانی مرۆڤی شارستانی راستگۆترو واقیعی ترو کاملترە (لەدایکبوونی تراژیدیا -7و8-) بەڵام دەبێ لێرەدا ئەوەش بڵێین کە ئەم پیاهەڵگوتنە بەرزەی نیچە بۆ جیهانی هونەر وێڕێی ئەوەی جیهانێکی درۆو ناڕاستەقینەیە مانای ئەوە نییە کە دەکەوێتە جۆرە دژایەتیەکەوە لەگەڵ خۆیدا وەختێ دەبینین لەلایەکی ترەوە هێرش دەکاتە سەر جیهانی ساختەو درۆی وەك میتافیزیكو ئاکار، لەبەر

ئەوەی هونەر لەگەڵ ژیاندا کارلێك دەکەنو وەك ئەوانی دی ئارەزووە سروشتییەکان سەرکوت ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە وەك لەشێوەی یەکەمیدا دەبینین کە ئاهەنگاکانی دیۆنیزۆسەو لەکاراترین شێوەیدا ئیرادەی حەقیقەتو ژیان پێکەوە گرێ دەدات (لە دایکبوونی تراژیدیا8) چونکە لە بنەڕەتدا هونەر لە هەستەوە سەرچاوە دەگرێ (ئەسڵی ئاکار 111)و لەگۆرانیو سەمای دیۆنیزۆسیدا (مرۆڤ وەکو ئەندامێکی باڵای کۆمەڵ گوزارشت لەخۆی دەکاتو لەکاتێکا لە فڕیندایە بەرەو ئاسمان لەبیری دەچێتەوە چۆن دەڕواتو چۆن قسەو هاوار دەکات. هەتا هەست دەکات بووەتە خواوەندێك).

نیچە وتوویەتی دیۆنیزۆسیا (واتە ئاهەنگە دیۆنیزۆسیەکان –و-) لای من کردارێکی باڵایەو هەر چالاکیەکی دی لە چاویدا هەژارو لاوازەو تەنانەت (گۆتەو شەکسپیریش لەم بڵندایيو ئەوینە سامناکەدا ناتوانن بۆ تاوێك چییە هەناسە بدەن[48].

کەواتە هونەر لەرێی خولقاندنی حەقیقەتی نەشئەبەخش[49] (intoxicate) ەوە هانی مرۆڤ دەدا خوازیاری سەپاندنی خودی خۆیو باڵایی بەخشین بەخودی خۆی بێت. نیچە خەونی بە جیهانێکی باڵای دوورەوە دەبینی کە تیایدا ئەم تۆژەرو پزیشکو هونەرمەندو یاسازانانەی ئەمڕۆ ئێمە دەیانناسین وەکو چەند ئاسەوارێکی پڕوپووچی سەردەمە کۆنەکان دێنە بەرچاو – زانستی شاد ل113-

(13)

سپینۆزا لە کتێبی (ئاکار)دا دەڵێت (توانای کارکراو بۆ پاراستنی خود گەوهەری شتە)[50] نیچەش لەوەڵامی ئەوەدا وتی هەموو شتێك لەپێناوی پاراستنی خودی خۆیدا نییە، بەڵکو بۆ ئەوەی (زیاتر) بێت (ئیرادەی هێز 688) پاشان ئەوە بوو شۆپنهاوەر تیۆرییە

بەناوبانگەکەی خۆی سەبارەت بە ئیرادەی ژیان[51] خستەڕوو. نیچە لە وەڵامی ئەمیشیاندا وتی کە ئەو ئیرادەیە بوونی نییە (چونکە هەر شتێك کە بوونی نەبێت ئیرادەشی نابێت، ئەوەی کە نەشبێت چۆن دەتوانێ بیەوێ بێتە بوونەوە؟ لەکوێ ژیان هەبوو بەتەنها لەوێ ئیرادە هەیە، ئیرادەی ژیانیش نا، بەڵکو –بافێرت بکەم- ئیرادەی هێز) زەردەشت –138-.

ئەمڕۆ ساویلکەییە گەر وابزانین نیچە مەبەستی لە ئیرادەی هێز تواناو دەسەڵاتی هێزی ماددی تاکە کەسێك، یان دەستەو تاقمێکە بەسەر خەڵکانی تردا، بەڵکو مەبەستی ئەو رەگو ریشە رەسەنەیە لەهەر بوونەوەرێکدا کە هانی دەدا نەك بەتەنها خودی خۆی بپارێزێت (چونکە ئەمە لە ئەنجامە ناڕاستەوخۆ ئاساییەکانە، بەڵکو تاکو ئەو هێزە بۆ دەرەوە بەتاڵ بکاتەوە کە لە ئەنجامی نەشونمای بایۆلۆژییەوە دێتە بەرهەم) ئەودیو ل13و 230 ئیرادەی هێز یەکسانە بە هەستکردن بە نەشونمای بایۆلۆژی هەر بۆیە (لەکوێ بوونەوەری زیندوو هەبوو لەوێ ئیرادەی هێز هەیە[52] پرۆتۆپلازماش کە بەدوا شتێکدا دەگەڕێت بەرەنگاریی بکات لە برسێتییەوە نییە بەڵکو لەئیرادەی هێزەوەیەو بەجۆرە هەوڵی زاڵبوونو دەست بەسەراگرتنو هەروەها هەوڵی ئەوە دەدات کە وەك ئەو شتەی لێ بێت کە بەری کەوتووە، ئەوەی پێشی دەڵێن خۆراك دروستکردن بەتەنها دیاردەیەکی لاوەکیو دەرپڕینێکی ئیرادە ئەسڵیەکەیە لە گۆڕانی بەردەوامیدا بەرەو (بەهێزتر) –ئیرادەی هێز702.

بەڵام ئەم ئیرادەیە پلەی جیاجیای هەیەو هیچ شتێك بۆ ژیان بەهای نییە تەنها بەگوێرەی پلەی هێزی نەبێت، ئەمە لەکاتێکا کەوا دادەنێین ژیان خۆی ئیرادەی هێزە (ئیرادەی هێز ل55) لەسەر جەستەش پێویستە ئیرادەی هێز بەرجەستە بکاتو لەپێناوی نەشونمای فراوانبوونو دەست بەسەراگرتندا تێبکۆشێتو خۆی بسەپێنێت نەك لەسەر بناغەیەکی ئاکاری، یان نائاکاری، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەژیو ژیانیش خۆی ئیرادەی هێزە (ئیرادەی هێز259).

هەروەها (پۆڵ تیلیش)یش دەڵێت (ئیرادەی هێز لای نیچە نەئیرادەیەو نەهێزە، نە ئیرادەیە بەمانای ئەو هەستە سایکۆلۆژییەو نەهێزە بەمانای ئەو هەستە کۆمەلأیەتییە، بەڵکو تایبەتمەندێتییەکانی جەختی خودییانەی ژیانە وەکو ژیانێك کە هەم پاراستنی خودو هەم نەشونماش لەخۆ دەگرێت، لێرەوە ئیرادە لەپێناوی شتێکدا تێناکۆشێت کە نییەتی، یان لەپێناوی ئامانجێك لەدەرەوەی خۆیدا، بەڵکو دەیەوێت هەستێکی زیاتری بەپاراستنی خودو بالأبوونی لا هەبێت، ئەوە هێزەکەیەتیو هەروەها هێزی سەروو خودیشێتی، ئیرادەی هێز جەخت لەسەر خودکردنە بۆ ئیرادە، حەقیقەتێکی بێ سنوورە)[53].

لەبەر ئەوەی ژیانیش لەریشەیداو لەپێکهاتەی بنەڕەتیدا ئیرادەی هێزە، لەبەر ئەوە تەواوی دەرکەوتەکانی تریشی، لەهیچو پووچتریانەوە تا بەرزتریان بە پلەیەك لە پلەکان ئەو ئیرادەیەی تیادایە (چۆن لای بەهێزەکان هەیە، لای لاوازەکانیش هەیەو لە خواستیاندا بۆ ئازادی بەدەر دەکەوێت) ئیرادەی هێز –776 (لەهەر کوێیەك قوربانیدانو خزمەتو نیگای خۆشەویستی هەبوو لەوێ ئیرادەی دەسەلأتیش هەیە، چونکە ئەو دەمانە لاواز خۆی دەخزێنێتە ناو قەلأو ڕێچکە نهێنییەکانو تەنانەت بۆ ناو دڵی بەهێزترین مرۆڤیش تا هێز بدزێت) زەردەشت- 138- ئیرادەی مەعریفەو ئیرادەی حەقیقەت ئیرادەی هێزن (ئیرادەی هێز 375)، چونکە بریتین لەو شتەی کە خەڵکی تر شکی نابەنو (رادەی ئارەزووی زانینو وەستاوە لەسەر رادەی ئەو ئیرادەی هێزەی کە لە رەگەزەکاندا نەشونمادەکاتو رەگەزەکانیش بڕێك لە واقیعەوە وەردەگرن تا دەسەلأتیان بەسەردا بشکێتو بیخەنە خزمەتی خۆیانەوە) ئیرادەی هێز – 480- تەنانەت ئیرادەی ئاکاریش کە نیچە رقی لێ دەبۆوە لەپشتی خۆیەوە ئیرادەی هێزی حەشارداوە (ئیرادەی هێز 55) تا ئێستا بەها بەرزەکان حاڵەتێکی تایبەتیی حاڵەتەکانی ئیرادەی هێزنو بەجۆرە ئاکارگەرایی (الاخلاقیە) خۆیشی دەبێتە حاڵەتێکی تایبەتیی حاڵەتەکانی نائاکارگەرایی (اللا اخلاقیە) –ئیرادەی هێز- ل401- لێکدانەوەی ئەمەش

ئەوەیە کاتێك لاوازەکان بۆ داپۆشینی ئەو واقیعەیان کە لەناو قوڕدا نوقم بووە پەنا دەبەنە بەر جیهانێکی ئەودیو ئەو واقیعە تا قەرەبووی ئەو واقیعەیان بداتەوە باشترن لەو کەسانەی کە دەیانەوێ بە تەواوەتی خودیان مەحف بیَو ئەمەش مەیلێکە کە نیچە بەتوندی هێرشی کردووەتــە ســەرو لەهــەموو شێوەکانیــشیداو بەتایبــەتیش لــە شــێوە عــەدەمی (نەهلستی)یەکەیدا[54].

لێرەوە بوونی مرۆیی شەقڵی ململانێی ئەزەلی بەخۆوە دەگرێت لەنێوان خودەکانداو، لەکاتێکدا ئەم ململانێیەی لای هیگڵ لەنێوان (من)و (ئەوی دی)دایە، یان لەنێوان سەرداروو کۆیلەدایە وەکو ئەزموونی هوشیاری، لای نیچە شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی حیسسی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا وەردەگرێتو چەند واتایەك لەخۆ دەگرێ لەوانە، هەرچی بوونەوەری زیندووە مل بۆ بوونەوەری دی کەچ دەکات، ئەوەی نەتوانێ رابەرایەتی بکات ملکەچی دەکات (زەردەشت 13-136) هەموو سەلماندنێکی خودیش لەسەر حیسابی ئەوانی ترەو ژیانیش هەمیشە لەسەر حیسابی ژیانێکی ترەو مرۆڤ بەردەوام بۆ کاملبوونی سروشتە نوقسانەکەی خۆی کۆشش دەکات، واتە وەدیهێنانی (مرۆڤی باڵا) چونکە مرۆڤ چ نییە تەنها گوریسێك نەبێ لەنێوان مرۆڤ خۆیو مرۆڤی باڵادا (زەردەشت 43)و هەر کارێك کە ئەنجامی دەدات لەئیرادەی حەقیقەت یان بەهاکانو یان هونەرو یان هێزدا، دەبێ بزانێ کە هەنگاوێکە یا شکستێکە لەسەر ئەم گوریسەی نێوان بوونی نوقسانو ماهیەتی کامڵدا، هەنگاوێکە ئارەقەو گرژیو ماندوبوونی تێدا ئاوێتە دەبێت (من پیاو بەگوێرەی رادەی هێزو توانای ئیرادەی هەڵدەسەنگێنم، نەك بە گوێرەی سستیو لاوازیی، پیاوی ئاکارگەراش لە روانگەی ئاکارگەراییەوە نموونەیە، نەك خۆی لەخۆیدا نموونەیەك بێت. ئەو وێنەیەکە.. لەباشترین حاڵەتدا نموونەیەکی باشە. پێودانگی ئاکاریشی لەدەرەوەی خۆیدایە) ئیرادەی هێز-382-.

(14)

دەتوانین بڵێین بابەتێك کە لەفیکری نیچەدا زۆر رۆشنایی چوویێتە سەر بابەتی پەیوەندیی نێوان پیاوو ئافرەت بووە، هەر بۆیە بەباشترین بابەتی دەزانین بۆ کۆتایی هێنان بە باسەکەمان:

تیشکی یەکەم: (پیاو ئافرەتی خولڤاندووە. بەڵام لەچی؟ لەپەراسووی خواوەندەکەی- نموونەکەی) سپێدەی رۆژ ل 32.

واتە پیاو تەسەورێکی بۆ ئافرەت هەیە، ئافرەتیش بەگوێرەی ئەو تەسەورە خۆی دروست دەکات (زانستی شاد126)و بەختەوەری پیاو ئەوەیە کە من دەمەوێ و بەختەوەریی ئافرەت ئەوەیە: ئەو دەیەوێ (زەردەشت92).

تیشکی دووەم: خۆشەویستی گوزارشتە لە منایەتی (الانوية) بۆیە ئەگەر (من) لاوازو ناسك بێت لای پیاو هێزی خۆشەویستیش بەلاوازی گەشە دەکات (زانستی شاد ل14و 89، ئەودیو 87، ئیرادەی هێز 362و 777)و بە گەیشتنی ئەم دوو تیشکە پیاو بەبێ پاداشت خۆشەویستی دەکات[55].

تیشکی سێیەم: ئەوەی لە خۆشەویستییەوە بەرهەم دێ هەمیشە لەودیو چاکەو خراپەوەیە (ئەودیو 153)، بەڵام لە روانگەی کۆمەڵەوە بەپێچەوانەوەیە (چونکە تەنها رێ بە ژن و مێردایەتی دەدات، ئەمەش بەچەمکە بۆرژواکەی مەسەلەی خۆشەویستی نییە بەڵکو (رێ پێدانە بەدوو کەس لەلایەن کۆمەڵەوە کە بەپێی هەلومەرجێکی دیاریکراو بۆیان هەیە ئارەزووە سێکسیەکانیان لەگەڵ یەکتردا تێر بکەن، بەڵام ئەو هەلومەرجانە دەبێ رەچاوی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ بکەن[56].

تیشکی چوارەم: پیاوو ئافرەت بەردەوام بەهەڵە لە یەکدی دەگەن، (ئەودیو 85)و خۆشەویستی لەئامرازەکانیدا جەنگو کینەیەکی کوشندەیە لەناخدا بۆ هەردوو رەگەزەکە (مەسەلەی ڤاگنەر 159 ئەوە تانێ مرۆڤ 267) (کێ باش دەیهێنێتە بەرچاوی کە پیاوو ئافرەت یەك بەیەکتری نامۆن) زەردەشت 207.

تیشکی پێنجەم: خۆشەویستیو مەحوبوونەوە (الفناء) لە ئەزەلەوە هاوشانی یەك دەڕۆن (ئیرادەی خۆشەویستی واتە دەگۆڕێ بۆ ئیرادەی مەرگیش) زەردەشت -145- ئەمەش لەو هاوارەی دۆن خۆزێەدا بەرجەستە دەبێ لە شانۆنامەی (کارمن)ی بیزێەدا کە دەڵێت:

بەڵێ کوشتم..

من، بۆ کارمنی دڵبەرمم! (57)

قسەکردن لەسەر پەیوەندیی خۆشەویستیو مەرگیش کۆنەو، وەکو (شطحات) لە سەر زمانی نووسەرانو ئاشقان هاتووەو لە روانگەی ئەم چەپکە تیشکەی فیکری نیچەشەوە خۆشەویستی لەبەر ئەوەی نموونە (ئایدیال)ێکی زەینییە، دەکەوێتە دەرەوەی واقیعەو.. دژی واقیعەو، لە کاتێکا بۆ سەرووی ئەودیو چاکەو خراپەوە بەرز دەبێتەوە، تامەزرۆیی و سۆزێکە کەتێربوونی بۆ نییە ، بۆیە کاتێك ئەم نموونەیە بە شێوەیەك لەشێوەکان (دێتە دی) دەبێتە مایەی ئازار بۆ پیاوو ئەمەش هانی دەدا بەدوای رێیەکدا بگەڕێت، تا ئەو (وەدی هاتووە) لەنێو بەرێت تا نموونەکە بە بێگەردی بمێنێتەوە. ئێمەش هەرگیز خۆشەویستی (نموونە)مان نەهێناوەتە ئاراوە تەنها بۆ تێپەڕاندنی ئەم واقیعە نەبێت.

تیشکی شەشەم: دواجار خۆشەویستیش شێوەیەکە لەشێوەکانی هێز (زەردەشت 138).

# سەرچاوەو پەراوێزەکان

## یەکەم: پەراوێزەکان

*(1)بەر لەشێتبوونی تەنها لەلایەن هەندێ هاوڕێی بیرمەندییەوە ناسرابوو، لەوانە ڤاگنەرو یاکوب بورخارتو هەروەها هاوڕێی دانیمارکیی کە ناوی (جۆرج براندز) بوو لە زانکۆی کۆپنهاگن ساڵی 1888 چەند وانەیەکی دەربارەی نیچە وتەوە (لەوانەشە ئەمە دەقی ئەو زانیارییە بێت کەلە بەشی دووەمی (پرۆتۆکۆڵەکانی زایۆنیستەکاندا) هاتبێت کە لە ساڵی 1902دا بۆ یەکەمجار چاپ کرا. گوایە نیچەو داروینو مارکس خاوەنی ئایدیالگەل (مثالیات)ێکن هان دراون تا ئەو بیروڕایانە بوروژێنن تا ئاشوب لەناو خەڵکدا بەرپا بکەن. هەر بۆیەشە وا دەردەکەوێ کە هێرشەکەی نیچە لەسەر ڤاگنەر کە (ناسامی) بووەو تەنانەت گومانیشی لەوە کە باوکی جوولەکە بووبێت بووەتە مایەی خۆشحاڵیی جوولەکە، بۆ ئەمەش بڕوانە (تیۆدۆر هرتزل: وەك هونەرمەندو سیاسەتمەدارێك، دزموند ستیوارت، لەندەن 1974 ل 64و 92، هەروەها بڕوانە (رایەکی جوولەکانە لەسەر مەسەلەی نیچە: ئەفسانەی ئارییەکان: مێژووی هزرە رەگەزیو نەتەوەییەکان لە ئەوروپا،لیون بۆلبیکۆڤ، وەرگێڕانی ئەدمۆند هاوارد، چاپی کتێبخانەی ئەمریکایی نوێ1977ل300)نیچە لەپێشەکی کتێبی (نیچە دژی ڤاگنەر)دا دەڵێت لەهەموو شوێنێك خوێنەری هەیە،لەڤییەناو سانت پەتر سپۆرگو کۆپنهاگنو ستۆکهۆڵمو پاریسو نیویۆرك، بەڵام تاکە خوێنەرێکی لەزەوییە پانکۆڵەکەی ئەوروپا (ئەڵمانیا)دا نییە (بڕوانە نامەکەی بۆ سیدلتزلە 1888/2/12)نیچە دوای ئەوەی شێت بوو و کۆچی دوایی کرد ناوبانگی دایەوە، ئەوە بوو شانۆنامەنووسی نەرویژیی بەناوبانگ هیزیك ئیبسن دوای مەرگی نیچە بە سێ مانگ لەوتووێژێکی رۆژنامەنووسیدا لە 1900/11/26دا وتی (نیچە هەمووی چەند ساڵێکە بەباشی ناسراوە، ئەو زیرەکیەکی بێ وێنەی هەیە، بەڵام فەلسەفەکەی رێگر بووە لەوەی کە لەم چاخە دیموکراتەماندا لەسەر ئاستێکی میللی*

بناسرێ) هەروەها نووسەری مارکسیست بلیخانۆڤ ساڵی 1912 وتویەتی (وڵاتێك نەماوە لەدونیای شارستانیی هاوچەرخدا، لاوە بۆرژواکانی نەکەوتبنە ژێر کاریگەریی بیروڕاکانی نیچەوە، کتێبی هونەرو ژیانی کۆمەڵایەتی چاپی مۆسکۆ 1957 لاپەڕە –157 - گەرچی وەسفی بۆرژواکان لەو وەرگێڕانە عەرەبییەی کتێبەکەدا نییە کە احسان حصینی ئەنجامیداوە، هەروەها لیوتۆڵستۆی لەنامەیەکیدا لە 1907/3/15دا نووسیویەتی کە ئەو ناوبانگەی نیچە هەیەتی لەبری کانت نیشانەی دابەزینی ئاستی تێگەیشتنە لە فەلسەفەدا. (نامەکانی تۆڵستۆی بەرگی دووەم 1880-1910، هەڵبژاردن و وەرگێڕانی: ر. ف کریستین، چاپی زانکۆی لەندەن 1978 لاپەڕە 665) تۆڵستۆی پێشتر نیچەی خوێندبۆوەو ویستبووی وتارێك دەربارەی ئەو بنووسێت کە چ تاوانێکی کردووە کە نیچەی خوێندۆتەوە، چونکە تەنها شێوازە زیندووەکەی ئەو سەرنجی راکێشاوە، بەرامبەر ئەمەش نیچە تۆڵستۆی بەنوێنەری دابەزینی ئاستی ئەدەبی و هونەری و نوێنەری مەیلی بەزەیی لەقەڵەم دەدات (ئەسڵی ئاکار 157 و دژی مەسیح 7) لەسەرەتای جەنگی جیهانیی یەکەمیشەوە هەندێ نێوەندی ئینگلیزی ناوی نیچەیان بە عەسکەرتاریەتی ئەڵمانییەوە بەستەوەو بەر لەهەڵگیرسانی ئاگری جەنگی جیهانی دووەمیش زیاتر پێ لەسەر ئەم پەیوەندییە داگیرا تا ئەو کاتەی کە هیتلەریش جڵەوی حوکمی گرتەدەست.

(2)ناوی کتێبەکانی نیچە بەکورتی ئاماژەیان بۆ کراوەو ئەو ژمارانەی لایانەوەیە ژمارەی پەرەگرافەکانن کە لە هەموو وەرگێڕان و چاپەکاندا وەکو خۆیانن، تەنها ئەو ژمارانە هی لاپەڕەکانن کەلای سەرچاوەکانی ژمارە (7و9و11و1) لە لیستی سەرچاوەکاندا هاتوون.

(3)والتەر کاوفمان دەڵێت (سەرگوزەشتەی تەواوی کاریگەریی نیچە نەوتراوەو ناوترێ)- نووسینە سەرەکیەکانی نیچە - نیویۆرك 1968 ل5، لێرەدا تەنها ناوی ئەو نووسەرە بەناوبانگانە دەهێنین کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی نیچەوە: -لەئەڵمانیا - ستیڤن جۆرج، گۆتفرێلبن، هنریك مان، فرانك ویدیکند، ریچارد دی هامل، مۆر جۆنستێدن، هیرمان هیسە، تۆماس مان، ریلکە، شنگلەر، کارل یاسپەرز، کارل پۆپەر، برتۆڵت برێشت، کارل یۆنگ، قوتابخانەی فرانکفۆرت (تیۆدۆر ئادۆرنۆ، گیرد گیسەر، هۆرکهایمەر، ئەریك فرۆم، ڤالتەر بنیامین، هابرماس)

(لێرەدا هەردوو نووسەری باسەکە ناوی ئەو کتێبانە ریز دەکەن کەبە ئەڵمانی نووسراون‌و تیایاندا باس لە کاریگەریی نیچە لەسەر نووسەرە ئەڵمانییەکان کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەی کتێبەکان زۆرە ئێمە ناو هێنانیانمان بەپێویست نەزانی) -وەرگێڕ.

لەفەرەنسا - ئەندرێ مالرۆ، ئەندریێ ژید، ژاستۆن باشلار، هنری دی مۆنترلان، مۆریس پاریس، ژویس دی ژولتیر، ئەلبێر کامۆ، سارتەرو ئێگزستەنسیالیستەکان (وجودی‌یەکان) بەگشتی.

هەروەها نیچە کاریگەرییەکی دیاری لەسەر سوریالیزم‌و ئاشوبگەرایی (الفوضوية) هەبوو.

لە ئینگلتەرەو ئەمریکا - هاڤلوك ئەلیس، هنری میللەر، ژاك لەندەن، تی. ئەی لۆرەنس، ییتس، د. ئێچ لۆرەنس، برناردشۆ،هربرت رید، جۆن کوپەر بویس،س. ئێس، شیلەر، فۆکنەر، تنسی ولیامز، بۆژین ئۆنێل.. جەیمس جۆیس.

(لێرەشدا ناوی کۆمەڵێك کتێبیی دی هاتوون کە ئێمە نەمانووسینەوە) وەرگێڕ.

-لەیەکێتیی شورەویی جاران- بۆریس بالناك، یوری ئۆلیسا، کۆبیلنسکی، بۆریس باسترناك.

لە -ئیتاڵیا- گابریل دانونزیو، هەروەها هونەرمەندی نیگارکێش جیور جیو دی گیریکو.

لە -نەرویژ- لەکتێبەکەی هـ. بیردا کە بە نەرویژی نووسیویەتی (1958-1959) باس لە کاریگەریی نیچە لەسەر ئەدەبی نەرویژی کراوە. جۆرە ناکۆکییەك لەڕاکاندا هەیەلەسەر ئەوەی تا چەند ئیبسن کەوتبێتە ژێر کاریگەریی نیچەوە، بەڵام ئێمە لەمە بێگومانین، بەتایبەتیش لە هەردوو شانۆنامەی (تارماییەکان)و (هێدا گابلەر)دا.

جگە لەو ناوانەی سەرەوە دەکرێ ئاماژە بۆ کۆمەڵێك ناوی تریش بکەین وەك: ئۆرتیگا ئی گاسێت لە ئیسپانیاو کازانزاکی لە یۆنان، ئۆگست سترەندبێری لە سوێدو... کارل شبلتەر لە سویسراو، خۆرخێ لویس بۆرخس لە ئەرژەنتین‌و دواجار چیرۆکنووسی چینی لوشین.

(4)لە بەناوبانگترینیشیان جبران خلیل جبران‌و سلامة موسى‌و ابو القاسم الشابی و الزهاوي.

(5)لەو سیاسەتمەدارە عەرەبانەی لەژێر کاریگەریی نیچەدا بوون: یونس السبعاوي، کمال جنبلاط.

هەروەها (بلند الحیدري)ی شاعیر دەربارەی نەوەی ڕۆشنبیرانی ساڵانی پەنجاکان لە عێراقدا دەڵێت (لەپاڵ مارکسو هەستی دادپەروەریدا نیچەش لانەی خۆی لە ناخماندا کردبوو، هەریەکێك لەئێمە دەیویست ئەم دووانە پێکەوە کۆبکاتەوە وەك چۆن ڕۆژێك لەرۆژان مەکسیم گۆرکیش ئەمەی دەویست) گۆڤاری الاسبوع العربي - بیروت 1 شباط 1971 - گەرچی گۆرکی لەگەڵ نیچەدا هاوڕابوو کە دەبێ خودی مرۆڤ بەگەورەیی تەماشا بکرێو مەرایی بۆ حەشامات نەکرێو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی نێوەندە رەسمییەکانی ستالینیزم نارەزایی بەرامبەری دەرببڕن، بەڵام لە کۆتاییەکانی ژیانیدا دوژمنایەتیی بیروڕاکانی نیچەی دەکرد (هەروەکو لەو گفتوگۆیەدا بەدەردەکەوێ کە ساڵی 1934 لەگەڵ ئەندرێیی مالرۆدا ئەنجامی داوە (بڕوانە کتێبی مالرۆ، ژیاننامە، ئاکسل مادسۆنو ئێچ ئالن، لەندەن 1977 ل 158-159)

هەڵبەت کۆمەڵێك هەوڵی سەرنج ڕاکێشتری تریش هەبووە بۆ کۆکردنەوەی ئەم دووانە پێکەوە، هەر بۆ نموونە لای ئەندریێ ژید، ژاك لەندەن، مارلۆ، برێشت، ڤالتەر بنیامین، قوتابخانەی فرانکفۆرتو ماکس ڤیبەر کە بەر لە مەرگی وتویەتی (مارکسو نیچە گەورەترین دوو کەسێتین لە فیکری نوێدا) سەرمایەداریو تیۆری کۆمەڵگای نوێ: شیکردنەوەیەك بۆ نووسینەکانی مارکس، دورکهایم، ماکس ڤیبەر - ئەنتۆنی جدینس، ئینگلتەرە -1975 - پەراوێزی ل 213.

(6)ژیانمو شیکردنەوەی دەرونی —و: مصطفی زیور- مصر 1957 ل 69—هەروەها وتوویەتی (نیچە شارەزاییەکی قووڵی بۆ خودی خۆی هەبووە زیاتر لە هەر کەسێکی تر کە ژیاوە دەژی) فرۆید: ژیانو کارەکانی، بەرگی دووەم-ئەندرست جۆنس- لەندەن 1955 ل 344.

(7)لەبڕگەی 220 یش دا ئەمە دووبارە کراوەتەوە، هەروەها لە پێشەکی چاپی دووەمی کتێبی (زانستی شاد)دا.

(8)توێژەرەوەی شارەزای نیچە واڵتەر کاوفمان دەڵێ کە تێڕوانینی نیچە بۆ دیاردەکانی ڕۆح تێڕوانینێکی دیالێکتیکی نییە. بەڵکو زۆر کردەییانە (عملي)یە، چونکە نیچە دەڵی کە دژایەتی

وەك ساردیو گەرمی لە سروشتدا بەجیاوازی لەپلەدا نییە ، هەروەها لەجیهانی رۆحی ئاکار گەراشدا ، چونکە ئەو برە ئازارو توندوتیژیو رق لێهاتنەوەو سەرمایەیەی باسی لێدەکرێ دەچێتە ناو هەستی مرۆییەوە، بۆیە واهەست دەکەین ئەمانە دژن نەك گۆڕان (ڕێبوارو سێبەرەکەی67) سارتەر لەکتێبی: ماتریالیزمو شۆڕش (1946)دا بڕگەی یەکەمی تەوزیف کردووە، کە جیهانی زانست چەندێتی (کمی)ەو دژییەکەی دیالیکتیکییە، چەندێتی یەکەیەکی رواڵەتیو هەر بۆ نموونە ئەو بەشانەی ئاو پێك دەهێنن ئەو خاسیەتانەی خۆیان دەپارێزنو یاسای زانستیی شێوەیەکی چەندێتی (کمی)انەیە، چونکە زانست هیچ شێوەیەك بۆ گوزارشتکردن لە چۆنییەتیەکان شك نابات، ئەمەش بەهێزترین ڕەخنەیە لەدیالیکتیکی هیگڵی.

(9)لە بڕگەی 345دا ئەمە هاتووە، هەروەها گۆتە وتوویەتی مرۆڤ تا شتێکی خۆش نەوێت نایناسێت، خۆشەویستییەکەش چەند زیاتر بێت ناسینەکەش زیاترو قووڵتر دەبێ. هەروەها هیگڵ دەڵێ (دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین کە هیچ شتێکی مەزن لەدونیادا بەبێ عاتیفە بەرهەم نەهێنراوە) مێژووی فەلسەفی -وڵاتە یەکگرتووەکان- 1945 ل 428.

(10)ئێمە هاوڕێی ئەوانە نین کە بلیمەتیی نیچەو بانگەشەکەی بۆ هێز بگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی گوایە نیچە خۆی پێویستیەکی جەستەیی بەو هێزە هەبووە، بەڵکو لەگەڵ ئەندرێی ژیددا دەڵێین (شتێکی ئاساییە لەم چاخەماندا بەدوا هۆکارە سایکۆلۆژیەکانی هاندەرە فیکرییەکاندا بگەڕێینو من ناڵێم کە ئەمە کارێکی هەڵەیە، بەڵام دەڵێم هەڵە لەوەدایە کە بمانەوێ بەو کارە بەهای گەوهەریی فیکر ئەفەرۆز بکەین، شتێکی سروشتیشە کە هەر ریفۆرمێکی ئاکاریی گەورە، یان وەکو نیچە دەڵێت هەر گۆڕانکارییەك بۆ بەهاکان لەسەرێکەوە قەرداری ئەو پێداویستییە سایکۆلۆژییەی مرۆڤە بۆ هاوسەنگی. . لە ریشەی هەر ریفۆرمێکیشدا هەمیشە دردۆنگی (قلق)ێك هەیە. ئەو دردۆنگییەی ریفۆرمیست دووچاری دەبێت بریتییە لەو پێداویستییەی ناوەوەی بۆ هاوسەنگی) بیرەوەریەکانی ئەندرێی ژید. وەرگێڕانی جوستین ئۆبرین، بەرگی دووەم 1914-1927، لەندەن 1948 ل 241-242.

(11) لە نووسینە سەرەتاییەکانیدا بێگانەبوونی کرێکار بریتییە لەوەی کە کارەکەی (دەبێ بە شت، بەبوونێکی دەرەکی.. نامۆپێی.. دوژمنی) دەستنووسە ئابووریو فەلسەفیەکان- چاپی ئینگلیزی- مۆسکۆ- 1961- ل 70 هەروەها لە (سەرمایە)دا (بەشی 23) کرێکار بەردەوام شۆڕشی ماددی مەوزوعی لەشێوەی هێزێکی جودا لەخۆی بەرهەم دێنێ کە ئەو هێزە بەسەریدا زاڵ دەبێتو وەبەری دەهێنێ. هەروەها لە (مەسەلەی یەهوودیەت) (وەرگێڕانی: محمد عیتانی ل59)دا دەڵێت: پارە ئەو بوونە بێگانە جودایە کە بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەبێتو پاشان دەیکاتە کۆیلەی خۆی.

تازەترین دوو کتێب لەم بوارەدا ئەمانەن:

(1)تیۆرەی مارکسیزم سەبارەت بەبێگانەبوون، نووسینی: ئەرنست ماندلو جۆرج نوڤاك- نیویۆرك چاپی (4) ساڵی 1979.

(2)تیۆری مارکس دەربارەی بێگانەبوون، نووسینی.. ستیڤان مسزئیرۆس-لەندەن-1979.

(12)زانستی شاد لاپەڕە 296، لێرەشدا دەکرێ باس لە پەیوەندیی نێوان نیچەو کافکا بکەین، چونکە کافکا زۆربەی چیرۆكو ڕۆمانەکانی (جگە لە ڕۆمانی ئەمەریکا) سەبارەت میکانیکیەتی مرۆڤی هاوچەرخە (بۆ ئەمە بڕوانە وتاری گیانەوەرەکانی نیچە لەکتێبی (نیچە: خەیاڵو بیر-ت. جی. رید- ل212)دا هەروەها بەکورتی دەڵێین وێڕپێی ئەوەی کافکا نیچەی خۆشنەدەویست (بڕوانە فرانزا کافکا: ماکس برود، نیۆرك ساڵی 1960) هەروەها فرانز کافکا: مینوسبان، لەندەن ساڵی 1976 ل 25) بەڵام کەشی گشتیی چیرۆکەکانی لەژێر کاریگەریی بیری نیچەدایە، جگە لەوەی لەچیرۆکی (کۆڵۆنیی سزا)دا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی کتێبی (ژینالۆژیای ئاکار) (یان وەك لەوەرگێڕانی ئەم باسەدا هەر بە (ئەسڵی کار) هاتووە).

(13)ئەسڵی ئاکار 151، مرۆڤدۆست، زۆر مرۆڤدۆست 630 ((باوەڕ درێترین دوژمنی حەقیقەتە: نەك درۆ)) مرۆڤدۆست 483.

(14)زانستی شاد 344و 347 ئەم چەمکە لای فرۆیدیش لەکتێبی (ئەودیو پرنسیپی چێژ) 1914 (فەسڵی پێنجەمو دواتر)دا هاتووە، بەڵام نەك وەکو مەیلێك، بەڵکو وەکو غەریزەیەك،

ئەمەش بەدانپیانانی خۆی تێزێكی نارِوونە تەنانەت لەنێوەندەكانی شیكردنەوەی دەروونیشدا بەرهەڵستی كراوە هەروەكو خۆی لەكتێبی (درِۆنگیی ژیار 943) (فەسڵی شەشەم)دا دەڵێت.

(15)ئەسڵی ئاكار 24، هەروەها زەردەشت 285، ئیرادەی هێز 602 ئەم دروشمەش دەداتە پاڵ تیرەی حەشاشە ئیسماعیلییە ئیسلامیەكان، هەرچەندە لەرِووی مێژووییەوە ئەمە نەسەلمێنراوە، هەر لەرِووی بەراوردیشەوە: ئەم دروشمە لەدروشمەكەی دۆستۆیڤسكی دەچێت لە رِۆمانی (برایانی كارامازۆڤ)دا (بەشی 5 فەسڵی 5): هەموو شتێك رِێپێدراوە، هەرچەندە ئەوەش سەلمێنراوە كە نیچە ئەم رِۆمانەی نەخوێندۆتەوە، بەڵام گرنگیی دروشمەكەی نیچە بەپلەی یەكەم لەبرِگەی یەكەمیدایە.

(16)جارێكیان یەكێك دەستی دەخاتە سەر دڵی نووسەری فەرەنسایی بناویانگ لاڤۆتتین ولێی دەپرسێت لێرەتدا چی هەیە؟ ئەویش دەڵێت: ئەقڵێكی دی (زانستی شاد3)نیچەش دەڵێت: من ئەو كەسەم خۆشدەوێ، كە سەری ناواخنی دڵێتی (زەردەشت45) لەوانەیە لەمەدا كەوتبێتە ژێر كاریگەریی (باسكال)ەوە.

(17)نیچە لە لیسینگ وەریگرتووە (لەدایك بوونی تراژیدیا 15)، كیركەگۆریش ئاماژە بەو چەمكەی لیسینگ دەكات (لەكتێبی پەراوێزێكی نازانستی بۆ كۆتایی: سۆرین كیركەگۆر) هەروەها نموونەی "باسكال" یش كە بیرمەندێكی ئاینیی قووڵ بوو، نیچە دەربارەی وتوویەتی (نابێ هیچمان لە مەسیحیەت خۆش بێن كە پیاوێكی وەكو باسكالی تێكشكاندووە) ئیرادەی هێز-52 (هەرچەند من شتەكانی ناخوێنمەوە، بەڵام خۆشم دەوێ) ئەوەتانێ مرۆڤ 243.

(18)نووسەری ئەڵمانی هانز فاهنگەر ئەم بیرۆكەیە دەكاتە بناغەی تیۆرییەكەی (وەك ئەوەی..)

(19)فەلسەفەی خۆرئاوایی: دەروازەیەك: ر.جەی. هوڵنگدیل، لەندەن ساڵی 1969 لاپەرِە 157، هەروەكو كارل یاسپەرز دەڵێت ئەو خۆی تەواو لەوە بەئاگایە كە زانست كۆتاییەك نییە (برِوانە كتێبی نیچە): كارل یاسپەرز، وڵاتە یەكگرتووەكان 1979 ل 177.

(20)زانستی شاد ل2 (هەموو هونەرێك، یان فەلسەفەیەك، یاخود چارەسەرو یا هاندەرە بۆ بالایی ژیان، یان كەم كردنەوە لەبەهای) نیچە دژی ڤاگنەر-برِگەی ئێمە دژ بەیەكین.

(21)زەردەشت ل 233 هەروەها لە (زانستی شاد)دا دەڵێت:

(ئێمە راهاتووین لە کاتێکا لەهەوای ئازاددا دەڕۆین و باز دەدەین و هەڵدەگڕێین و سەمادەکەین:بیر بکەینەوە) هەر بۆیە ژنە هونەرمەندی ئەمریکایی ئیزادۆرا دنکان کە زۆر لەژێر کاریگەریی نیچەدا بوو، لەدەوروبەری ساڵی 1900دا نووسینەکانی نیچەی خوێندبووەوە (بڕوانە کتێبی: ژیانم، ئیزادۆرادنکان، چاپی دیمەشق ل 90) رۆسۆو واڵت وایتمان و نیچە بەگەورە سەمازانەکانی خۆی دەزانێت.

ئەم تێڕوانینەی نیچە بۆ ژیان و شوبهاندنی بە گوزەراندنێکی سەما ئاسایانە سەرنجی هاڤلۆك ئەلیسیشی راکێشاوە (بڕوانە: سەمای ژیان: هاڤلۆك ئەلیس چاپخانەی گریندوود -وڵاتە یەکگرتووەکان 1973 ل 66).

(22)زەردەشت 61-62، زانستی شاد 3، بە بەراورد لەگەڵ زەردەشت 42، هەروەها بۆ مانای رۆح لای نیچەو بەتایبەتی لەکتێبی زەردەشتدا بڕوانە: (سیمبولی رۆح لە هۆلدرلنیەوە تا بیتس: تۆژینەوەیەك لەمەجاز: سۆزان هالباثین چاپخانەی ماکمیلان. ئینگلتەرە 1977 لاپەڕە 131-133.

(33)ئیرادەی هێز 488و 101 ئەم بڕگەیەمان لەسەر بناغەی ئەو گریمانەیە هێناوەتەوە کە فیکری نیچە بە قۆناغێکی زانستیدا تێپەڕیوەو ئەو قۆناغە ساڵی 1883 کۆتایی هاتووە.

(24)کاتێ لە (ئینشتاین) یان پرسی: ئایا (گەڕانەوەی ئەبەدی) شتێکە تەسەور بکرێ و لەروانگەی فیزیاوە شیاوە؟

وەڵامی دایەوە (لەروانگەی زانستەوە ناتوانین بە یەقینێکی رەهاوە نکوڵی لەبوونی گەڕانەوەی ئەبەدی بکەین) گفتوگۆیەك لەگەڵ ئینشتاین: ئەلکساندەر فوسنرکوسکی. و: هنری.ل.بروس، لەندەن 1972 ل216-217 گەرچی نووسەرەکە لەروانگەی فیزیاوە ئەم تیۆریە بەدرۆ دەخاتەوە، ئەوەی سەیرە هەر ئینشتاین وتویەتی کە (حەقیقەت سوودبەخشترین هەڵەیە)ل217 ئەمەش هەمان تێڕوانینی نیچەیە کە باسمان لێوە کرد. ئێمە لەو بڕوایەداین کە تیۆریی نیچە سەبارەت بە گەڕانەوەی ئەبەدی چەند مەدلولێکی هەیە، ئەمە بە چاوپۆشین لەبەها زانستییەکەی.بۆ سەلماندنی

ئەمەش دەبینین فرۆید لە کتێبی (سێ وتار دەبارەی سێکس)دا وەکو مەدلولێکی سایکۆلۆژی بەکاریهێناوە (فرۆید: ئەرنست جۆنز ل 292) ئەمەش لەگەڵ تێڕوانینی هایدیگەردا یەکدەگرێتەوە بۆ هاوسەنگیی پێویست لەنێوان خودو ئۆبژێکتو ئایدیالیزمو ریالیزمو رابردووو ئێستادا لەپێناوی وەچنگهێنانی ئارامییەکی دەروونی (مانای هایدیگەر: تۆماس لانجان، چاپخانەی زانکۆی کۆڵۆمبیا 1966 ل 60) هەروەها لەگەڵ ئەو تێزەی سترەندبێریدا کە لە شانۆنامەی (سەمای مەرگ)دا سەبارەت پڕوپووچییەکانی ژیانی رۆژانەی کاراکتەرەکانی شانۆنامەکە خستوویەتیەڕوو.

(25)هایدیگەر ئەو عیبارەتەی نیچە بەشێوەیەکی میتافیزیکی، نەك مێژوویی لێك دەداتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی بەرزو جوان، بڕوانە وتارەکەی کە بەناونیشانی (نیچە: خواوەند مردووە، لەکتێبی: پرسیار لە تەکنۆلۆژیو کۆمەڵێك وتاری دی: مارتن هایدیگەر، و: ولیەم لۆفت. ولایەتە یەکگرتووەکان 1977 ل 53-112)

(26)هنری ئایکن مامۆستای فەلسەفە لەزانکۆی هارڤارد لە کتێبەکەیدا (چاخی ئایدیۆلۆژیا) دەسبەرداری ئەو شێوازە ئاساییە بووە لە وەسفی (فەلسەفە ئاڵۆزو ناڕوونەکەی نیچە)داو پەنای بردۆتە بەر شێوازی بەراوردکردنی لەگەڵ فەیلەسووفەکانی تردا بەمەبەستی خستنەڕووی ئەنگارە دیارو سوودبەخشەکانی فیکری نیچە، بڕوانە (چاخی ئایدیۆلۆژیا. ولاتە یەکگرتووەکان ساڵی 1956 ل 202)

(27)بڕوانە: (منێتیی ماکس شتیرنەر: جۆن. ب. کلدرك چاپی فریدم لەندەن 1976 ل 53.

(28)بڕوانە ئەودیو چاکەو خراپە 260 (رەگەزی مرۆیی لەهەموو سەردەمێکداو تا ئێستاش بووە بە دوو بەشەوە: کۆیلەو ئازاد، چونکە ئەوەی 2/3ی رۆژ موڵکی خۆی نەبێت، کۆیلەیە) مرۆڤدۆست، زۆر مرۆڤدۆست 283.

(29)هەندێ لە نووسەران پەیوەندی لەنێوان راکانی نیچە لەسەر ئاکارو جەنگو رای فەیلەسووفەکانی پێش نیچە دروست دەکەن. بۆ نموونە راکانی لەسەر جەنگو دوو جۆر ئاکار دەگەڕێننەوە بۆ برتراند راسل (مێژووی فەلسەفەی خۆرئاوایی: برتراند راسل. لەندەن 1948 ل 613 هەروەها بۆ هیراکلیتس کە وتوویەتی جەنگەکان باوکی هەموانن و موڵکی هەموانن و

هەندێجار خواوەند دروست دەکەن و هەندێجار پیاو و کۆت و ئازادی و (دەروون)یش ئاوێتەیەکە لە ئاگرو ئاوو ئەو دەروونەی ئاگر تیایدا زاڵ بێت دەروونێکی خانەدانە. هەروەها دەوترێ کە بیروڕاکانی لەسەر دەستەبژێر (نوخبە) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شتانەی کە ئەرستۆ لە کتێبی (ئاکار بۆ نیقۆماخۆس)دا دەربارەی پیاوی خانەدان نووسیونی. یان بۆ سپینۆزا لە کتێبی (ئاکار)دا یان (پۆڵ ری)ی هاوڕێی لە کتێبی (ماکی هەستە ئاکارییەکان) (لە کتێبی مرۆڤلۆست- زۆر مرۆڤلۆست ل 37 دا باسی کردووە. سیمۆن دی بۆڤواریش کارەکانی (مارکیز دی ساد)ی کردۆتە پێشینییەک بۆ نیچەو ماکس شتیرنەرو فرۆیدو سوریالیزم، لەو رووەوە کە دی ساد بانگەشەی بۆ ئازادیی رەهاو تونلوتیژی و نائەقڵانییەت کردووە بڕوانە وتارێکی درێژی بۆڤوار بەناونیشانی (ئایا پێویستە ساد بسووتێنرێ؟ و: ئەنیت میگلسۆن)

(30)ئەم پەراوێزە پەڕیوە.

(31)بوودایی دەڵێت: چاکەو خراپە پێکەوە کۆت و پێوەندن و پیاوی کامڵ ئەو کەسەیە کە بەسەر هەردووکیانا زاڵ بێت. بەڵام ئەو حاڵەتەی کە وەک دەرەنجامێک ئاکاری بوودایی پێی دەگات حاڵەتێکی نزیکە لە خەونەوە، یان لە حاڵەتی فەنابوون (الفناء)ەوە لای سۆفییە موسوڵمانەکان کە تیایدا جیاوازییە دینی و دونیاییەکان لە نێوان چاکەو خراپەو کفرو باوەڕدا یەکسان دەبێ.

(32)ئەودیو چاکەو خراپە 227 نیچە ئەم دروشمەی لە شاعیری یۆنانی (ئۆفید)ەوە وەرگرتووە، ئیرادەی هێز 120.

(33)زەردەشت 211، هەروەها لە (ئاکار بۆ نیقۆماخۆس)دا، پیاوی خانەدان دەبێ خۆی خۆش بوێت.

(34)زەردەشت 212و 296 (تەنانەت کتێبە راستەقینەکانیش نابێ بۆ هەمووان بن، ئەگەر وابوون ئەوا بۆگەنیان لێ دێ) ئەودیو چاکەو خراپە 30 هەروەها پێشەکیی (دژی مەسیح) هەر ئەمەش پاساوی لقە ناونیشانی کتێبی زەردەشت دەداتەوە کە بریتییە لە: کتێبێکە بۆ هەموو کەسێک و بۆ کەسیش نا.

(35)زانستی شاد 99و 255و 270، بەهەمان ماناش (بەدوای چیدا دەگەڕێیت؟ تۆ دەتەوێ دە ئەوەندەی خۆت، سەد ئەوەندەی خۆت نموونە هەبێت؟ هیچت دەسگیر نابێت) سپێدەی رۆژ 24.

(36)لەدایك بوونی تراژیدیا ل 7 هەروەها دی. ئێچ. لۆرەنس لەڕۆمانی کانجارۆدا دەڵێت (هەر خودێکی تەنها کەنداوێك دەوری تەنیوە، کەنداوێك بەچوار دەوری تۆدایە، کەنداوێك بەچواردەوری مندایە)ل311 چاپی پەنگوین.

(37)زەردەشت 234، هەروەها زانستی شاد 16.

(38)زەردەشت 118 ئەم بیرۆکەیە نزیکە لەبیروڕێی بیرمەندی فەرەنسایی ج. م ژۆیۆ لە کتێبی (ئاکاری بێ زۆرلێکردن..) کە نیچە خوێندۆتیەوە. ژۆیۆش وەکو ئۆگست کۆنتو جۆن ستیوارت میل بە پەیام هەڵگرانی ئاکارگەرایی مەسیحی دەژمێردرێ، بەڵام لەژێر ناوێکی نوێدا (ئیرادەی هێز 340).

(39)زانستی شاد 283 ئەودیو چاکەو خراپە 244، نیچە ئەم بڕگەیەی لەکتێبی ژیانی ناپلیۆنی ستاندالەوە وەرگرتووە.

(40)سپێدە 18، ئەسڵی ئاکار 67، لەدایك بوونی تراژیدیا 2، ئەودیو چاکەو خراپە 229.

(41)ئیرادەی هێز 233و 35، لێرەدا تاوان پەیوەندیی بەو بۆچوونەوە هەیە کە دەڵێت (شۆڕشێکە دژبە فەرمانە کۆمەڵایەتیەکان)و تاوانبار بەنموونەی پیاوی بەهێز دادەنێت بەڵام لەسای بارودۆخێکی ناهەمواردا کە هەردووکیان پێکەوە بەنموونەی نەخۆش دەژمێردرێن، نیچە زۆر کەوتبووە ژێر کاری کاراکتەرانی چیرۆکە تاوانئامێزەکانی دۆستۆیڤسکیی دەروونناس کە هەموو شتێکی لێوە فێربووم، ناسینی ئەو یەکێکە لە خۆشترین شتەکانی ژیانم، تەنانەت لە ناسینی ستاندال لام خۆشترە) سپێدەی ڕۆژ 99، خوێنەر دەتوانێ بیرۆکەی نهێنیی بڕگەی (دەربارەی تاوانبارە رەنگپەڕیوەکە، لەکتێبی (زەردەشت بەمجۆرە ئاخاوت)دا نزیکە لە بیرۆکەی سەرەکیی ڕۆمانی (خەونێکی ئەمریکایی) نۆرمان میللەر کەیەکێکە لەو نووسەرانەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی نیچەوە.

(42)ئەودیو چاکەو خراپە 225 (مرۆڤ دەرەنجامی پلانێکی تایبەتی یا مەبەستێك نییە، بابەتێك نییە بۆ گەیشتن بە مرۆڤێکی نموونەیی، یان مرۆڤێکی ئاکارگەرا، بەکارهێنانی بۆ هەر مەبەستێك شتێکی بێهوودەیە) سپێدەی ڕۆژ 54 ئەم عیبارەتەش ڕەهەندێکی بوونگەرا (وجودی)یانەی هەیە.

(43)ناحەزانی نیچە جەختیان لەسەر عیبارەتی (وەحشی سوورو سپی) کردووەو ئەوەی سەیرە یەکێك لە وەرگێڕە ئەوروپاییەکانی (ئەسڵی ئاکار) لەوەرگێڕانەکەیدا کردوویەتی بە (وەحشی تیتانی سوورو سپی). ئەو کۆپلەیەی ئەم عیبارەتەشی تێدا هاتووە ئەمەیە (ئەوەی پێویستمان پێیەتی وەحشی سوورو سپییە کە ئاژەڵێتیو وەحشیگەریی سەرەتایی بۆ رۆمانییەکانو عەرەبو ئەڵمانو خانەدانە ژاپۆنییەکان بگەڕێنێتەوە. هتد)41، باشە کەسێك گەر نەژادپەرست بێت -ئەگەر ئەم تاوانبارکردنە راست بێت- چۆن ئەم سیفەتە رۆحییە دەداتە پاڵ ئەو هەموو گەلە جیاوازەلەیەکی؟ لێرەدا ئەوەندە بەبەس دەزانین کە مالرۆ لەچاوپێکەوتنێکدا کە ساڵی 1971 ئەنجامدراوە دەڵێت هیتلەر تەنها رۆیشتنە گرژەکەی نیچەی وەرگرتووە، تا بە شێوازی تایبەتیی خۆی ببێتە کەسێکی نیچە ئاسا (ئاندریێ مالرۆ: جان لاکودیر. و: ئالان شریدان، ئینگلتەرە 1975 ل 461)

(44)شوپنهاوەر وەکو مامۆستایەك 3، لای نیچەش فەلسەفە دوو مانای هەیە، یەکەمیان مانا تەقلیدیەکەیەتی کە لەگەڵ باوەڕو زێوانی (الکهانة)دا تێکەڵی دەکات (زێوانی کەلەپوورێکە لەخوێنی فەیلەسوفدا گوزەر دەکات). ئیرادەی هێز 140 ئەودیو 8و 15 (فەیلەسووفەکان هەمیشە وەکو گوێدرێژ عەرەبانەی حەشامات رادەکێشن) زەردەشت 127، لەمانای دووەمیشدا هاندەرێکە لە هاندەرەکانی ژیان (ئەودیو 8و 16) بۆیە ئەوەی فەیلەسووف نەبێ کۆیلەیە (زانستی شاد91) چونکە خەون بەشتی نائاساییەوە دەبینێ (ئەودیو 230) کاتێ فەلسەفەی یۆنانیش بەعیبارەتەکەی (تالیس) دەستی پێ کرد کە (ئاو ئەسڵو منداڵدانی هەموو شتێکە) ئەمە تێڕوانینێك بوو بۆ قووڵایی سروشت بەبێ خەیاڵی پووچ (فەلسەفە لەچاخی تراژیکی یۆناندا)

(45)ترۆتسکی پەی بەم مەسەلەیە بردووە، بۆیە لە وتاری (هونەری شۆڕشگێڕو هونەری سۆشیالیستی)دا وتوویەتی: (ئایا وەکو نیچەییەکان تەسەور دەکەن مرۆڤلەکۆمەڵی سۆشیالیستدا دەبێتە ئاژەڵێکی عاتیفیی مێگەل گەرای هیچ لەبارادا نەبوو؟ نەخێر- بەڵکو هێزو وزەی گەورەی ململانێیی لەبن نایەتو بەڵکو باڵا دەبێ- بەزمانی شیکردنەوەی دەروونی (تسامي) دەکات- واتە بەرزترو بەپیت تر دەبێت- بڕوانە کتێبی (ئەدەبو شۆڕش کە لە ساڵانی 1922-1923دا نووسیویەتی (جۆرج تەرابیشی کردوویە بە عەرەبی- بڕوانە ل 51) هەروەها لەکتێبەکەی ئیسحاق

دویــچەر پێغەمبــەری بــێ چــەك: ترۆتــسکی 1921-1929 دا باســێکی ســاکارو پــوختی ئــەم بیرۆکەیــە هاتووە.

ئەوەی ئاشکرایە ترۆتسکی نیچەی خوێندووەتەوەو لەسەر ئەو و نووسەرە گەورەکانی رووسیاو هەروەها ئیبسن و هاوبتمانی نووسیوە، بەتایبەتی لەسالانی تاراوگەیدا لە سیبیریا سالی 1900، بڕوانە (ژیانم: لیۆن ترۆتسکی، چاپی پەنگوین ل 131)

(46)ئیرادەی هێز 585، بەڕێی والتــەر کاوفمانیش ئەم گوتەیە لەگەل عیبارەتە بەناوبانگەکەی نیچە بەراورد دەکرێ کە وتوویەتی:

(لەمەودوا ئەرکی فەیلەسووفەکان گۆڕینی جیهانە نەك لێکدانەوەی، ئاشکراشە کە مارکس سالی 1883 کۆچی دوایی کردووە، نیچە نە لەکتێبەکانیداو نە لە نامەکانیدا ناوی نەهێناوە، بڕوانە (نیچە: ج. ب ستێرن، چاپی گلاسکو 1978 ل 13) کتێبە سەرەکیەکانی نیچەش بەرلە مەرگی مارکس چاپ کراون (بڕوانە: مارکس بەبێ ئەفسانە: ماکسمیلیان رۆبیل و مارگرێت مانیل، (ئۆکسفۆرد 1975) بەلام هیچ ئاماژەیەك بۆ ئەو کتێبانە لەکتێبە سەرەکیەکانی مارکسدا نابینینەوە.

(47)لەدایکبوونی تراژیدیا 24، ئەسلی ئاکار 153، زانستی شاد 107، نووســەری فەرەنسایی رینیییە دی ژورمونت وتوویەتی: داوەریی ئیستاتیکی یەکێکە لەئالۆزترین شێوەکانی درۆ، هەروەها ئاماژە بۆ بیرۆکەکەی نیچە دەکات کە دەلێت هەلە مەرجێکە بۆ ژیان و درۆ مرۆڤ لە ئاژەل جیا دەکاتەوە ل 225)

(48)ئەوەتانێ مرۆڤ ل 304، ئەو جیاکارییەی نیچە لە کتێبی یەکەمیدا (لەدایك بوونی تراژیدیا) ئەنجامی داوە سەبارەت بەژیاری دیۆنیزۆسی و ژیاری ئەپۆلۆنی سەرەتا جێی گومانێکی مێژوویی و رەخنەیی بوو، بەلام پاشتر لە رووی ئەنترۆپۆلۆژی و سایکۆلۆژیشەوە، دروستیی ئەو بۆچوونە سەلمێنرا.

(49)لەڕێی سێ توخمی سەرەکییەوە: سێکس، مەستی، توندوتیژی، ئەم سێ توخمە بــۆ دێرینترین چێژەکانی ئەو جەژنانە دەگەڕێنەوە کە مرۆڤ کاتی خــۆی گێڕاونــی و هــەروەها لای

هونەرمەندی سەرەتاییش ئامێتەو کامڵبوون (ئیرادەی هێز 801)، هەروەها بەراوردی بکە لەگەڵ سپێدەی رۆژ ل 71 -72)

(50)ئاکار: سپینۆزا، وەرگێرانی لە لاتینییەوە: (ئێچ.ئێلویس چاپی دۆڤەر،نیویۆرک، بەشی 4، ل 203.

(51)بڕوانە (جیهان وەك ئیرادەو تەسەور) ئارڤەر شۆپنهاوەر بەشی یەکەم 1969 بڕگەی 21ل 109.

(52)زەردەشت 137 ئەمەش ئالتەرناتیڤی ململانێیە لە پێناوی ژیاندا بەپێی بۆچوونەکەی داروین (سپێدەی رۆژ ل57)

(53)ئازایەتیی بوون: پۆڵ تیلیش، چاپی 7 ئینگلتەرە، ل 36ساڵی 1971.

(54)زانستی شاد 346 هەروەها لەکتێبی (ئیرادەی هێز)دا بەشێکی تەواوی بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخان کردووە (نیهلیستی)یش ئەو کەسەیە کە دەڵێ نەدەبووایە جیهان هەبووایە، ئەو جیهانەی کە دەبووایە هەشبووایە نییە: کەواتە بوونمان بریتییە لە: کردار، ئازار، ئیرادە، هەستو سۆزی بێمانا (ئیرادەی هێز 585) هەروەها هێرشی کردووەتە سەر ئەبیقۆریزم گەرچی فەلسەفەیەکی چێژ گەراشە، هەروەها (بوودایی)یش.

(55)مەسەلەی ڤاگنەر ل2 ئەمە لەگەڵ ئەو قسەیەی سپینۆزاشا یەك دەگرنەوە کە دەڵێت: (هەر کەسێك خوای خۆش بوێت ناتوانێ داوا لە خوا بکات پاداشتی ئەو خۆشەویستییەی بداتەوە) ئاکار: سپینۆزا (سەرچاوەی پێشو)

(56)ئیرادەی هێز 732، هەروەها لەشانۆنامەیەکی تینسی و لیامزدا هاتووە (یاسایان دژ بە خۆشەویستی داناوە... مۆڵەتەکەیان لێ قەدەغە کردووینو دەبێ دەسبەرداری بین، دەنا لە کۆمەڵگای مەمفیس دامانەبڕنو هەورەها لە جاکسۆن ڤیکسبۆرگیش، ئەو چ ئێمەو ئەوانیش دەسووتێنن کە سۆزێکی گەرمیان هەیە، چونکە ئێمە زیاد لە پێویست شت دەزانین)، شیاوی باسە پۆلیسی رووسیای قەیسەری ئەو نامانەی سانسۆر دەکرد کە پوشکین بۆ هاوسەرەکەی دەناردن.

پۆلیسی بسمارکیش ئەو نامانەی سانسۆر دەکرد کە (نووسەری ئەڵمانی جۆرج بۆخنەر) بۆ خۆشەویستەکەی دەنارد.

(57)مەسەلەی ڤاگنەر 159، ئۆسکار وایەڵد دواتر لە شانۆنامەی (داستانی ئامانجە خوێنراوەکە) 1898دا وتوویەتی (پیاوان ئەو شتانە دەکوژن کە خۆشیان دەوێن)

حاڵەتێکی نزیکبوونەوە لەم بیرۆکەیەش ئیعجابی نیچەیە بە (پروتوس بکوژی هاوڕێی نزیکی خۆی قەیسەر لەشانۆنامەی یۆلیۆس قەیسەر)ی شەکسپیردا، بەڵام هۆیە راستەقینەکە جیایە، چونکە لێرەدا خۆشەویستترین هاوڕێ دەکرێ بە قوربانی، نەك وەکو رەمزێك بۆقوربانیلیان لەپێناوی ئازادیی سیاسیدا وەکو باوە، بەڵکو رەمزێك بۆ ئازادیی مەزنی ناوەوە کاتێ دەکەوێتە بەر هەڕەشە (بۆ بەراورد بڕوانە: زانستی شاد 98و سپێدەی رۆژ 98)

سەرنج1: لەپەراوێزەکاندا ناوی زۆر لەو کتێبانەم نەهێناوەتەوە کە هەردوو نووسەرەکە بە مەبەستی شارەزایی زیاتری خوێنەرو گەڕانەوە بۆیان وەکو سەرچاوە نووسیویانن و بۆ خوێنەری کورد بە پێویستم نەزانین -وەرگێڕ-

سەرنج2: بەر لەوەی ناوی ئەو سەرچاوە ئینگلیزیانە (کە کتێبەکانی نیچە خوێن)بنووسمەوە کە نووسەرەکان لەم باسەیاندا پشتیان پێ بەستوون، بەپێویستی دەزانم ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە ئەم باسە لە ژمارە (1)ی گۆڤاری (افاق) ساڵی 1982 -ەوە کراوە بە کوردی و بەپێنووسی (مزاحم الطائي)و (احلام عبدالرزاق) نووسراوە.

## سەرچاوەکان

بەپێی زنجیرەی چاپ کردنیان بەزمانە ئەسڵییەکەی خۆیان (واتە بەئەڵمانی):

1 -لەدایکبوونی تراژیدیا -و: واڵتەر کاوفمان- نیویۆرك 1967.

2 -فەلسەفەی دێرینی یۆنانو هەندێ وتاری دی.

3 -هەندێ بیروبۆچوونی ناوەخت: ئەم باسانە لەخۆدەگرێت:

أ -داڤید شتراوس ب -دەربارەی سوودو زیانی مێژوو بۆ ژیان جـ -شۆپنهاوەر وەکو مامۆستایەك

د -ریچارد ڤاگنەر لەبایروث.

4 -مرۆڤدۆست، زۆر مرۆڤدۆست، لەگەڵیدا ئەم باسانە هەیە.

أ -راوپەندی جۆراو جۆر ب -رێبوارو سێبەرەکەی.

5 -سپێدەی رۆژ.

6 -زانستی شاد و: واڵتەر کاوفمان. نیویۆرك 1974.

7 -بەمجۆرە زەردەشت ئاخاوت 1977.

8 -ئەودیو چاکەو خراپە 1977.

9 -ئەسڵی ئاکار، و: واڵتەر کاوفمان 1969.

10 -مەسەلەی ڤاگنەر:

11 -ئاوابوون (یان ئێوارە)ی بتەکان: و: هولنگدیل، 1978.

12 -دژی مەسیح

13 -ئەوەتانێ مرۆڤ: و: هولنگدیل 1979.

14 -نیچە دژی ڤاگنەر

15 -ئیرادەی هێز: و: واڵتەر کاوفمان نیۆیۆرك 1968 کتێبەکانی ژمارە (13،10،9،8،1) لە یەك بەرگدا واڵتەر کاوفمان لەژێر ناونیشانی نووسینە سەرەکیەکانی نیچەدا تەرجەمەی کردوون.

# میشیل فۆکۆ:
# چاخی نوێ، مرۆڤی نوێ

میشیل فۆکۆ ساڵی 1926 لەپواتیه ـ فەرەنسا لەدایکبوو. دیپلۆمی ئامادەیی لەقوتابخانەیەکی دەوڵەتیو هەروەها بڕوانامەی بەکالۆریۆسیشی لەقوتابخانەیەکی کاسۆلیك وەرگرت. پاشان لەتاقیکردنەوەی وەرگرتندا بۆ زانکۆی سۆربۆن بەشداریی کردو ساڵی 1948 بەکالۆریۆسی فەلسەفەی لەئەکادیمیای باڵا وەرگرت.

کەشو هەوای ڕۆشنبیری لەفەرەنساداو پاش جەنگی جیهانی لەژێر کاریگەریی دوو سەمتدا بوو. یەکێکیان دیاردەناسی(فینۆمینۆلۆژیا)ی میرلۆپۆنتیو ئەوی دی بوونگەرایی(ئێگزستانسیالیزم)ی سارتەر بوو. هەروەها سەمتی مارکسیستیش لەفۆرمەڵەی ئەم بارە کۆمەڵایەتی –سیاسی- فەلسەفیەدا ڕۆڵی خۆی هەبوو.

بەبرەوسەندنی فەلسەفەی خود لەسایەی دیاردەناسیو وجودگەراییدا کۆمەڵێك چەمکی وەکو ئازادیی فەردیو هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بوونە دوو مەسەلەی سەرەکی لەنێوەندی ڕۆشنبیریو گفتوگۆو پاياننامە جۆراو جۆرەکاندا. ئەم مەسەلانە لەگەڵ خۆیاندا ڕاوبۆچوونی مارکسیستیشیان هێنا. فۆکۆ لەدۆخێکی ڕۆشنبیریی وەهادا سەرگەرمی کاری فەلسفی بوو و بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش بوو بەئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا(**P.C.F**).

سنووربەندیەکانی ڕێبازی کۆمۆنیستیو فەلسەفەی زانکۆیی وایان لەفۆکۆکرد ڕوویان لێوەربگێڕێتو هەربۆیە لەسەرەتاکانی دەهەی پەنجادا گۆڕانکاری لەبیروبۆچوونیدا ڕوویدا. وازی لەحیزبی کۆمۆنیست هێناو لەساڵی 1951دا بەکالۆریۆسی لەدەروونناسیدا وەرگرت. تۆژینەوەو وانەوتنەوەکانی لەم بوارەدا بووە مایەی نووسینی کتێبی(نەخۆشیە دەروونییەکان لەدەروونناسیدا) 1966.

فۆکۆ لەسالآنی شەستەکاندا چووبۆ سویدو لەهستانو هامبۆرگ، لەکاتی کارکردنیدا لەهامبۆرگ ئەو باسەی کەدەربارەی شێتی بەدەستیەوە بوو تەواویکردو، وەکو نامەی دکتۆرا پێشکەشی کردو دکتۆرای وەرگرت. لەساڵی 1964دا لەزانکۆی کلیرمۆنت فران کورسیی فەلسەفەیان پێدا.

وردە وردە بلاوکردنەوەی نووسینەکانی چەشنی(شێتیو ژیار) کەلەڕاستیدا نامەی دکتۆراکەی بوو، بووەهۆی ئەوەی فۆکۆ لەناو ڕۆشنبیرانی ئەو ڕۆژگارەی فەرەنسادا بناسرێو وەکو ڕۆشنبیرێکی سەرکێشو کوڕێکی ناشەرعیی ڕێبازی بونیادگەرایی ئاماژەیبۆبکرێ.

فۆکۆ ئەم پۆلبەندییانەی وەکو: بونیادگەراییو وجودگەرایی پێخۆش نەبوو و لەبری فەیلەسوف خۆی بە دێرینەناسی ڕۆشنبیریو سیستمە کۆمەلآیەتیەکان دەزانی، چونکە ئەو ناوو قالبە تەقلیدیانەی فەلسەفەو مێژووی بەگومڕاکەر لەقەڵەم ئەدا. بەتایبەتیش وەختێ بەمانا تەقلیدیەکە باس لە (مێژوو) ئەکرا کاردانەوەیەکی توندی هەبوو، خۆی لەبەکارهێنانی دەپاراستو لەبری ئەوە زاراوەی دێرینەناسی (**Archeology**)ی بەشیاو دەزانی.

لەزانکۆی(کلیرمۆنت فران)ەوە بەرەو زانکۆی ڤینسان ڕۆیشتو سەرئەنجام لەساڵی 1970دا لە(کۆلیژ دۆفرانس) بوو بەمامۆستاو بۆ یەکەمجار بابەتی خۆی دیاریکرد وەك مامۆستای(مێژووی سیستمەکانی هزر) **History of Systems of Thought**، چونکە دەیویست خۆی لەنەریتی بیری باو واتە مێژووی بیروباوەڕە مومتازەکان قوتاربکات.

کارەکانی فۆکۆ سەبارەت بەشێتی، ئەقڵ، هەلومەرج و چۆنێتیەکانی ڕەوتی مەعریفە، دەرکەوتنی زانستە مرۆییەکان و نووسینەکانی دواتری دەربارەی پەیوەندییەکانی مەعریفەو دەسەلاتو خودێتی Subjectivity. نیشانەی کاریگەریی نەریتە فیکرییە جۆراوجۆرەکانە لەسەری. بۆ نموونە ئەو لەشیکردنەوەی گوتارDiscourse دا سوودی لەبیروڕاکانی ژۆرژ دۆمزیل George Dumezil وەرگرتووە، لەشیکردنەوەی فیکری هیگلدا سوودی لەبیروڕاکانی (ژان هیپۆلیت)ی مامۆستای دیوە، هەروەها لەبواری مێژووی مەعریفەدا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ژۆرژ کانگیلم (George Canguilhem) ەوە .

بەشێوەیەکی گشتی بیروبۆچوونەکانی مارکس، فرۆیدو هەروەها نیچە کاریگەرییەکی دیارو بەرچاویان لەسەر فۆکۆ هەبووە. هەرچەندە فۆکۆ لەدیاریکردنی ڕێی بیرمەنداندا زۆر خۆی ماندوو نەدەکرد، بەلام کاتێ پەیوەندیی بەم سێ بیرمەندەوە هەبووایە زۆر وردبوو. فۆکۆ دەیوت ئەم سێ بیرمەندە پەییان بەگەوهەری پەیوەندیی نێوان دەسەلاتو مەعریفە بردووە. ئەم پەیبردنو ئاگادارییەش لەلای مارکس خۆی لە پەیوەندیی شێوەکانی بیرو ئایدۆلۆژیا بەدەسەلاتی ئابوورییەوەو، لای فرۆید لەپەیوەندیی نێوان ئارەزوو(Desire)و مەعریفە، لای نیچەش خۆی لەئیرادەی هێزدا دەبینێتەوە. هەریەك لەم سێبیرمەندە هەوڵیان داوە لەو هەلومەرجەی لەکۆمەڵگادا بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنرێ بکۆڵنەوە. فۆکۆ لەوتارێکی درێژیدا بەناوی(نیچە: ژینالۆژیای مێژوو) لەچەمکی ژینالۆژیا بەبەراورد لەگەڵ مێژوودا دەکۆڵێتەوەو (ژینالۆژیای ئاکار) دەخاتە بەر تۆژینەوە. لەم کتێبەیدا پەیوەندیی نێوان مەعریفەو دەسەلاتی لە ڕوانگەی نیچەوە شیکردۆتەوە. لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی فۆکۆ دەربارەی شێتیو پزیشکی سەر لەنوێ لەبەر ڕۆشنایی ژینالۆژیایی دەسەلاتو مەعریفەدا خوێنرانەوەو بەشێوەیەکی گشتی فۆکۆ هەمیشە دەیویست ئەوە بسەلمێنێ کەوەختێ مەعریفەو دەسەلات دەکەونە چوارچێوەی بونیادێکەوە ماهیەتێکی بینراو Objectification لەخۆدەگرنو لەم ڕەوتەدا مرۆڤەکان دەبن بەشت(Object).

کاتێ بەوردی لەبیروبۆچوونەکانی فۆکۆ دەکۆڵینەوە دەبینین کۆمەڵێك خاڵو مەسەلەی جیاجیا هەیە کەئەو بیروبۆچوونانەی بە(قوتابخانەی فرانکفۆرت)ەوە دەبەستێتەوە. بۆ نموونە وەکو مەسەلەی دەسەلاتو مەعریفە لەکۆمەڵگادا، هەروەها ژینالۆژیای هۆشمەندی کەکەسانێکی وەکو: ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەرو هابرماس لێیان تۆژیوەتەوە.

لەسەرێکی تریشەوە هزرەکانی ماکس ڤیبەریش لەزۆر ڕووەوە دەشوبهێنە سەر هزرەکانی فۆکۆ، بەتایبەتیش مەسەلەی ئەقلانییەتی نوێ **New Rationality** کەیەکێك بوو لەمەسەلە گرنگەکان لای ڤیبەر.

بەکورتی دەتوانین بڵێین کەلەڕووی میتۆدۆلۆژیەوە ئاسەوارەکانی فۆکۆ سنوورێکی جیاکەرەوەیە لەنێوان دیاردەناسیو هرمنیۆتیكو بونیادگەراییو مارکسیزمدا. ڕۆشنبیرانی ئەو دەمە بەردەوام لەگەڵ چەند ڕێبازێکدا ڕووبەڕوو دەبوونەوە: دیاردەناسیی هۆسێرلو میرلۆپۆنتیو هایدگەرو بونیادگەراییو سەمتە مارکسیستیەکان.فۆکۆش لەتیشکی ئەم ئاوێزە فەلسەفیەی سەرەوە دوور نەبوو.

شایانی وتنە کە بیروبۆچوونەکانی کەسانێکی وەکو لیڤی شتراوسو ژاك لاکانو ئالتۆسێر جەختیان لەسەر تێپەڕاندنی سەمتە هیومانیستیو خودگەرایی **Subjectivitism** ەکان کرد. بەو مانایەی کە ئەم بیرمەندانە تێکڕا لەسەر ئەوە کۆك بوون کەمرۆڤو خودی ئەبێ بخرێنە ژێر پرسیارەوە. واتە کارایی مرۆڤ لەبیرو کرداردا کەبنەمای فەلسفەی هیومانیستی بوو بۆ یەکەمجار کەوتە بەرگومان. فۆکۆ لەوتەزای (مەرگی دانەر)ەوە کەلەرۆلان بارتەوە وەریگرتبوو لەم مەسەلەیەی کۆڵیەوە. ئەم گروپە لەبری جەختکردنە سەرخودو خودێتی، دەستیان دایە تۆژینەوەی پرۆسەو دیاردە ڕۆشنبیری - کۆمەلایەتی = فەلسەفیەکان.

لیڤی شتراوس بەپەیڕەوی لەمیتۆدی بونیادگەرانە لەسیستمەکانی خزمایەتی، ئەفسانەو ڕێسا کەلتووریەکانی کۆڵیەوە. ژاك لاکان لەچوارچێوەی تۆژینەوەی (نەست- لاشعور)دا لای فرۆید ڕەهەندە زمانەوانییەکانی ئەو سیستمەی شیکردەوە. هەروەها ئالتۆسێر لەڕێی

چەمکی(دابڕانی ئەپستمۆلۆژی)ەوە لەمارکسیزمی کۆڵیەوە. ئالتۆسیر دەیوت کەئەو دەیەوێ لەمیانەی سەر لەنوێ خوێندنەوەی مارکسیزمەوە ئەو فەلسەفەیە لەم سێ ڕەهەندە ڕزگاربکات: ستالینیزم، هیومانیزم، خودوخودێتی. فۆکۆش ڕێڕەوی بونیادگەریانەی ئەم ڕێبازانەی خستە ژێر پرسیارەوە.

فۆکۆ لەوتارێکی کورتیدا بەناونیشانی(دانەر چییە؟) لەسەر زمانی(سامۆئیل بیکیت)ەوە نووسی: (ئەو کەسەی قسە دەکات، چ گرنگیەکی هەیە کە کێیە؟).

بەلای فۆکۆوە نووسراو ئێستا گەیشتووە بەقۆناغی(مەرگی نووسەر). گۆستاڤ فلۆبێرو مارسیل پرۆستو فرانز کافکا نموونەو سیمبولی ئەم گۆڕانەن لەنووسیندا. چیدی کاری ڕەخنە دۆزینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان نووسەرو کارە نووسراوەکەی نییە، بەڵکو ڕەخنە دەبێ ڕوو لەبونیادی کارە هونەریەکە بکات. لەڕاستیدا فۆکۆ بایەخی بەمەسەلەی کۆتایی حیکایەت ئامێزانەی خود لە قەڵەمڕەوی فەلسەفەو هونەرو ئەدەبدا دا. ڕۆلان بارت دەیوت هێنەرە ئاراوەی کاری هونەری لەکارەکە خۆیدا خەلق دەبێ‌و تیۆرەی ئەدەبیی نوێ لەخودی کارەکە خۆیەوە دەست پێدەکات. لەدایکبوونی خوێنەر بەندە بەمەرگی نووسەرەوە.

لەبواری فەلسەفەدا، فۆکۆ تیۆرەی(مەرگی نووسەر)ی تا قۆناغی (مەرگی خود)و بەدەرکەوتنی خودی پاش هیومانیست برد. ئەو لەکایەی ڕەخنە لەمۆدێرنیتەدا هاتو بابەتو دروشمە سەرەکییەکانی فەلسەفەی ڕۆشنگەریی وەك خودێتی، ئەقلانییەت، ئازادیو پێشکەوتنی خستە بەر ڕەخنەو لەم ڕووەوە سەبارەت بەبوارە جیاجیاکانی وەکو دەروون پزیشکی، پزیشکی، سزا، زانستە مرۆییەکانو سێکسی کۆڵییەوە. میتۆدی کارکردنیشی لەسەر ئەو بوارانە ئارکیۆلۆژیاو ژینالۆژیا بوو، فۆکۆ لەو بوارانەدا کەئاماژەمان بۆکردن بەدوای تەشەنەکردنی مۆدێرنیتەدا چوو و گوتی کەمیتۆدێکی تایبەتی کەلەژێر ناوی چاودێریکردنی سەراپاگیر یا عەینی **Ocularcenterism** دایە لەو بوارانەدا ڕۆڵێکی دیاری هەیە.

شایانی گوتنە کەفۆکۆ خۆی بەمارکسیست، فرۆیدگەرا، بونیادگەرا، یان دیاردەناس نەدەزانی، بەڵکو دەیگوت کەکاری ئەو لێکۆڵینەوەی ژینالۆژیانەو ئارکیۆلۆژیانەی دەسەلاّتو مەعریفەو خودی نوێیە.

لێرەدا ڕەوتی پەرەسەندنی بیروڕاکانی فۆکۆ لەکارەکانیداو بەپێی مێژووی بلاّوبوونەوەیان دەخەینە ڕوو.

## مێژووی شێتی:

دکتۆرانامەکەی میشیل فۆکۆ کەلەسوید نووسیی بۆ یەکەمینجار لەساڵی 1961دا لەژێر ناوی(شێتیو بێئاوەزی - مێژووی شێتی لەچاخی کلاسیکدا)دا بلاّوبۆوەو دواتر دەزگای بلاّوکردنەوەی گالیمار بۆ دووەمجار لەساڵی 1972دا لەژێر ناوی(مێژووی شێتی لەچاخی کلاسیکدا) لەچاپی دایەوە. ئەمەو لەساڵی 1964یشدا هەر هەمان کتێب لەژێر ناوی(مێژووی شێتی)دا بلاّوبۆوە کەلەوەرگێڕانە ئینگلیزیەکەیدا کرابوو بە(شێتیو ژیار).

فۆکۆ لەم کارەیدا لەهەلومەرجە مێژووییەکانی دەرکەوتنی جیاوازیی نێوان ئەقڵو شێتی، ژیریو بێئاوەزیی لەسەدەی هەڤدەیەمدا تۆژیەوەو لەم ڕووەشەوە هەلومەرجەکانی دەرکەوتنی دوو بواری زانستیی نوێ واتە دەروونناسیو دەروون پزیشکیی لەسەدەی هەڤدەیەمدا خستە بەر باسو لێکۆڵینەوە.

بەلاّم بەر لەمە ئەوەی ڕوون کردبۆوە کەلەسەدەکانی ناوەڕاستدا جیاکردنەوەیەك نەبوو لەنێوان ئاوەزو بێئاوەزی یان ئەقڵو شێتیدا. واتە دێوانەو شێتەکان هەرچەندە ببونایە بەمایەی گاڵتەپێکردنو بێسۆزی، بەلاّم کۆمەڵگا ئەوانی لەژیانی کۆمەلاّیەتی نەدەتاراندو دەزگایەك، یان ڕێکخراوێك نەبوو تیایدا دەستیان بەسەردابگیرێو بەندبکرێن. واتە تا کۆتاییەکانی ڕێنیسانسیش هێشتا سنوورێکی جیاکەرەوە لەنێوان ئەقڵو شێتیدا نەبوو.

تەنانەت یەکێکی وەکو ئیراسمۆس ستایشی شێتیی دەکردو بەوەسیلەیەکی دەزانی بۆ ڕەخنەگرتن لەئامانجە دینییەکانی پارساکان.

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا تەنها گولەکان لەکۆمەڵگا دوورئەخرانەوەو لەشوێنی تایبەتیدا دادەنران، ئەم دەستوورە لەخۆرئاوادا هەر مایەوەو ڕەچاوکرا تالەسەدەی نۆزدەهەمدا بەسەر شێتەکانیشدا پیادەکرا. ئەقلانییەتی مودێرن کەبەبیروڕاکانی دیکارتو پاشان کانت گەیشتە ترۆپك، زەمینەی بۆ گەلێ گۆڕانی بنەڕەتی خۆش کرد. لەوەبەدوا، شێتەکان بۆ شێتخانە دەنێردران. واتە کۆمەڵگا ئیدی بەرگەی شێتیو بێئەقڵی نەدەگرت. لەڕاستیدا لەسەدەی نۆزدە بەدواوە شێتەکان بەکۆمەڵێك بوونەوەری زیانمەند بۆ کۆمەڵگا دەژمێردرانو لەشوێنی تایبەتیدا دیل ئەکران.

لەم سیستمەدا شێتەکان لەڕوانگەی مافو ئاکارو دەروونناسیەوە وەکو بوونەوەری جیا دەناسران. زمانێکی تازە لەوەسفی سروشتو ماهیەتی زەینیاندا بەکاردەبرا. ئەم گوتارە تازەیەش لەبواری تۆژینەوەیەکی نوێدا خۆی خستەڕوو.

لەدیدگای فۆکۆوە چاخی ڕۆشنگەری قۆناغێکی مێژوویی گرنگە، ئەو قۆناغەی کەفۆکۆ ناوی ناوە چاخی کلاسیك لەساڵی 1660ەوە دەست پێدەکاتو لەساڵی 1800دا کۆتایی دێو ئەمەش هەمان ئەو قۆناغەیە کەبەچاخی ئەقڵ، یان چاخی ڕۆشنگەری ناسراوە.

فۆکۆ لێرەدا باس لە(دابڕانی ئەپستمۆلۆژی) دەکاتو دەڵێت کەبەهاتنی چاخی کلاسیك چاخێکی نوێ بەزمانێکی نوێو تێگەیشتنی نوێو پەیوەندیی نوێوە هاتە گۆڕێ، کەتیایدا شێتی ڕووبەڕووی ئەقڵ دانراو بەپێی چەمکی نوێی ئەقلانییەت شێتی بەمەترسی بۆسەر کۆمەڵگاو کەلتوری مۆدێرن لەقەڵەم دراو هەرکەسێك بەشێتو بێئاوەز بژمێردرایە پاش ئەنجامدانی زنجیرەیەك ئەزموونو لێپرسینەوە لەگەڵیدا لەکۆمەڵگا دووردەخرایەوە بۆ شوێنێکی دیاریکراو و دەبووە بابەتی تاقیکردنەوەی زانستی. بەر لەم دابڕانە ئەپستمۆلۆژیە توانای هاتنەکایەوەی بوارێکی سەربەخۆ بەناوی دەروونپزیشکیەوە نەبوو. دواجار فۆکۆ

چاخی کلاسیکی بەچەمکی(زیندانی گەورە)و کۆمەڵگای زیندان ئاساوە بەستەوە، ئەمەش کاتێك بوو کەبەگوێرەی بڕیاری شا لەساڵی 1656دا (نەخۆشخانەی گشتی) فراوان کرا. لەو دەمەدا تەواوی کەسانی لاتو گوناهبارانو نەخۆشانو شێتەکان پێکەوە زیندانی دەکران.

هەر کەسێك بەپێی ئەقڵی دیکارتی بەبێ ئەقڵ لەقەڵەم بدرایە لەکۆمەڵگا دەردەکراو بۆ ئەو مەڵبەندانە دەنێردرا.

بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسادا دەرگای شێتخانەو زیندانەکان کرانەوەو ئەو کەسە ناپەسەندانە هاتنەوە ناو کۆمەڵگا، بۆجارێکی دیو هەمدیسان ئەقڵو شێتی کەوتنەوە لای یەك.

ئەو شوبهاندنە باوەی سەدەکانی ناوەڕاست بە(بەلەمی شێتەکان) لەچاخی کلاسیکدا مانایەکی تازەی بەخۆوەگرت. لەو سەردەمەدا ئەو بەلەمە شوبهێنرا بوو بەژیانی ئاسایی خەڵك، بەلاَم لەسەردەمی مۆدێرندا سیمبۆڵێك بوو بەرامبەر بەئەقڵگەرایی و ژیانی ڕێکوپێکی خەڵك بەکاردەهێنرا. فۆکۆ دەڵێ ئەم شوبهاندنە ڕەمزی سەفەرێکە لەکۆنەوە بۆ نوێ.

لەدونیای مۆدێرندا هەموو ئەوانەی کەلە نەخشەکێشانی مۆدێرنیتەدا بەشدارن، بەچاوی سووکەوە دەڕواننە سەرنشینە بێبەهرە لەئەقڵو سەرگەردانەکانی ئەم بەلەمە.

فۆکۆ دەڵێ لەگەڵ سەرهەڵدانی خودی نوێ یا مرۆڤی بیرکەرەوەو خوازیاری حەسانەوەو بەرژەوەندی پارێز، شێت توانای قسەکردنو سەلماندنی بوونی خۆی لەدەست داو بەفەرامۆشی سپێردرا.

لەڕابردوودا هەرکەسێك دووچاری شێتی ببوایە حەقیقەتی ئاشکرادەکردو ئەمەش لەشانۆنامەی(شالیر)ی شەکسپیردا دەبینینەوە، بەلاَم لەچوارچێوەی گوتارو چەمکی نوێدا شێت لەحەقیقەت دوور دەکەوێتەوە. ئیدی لەبەرئەوەی شێت توانای بەرهەمهێنانو

وەبەرهێنانی ئابووریی نامێنێ دەبێ خامۆش و بێدەنگ بێ و لەکۆمەڵگا دەربکرێ و کەس دەنگی نەبیستێت، ئیتر بۆیە ڕەوانەی شێتخانەش دەکرێ.

## لەدایکبوونی کلینیك:

فۆکۆ پاش باسەکانی سەبارەت بە(مێژووی شێتی) سەرگەرمی تۆژینەوەی پەیوەندیی ئەو بونیادانە بوو کەلەقەڵەمڕەوی ڕاستی و زماندا مەحکەمی بەدەسەڵات دەبەخشن. ئەو ناوی کتێبەکەی خۆی نا(ئارکیۆلۆژیای زانستی پزیشکی) و بە بەکارهێنانی وشەی ئارکیۆلۆژیا ویستی نیشانیبدا کەدەیەوێ میتۆدی تۆژینەوەی خۆی لەمیتۆدی ئاسایی و باوی مێژوویی جیابکاتەوە. هەر بۆئەم مەبەستە پەیڕەویی لەشیکردنەوەیەکی سەربەخۆکرد، واتە ڕووی لەپەنابردنە بەرگەڕانەوە بۆ مێژووی بیروباوەڕ و چەمکەکان وەرگێڕاو گرنگییدا بەخودو دەرکەوتە جۆراوجۆرەکانی وەك شێت و نەخۆش و گوناهکارو....هتد.

فۆکۆ پەیدابوون و لەدایکبوونی کلینیك(عیادە)ی لەسەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا خستەبەر لێکۆڵینەوەو لەم کارەیدا پەی بەدیاردەیەکی نوێ برد، فۆکۆ لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا گەیشتە ئەوەی کەچۆن سەیرکردنی پزیشکانە بۆ نەخۆش گۆڕا بۆ زمانێکی تایبەتی بەناوی(زمانی پزیشکیانە). واتە سەیرکردنی پزیشکیانە بۆ یەکەمجار نەخۆشیکرد بەبابەتێکی تایبەت بەزانستی پزیشکی. لەچوارچێوەی(گوتاری پزیشکی) **Medical Discourse**دا جۆرێك لەسەیرکردنی بێلایەنانەو عەینی دروست ببوو. لەم قۆناغەوە ئیدی وردە وردە زمان و دەربڕین بووە پاشکۆی پرۆسەی تاقیکاری. واتە زمان وەکو ئامرازێکی ڕوونکردنەوە چووە خزمەتی سەیرکردنی پزیشکیانەوە. شیکردنەوەی جەستەی مرۆڤیش وەکو جەستەیەکی بێگیانی لێهات کەلەلایەن پسپۆڕانی زانستی پزیشکیەوە ڕەچاوکرا. واتە مەرگ بوو کەمانای بەشێوازی پزیشکیانە دەبەخشی. هەرچۆن شێتی و بێئاوەزی بوو

بەبابەتی دەروونناسی، ئاوەها مەرگیش پاکانەی بۆ زانستی پزیشکی دەکرد. بەواتایەکی دی پەیوەندیی نێوان دەسەلاتی پزیشکو بێدەسەلاتیو مەرگی نەخۆش بوونە مایەی فۆرمەلەی گوتاری پزیشکی. لەڕاستیدا فۆکۆ بەلێکۆڵینەوەی ئەرشیفە پزیشکیەکانی سەدەکانی حەڤدەیەمو هەژدەیەم بونیادە قووڵەکانی گوتاری ئەم بوارەی دۆزییەوە. توێژەران دەڵێن کە(لەدایکبوونی کلینیك) زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی شێوازی بونیادگەرایانەوە. چونکە فۆکۆ گرنگیی بەبونیادی زمانی پزیشکیی سەدەکانی هەژدەیەمو نۆزدەیەم داوەو پتریش بایەخی بەئارکیۆلۆژیای ئەم بونیادانەداوە.

## ئارکیۆلۆژیای زانستە مرۆییەکان:

فۆکۆ دوابەدوای بلاوکردنەوەی(مێژووی شێتی)و(لەدایکبوونی کلینیك) کتێبێکی تری لەچاپ دا کەبووەمایەی هەراو زەنایەکی زۆر، ئەویش کتێبی(وشەکانوشتەکان) بوو کەلەئینگلیزیەکەیدا بە(سیستمی شتەکان) وەرگێڕراو لەساڵی 1966دا بلاوکرایەوە.

فۆکۆ لەم کتێبەدا بەوردی میتۆدی ئارکیۆلۆژیانەی خۆی ڕوونکردەوەو لەسەر ئەو گوتارانە وەستا کەلەبوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاو تاکەکەسو زماندا بەکاردەبرێ. لەماوەی یەك هەفتەدا نزیکەی پەنجاهەزار دانە لەم کتێبە فرۆشراو ئەوی ناوازەکرد. هەر زووش بۆ سەر تەواوی زمانە ئەوروپاییەکان تەرجەمەکرا. لەکۆتاییەکانی شەستەکاندا فۆکۆ لەسارتەر زیاتر ناوبانگی دەرکرد. هەربۆیە لەساڵی 1970دا کرا بەمامۆستای کۆلێژ دۆفرانس کەگرنگترین مەڵبەندی ئەکادیمیانەی فەرەنسایە.

فۆکۆ لەم کتێبەیدا ماهیەتو گەوهەری مرۆڤ دەکاتە تەوەری باسەکانیو دەڵی مرۆڤ وەکو بوونەوەرێك کەئەبێتە بابەتێك بۆ لێکۆڵینەوەی مەعریفی بوونەوەرێکە دوو ڕەهەند

بەخۆوە دەگرێ، ڕەهەندێکیان بابەتیانەیەو پەیوەستە بەزانستەوەو ڕەهەندەکەی تریش خودە. مرۆڤ بوونەوەرێکە کەمێژووی هێند دوورنییە .

بەشی زۆری کتێبی(وشەکانو شتەکان) بۆ شیکردنەوەی گۆڕان لەدەقو گوتار Discourse ی کۆتایی سەدەی هەژدەدا تەرخانکراوە. ئەم شیکردنەوەیەش لەسێ بواری دیراسیداو لەپەیوەندییاندا بەچەمکی مرۆڤەوە ئەنجامدراوە:

1 ـ بواری ژیان کەلەقالبی مرۆڤدا لێی دەتۆژرێتەوە.

2 ـ بواری سامان کەلەقالبی کۆمەلایەتیی مرۆڤدا لێی دەکۆلرێتەوە.

3 ـ زمان کەلەچوارچێوەیدا قالبی هزریی مرۆڤدا دەکەوێتە بەر باسو لێکۆلینەوە.

لەڕۆژگاری کلاسیکدا ئەم سێ بوارە بەشێوەیەکی کردەیی لە(مێژووی سروشتی)و (شیکردنەوەی سامان)و (دەستووری زمانی گشتی)یا (نحو)دا بەرجەستەبوو.

لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمدا دابڕانی ئەپستمۆلۆژی بەسەر ئەم سێ بوارەدا هاتو سێکایەی پسپۆڕیی مۆدێرنی لێکەوتەوە:

1 ـ بایۆلۆژیا، کەلەژیانی بوونەوەرانی زیندووی کۆلیەوە.

2 ـ ئابووری، لەسامانو بەرهەمهێنانو دابەشکردنی بەرهەمی کۆلیەوە.

3 ـ زمانناسی، کەبایەخی بەشیکردنەوەی گۆڕانکاریەکانی سیستمە دەلالیەکاندا.

هەریەك لەم سێبوارە گرنگیی بەڕەهەندێك لەڕەهەندەکانی بوونی مرۆڤ دا.

فۆکۆ دەلێ نرخ لەچاخی کلاسیکدا بەپێی سیستمێکی ژمارەیی لەخسوسیەتێکی قابیل بۆ پێوانەو دەربڕینی پێکدێ، بەلام لەلای ئادەم سمیث واتە لەکتێبی(سامانی میللەتان)دا ئەم سیستمە گۆڕا. ئادەم سمیث بۆیە کەمجار کاری بەرامبەر بە بنچینەی بەرهەمهێنان کرد بەبناغەی نرخ. ئەو وتی کەبنەمای کار شتێك نییە جگە لەماندوویێتیو کات. واتە ئەو کارە ڕۆژانەیەی کەهەم ژیانی مرۆڤ ڕێکدەخاتو هەم بۆ مەسرەفی نزیك دەخاتەوە.

لەڕاستیدا ئەم سێ بوارە نوێیە مرۆڤێکی نوێو جیهانێکی نوێی هێنایە ئاراوە کەلەگەڵ خۆیدا دەربڕینێکی نوێشی هێنا. لەم ئاسۆ تازەیەدا، واتە وەختێ کەبیرکردنەوە سەبارەت بەزمان گۆڕا بۆ زمانناسیی مێژوویی‌و گوتاری کلاسیك درایە دەست فەرامۆشی، بزاوتێکی ئارکیۆلۆژییانە مرۆڤی خستە دۆخێکی دوولایەنەوە واتە وەك بکەرو کارلێکراوی مەعریفی. بەمجۆرە مرۆڤ واتە ئەم فەرمانڕەوا ئەسیرەو ئەم بینەرەی خۆشی بۆتە مایەی تەماشاکردن لەپێگەیەکی تازەدا جێگیربوو.

تۆژینەوەکەی فۆکۆ لە(وشەکانو شتەکان)دا نیشاندەری دوو دابڕانە لەنێوان سالانی ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەمو سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا. ئەوەتی کەسەرهەڵدانی چاخی نوێ یان مۆدێرنیتە بەهیچ کلۆجێك بەشێوەیەکی پلەپلەو وردە وردە بەرەو کاملبوون نەبووە، بەڵکو لەئەنجامی دابڕانێکەوە هاتووە لەگومانی مەعریفی‌و زمانی پێشووەوە. واتە لەم گۆڕانانەدا مژدەی جۆرە پەیوەندییەکی تازە بە(بوون)ەوە هاتە ئاراوە. لەچاخی کلاسیکدا میتۆدی شیکردنەوە لەسەر بنچینەی پرنسیپی لێکچونو جیاوازی **Identity and Difference** بوو. هەروەها مەسەلە سروشتی‌و کۆمەلایەتیەکان بۆ وتەزای جیاجیا پۆلبەندی دەکران. لەکاتێکدا سیستمی ڕێنیسانس لەشیکردنەوەدا، بناغەکەی پرنسیپی تەبایی‌و چوونییەکی بوو، چاخی کلاسیك لەسەر بناغەی جیاوازی‌و لێکچوونی شتەکان دامەزرابوو.

بەلام چاخی مۆدێرنیتە شێوەیەکی نوێی زمانو دەلالەتی خستە ڕوو کەبەوپێیە مەعریفە بەگوێرەی سێ بنەمای بگۆڕ فەراهەم بوو کەئەمانەن:

1 ـ زانستە ماتماتیکی‌و فیزیکیەکان.

2 ـ ڕامانی فەلسەفی.

3 ـ زانستی زمانو ژیانو بەرهەمهێنان.

لەنەخشەی زانستی نوێدا سەرەتا لەمیتۆدی ماتماتیکی سوود وەردەگیرێ، پاشان لەمیتۆدە بەکاربراوەکان لەهەر سێ بواری زمانناسیو بایۆلۆژیاو ئابووریداو دواجاریش بەهاوکاریی ڕامانی فەلسەفی کایە زانستیەکان شیدەکرێنەوە.

فۆکۆ مۆدێرنیتەی ناونا چاخی(مرۆڤی نوێ)و گوتی کە مرۆڤی نوێ دەکەوێتە چەقی ئەم سێ سەمتە زانستیە نوێیەوە، مرۆڤی نوێ چیدی وەکو بابەتێك بۆ ئاشکراکردنو دەربڕین لێی نەمایەوە، بەڵکو چووە بوارێکی چوارچێوە کانتییەوە. واتە هەرسێ بواری ژیانو کارو زمان ئەوی خستە ئەم چوار چێوەیەوە. بەڵام هەمان چوارچێوە بوو بۆ یەکەمجار مرۆڤی کردە پێودانگی هەڵسەنگاندنی هەموو بوون. هەمان ئەو مرۆڤەی کەڕۆژگارێك بوونەوەرێك بوو لەنێوان بوونەوەرەکانیتردا، لەقۆناغی نوێدا بووە خودی ناسێنەرو فەرمانڕەوای بوون. لەڕاستیدا فۆکۆ بەشیکردنەوەی ژینالۆژیانەی زانستە مرۆییەکان نەخشەی چۆنێتیی لەدایکبوونی مرۆڤی مۆدێرنی کێشا. بەڵام سەرەنجام، لەکۆتایی کتێبەکەدا، پێشبینیی مەرگی ئەم تازە لەدایکبووەی کرد. مەبەستی ئەو لەمەرگی مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی مەعریفیو سەرهەڵدانی مرۆڤی پۆست مودێرن بوو، ئەو مرۆڤەی کەلەسەر عەرشی خودی مەعریفیەوە هاتەخوارێو خۆی بوو بەبابەتێك بۆ زمانو ئارەزوو و نەست (لاشعور)ی خۆی. ئەم ڕووداوەش لەڕێی سەرهەڵدانی بواری نوێی وەك شیکردنەوەی دەروونیو زمانناسیو مرۆناسی(ئەنثرۆپۆلۆژی)یەوە بەئاکام گەیشت.

## چاودێریو سزا:

فۆکۆ لەسەرەتای سالانی1970ەوە دەسبەرداری میتۆدی ئارکیۆلۆژیای مەعریفە بوو و بەچاولێکردن لەنیچە (ژینالۆژیای دەسەلات)ی کرد بەسەر لەوحەی تۆژینەوەکانی دواتری.

ئەو دەیگوت کەژینالۆژیا ڕوویەکی تازەی مێژوو دەخاتەڕوو کە لەپێشداوەرییە تەقلیدیەکانی مێژووی ڕەسمیەوە دوورە. لەم ڕووە تازەیەی مێژوودا بەردەوامیو زنجیرەبوونی ڕووداوەکان لەئارادا نییە، بەڵکو کۆمەڵێك سەردەمی مێژوویی یا (ژینالۆژی) کەهەریەکەو پیشاندەری لێکترازانو دابڕانو تەکانی سەربەخۆیە. لەم میتۆدەدا ویستی گریمانە هیومانیستیە باوەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە.

فۆکۆ لەکتێبی(چاودێریو سزا)دا ئەم شێوازەی گرتەبەرو لەژینالۆژیای فۆرمەلەی جەستەو زیهن لەچوارچێوەی سیستەمەکانی چاودێریو دیسپلینی دەسەڵاتی کۆڵیەوە، وتی کەلە بونیادەکانی وەك قوتابخانەو بەندیخانەو نەخۆشخانەو کارگەکاندا تەکنیکی تایبەتیی دیسپلین بەکاردەهێنرێو، لەچوارچێوەیاندا شێوە جۆربەجۆرەکانی چاودێری ئەنجام دەدرێ. ژیانی قوتابیان، سەربازان، نەخۆشانو زیندانیان دەکەوێتە ژێر چاودێریو ڕاپۆرت لێدانیانو، ڕەفتاری پەسەند ئەبێتە مایەی هاندانو ڕەفتاری ناپەسەند ئەبێتە مایەی سزادان. ئامانجی چاودێریو دیسپلین نۆرمالیزەکردن(بەئاساییکردن **Normalization**)ی تاكو لەناوبردنی ناڕێکوپێکییە کۆمەلاّیەتیو دەروونییەکانو سەرەنجام پەروەردەکردنی خەڵکانێکی گوێڕایەڵو سوودبەخشە بەکۆمەڵگا.

فۆکۆ دەڵی لەشێوە پێش مۆدێرنەکانی چاودێریو سزادا شێوازی دڕندانەی ئەشکەنجەدانو ئازاری بەدەنی بەکاردەبرا. بەلاّم وردە وردە لەسەدەی هەژدەیەمەوە سزادانی دەروونی جێی سزادانی بەدەنیی گرتەوە. واتە لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمەوە سزاکان ماهیەتێکی ناتوندوتیژیان بەخۆوەگرت. لەم مێژووەوە سزا نوێکان ئاراستەی ڕۆح ئەکران. سزاناسیی نوێ بووە پشتیوانێك بۆ چاودێریی سەراپاگیر. ئیدی لەوەدەمەوە بەندیخانەکانو قوتابخانەکانو شوێنەکانی حەوانەوەی دەروونی گۆڕان بۆ کۆمەڵێك سیستەم لەچاودێریی سەراپاگیر کە تاك دەخەنە ژێر چاودێریی بەردەوامەوە کە ڕێ بۆ ئامادەکردنی فایلو ڕاپۆرتی ورد خۆش دەکات. ئەو زانیاریانەش بۆ تۆمارکردنی سیستەمێکی مەعریفی کۆمەك دەکەن. لەم

سیستەمەدا کەفۆکۆ ناوی دەنێ(مایکرۆفیزیکی دەسەلاَت) گوتاری مەعریفیو کۆمەلاَیەتیو هەلومەرجی سیاسیی دەسەلاَتو خود هەموو پێکدەگەنو بەشێوەیەکی ئالۆزکار لەیەکدی دەکەن. ئەو سەرەنجام باسی تەکنۆلۆژیای دەسەلاَتی کرد کەبەرەنجامێکی ئەوانەی سەرەوەیەو گوتی ئەم تەکنەلۆژیایە بەیەکدادانی دەسەلاَتو مەعریفەو خود دەخاتە ڕوو.*

*دواقۆناغی کاری فۆکۆ نووسینی کتێبی(مێژووی سێکشوالێتی) بوو کەلەسالَی 1970ەوە دەستی پێکردو چوار بەرگی لێنووسی. دواتر فۆکۆ نەخۆش کەوتو لەسالَی 1984دا مالَئاوایی لەژیان کرد. ئەم قۆناغە لەم نووسینەدا باس نەکراوە.

## ** ئەو سەرچاوانەی نووسەر بۆ نووسینی ئەم وتارە سوودی لێبینیون:


1 – Barry Smart. Michel Foucault (London، Routledge. 198

–Michel Foucault. Madness and Civilization (New York: Vintage Books. 1973).2

–1975)3 ،Michel Foucault. The Birth of the Clinic. (New York: Vintage Books

Michel Foucault: The Order of Things: An Archeology of the Human Sciences.4 (New york: Vitage Books - 1978)

5 – Michel Foucault: Disciplin and Punish: The Birth of the Prison (London: Allen Lane، Penguin Press، 1977)


## ئەو سەرچاوەیەی ئەم وتارەی لێوە وەرگێڕدراوە:


گۆڤاری(شباب: ادبی ـ هنری ـ سال سوم ـ شماره 24،23)

نووسەری وتارەکەش(د.محمد ضیمران)ە

# کێ لە میشێل فۆکۆ دەترسێت؟

میشیل فۆکۆ فێریکردم کە (بایەخدان بەخود) شتێکی ئاسان نییە و میانڕەوی ئەدگاری پیاوی راستەقینەیە، پڕ بەمانای ئەم وشەیە. ناشزانم ئایا مەبەست لەپیاوی راستەقینە پیاوی ئاقڵی ژیرە، یان ئەو پیاوەی سیمای پیاوەتیی هەڵگرتووەو کار لەکەسانی دی دەکاتو خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێ؟ یان ئایا پیاوی شێت پیاوی راستەقینە نییە وەکو فۆکۆ دەڵێت؟ یان شێتی مرۆڤ بۆ شتێکی وەها دەگۆڕێ کە لەم حاڵەتانەدا بکرێ بە نموونە؟

بەهەرحاڵ من کابرایەکی شێت نیم بەو پێناسەیەی کە پێی ئاشناین، بەڵام بەبێ ئەوەی بیریش لەوە بکەینەوە (شێت) کێیەو (شێت) چییە، وەلێ ئایا داهێنەر کابرایەکی سەد دەر سەد ئاقڵە؟

پاسکاڵ دەڵێت (شێتەکان بەرادەیەك شێتن، کە ئەگەر بێتو مرۆڤ وابزانێت کە شێت نییە ، ئەوا بەجۆرێکی دی شێتە). فۆکۆ دەڵێت ئەو مەعریفەیە گەورەیەی کە گەیشتن پێی ئەستەمە، شێت شکی دەبات. لەکاتێکدا مرۆڤی ئاقڵو دانا لەچەند بەشێکی پەرت لەو مەعریفەیە دەگاتو تا رادەیەك وروژێنەری ئەعسابیشێتی، ئەوە لای شێت وەکو کەوکەبێکی ساغی نەکێڵراوە.

ئەو گۆ کریستاڵییەی کە بە ڕوانینی کەسانی دی بۆشە، بەلای شێتەوە سەرشارە لە مەعریفەیەکی پەنهان، هەروەها شێتی بەجیهانو شێوە نهێنییەکانییەوە بەند نییە، بەڵکو بەندە بە مرۆڤەوە، بەلاوازیەکانییەوە، بەخەونەکانیو وەهمەکانییەوە. بۆیە شێتی بەتەنها

لەچوار گۆشەکەی زەمینەوە چاوی نەبڕیوەتە مرۆڤ، بەڵکو خۆی دەئاخنێتە ناو ناخی مرۆڤەوە، ئەو ئولفەتە ناسکەیە لەگەڵ خوددا کە مرۆڤ دەیپارێزێت.

فۆکۆ لەشاری ئۆبسالا لە سوید چووە نێو ئەشکەوتێکەوە کە کتێبخانەیەکی پزیشکیی گەورەی تێدابوو، ماوەیەکی درێژ تیایدا مایەوە تا کەلێی هاتە دەرەوە (مێژووی شێتیی مرۆڤ بگۆڕێت). هەر دوای ئەوە فۆکۆ گەورەترین دۆزینەوەو داهێنانەکانی خۆی خستەڕوو، شێتیی لەودیو شیشە ئاسنینەکانەوە هێنایە دەرێو خستییە بەرچاوانو، داوای کرد ڕێزی لێ بگیرێو بەتەنها وەکو نەخۆشییەکی نائیرادی لێك نەدرێتەوە، شێتیی لەدیاردەیەکی پزیشکییەوە گۆڕی بۆ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی شارستانی.

سەبارەت بە جیاوازیی نێوان شێتیی پەتیو تەجەللاکانی خەیاڵی داهێنەرانەش، فۆکۆ دەڵێت شێتیی هونەرمەند، یان ئەدیب لە پشت خەیاڵەوە خۆی شاردۆتەوە، ئێمە دەبینین کە شێتی ڕەگو ریشەی خۆی بە قووڵی لەناو خەیاڵدا داکوتاوە. لەبەر ئەوەی خەیاڵ مەبەستێکی عەفەویو ڕاستییەکی گشتیو ڕەها بەوێنە دەبەخشێت، هەر ئەمەش وامان لێ دەکات کاتێ کارێکی ئەدەبی دەخوێنینەوە، یان کارێکی هونەری دەبینین کە تیایدا شێتی لەگەڵ خەیاڵی داهێنەرەکەدا ئاوێتە بووە، ئەو نەشئەیە یان ئەو خرۆشانە هزرییە دوچاری هەژانمان دەکات.

کەواتە کێ لەمیشیل فۆکۆ دەترسێ؟

شێت لێی ناترسێت چونکە فۆکۆ مرۆیەتیو پلەو پایەی بۆ گەڕاندۆتەوە، داهێنەریش لێی ناترسێ، چونکە فۆکۆ پەردەی لەسەر ئەو ئاوێتەبوونەی نێوان سنوورەکانی شێتیو خەیاڵ بۆ هەڵماڵی، بەڵام ئەوەی هەنگینێ دەترسان فەیلەسووفەکانو دەروونناسەکان بوون، کاتێ فۆکۆ مێژوی تۆژینەوەو تیۆرە سەقامگیرەکەیانی سەبارەت بەشێتیو دەروونی مرۆڤ، بەسەریاندا قلپ کردەوە. هەروەها وەختێ دەزگا ڕەسمییەکان وردە وردە لەژێر کاریگەریی ئاسەواری تیۆرییەکەی فۆکۆدا دەربارەی شێتیو نەخۆشیی دەروونی تێڕوانینی خۆیان گۆڕی.

میشێل فۆکۆ فێریکردم کە زۆربەی زۆری تێنەگەیشتنو بەدحاڵیبوونو نەگەیشتنە ئەنجامێك لەگفتوگۆدا، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لایەنەکانی ئەو گفتوگۆیە سەر بەیەك سیستمی فیکری نین، هەر ئەمەشە وا دەکات پێکگەیشتن شتێکی دژوار بێت، وەکو گفتوگۆی نێوان کەسانێکی خاوەن رۆشنبیرییەکی تەقلیدیو کەسانێکی خاوەن رۆشنبیرییەکی نوێ، ئەم گفتوگۆیە بەناونیشانی ئێمە وەکو گفتوگۆی کەرولاڵەکانی لێدێ.

دوای ئەوەی فۆکۆ لەکێشەی شێتی بۆوە، گورزێکی پڕ ئازاری لەمێژووی بیروباوەڕە تەقلیدیەکان وەشاندو بەتیۆرییەکەی سەبارەت مەعریفە (ئارکیۆلۆژیای مەعریفە) سەرەونگوونی کرد. سەرەتا فۆکۆم وەك رۆلان بارتو ژاك لاکانو کلۆد لیڤی شتراوسو ژاك دیریدا، بە بونیادگەرا ناسی، بەلآم بەلای فۆکۆوە (بونیادگەرایی) ئەو پلەیە بوو کە دەکەوتە سەرەتای پەیژەکەوە. ئەوە نییە وتوویەتی کە بونیادگەرایی مەنهەجێکی نوێ نییە ، بەڵکو هوشیاریی وریاو دڕدۆنگییە بۆ مەعریفەی نوێ، ئەو دڕدۆنگییە بوو کە هانیدا لە دیاردە نەخۆشیەکانی وەکو شێتیو پاشان لە مەعریفە بکۆڵێتەوە. لەو کارەشیدا کەوتبووە ژێر کاریگەریی فەلسەفەو بیروڕاکانی (هایدگەر)و هەروەها مامۆستا گەورەکەیەوە کە (نیچە) بوو. تیۆریەکەی فۆکۆ سەبارەت مەعریفە جگە لە دەروازەیەکی کراوە بەڕووی دۆزەخدا هیچی دی نەبوو، سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە شتەکانو چاو پیاخشاندنەوە، یان هێنانی بیروباوەڕەکانی چاخەکانی پێشینو سەرلەنوێ تۆژینەوە لێیان لە میانی مەنهەجی تەواو نوێوە، بەجۆرێك کە بووە هۆی ئەو (دابڕانە ئەپستمۆلۆژی)یەی کە فۆکۆ زۆری لەسەر دوا. هەروەها فۆکۆ لەمیانی کاری (هەڵکۆڵینو پشکنین)ەوە رۆشنایی خستە سەر مانای وشەی (گوتار)و، شتێکی تری ترسناك ئەویش (دەسەلآتی مەعریفە)یە. فۆکۆ ئەوەندەی دەربارەی دەسەلآتی مەعریفە دواوە، هێندە دەربارەی دەسەلآتی سیاسی نەداوە، ئەو دەسەلآتی مەعریفەیەی کە پەردەی لەڕووی پێچو پەناو نهێنییە کان، چۆنێتیی بلآوبوونەوەو پەلوپۆکێشانی لەناو کۆمەڵگا نوێیەکاندا، هەڵماڵی. وەك ئەوە وابوو بەو پەردە هەڵماڵینە کتوپڕ هەموو شتەکانی

ژێر پەردەکەی پیشان دابین، ئەوەی کە لە بناغەوە چالاکانە ئیشی خۆی دەکاتو زۆربەی شێوەکانی کۆمەڵگاکانمانو رەفتاری رۆژانەمان کۆنترۆڵ دەکات.

لەهەر کوێیەك دەسەڵات هەبێت، مەعریفەش هەیە، لەهەر کوێیەك مەعریفەش هەبێ، دەسەڵات هەیە. دەسەڵات لەهەموو ئەو شانانەی دەسەڵاتدا خۆی بەدەردەخاتو خۆی دەنوێنێ کە جەستەی کۆمەڵگای لەمپەڕەوە بۆ ئەوپەڕی داپۆشیوە، ئەوەی بەلای فۆکۆشەوە گرنگ بوو ناسینی دەسەڵات نەبوو (بەو مانایەی کە دەسەڵات چییە؟ -و-) واتە دەسەڵاتی مەعریفە، بەڵکو ئەم دەسەڵاتە چۆن کاری خۆی ئەنجام دەدات. وەکو ئەو ڤایرۆسەی لەناو جەستەیەکدا کاری خۆی دەکات، هەروەکو چۆن کتێبەکەی فۆکۆ سەبارەت بەشێتی، لەلایەن ئەو پزیشکە دەروونییە خاوەن عیادە دەروونیانەوە بەرقو کینەوە پێشوازی لێ کرا، تیۆرییەکەشی سەبارەت بە مەعریفە بەهەمان سڵەوە لەلایەن کەرتێکی گەورەی بیرمەندانو رۆشنبیرە کلاسیکەکانەوە پێشوازی لێ کرا، لەبەر ئەوەی فۆکۆ چەکێکی مەنهەجیی نوێی دۆزییەوە کە بەهۆیەوە هەموو مرۆڤێکی هۆشیار پەی بەدرۆو دەلەسەو دژایەتیەکانی هەرگوشارێك دەبات کە دەیخوێنێتەوە، یان دەیبیستێت، گەرچی هەندێ لەمپەری نهێنی هەیە، کە دەزگا ریشەدارەکان لەبەردەم ئازادیی گوتاردا دەیچەقێنن.

فۆکۆ مافی بیرکردنەوەی لەپانتاییە گەورەترەکانی ژیانی فیکریو کۆمەڵایەتیمان پێ بەخشین، پەردەی لەسەر ئەو توانایە هەڵماڵی کە لەناخماندایە، تا بەکاری بەرین، هەروەکو چۆن سەروەختێ (کانت)ی فەیلەسوف پەردەی لەسەر توانای مەزنی ئەقڵی مرۆڤ بۆ بیرکردنەوە هەڵماڵی وەختێ لەکۆتەکانی ترس خۆی رزگار دەکات، سەرلەنوێ بیرکردنەوەش لەمێژوو و کەلەپورمان مانای ئەوە نییە، کە هەموو رابردوو بکەینە قوچی قوربانیی ئێستاو ئایندە، چونکە ئەمەش مانای وایە تاکو کۆمەڵ بەهەڵواسراوی لەهەوادا بێ رەگو ریشە دادەنێین.

سەرلەنوێ بیرکردنەوەش لەمێژوومان ئاسان نییە ، چونکە ئەم بیرکردنەوەیە پێویستی بەرووتەڵ کردنی چینە فیکریو ڕۆشنبیری‌یە یەك لەسەر یەك کەڵەکبووەکانو جیاکردنەوەی ئەو چینانەیە تا دەگەینە قووڵترین چین لە بوونو لەهۆشماندا.

بەردەوامیش بۆ رووتەڵکردنی چینەکانیش دوچاری دڕدۆنگی‌و، بەڵکو نائومێدیش دەبین.

کێشەی گەورەیش لەفیکری ئەمڕۆمانو لەژیانی کۆمەڵایەتیماندا ئەوەیە کە خەڵکی لە ڕاستیی ئەوەی کە ڕوودەدات هۆشیار بکەینەوەو تێیان بگەیەنین کە (ئەقڵ) چۆن دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆنو نوێوە، هەندێ لەو کاریگەرییانە روونو ئاشکرانو هەندێکی تریان ئاڵۆزو پەنهانن، ئەمانە پێکەوە لەناخماندا کاری خۆیان دەکەن بەبێ ئەوەی پەی بەراستییەکەیان بەرینو، بەبێ ئەوەی کەسێك بە پرکێشییەوە خۆی بکات بەم پێوەندگە شاراوانەداو، کۆتو پێوەندەکان پەرش بکاتەوە تا بکەونە بەر تیشکی گەرمی خۆر، بۆ ئەوەی ئەو خوو و نەریتە ریشەدارانەو ئەو موتڵەقانە بشڵەقێنن‌و بچنە نێو بازنەی گۆڕانکارییەکانەوە، جا ئایا رۆشنگەری دەتوانێ، ئەو کارە ئەنجام بدات دوای ئەوەی میشێل فۆکۆ کاری خۆی بەجێهێنا ؟

*لەژمارە (1995/10/11ی گۆڤاری (المدی)وە، ل 145-146، بەپێنووسی (محمد الراوي) نووسراوە.

# ئەلبێر کامۆ

## سەما لەژێر شمشێرەکەی دیمۆکلیسدا

**"رۆڵی من ئەوە نییە جیهان یان مرۆڤایەتی بگۆڕم، چونکە نەهێند چاکمو نە ئەو دانایییەشم هەیە شیاوی ئەو کارەم بکات. بەڵام دەشێ رۆڵم ئەوەبێ لەهەر کوێیەک بم خزمەتی ئەو بەها کەمانە بکەم کە ئەگەر جیهان لێیان بێبەری بێت دەبێتە شوێنێک شایستەی ژیان نابێ، هەروەها مرۆڤ بەبێ ئەو بەهایانە، چەند خۆشی تازە بکاتەوە، شایانی رێز نابێت"**

**ئەلبێر کامۆ**

تەمەنێکی کورت کە وەکو تیرەستێرە تێپەڕی، تەمەنێك پڕ لە ئاسەوارەکانی هەردوو جەنگە گەورەکەی جیهان کە بە مەرگێکی پووچ کۆتایی هات، ئەو بیرمەندو نووسەرە مەزنەی کە تەواوی ژیانی ململانێ بوو لەگەڵ پووچی (**عبث**)دا، دواجار زۆر بێ بەزەییانە رێکەوتێکی پووچ، (کارەساتی ئوتۆمۆبێل) کۆتایی بەژیانی یاخیگەریانەی دەهێنێت، ئەو نووسەرەی کە ئازایانە بەرەو ڕووی تراژیدیاکانی رۆژگار دەبۆوەو وەکو سیزیفەکەی لەسەر ترۆپکی کێوەکانەوە پێکەنینی بە تاوێرە بەردەکەی ژیان دەهات کاتێ بەرەو خەرەند خلۆر دەبۆوە.

کامۆ (1913 - 1960) لە رۆژگارێکدا ژیا کە رۆژگاری دابڕانی ژیان لەماناو دابڕانی سیاسەت لەئاکارو رۆژگاری ئۆردوگا بەکۆمەڵەکانو ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتارەکان بوو. ئەم هەر لەمناڵییەوە هەژاری فێری خۆشویستنی ئازادیی کرد "لەهەژارییەوە فێری ئازادی بووم، نەك لەکتێبەکانی مارکسەوە"، هەر لە مناڵیشەوە هەستکردن بە "هیچ" رۆدەچێتە ویژدانو هەستو سۆزییەوە، ئەوەتانێ بەردەوام کە دایکی دەبینی لەگۆشەیەکدا بەماتی دانیشتووەو چاوی بڕیوەتە خاڵێكو بۆماوەیەکی زۆر لەو بارەدا دەمێنێتەوە، کاتێ لێی دەپرسێ: بیر لەچی دەکەیتەوە؟ دایکی لەوەڵامدا دەڵێت: "لەهیچ" هەر بۆیە هەستکردن بە "پووچی"ی ژیان شتێك نییە ئادەمیزاد لە کتێبو تیۆرەو ئایدیۆلۆژیاکانەوە فێری بێت، بەڵکو ئەم هەستە لەژیان خۆیەوە بەرەو ناخی مرۆڤ دەکشێ، هەر ئەم "پووچی"یەش دواتر دەبێتە تەوەری گشتیی کارە فیکریو ئەدەبییەکانی کامۆ.

کاتێ فەیلەسوفی ئەڵمانی "فریدریش نیچە" لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لەسەر زمانی "زەردەشت"ەوە مەرگی خواوەندی راگەیاند، ئەوە وەکو زەنگێك بوو بۆ سەردەمێکی خاڵی لە پرنسیپە مرۆیيو بەها رۆحیەکان، سەردەمێك کە تیایدا بەشێوەیەکی ئەقڵانیو نائەقڵانی بیانوو بۆ کوشتنی تاکو بەکۆمەڵی ئادەمیزاد دەهێنرێتەوە، سەردەمێك کە تیایدا بێمانایی باڵی بەسەر ژیانی مرۆدا دەکێشێو هەموو شتەکان دەچنەوە ژێر پرسیاری ماناداریو بێمانایی. ئایا لەکاتێکا ئاسمان بەرامبەر کارەساتو تراژیدیاو ئازارەکانی ئادەمیزاد بێدەنگە، ناکرێ مرۆڤ بەبێ پشت بەستن بە خواوەندێك ببێتە قدیس؟ ناکرێ بەکۆمەڵێك بەهاوە وابەستەبێت کە بەهۆیانەوە ژیانێکی ئابڕوومەندانە بۆ مرۆڤو مرۆڤایەتی دابین بکات.

بەباوەڕی کامۆ ژیانێکی لەوجۆرە ئەستەم نییە ، مادامەکی "سروشتێکی بەشەری" هەیە، گەرچی نیسبیشە، کە مرۆڤایەتی تیایدا بەشدارن، کەواتە دەکرێ کۆمەڵێك بەهای ئینسانی، بەوەشەوە کە نیسبینو قابیلی گۆڕانن، مرۆڤەکان پێکەوە ببەستنەوەو رێز بۆ ئەم

بوونەوەرە تەنیایەی گەردوون بگەڕێننەوە. بەڕێی کامۆ پێویستە لەسەر مرۆڤ لەپێناوی دەستەبەرکردنی ئەو بەهایانەشدا بجەنگێو هەمیشە لەململانێدا بێت، بەهاگەلێکی وەك: مرۆڤ، هاوڕێیەتی، بەختەوەری، دادپەروەری، خۆشەویستی.. کە دەشێ ئەم بەهایەی دواییان، واتە "خۆشەویستی" گەورەترین و بەرزترین بەهابێت لەژیاندا، خۆشەویستی بەمانا فراوانەکەی و لەسەر هەموو ئاستەکان.

لەم نووسینەدا هەوڵدەدەین لەسەر هەردوو ئەو قۆناغە فیکرییانە بوەستین کە تانوپۆی فیکری کامۆ پێکدەهێننو دواجار ئاوێتەی یەکدی دەبن، کە ئەویش قۆناغی پووچی (**عبث**) و قۆناغی یاخیبوونە.

لەراستیدا ئەم دوو قۆناغە لەدوا کارەکانی کامۆدا بەجۆرێك یەکانگیر دەبن کە لێکجوداکردنەوەیان ئەستەمە، بەڵام لەڕووی تیۆرییەوە دەکرێ کارەکانی سەرەتای بە قۆناغی (پووچی) دابنێینو کارەکانی دواتریشی بەقۆناغی (یاخیبوون). جا لەبەر ئەوەی بەبۆچوونی ئێمە (ئەفسانەی سیزیف) سیماو ئەدگارەکانی بیری فەلسەفیی قۆناغی یەکەم دەستنیشاندەکاتو هەروەها (مرۆڤی یاخی)یش هی قۆناغی دووەم، هەربۆیە بەپێویستمان زانی کە پتر لەسەر ئەم دوو کتێبەی بوەستینو، لەکاتی پێویستداو بەمەبەستی زیاتر روونکردنەوە نەبێ ئاماژە بۆ کارە ئەدەبیەکانی نەکەینو ئەوە هەڵگرین بۆ نووسینێکی دی.

## 1-ئەفسانەی سیزیف:

**"ئاه.. ئەی رۆحی من.. بەدوا ژیانێکی جاویداندا وێڵ مەبە.. بەڵکو سەرگەرمی ئەوە بە کە لەبەردەستدایە.."**

ئایا ژیان ئەوە دەهێنێ کە ئێمە بژین؟ ئەگەر ئەوە ناهێنێ، کەواتە بۆچی کۆتایی بەو ژیانە نەهێنین‌و خۆمان نەکوژین؟ پاشان ئایا تۆ بڵێیت خۆکوشتن چارەسەری کێشەکە بکات؟

بەلای کامۆوە ئەم پرسیارانە لەسەردەمێکی وا شپرزەو نیگەران‌و پڕشەڕو شۆڕو ناثارامدا، گەوهەرترین‌و سەرەکیترین پرسیارن کە دەبێ لەخۆمانی بکەین‌و، دوای ئەم پرسیارانە مەسەلەکانی تر دێنەپێشێ.

"ئەفسانەی سیزیف" گەرچی لەساڵی 1941ەوە دەسنووسەکەی تەواوبوو، بەڵام لە ساڵی 1942دا چاپ کرا. هەر بەبڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە ناوی فەیلەسوفی پووچی (فەیلەسوفی ئەبسێرد) بەسەر کامۆدا دابڕا. گەرچی ئەو خۆی لەپێشەکیی کتێبەکەشدا دەڵێت کە ئەو نەهاتووە "فەلسەفەیەکی پووچی" دابمەزرێنێ، بەڵکو بەتەنها وەسفی "هەستکردن بەپووچی" دەکات‌و ئەم کارەشی بەتەنها سەرەتایەکەو بەس.

کامۆ لە "ئەفسانەی سیزیف"دا مرۆڤ ئەشوبهێنێ بە سیزیف‌و ژیانیشی بەتاوێرە بەردەکە. لەئەنجامی سەرپێچیکردنەوە خواوەندەکان سزای سیزیف ئەدەن بەوەی کە دەبێ بۆ هەتا هەتایە تاوێرە بەردێك بۆ سەر لووتکە شاخێك بەرێت‌و، کاتێ دەگاتە لووتکەکە تاوێرە بەردەکە بۆ خوارەوە خل دەبێتەوەو ئەویش هەمدیسان‌و بۆ هەمیشە دەبێ بچێتەوەو تاوێرە بەردەکە بخاتەوە سەرشانی‌و بەرەو ترۆپکی شاخەکە بیباتەوە.

ئەمەیە ئەو عەزابەی بۆ ئادەمیزاد براوەتەوە، ئەو ئادەمیزادەی کە هەرچی دەکات ناگاتە "مەحاڵ" و چەند پرسیار دەکات وەڵامێك لە ئاسمان نابیستێو لەژیانێکی کورتو پڕ ڕێکەوتو ژانو ئازاردا بە "نامۆ" یی دەژیو هەر بە نامۆییش جێیدەهێڵێت.

کامۆ لە ئەفسانەی سیزیفدا دەیەوێ خۆی لەقەرەی شتێك بدات کە ببوو بەجۆرە نەخۆشیەك، یان پەتایەکی سەردەمەکەشی، ئەویش ئەو نەخۆشییە بوو کە ژیان هیچ مانایەکی نەماوەو خاڵی بووە لەمانا، ڕەنگدانەوەی ئەم هەستەش لەزۆربەی ڕێبازو تەوژمە فیکریو ئەدەبیەکانی سەرەتاکانو دەهەکانی دواتری سەدەی بیستەمدا دەبینینەوە. هەر بۆیە ئەو ویستی لەم کتێبەدا تۆژینەوەیەکی لۆژیکیانە سەبارەت بە "پووچی" پێشکەش بکاتو بیکاتەوە بە سەرەتاگەیەك بۆ ژیانێکی دیکە. بۆیە دەشێ "ئەفسانەی سیزیف" وەکو وتارەکەی دیکارت لەمەڕ میتۆدەوە، ناوبنێین (وتارەکەی کامۆ سەبارەت میتۆد" چونکە ئەمیش لەسەر بناغەی "گومان" دادەمەزرێو هەروەها خاوەن "کۆجیتۆ"ی خۆشیەتی.

کامۆ لەسەرەتای ئەم کتێبەیدا دەڵێت "تاقە کێشەیەکی فەلسەفیی ترسناك هەیە، ئەویش خۆکوشتنە" بەڵام کام خۆکوشتنە؟ ئەو خۆکوشتنەی لە ئەنجامی پەیبردن بە بێمانایی‌و پووچیی ژیانەوە ڕوودەداتو مرۆڤ دەگاتە ئەو بڕوایەی کە ژیان ئەوە ناهێنێت مرۆڤ بژی. هەربۆیە مەسەلەی سەرەکی لەم کتێبەدا مەسەلەی پووچی‌و خۆکوشتنە.

بەڵام ئاخۆ هەستکردن بەپووچی چۆن پەیدا دەبێت؟

پووچی بەرکەوتنی هۆشە بەدیوارەکانی بێماناییدا، هەستێکە بوونەوەر دادەگرێتو تیایدا هەست بە "بۆشایی" دەکات. بەمانایەکی دی دەتوانین بڵێین ئەو هەستکردن بە نامۆیی "غەریبی"یەیە کە تیایدا ئادەمیزاد لە شتەکانو بوونەوەرەکانی دەوروبەری دادەبڕێت.

هەستکردن بەپووچی هەستێکی کتوپڕە، دەشێ لەوەختێکدا کە لە پیاسەیەکی تەنیادابین، یان لە شوێنێکی گشتیدا دانیشتووینو دیمەنی ئەوانی ترمان وەکو فیلمێکی سینەمایی دێتە پێشچاو، ئەم هەستە دامانبگرێ. ئەم ئەزموونی هەستکردن بەپووچییەش

ئەزموونێکی تاکەکەسییەو بۆ کەسێکی دی نەقڵ ناکرێ، ئیدی مرۆڤ لەوساتانەدا هەست بە جاڕسیو بێزارییەك دەکات لەژیان، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم جاڕسیو بێزارییە هۆشمەندیو ویژدان دەبزوێنێتو پرسیاری (بۆ؟) دەوروژێنێت.

ڕۆتینییەتی ژیان، دووپات بوونەوەی کارە ڕۆژانەییەکانو سروشتی میکانیکیانەی ژیان "جلوبەرگ پۆشین، ترام، چوار سەعات لە نووسینگە یا کارگە، ژەمێك خواردن، ترام، چوار سەعات کار، دوو شەممە، سێ شەممە، چوار شەممە، پێنج شەممە، هەینی، شەممە، بەهەمان ریتم.." یەکێکە لەسەرچاوەکانی هەستکردن بەپووچی.

بەڵام ئەمە تاقە سەرچاوەی هەستکردن بەپووچی نییە ، بەڵکو سەرچاوەیەکی تر هەستکردنمان بەتێپەڕینی زەمەنی تاکەکەسیی خۆمانە. ئەمەش بۆ سەرچاوەیەکی تری هەستکردن بە پووچیمان رادەکێشێت کە ئەویش "مەرگ"ە. مەرگ شتێك نییە تاقی بکرێتەوە، ئێمە ناتوانین مردن تاقیبکەینەوە، ئەوەی دەمرێ ئەزموونی مردنیش لەگەڵ خۆیدا دەبات. کەواتە مادامەکی مەرگێکی حەتمی چاوەڕێمانە، مەرگێك کە نەدەتوانین لەدەستی هەڵێینو نەدەتوانین بەتەواوی لێی حاڵی بین، داخۆ دەبێ مانای ژیان چی بێت؟!

پاشان سەرچاوەیەکی تری هەستکردن بەپووچی، هەستکردنمانە بە تەنیایی، هەستکردن بەوەی بەڕێکەوت فڕێدراویتە ناو گەردوونێکەوەو بەبێ هۆیەکی "مەعقول" تووڕ دراویتە ناو جیهانێکی نامۆوە، هەڵبەتە ئەم هەستەش لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دی جیاوازە. ئەمەش هەستێکە لای زۆر لە فەیلەسوفو نووسەرە ئیگزستانسیالیستەکان دەیبینینەوە. هەروەها هەستکردنی مرۆڤیش بەنامۆیی بەرامبەر بەخودی خۆی سەرچاوەیەکی تری ئەو پووچییەیە.

وتمان پووچی بەرەنجامی بەریەککەوتنی هۆشیاری (یان ئەقڵ) و دیوارەکانی بێهوودەیی (یان جیهان)ە، وەختێ ئەقڵ لە توانایدا نامێنێ هەموو شتەکان راڤە بکاتو لەسنوورێکدا دەوەستێ. بەڵام ئاخۆ دەروویەك هەیە بۆ قوتاربوون لە پووچی؟ بەڵێ.. دەروو هەیە.. بەڵام بەنەفیکردنی تەرەفێك لەو دوو تەرەفەی کە دەبنە مایەی پووچی، بیرمەندانو کەسانێك هەن

کە ئەوکارە ئەنجام دەدەن، بەڵام کامۆ هاوڕایان نییە . بۆ ئەمەش پەنا دەبەنە بەر دوو جۆر خۆکوشتن: خۆکوشتنی فەلسەفی‌و خۆکوشتنی جەستەیی.

خۆکوشتنی فەلسەفی چییە؟ خۆکوشتنی فەلسەفی لای کامۆ بریتییە لە نەفیکردنی "ئەقڵ"و "باوەڕهێنان" بە دونیایەك، یان ئالتەرناتیڤێکی دی کە لە "ئیمان"ەوە سەرچاوە دەگرێ.

فەیلەسوفانێکی وەکو تارتۆلیان‌و باسکاڵ‌و کیرکەگۆرو بیرمەندانێکی تریش لەم بەرەیەن. گەرچی کامۆ باوەڕی بەوە هەیە کە ئەقڵ لەشیکردنەوەیدا بۆ بوون سنوورێکی هەیە، بەڵام هەرخۆشی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەقڵ تاکە ئەڵقەیەکە لەنێوان واقیع‌و مرۆڤداو باوەڕهێنان بە ئەڵقەیەکی دی خیانەتە لە لۆژیکی پووچی، ئەو لۆژیکەی فەرمانڕەوای بوون‌و ژیانە.

هەر بۆیە کامۆ لە "ئەفسانەی سیزیف"دا ناوی کۆمەڵێك بیرمەند ریزدەکات کە هۆشیارییەکی فرەو خەستیان بە "پووچی" هەبووە، وەك کیرکەگۆرو شیستۆفو، هایدگەرو یاسپەرزو، هۆسێرل‌و شیللەر، بەڵام ئەمانە دوای ئەوەی دەگەنە ئەو باوەڕەی کە "ئەقڵ" بەرەو رێگایەکی داخراومان دەبات، رێچکەی تر دەگرنەبەر کە نەفیی ئەقڵ‌و لۆژیك دەکات. ئەمەش چارەسەرێك نییە  بۆ کێشەی "پووچی".

"خۆکوشتنی جەستەیی"یش بەهەمان شێوە رەتکردنەوەی لۆژیکی پووچییە. چونکە مرۆڤ کە خۆی دەکوژێت مانایوایە بە پووچی قایلە لەکاتێکدا دەبێ مرۆڤ هەمیشە لەپووچی ناقایل بێ‌و ژیان واتە رێبدەین پووچی بژیو بمێنێ، مرۆڤ دەبێ لەنێو دیوارەکانی "پووچی"دا بمێنێتەوە. ئادەمیزاد وەختێ خۆی دەکوژێت، نائومێدی بۆ ئەو کارە هانی دەدات، بەڵام مرۆڤی ئەبسێرد "پووچی" ئومێدی نییە ، لەبەر ئەوەی نازانێ ئومێد چییە، هەربۆیە خۆی ناکوژێت.

کەواتە خۆکوشتن نەفیکردنی "پووچی"یەو هەڵاتنە لەم دونیایەی بێجگە لەو هیچی دی شك نابەین، مەزنی مرۆڤیش لەوەدایە بەرامبەر بە "پووچی" سەرکەشو یاخی بێتو لەئاستیدا خودی خۆی بسەلمێنێت.

جگە لەوە خۆکوشتن پرسیار دەکوژێت، لەکاتێکا رەتکردنەوەی خۆکوشتن پێداگرتنی مرۆڤە لەسەر پێداویستیی پرسیارکردنو ژیان لەناو گرفتامێزیی بوونو پرسیاری بەردەوامداو ئابڕوومەندیی ئادەمیزادو گەورەیی ئیرادەشی بەمانەوە بەندە.

کەواتە ژیان لەناو "پووچی"دا واتە ژیان لەناو یاخیبوونێکی هەمیشەیدا، یاخیبوونی بەردەوامی مرۆڤ دژ بە تەواوی ئەو شتانەی دەیانەوێ لە ئینسانییەتی کەمبکەنەوە.

## پاڵەوانەکانی پووچی:

کامۆ لە "ئەفسانەی سیزیف"دا چەند نموونەیەك دەهێنێتەوە کە تیایاندا پاڵەوانی پووچی بەرجەستە دەبێ، کە ئەمانەن:

- دۆن جوان: دۆن جوان کەسێتییەکە کە بەردەوام خۆشەویستی لای دووپات دەبێتەوە، خۆشەویستییەك نەك ئایدیالیستیانە، بەڵکو خۆشەویستییەکی ئیرۆتیکانە. ئەو کاتێك ئافرەتێك خۆشیدەوێتو پێی دەڵێت "دواجار من خۆشەویستیم پێ بەخشیت، لەوەڵامدا دەڵێ: مەڵێ دواجار، بەڵکو بڵێ جارێکی دیکە".

دۆن جوان هەموو ساتەکانی ژیانی بەجۆشو خرۆشەوە دەژیو بەردەوام لەگەڵ ساتەکاندا تازە دەبێتەوە. ئەو باوەڕی بە "ئاکاری چەندێتی" هەیە نەك "ئاکاری چۆنێتی" و هەمیشە لەهەوڵی گۆڕانکاریی ساتەکانی ژیانیدایە بەو مەبەستەی فرەچەشنی بکات. هەربۆیە باوەڕی بە ئەوهامو خەیاڵاتو خۆشەویستیی ڕۆمانسیانە نییە و، وادەڕوانێتە خۆشەویستی کە نابێ لەسەر تاقە کەسێك پاوان بکرێ.

 ئەکتەر: شەکسپیر لەسەر زمانی ماکبێسەوە دەڵێت: "ئەی مۆمە چکۆلەکە بکوژێوە! ژیان سێبەرێکە دەڕوات، ئەکتەرێکە سەعاتێک لەسەر شانۆ دەلەنگێو دێتو دەچێو پاشان خامۆش دەبێ، بەسەرهاتێکە گێلێک دەیگێڕێتەوە، پڕە لە هەرواژەناو توندوتیژییەکی بێمانا".

لای ئەلبێرکامۆش کەسێتیی ئەکتەر نموونەیەکی تری پاڵەوانەکانی ئەبسێرد (یان پووچی)ە. چونکە ئەکتەر گەرچی ئەو حەقیقەتە دەزانێ کە ئەو دەورەی لەسەر تەختەی شانۆ دەیبینێت لە دوو سەعات تێناپەڕێتو بۆ ماوەیەک هەمان دەور چەندبارە دەکاتەوە، کەچی بەوپەڕی تواناو هەستو سۆزو ویژدانەوە دەیەوێت ئەوساتانەی دەورەکەی بژی، هەروەها سوور ئەوەش دەزانێت کە ئەو کارەی ئەم دەیکات نەمر نییە و پەردەی شانۆی بەسەردا دادەدرێتەوە، کەچی کۆشش دەکات بەوپەڕی راستگۆییەوە ئەو ساتانە بژی. هەربۆیە دیوارەکانی شانۆکە دەبنە "دیوارەکانی بێهودەیی"و شانۆکەش خۆی رەمزی ژیان، یان واقیعەو پەردەکەش رەمزی مەرگە.

 فەتحکار (الفاتح):

نموونەی سێیەمی پاڵەوانی پووچی لای کامۆ کەسێتیی فەتحکارە. کە لە "ئەفسانەی سیزیف"دا چەند لاپەڕەیەکی بۆ تەرخانکردووە.

کامۆ مەبەستی لەم کەسێتییە سەرکردەی سەربازی نییە ، بەڵکو مەبەستی لەو ئادەمیزادە جەربەزەیەیە کە هۆشیارییەکی فرەی بە تەنیایی میتافیزیکی هەیەو بەدوا رێیەکدا دەگەڕێت تا لەخودی خۆی رابکات، ئەم سیفەتەش لەهەردوو پاڵەوانەکەی تری پووچیدا، واتە دۆن جوانو ئەکتەردا دەبینینەوە. ئەم کەسێتییە کەسێتییەکی یاخییە، بەڵام یاخیبوونەکەی هەوڵێک نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پووچی، هەروەها وەکو سەرکردە مێژووییەکانی کۆن نییە بچێت خاکو زەوی داگیربکات، هەر بۆیە نموونەی ئەم پاڵەوانە

پرۆ**میثیوسە** نەك ناپلیۆن. ئەوەی (فەتحکار) دەیکات لە پێناوی مرۆڤو بەها مرۆڤایەتیەکاندایە.

- داهێنەر:

نموونەی چوارەمی پاڵەوانی پووچی کەسێتیی داهێنەرە، بگرە داهێنەر لەهەموو ئەوانی تر زیاتر بەرجەستەی مرۆڤی ئەبسێرد دەکات. چونکە بەلای داهێنەرەوە کاری هونەری ئامرازێکە بەدەست هۆشیارییەوە، کە لەڕێیەوە ژیانو دونیا دەخولقێنێتەوەو ناڕەزامەندی بەرامبەر چارەنووسی مرۆڤایەتی دەخاتەڕوو.

پاش ئەم نموونانە کامۆ دێتەوە سەر سیزیف کە هەموو ئەم وێنانە لەخۆیدا کۆدەکاتەوەو دەبێتە پاڵەوانێکی نموونەیی بۆ پووچی.

سیزیف دوای ئەوەی دەمرێت، ئیزن لەپلۆتۆ دەخوازێ تا بۆ ماوەیەکی کورت رێی پێبدات بگەڕێتەوە بۆ سەرزەوی تا تۆڵەیەکی خۆی بسەنێتەوە. بەڵام وەختێ دەگەڕێتەوە سەرزەوی، زۆر جوانو چێژبەخش دەیبینێتو لە بەڵێنەکەی پەشیمان دەبێتەوەو ناگەڕێتەوە بۆ دونیای مردووان. بەرامبەر بەمە خواوەندەکان لێی تووڕە دەبنو حوکمی ئەوەی بەسەردا دەدەن کە دەبێ بۆ هەتا هەتایە تاشەبەردێکی گەورە بەکۆڵ بۆ سەر لوتکەی شاخێك بەرێتو دوایی کە لەوێوە بۆ نشێوەکە خل دەبێتەوە، هەمدیسان بیداتەوە بەکۆڵیا بۆ سەر لوتکەی شاخەکەو ئیدی بەمجۆرەو بۆ هەمیشە دەبێ ئەو کارە ئەنجامبدات.

بەلای کامۆوە ئەمە پاداشتی سیزیفە لەبەر ئەوەی رقی لەخواوەندەکان دەبێتەوەو هەروەها لەمردنو، ژیانیشی زۆر خۆشدەوێت. ئیدی ئەمە ئەو ئازارەیە کە بەرامبەر چێژو جوانییەکانی زەمین دەبێ بیچێژێت.

## 2-مرۆڤی یاخی:

**"کاتێ لە ئەفسانەی سیزیفدا هەستکردن بە پووچیم شیکردەوە، بەدوا میتۆدێکدا دەگەڕام، نەک ڕێبازێک. پرۆسەی گومانی میتۆدییانەم پراکتیک دەکرد، ئەو پرۆسەی "رووپێوان-مسح"ەی کە دەکەوێتە پێش هەر پرۆسەیەکی بیناکردنەوە"**

**-ئەلبێر کامۆ-**

ئەگەر (ئەفسانەی سیزیف) لێکۆڵینەوەیەك بێت سەبارەت بە چەمکی پووچی و خۆکوشتن، ئەوا (مرۆڤی یاخی) لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بە یاخیبوون و کوشتن.

لەکاتێکدا مرۆڤ بڕوای بەهیچ مانایەك نەمێنێ بۆ ژیان و بیانوو بۆ کوشتن بهێنێتەوە، دەکرێ هەمان بیانووش بۆ کوشتنی کەسانی دی بهێنێتەوەو لەبەرگی کوشتنێکی لۆژیکیانەدا بیخاتەڕوو.

هەر بۆیە دەبینین لەسەدەی بیستەمدا چەندەها تاوانی گەورە بەناوی عەقڵ و بەناوی خۆشەویستیی مرۆڤ و رەگەزێکی باڵاتر لەڕەگەزەکانی ترەوە کراوەو لەژێر ئاڵای ئازادیدا ئۆردوگای کۆیلە سازکراوە.

بەڵام جارێ باپرسین: مرۆڤی یاخی کێیە؟

مرۆڤی یاخی مرۆڤێکە دەڵێ: نەء. کە ڕەتیشدەکاتەوە، دەسبەردار نابێ. ئەو مرۆڤێکە دەشڵێت: بەڵێ، هەر لەیەکەم هەنگاوەوە. ئەو "نەء" ە جەخت لەسەر بوونی "سنوور"ێك دەکات کە نابێ بەرامبەر بیبەزێنێت. ئەم وتنی "نەء"ە خۆی لە خۆیدا هەڵگری بەهایەك

یا چەند بەهایەکەو ڕەتکردنەوەی حاڵەتێك یان بارێکی تره. کۆیلەیەك وەختێ ئەو فەرمانە ڕەتدەکاتەوە کە گەورەکەی بەسەریدا دەدات، لەهەمانکاتدا ئەو حاڵەتی کۆیلایەتیەش ڕەتدەکاتەوەو داوای ئەوە دەکات بەیەکسانی لەگەڵ گەورەکەیدا تەماشا بکرێ. بۆیە جۆرە هۆشمەندییەك لەگەڵ یاخیبووندا لەدایکدەبێت. هۆشمەندییەك بە "خود"و بە بەها، یان بە "ماف"ێك کە مرۆڤی یاخیبوو دەشێ ئامادەبێت لەپێناویدا بشمرێت. کەواتە ئەومافە دەخاتە سەرووی خودی خۆشیەوەو دەبێتە بەشێك لەمافێکی گشتی، یان "سروشتێکی مرۆیی" وەکو ئەوەی کاتی خۆی گریکەکان باوەڕیان پێی هەبووە.

کەواتە بزاوتی یاخیبوون لەگەوهەردا بزاوتێکی خۆپەرستانە نییە ، هەروەها مەرج نییە بەتەنها لای کەسی چەوساوە سەرهەڵبدات، بەڵکو دەشێ بەبینینی دیمەنی چەوساندنەوەی کەسانی تریش سەرهەڵبدات. هۆیەکانی سەرهەڵدانی یاخیبوونیش لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکو لەژیارێکەوە بۆ ژیارێکی دی دەگۆڕێت، هەر بۆیە لەکۆمەڵگای تەوتەمپەرستیو شتە بەپیرۆزکراوەکاندا کێشەی یاخیبوون نابینینەوە، چونکە وەڵامی هەموو شتەکان لەپێشدا دراونەتەوەو پرسیار لەگۆڕێ نەماوە، بەڵکو وەڵامی ئامادەو راڤەی ئامادە. لەبەر ئەوە مرۆڤی یاخی ئەو مرۆڤەیە کە بەر لە جیهانی تەوتەمپەرستیو دوای جیهانی تەوتەمپەرستی هەیەو، داوای دۆخێکی مرۆیی وەها دەکات کە تیایدا تەواوی وەڵامەکان مرۆیی بن. کەواتە دەتوانین بڵێین بە لای فیکری مرۆییەوە دوو جیهان هەیە، جیهانی شتە بەپیرۆزکراوەکانو جیهانی یاخیبوون، ئامادەنەبوونی یەکێکیان ئامادەبوونی ئەویتریان دەگەیەنێ.

وتمان مرۆڤ کە یاخی دەبێت، بەناوی بەهایەکەوە یاخی دەبێت، بەڵام ئەم بەهایە چەند بەهایەکی تاکەکەسییە، هێندەش بەهایەکە تاکەکەس بە مرۆڤایەتییەوە دەبەستێتەوە. ئەگەر لە ئەزموونی هەستکردن بە پووچیدا ئازارەکە ئازارێکی تاکەکەسی بێت، ئەوا لە ئەزموونی یاخیبووندا ئەو ئازارە دەبێ بەئازاری کۆمەڵێکو چارەنووسێکی هاوبەش.

هەربۆیە ئەزموونی یاخیبوون رۆڵی هەمان کۆجیتۆکەی دیکارت دەبینێت، بەڵام لەقەڵەمڕەوی یاخیبووندا و کۆجیتۆی مرۆڤی یاخی دەبێت بە:

من یاخی دەبم، کەواتە ئێمە هەین.

کتێبی "مرۆڤی یاخی" ساڵی 1951 لە فەرەنسادا چاپ کرا. ئەم کتێبەی کامۆ لەگەڵ بڵاوبوونەوەیدا بووە مایەی مقۆمقۆو لێدوانو تەنانەت لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری "سەردەمە نوێکان" بووە گفتوگۆیەکی گەرم لەنێوان سارتەرو کامۆدا.

کامۆ لەم کتێبەدا سەبارەت بە یاخیبوونو شۆڕش دەدوێتو لە جۆرەکانی یاخیبوونو شۆڕش دەتۆژێتەوە. بەلای کامۆوە زۆربەی شۆڕشە تازەکانیش لەسەر بنچینەی کوشتنو تیرۆر دامەزراونو لەدوا ئەنجامەکانیشیاندا بەدیکتاتۆریەت شکاونەتەوە. هەر بۆیە ئەو کوشتنو تیرۆرانە هەندێجار بەناوی "ئەقڵ"ەوە کراونو هەندێجاریش لە "نائەقڵ"ەوە سەرچاوەیان گرتووە. بۆیە تیرۆری ئەقلانیمان هەیە کە رێگایەکی ئەقلانیو لۆجیکی دەگرێتەبەر (کە بە بۆچوونی کامۆ ئەوە لە مارکسیزمدا بەرجەستەبووە)، هەروەها تیرۆرێك هەیە کە لە نائەقڵەوە سەرچاوە ئەگرێو ئەمەشیان لە نازیزمو فاشیزمدا خۆی بینیوەتەوە.

هەربۆیە کامۆ "یاخیبوون" بەسەر "شۆڕش"دا پەسەند دەکات، یاخیبوونێك کە لە کۆمەڵێك بەهای مرۆییەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە گەر کۆمەڵێك بەها نەبێت ئیدی مرۆڤەکان هەواو هەوەس دەکەنە پێوەر بۆ تەواوی چاکەو بەدییەکان.

کامۆ دوای ئەوەی یاخیبوون بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکات:

1-یاخیبوونی میتافیزیکی.

2-یاخیبوونی مێژوویی

لە ئەنجامی شیکردنەوەیانەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە یاخیبوونی میتافیزیکی کە بەناوی ئازادیی مرۆوە دەستپێدەکات بەلافێکی زێدەڕۆ بۆ ئازادیو پاشان بەستەم دژبە کەسانی دی کۆتایی دێ. هەروەها یاخیبوونی مێژووییش بەناوی دادپەروەرییەوە

دەستپێدەكاتو بە تیرۆرێكی ئاراستەكراو دژ بە ئازادیی تاك كۆتایی دێت. هەربۆیە هەر یاخیبوونێك بەناوی ئازادیی رەهاو دادپەروەریی رەهاوە پیادەبكرێ یاخیبوونێكە دژبە مرۆڤو مرۆڤایەتی دەشكێتەوە، لەبەر ئەمە یاخیبوونی دروست هەمیشە رێژەییەو بەناوی كۆمەڵێك بەهای رێژەییەوە پیادە دەكرێ.

## یاخیبوونی میتافیزیكی:

یاخیبوونی میتافیزیكی شۆڕشی مرۆڤە دژ بە دۆخی خۆیو دژ بە هەموو گەردوون. بۆیە پێیشی دەوترێ میتافیزیكی لەبەرئەوەی باوەڕی بە مەبەستێك نییە لەودیو مرۆڤو گەردوونەوە. كۆیلە دژ بە باری كۆیلایەتی یاخیدەبێت. بەڵام یاخیبووی میتافیزیكی دژ بەو دۆخەی كەوەكو "مرۆڤ" تیایەتی یاخیدەبێت.

یاخیبووی میتافیزیكی لەنێو داروپەردووی جیهاندا خوازیاری یەكێتییە. ئەو بەپێی ئەو پرنسیپی دادپەروەرییەی لەناو خودی خۆیدا هەیە دژ بەو ستەمە دەوەستێتەوە كە لەدونیادا هەیە. هەروەكو پێشتر وتمان بەلای كامۆوە یاخیبوون لەجیهانی (یان سەردەمی) شتە بە پیرۆزكراوەكاندا نایەتە گۆڕێ، بۆیە لەمێژووی یاخیبوونی میتافیزیكیشدا ئەم پەیوەندییە لەنێوان یاخیبوونو ئاییندا دەبینینەوە.

بەبۆچوونی كامۆش (مێژووی ژیاری خۆرئاوا) بریتییە لەكۆمەڵێك قۆناغی تەبایی میتافیزیكی كە بەدوایدا یاخیبوونی میتافیزیكی دێ. لەقۆناغی تەبایی میتافیزیكیدا مرۆڤ تەباو قانعە بەخواو سروشتو وەڵامەكانی ئایینو هەست بە ئولفەت دەكات، لەقۆناغی یاخیبوونی میتافیزیكیشدا بە پێچەوانەوە، مرۆڤ لەگەڵ خوادا تەبا نییە و بەوەڵامەكان قانع نییە و هەست بە بێگانەبوون دەكات.

هەربۆیە یاخیبوونی میتافیزیکی گەرچی بەشێوەیەکی توندوتۆڵ لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا هاتە ئاراوە.. بەڵام ئادەمیزادە دێرینەکانیش لێی بیئاگا نەبوون، ئەوەتانێ میتۆلۆجیای یۆنانی بەرزترینو ئابڕوومەندترین نموونەی یاخیبوونی میافیزیکیی لە کەسێتی "پرۆ**میثیوس**"دا بۆ خستووینەتەڕوو.

هەروەها بەر لەوەی ئایینی مەسیحیەت بێتو قۆناغی پیرۆز دەستپێبکات، لەکۆتاییەکانی ژیاری یۆنانیو ڕۆمانیدا ئەبیقۆرو لۆکریس هەڵوێستی یاخیبوونیان دژبە باری مرۆیی نواند.

بەهاتنی مەسیحو مەسیحیەت "قۆناغی پیرۆز" دەستپێدەکاتو چەند سەدەیەك دەخایەنێت. "مەسیحیش" هات تا دوو کێشەی سەرەکی چارەسەربکات، کێشەی بەدیو مەرگ، ئەمانەش دوو کێشەکەی یاخیبووانن". لەبەر ئەوەی مەسیح وەکو خواوەند- مرۆڤ هات، ئەویش وەکو ئادەمیزاد بەرگەی ژانو ئازار دەگرێ. بۆیە ناکرێ بەسەرچاوەی بەدیو مەرگی لەقەڵەم بدەین، چونکە خۆشی ژان دەچێژێو دەمرێ.

## ڕەتکردنەوەی ڕەها:

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا ئەدیبێکی وەکو مارکیز دی ساد دەبینینەوە، کە کامۆ وەکو یەکێك لە نموونەکانی یاخیبووی (یان ڕەتکەرەوەی) ڕەها دەیهێنێتەوە. مارکیز دی ساد بەناوی غەریزەی سێکسەوە مرۆڤو ئاکاری مرۆییو تەنانەت خوداش ڕەتدەکاتەوە "بەلای ئەوەوە سروشت بریتییە لە سێکسو، بەمجۆرە ئەم لۆجیکە بەرەو جیهانێکی بێیاسای دەبات، کە تیایدا تەنها وزەی شەهوەتی سێکسی فەرمانڕەوایە". یاخیبوونی ساد لە مەبدەئێکەوە سەرچاوەی نەگرتبووە، بەڵکو وەکو وتمان لەغەریزەی سێکسیەوە، بۆیە گەیشتە ئەوەی بەرگری لەتاوان بکاتو تەواوی بەها ئاکارییەکان پێشێل بکات.

پاشان کامۆ دێتەسەر ڕۆمانسیەکانو دەڵێت "پاڵەوانی ڕۆمانسی بەقووڵی چاکەوخراپە پێکەوە تێکەڵدەکات، بەڵکو بەشێوەیەکی ئایینیش. ئەو باوەڕی بە قەزاو قەدەرە، لەبەر ئەوەی قەدەر چاکەو خراپە تێکەڵ دەکات بەبێ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ بەرگری لەخۆی بکات."

پاڵەوانی ڕۆمانسیش باوەڕی بەقەزاو قەدەر هەیە، چونکە چەند بەهێزترو بلیمەتتر بێت، هێزی خراپەی تێدا گەورەتر دەبێ. پاڵەوانی ڕۆمانسی واخۆی دادەنێت ناچار بێت خراپە بکات تا چاکەیەکی ئەستەم بکات. بۆیە ئیدی چاکەو خراپەی لادەبێ بەیەك.

لەکاتێکدا یاخیبووی ڕۆمانسی تەنها بەناوی خۆیەوە یاخیدەبێت، دەبینین ئیڤان کارامازۆڤ کە یەکێکە لە پاڵەوانەکانی ڕۆمانی "برایانی کارامازۆڤ"ی دۆستۆیڤسکی بەناوی خەڵکو بێگەردیی منالانەوە یاخیدەبێت. بەناوی دادپەروەریو بەهای ئاکارییەوە دژ بە یەزدان یاخیدەبێت. "هەرچی زانستە لەگەردووندا ناکاتە فرمێسکی منالان" هەربۆیە ئیڤان دەڵێت "یان هەموو شتێك، یان هیچ". جا لەبەر ئەوەی مردن حوکمێکی قورسە بەسەر مرۆڤدا دراوەو منالان بێ هۆ ئازار دەچێژنو دەمرن، ئیڤان بوونی دادپەروەریی خودایی ڕەتدەکاتەوە، چونکە بەڕێی ئەو گەر ئەو دادپەروەرییە هەبووایە، یان خۆی هەبووایە ئادەمیزادەکان بەوجۆرە ئازاریان نەدەچەشتو منالان بەبێ هۆ نەدەمردن. بەم شێوەیە ئیڤان نموونەی بەرجەستەکردنی "ڕەتکردنەوەی ڕزگاربوون"ەو دەگاتە ئەوەی "گەر یەزدان نەبێ، هەموو شتێك ڕەوایە". بەمجۆرە ئیڤان بەڕەتکردنەوەی لۆجیکی یەزدانیو ڕەوایەتیدان بەهەموو شتێك لەنائامادەگیی ئەودا، سەرئەنجام شەرعیەت بە کوشتنیش دەداتو بەتایبەتیش کوشتنی باوکی.

یاخیبوونی میتافیزیکی لای ئیڤان کارامازۆڤ تا ئەوپەڕی دەڕوات. چونکە مادامەکی یەزدان لای ئیڤان شەرعیەتی نامێنێت، مرۆڤ دەبێ جێی بگرێتەوەو هەموو شتێك بەڕەوا بزانێو جگە لە یاسای خۆی هەموو یاسایەکی دیکە ڕەتبکاتەوە. بەمجۆرە یاخیبوون لای

ئیڤان دەگاتە لۆجیکێکی نامرۆیی کە دەرگا بەڕووی ڕەوایەتیدان بە کوشتنو تاواندا دەکاتەوە.

## قبوولکردنی ڕەها:

فریدریش نیچە لەبری پەیڕەویکردنو پراکتیزەکردنی گومانی میتۆدییانە، پەیڕەویی لەرەتکردنەوەی میتۆدییانە کردو بەڕاگەیاندنی مەرگی خواوەند ویستی ئەوە بسەلێنێت کە مرۆڤ دەتوانێ بەبێ باوەڕهێنان بەشتێك بژی، بەمەرجێك باوەڕ لەدەستدان بکاتە ڕێبازو نیهیلیزم تا ئەوپەڕی بەرێت.

هەربۆیە فەلسەفەی نیچە فەلسەفەیەکە سەبارەت کێشەی یاخیبوون، یاخیبوونێك کە لە "خواوەند مرد"ەوە دەستپێدەکات، بەلاَم وەختێ خواوەند نەبێ، کەواتە هیچ مەبەستێك لەودیو ژیانو گەردوونەوە نییە و هیچ یاسایەکیش لەگۆڕێ نییە . لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشێ کە مرۆڤ چۆن دەتوانێ بەئازادیو بەبێ یاسا بژی؟ نیچە لەوەلاَمدا دەڵێت بەوەی کە ئادەمیزاد ئامێز بەژیاندا بکاتو بەژیان بڵێت "بەڵێ". هەموو شتەکانمان پێ قبووڵ بێت.

بەلاَم ئەم قبوولکردنە ڕەهایەی شتەکانی ژیان، نەك تەنها چاکە، بەڵکو خراپەش دەگرێتەوە، پاساودانێك دەبێ بۆ تاوانیش. بۆیە بەبۆچوونی کامۆ قبوولکردنی ڕها لای نیچە جۆرێکە لەجۆرەکانی لادان (انحراف)ی یاخیبوون لە لۆژیکی راستەقینەی خۆی.

دواتر کامۆ دێتە سەر چەمکی یاخیبوون لە شیعرداو بەتایبەتیش لای شاعیران لۆتریامۆنو رامبۆو سوریالیستەکان. ئەوەتانێ لە "سروودەکانی مالدۆرۆر"ی لۆتریامۆندا، مالدۆرۆر وەکو یاخییەکی ڕۆمانسی دوای ئەوەی لەدادی یەزدانی نائومێد دەبێت، دەبێتە لایەنگری خراپە، هەربۆیە "سروودەکان" پاڕانەوەیەکی راستەقینەن بۆ خراپە. تیایاندا هێرش دەکرێتە سەر گەردوونو خولقێنەریان، سروودەکان بە پیرۆزیی تاواندا هەڵدەدەن.

رامبۆش بەتەنها لە بەرهەمەکانیدا شاعیری یاخیبوون بوو "مەزنیی رامبۆ لەو هاوارانەیدا نەبوو کە یەکەمجار لە شاری شارلفیل کردنی، هەروەها لەوکارە بازرگانیانەشیدا نەبوو کە لەحەرەر (لەحەبەشە) ئەنجامیدان، بەڵکو لەوەدایە کە سەمەرەترین گوزارشتی راستەقینە لەیاخیبوون دەکاتو سەرکەوتنو غەمی خۆی بەرجەستە دەکاتو ئەو ژیانەی کە خافڵە لەجیهان- و ئەو جیهانەی قوتاربوون لێی نییە "، بەڵام دواتر دەبینین رامبۆ (ئەم شاعیرە نەفرەت لێکراوە) هەرخەمی پارەو پرۆژە بازرگانییەکانێتی.

سوریالیزمیش بریتی بوو لە "یاخیبوونێکی رەها، سەرپێچیکردنێکی تەواو، وێرانکردنی دیسپلینکراو، هەوەسێکی گاڵتەجارانەو پەرستنی پووچی.." سوریالیزم رەتکردنەوەیەکی رەهای ژیان بوو. هەموو رەتکردنەوەیەکی رەهاش بەتاوان کۆتایی دێ، بۆیە ئەوەتانێ ئەندرێی پرۆتۆن لەساڵی 1933دا دەڵێت: سادەترین کردەوەی سوریالیانە ئەوەیە بچیتە سەرشەقامو دەمانچەیەکت بەدەستەوە بێتو کوێرانە تەقە لەخەڵك بکەیت. بەمجۆرە پەرستنی نەست (لاشعور)و دژایەتیکردنی ئەقڵ دەبێتە دەستووری کار لای سوریالیستەکان.

## یاخیبوونی مێژوویی:

بەلای کامۆوە یاخیبوونی مێژوویی، یان بە دەربڕینێکی دیکە بڵێین شۆڕشەکان، هەر لە شۆڕشی کۆیلەکانو کوشتنی شاکانەوە تادەگاتە شۆڕشەکانی سەدەی بیستەم. درێژکراوەی یاخیبوونی میتافیزیکین، چونکە ئەم شۆڕشانە ویستوویانە ئەو عەدالەتە رەهایەی کە لەدونیادا نییە بیهێننەدی. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەجیاوازیی نێوان چەمکی یاخیبوونو چەمکی شۆڕش لای کامۆ بکەین:

شۆڕش لە بیرۆکەوە دەست پێدەکاتو ئاخنینی فیکرە بۆ نێو ئەزموونی مێژوویی‌و گۆڕینی ریشەیی تەواوی داموو دەزگاکانی حکومەتی حوکمڕانە.

بەڵام یاخیبوون لە ئەزمورنەوە بەرەو فیکر دەستپێدەکاتو بەناوی کۆمەڵێك ئایدیای رەهاوە نادوێت.

جا لەبەر ئەوەی ئەم شۆڕشانە خوازیاری رەهاییەکن لە ئامانجەکانیاندا، رەهاییەك کە لە ئەنجامی نائامادەگیی خواوەندەوە هاتۆتە گۆڕێ، هەربۆیە ئەم شۆڕشانەش لەدەرئەنجامدا میتافیزیکین (تەنانەت ئەو شۆڕشانەی لافی ئەوپەڕی ماددیەتیش لێ دەدەن) لەدواجاریشدا بەرەو ئەنجامی ترسناکمان دەبەن.

خیانەتکردن لە لۆژیکی یاخیبوونیش (کە بەڕێی کامۆ لۆژیکێکە پشت بە میانڕەوی "اعتدال" دەبەستێ) ئەنجامی خەتەرناکی لێ دەبێتەوە، هەربۆیە شۆڕشگێڕان چەند ئامانجەکانیان ئابڕوومەندە، دەبێ وەسیلەکانیشیان هێندە ئابڕوومەند بێ، نابێ ئێستا بکرێ بەقوربانی ئایندە، نابێ بەناوی بەختەوەرییەکەوە کە (دەشێ) لە ئایندەدا بۆ خەڵکانێك بێتەدێ (دەشێ نەیەتە دیش) ئەمڕۆ بەسەدانو هەزاران کەس بکەین بەقوربانی.بەمجۆرەو لەم روانگەیەوە کامۆ دێتو یاخیبوونە مێژووییەکان، هەر لە یاخیبوونی سپارتاکۆس‌و شۆڕشی کۆیلەکانەوە تا شۆڕشی فەرەنساییو شۆڕشەکانی سەدەی بیست دەخاتە بەر هەڵسەنگاندن.

"زۆربەی شۆڕشەکان شێوە رەسەنایەتیی خۆیان لە تاوانی کوشتندا دەبیننەوە. بەڵام هەندێکیان جگە لەوە کوشتنی شاو کوشتنی خواوەندیشیان ئەنجامداوە."

کامۆ وەختێ سەبارەت کوشتنی شا لەسەردەستی فەرەنساییەکان دەدوێت، دەربارەی ئەو تیۆرانەش دەدوێت کە رێخۆشکەربوون بۆ ئەو حاڵەتە تا دەگاتە نووسینەکانی جان جاك رۆسۆ، بەتایبەتیش کتێبی "پەیمانی کۆمەڵایەتی". "تا دەرچوونی پەیمانی کۆمەڵایەتی، خوا ئەو شایانەی دروستدەکرد کە ئەوانیش خەڵکیان دروستدەکرد.

بەڵام لە پەیمانی کۆمەڵایەتی بەدواوە، گەلان بەر لەوەی شاکانیان دروستبکەن خۆیان دروستدەکرد". هەر بۆیە شۆڕشی فەرەنسایی کەلە ساڵی 1789وە دەستیپێکرد ئەو مافە خوداییەی لەشا سەندەوەو بەناوی "ئەقڵ"و "رەندی- فەزیلەت"ەوە ئەو مافە رەهایەی دایە دەست گەل. هەربۆیە کامۆ لە سێدارەدانی شالویسی شانزدەهەم بە "خاڵێکی وەرچەرخانی گەورە لەرەوتی شۆڕشدا لەقەڵەم دەدات، لەبەر ئەوەی سەرەتای ئەفەرۆزکردنی لایەنی رۆحیی مێژوو و بەعیلمانیکردنی خواوەندە" بەمانایەکی دی سەندنەوەی رەهاییە لەخواوەندو بە خشینێتی بە ئیرادەی گەل. بەڵام کامۆ دەڵێت وێڕێی جەختکردنەوەی شۆڕشی فەرەنسایی لەسەر ئەقڵو رەندی، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم قایلبوو بەوەی پەیڕەوی لە سیاسەتی ستەمو تۆقاندن بکات.

سان جۆست کە لە راڤەکەرانی رۆسۆ بوو وتویەتی: "هەموو بەردەکان لەپێناوی تاقی ئازادیدا تاشراون، بەهەمان ئەو بەردانە دەتوانن پەرستگایەك بۆ ئازادی بنیادبنێنو بەپێچەوانەشەوە دەتوانن گۆڕێکی بۆ دروستبکەن" هەمان پرنسیپەکانی "پەیمانی کۆمەڵایەتی" بوونە ریخۆشکەر بۆ بیناکردنی ئەو گۆڕەی کە دواتر ناپلیۆن پۆناپارت هات تا قایمی بکات.

پاش کوشتنی شاکان لەسەدەی نۆزدەهەمدا، کوشتنی خواوەند دێ لەسەدەی بیستەمدا. ئەو بکوژانەی خواوەند کە ویستیان سەرزەمین بکەن بەو بەهەشتەی تیایدا ئادەمیزاد خۆی دەبێتە خواوەند. بەمجۆرە ئەم یاخیبووانەش تائەوپەڕی یاخیبوون رۆیشتنو ناپاکییان بەرامبەر لۆژیکی یاخیبوون کرد.

کامۆ دەڵێت بەگوێرەی فەلسەفەکەی هیگل مرۆڤ خۆی چارەنووسی خۆی دیاری ناکات، بەڵکو رەوتێکی حەتمیی مێژوو کە رووداوەکان بەڕێوە دەبات، چارەنووسی ئەویش دیاریدەکات. کەواتە ئەم بەخودایی کردن (تألیە)ەی مێژوو بە پێویست هەق دەخاتە پاڵ ئەوانەی سەرکەوتن بەچنگ دەهێنن، لەبەر ئەوەی مێژوو وای دەوێتو ئەمەش پێویستە بۆ

رزگارکردنی مرۆڤایەتی لە کۆتاییدا. هەرئەمەش بوو کە ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم قۆستییەوە، بەپێی ئەو ئایدیۆلۆژیایە مادامەکی مێژوو دواجار رزگاری بۆ مرۆڤایەتی دەهێنێت، کە ئەو رزگارییەش خۆی لە کۆمەڵگایەکی بێ چیندا دەبینێتەوە، کەواتە بۆ پەلەکردن لە وەدیهێنانی ئەو رزگاریەو ئەنجامدانی ئەو پرۆسە مێژووییە پەنابردن بۆ هەر وەسیلەیەك رەوایە، هەر لێرەشەوە رەوایەتیی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دێ.

کامۆ پاش ئەوەی سەبارەت ئاژاوەخوازە ڕووسەکانی وەك بیزاریفو باکۆنینو نیچاییف دەدوێت، دێتە سەر ئەو یاخیبووانەی کە پێدەچێت بەتەنها لەوان رەزامەند بێتو لەکتێبەکەیدا ناویان دەنێت "بکوژە بە بەزەییەکان".

ئەمانەش کۆمەڵێك لاو بوون وەك" کالیاییڤ، دۆرا بریلیانت... هتد کە ساڵی 1905 دۆقی گەورە "سیرج" یان کوشت. جێی ئاماژەیە کە کامۆ لەشانۆنامەیەکیشدا کە ناوی "دادپەروەرەکان"ە هەمان ئەم لاوانە وەك نموونەی یاخیبووی راستەقینە دەخاتەڕوو. ئەم لاوانە گەرچی بۆ ئامانجی دوور خەباتیان دەکردو ئومێدیان بە پاشەڕۆژێك هەبوو کە ئامانجەکانیان تیایدا بێتەدی، بەڵام شێوازی خەباتو وەسیلەکانیان ئابڕوومەندانە بوو. ئەمانە گەرچی باوەڕیان بەشێوازی تیرۆری سیاسی هەبوو، بەڵام هەرگیز ئافرەتو مناڵیان نەدەکوشت. هەر لەو شانۆنامەیەدا وەختێ سەعاتی سفر دێو ماشێنەکەی دۆق بەشوێنی دیاریکراودا تێدەپەڕێ کالیاییڤ دەبێ نارنجۆکەکەی بۆ فڕێ بداتو بیکوژێت، بەڵام کە چاوی بەدوو مناڵ دەکەوێ لەنێو ماشێنەکەدا، نارنجۆکەکە فڕێ ناداتو دواتر کە لێی دەپرسن بۆ کارەکەی ئەنجام نەدا لەوەڵامدا دەڵێت:

"کوشتنی مناڵان شتێکە لەگەڵ شەرەفی ئادەمیزاددا ناگونجێ، خۆ گەر شۆڕشەکەمان دەسبەرداری ئەو شەرەفە بوو، ئەوا منیش دەسبەرداری شۆڕش دەبم". بۆیە بەبۆچوونی کالیاییڤ ئامانجەکانی شۆڕش چەند پیرۆزبن، دەبێ شێوازو وەسیلەکانیش هێندە پیرۆزو مرۆڤدۆستانەبن.

لێرەوە کامۆ دێتە سەر شۆڕشەکانی سەدەی بیست کە لە ئەنجامدا دەوڵەتی تیرۆریان بەرهەمهێناوە، جا ئیدی ئەو تیرۆرە نائەقڵانی بوبێت (وەك لەفاشیزمو نازیزمدا دەیبینینەوە)، یان ئەقڵانی (وەك لە دەوڵەتی شیوعیدا دەیبینینەوە، کە لێرەشدا مەبەست لە یەکێتیی سۆڤێتە). پەشێوییەکانی ئیتالیا لەسییەکاندا مۆسۆلینیی بەرهەم هێناو، کۆماری ڤایمەر هیتلەری هێناو، شۆڕشی ئۆکتۆبەر 1917یش ستالینی دروستکرد.

(مۆسۆلینیو هیتلەر ویستیان ئیمپراتۆریەتێك بخولقێنن، بیرمەندە نیشتمانپەروەرە سۆشیالیستەکانیش بەشێوەیەکی راشکاوانە بیریان لە ئیمپراتۆریەتی جیهانی کردەوە. جیاوازییەکەشیان لەگەڵ بزاڤی شۆڕشگێڕانەی تەقلیدیدا لەوەدایە، ئەوان لەمیراتیی نیهیلیزم لەبری ئەقڵ، نائەقڵانییان پەرست..)

مۆسۆلینیو هیتلەریش (یەکەم کەس بوون کە دەوڵەتیان لەسەر ئەو ئایدیایە بنیات نا کە دەڵێت هیچ شتێك مانای نییە و، مێژوو چ نییە تەنها خستنەڕووی هێز نەبێ. هێندەی نەبرد کە ئەنجامەکانیش بەدەرکەوتن..)

ئەو نیهیلزمەی خۆی لە نازیزمو فاشیزمدا بەرجەستەکردو لەشێوەی یاخیبوونێکی نادروستو ناپاك (نائەمین)دا دەرکەوت، جگە لە وێرانکردنو کوشتنو خۆکوشتن هیچی تری لێ نەکەوتەوە.

فەلسەفە فاشیستیەکان، گەرچی ویستیان وردە وردە رابەرایەتیی جیهان بکەن، بەڵام هەرگیز خوازیاری ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی نەبوون. ئەوەی هەبوو ئەوەبوو هیتلەر کە لە سەرکەوتنە تایبەتیەکانی خۆی سەری سوورمابوو، لەجوولانەوە ئیقلیمیەکەی خۆی لایداو رووی کردە خەونێکی سەیر بە ئیمپراتۆریەتێکی ئەڵمانییەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئیمپراتۆریەتی جیهانییە وە نەبوو. بەڵام شیوعیەتی رووسیایی بەئاشکراو لەبنەڕەتدا خوازیاری ئیمپراتۆریەتێکی جیهانییە .

.. شۆڕشی رووسیایی ئەم خواستە میتافیزیکیەی گرتە ئەستۆ کە ئەم لێکۆڵینەوەیە لێی دەدوێت، بەڵێنی بیناکردنی بەهەشتی مرۆڤیدا کە دواجار پاش مەرگی خواوەند خۆی تیایدا دەبێ بەخواوەند.)

لێرەوە کامۆ دێتەسەر تیرۆری ئەقلانیی دەوڵەت و لێکۆڵینەوە لە پێشبینییەکانی مارکس.

کامۆ دەڵێت "مارکس لەهەمانکاتدا پێغەمبەرێکی بۆرژواو پێغەمبەرێکی شۆڕشگێڕیشە"

خەونە زانستیەکانی مارکس لە ئەسڵدا خەونی بۆرژوا بوون، پێشکەوتن و، پاشەڕۆژی زانست و، پەرستنی تەکنۆلۆژیاو بەرهەمهێنان.. تەنانەت کرۆکی تیۆرەکەی خۆی سەبارەت بە زێدەبایی لە ریکاردۆ وەرگرتووە، کە ئابووریزانی شۆڕشی بۆرژوازی و پیشەسازی بوو.

هەروەها مارکس جەختی لەوەکرد (وەکو کامۆ دەڵێت) کە مێژوو لەهەمانکاتدا دیالەکتیک و ئابوورییە. بەڵام هیگل پێشتر وتبووی کە مێژوو ماتەرو ڕۆحە. بەهەرحاڵ مێژوو چەند ماتەرە ئەوەندەش ڕۆحە، پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە. مارکس وەکو گەوهەر نکووڵی لەڕۆح دەکات و بانگەشەی ماتێریالیزمی مێژوویی دەکات. بەڵام هەروەکو (بردیاییف)یش دەڵێت دیالەکتیک و ماتێریالیزم پێکەوە ناگونجێن. تەنها یەك دیالەکتیك هەیە کە ئەویش دیالەکتیکی فیکرە.

لە شوێنێکی تردا کامۆ دەڵێت کورتکردنەوەی مرۆڤ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا لەڕێی جەختکردن لەوەی کە ئابووری دیاریکەری بوونێتی، مانای نەفیکردنی تاکبوونی مرۆڤ و تەنیاییەتی. بەڕێی کامۆ ئەوەی وای لەمارکس کردووە ئابووری بکاتە تاقە فاکتەری دیاریکەری بوون و ژیانی مرۆڤ، ئابووریی داڕماوی کۆمەڵگای سەدەی نۆزدەهەم بووە.

کامۆ تێڕوانینی جیهانی مەسیحیو تێڕوانینی جیهانی مارکس بۆ مێژوو بەیەك دەشوبهێنێو دەڵێت هەردووکیان وا دەڕواننە مێژوو کە زنجیرەیەکە سەرەتای هەیەو کۆتایی هەیەو لەم رەوتەداو لەکۆتاییدا مرۆڤ یان پاداشت دەدرێتەوەو یان سزا دەدرێ.

لای مارکسیش ئەو پاداشتە بۆ چینی پرۆلیتارەو سزاکەش بۆ چینی سەرمایەدار، ئەم سزایەش لەلایەن دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە بەسەر چینی سەرمایەداردا دەسەپێ. بەمجۆرە مارکس گفت بە هەژارانو چەوساوەکان بە تایبەتیش چینی کرێکار دەدات کە ئایندە هی ئەوانەو گومان لەوەدا نییە کە کۆمەڵگایەکی بێ چین لەهەناوی قەیرانەکانی سەرمایەدارییەوە سەردەردێنێ، کۆمەڵگایەك کە بەختەوەریی رەها لەگەڵ خۆیدا بۆ مرۆڤایەتی دەهێنێت، ئەمەش ئەو پەیامەیە کە پرۆلیتاریا بەجێیدەهێنێت.

بەڵام نە پرۆلیتاریا ئەو پەیامەی بەجێ گەیاندو نە قەیرانەکانی سەرمایەداریش بوونە مایەی فەوتاندنی، چونکە سەرمایەداری لەڕێی بەرنامەڕێژیو زاڵبوون بەسەر ئەو قەیرانانەداو چاك کردنی هەلومەرجی کاری کرێکارانەوە توانیی کۆنترۆڵی ئەو قەیرانانە بکاتو پێشبینییەکانی مارکس بەدرۆبخاتەوە. هەروەها کامۆ سیفەتی زانستی لە سۆشیالیزم دەسەنێتەوەو دەڵێ ئەو سۆشیالیزمە زانستی نەبووە، بەڵکو پێشبینکەرو دۆگماتیك بووە.

(گەر فیکر بە تەنها رەنگدانەوەی شتەکان بێ، کەواتە ناتوانێ پێشبینی شتەکان بکات تەنها بەگریمان نەبێت. گەر ئەو تیۆرەیەش تەنها بەئابووری پشت ئەستووربێت، ئەوا بەتەنها دەتوانێ رابردووی ئابووری، نەك داهاتووی دەستنیشان بکات).

بۆ وەدیهێنانو بەجێهێنانی ئەو پەیامەی کە لەسەرەوەش ئاماژەمان پێدا مارکسیزم هەموو رێگاو وەسیلەیەك بەرەوا دەزانێ. بەمجۆرە تیرۆری ئەقڵانی بیانوو بۆ هەموو شێوازێك دەهێنێتەوە لە پێناوی هێنانەدیی بەهەشتێکدا کە لە بەهەشتەکەی مەسیح دەچێت، بەڵام ئەمیان مەسیحێکی پرۆلیتار وەدیهێنەرێتی. کەواتەدەبێ هەڵگرانی ئەو

باوەڕە قوربانی بە ئەمڕۆیان بدەن لەپێناوی سبەینێدا، ئەمڕۆ تەواوی ئازارو ئەشکەنجەکان بچێژن لەپێناوی سبەینێیەکی خالّی لە ئازارو ئەشکەنجە، ئەمە ئەو خەونە یۆتۆپیاییەیە کە مارکسیزم وەك مژدەیەك، یان وەك بەنجێك دەیدات بە چینی کرێکاران. بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا ئەوە (راست نییە کە ئامانجەکانی فاشیزمو شیوعیەتی رووسیایی وك یەك تەماشا بکەین. فاشیزم شکۆدان بە جەللادە لەلایەن جەللادەوە... بەلاّم شیوعیەتی رووسیایی شکۆدانە بە جەللاد لەلایەن قوربانییەوە.. فاشیزم هەرگیز خەونی بە ئازادکردنی تەواوی مرۆڤەوە نەدیوە، بەلّکو بەئازادکردنی هەندێك لەخەلّکی لەڕێی ملکەچکردنی خەلّکانی ترەوە.. بەلاّم شیوعیەتی رووسیایی لەناخەوە خوازیاری ئازادکردنی تەواوی مرۆڤە لەڕێی بەکۆیلەکردنیانەوە بە شێوەیەکی کاتی. هەربۆیە دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئامانجەکەی گەورەیە).

دواجار دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە چ تیرۆری ئەقلانیو چ تیرۆری نائەقلانی خیانەت لەو بەهایە دەکەن کە بزاڤی راستەقینەی یاخیبوون نوێنەرێتی. یاخیبوونی راستەقینە باوەڕی بە چارەنووسێکی هاوبەشی مرۆڤایەتیو پەیوەندیی رۆحی نێوان ئادەمیزادەکان هەیە. ئەو (داوای ئازادییەکی دیاریکراو بۆخۆی دەکات، بەلاّم نایەوێ ئازادیو بوونی کەسانی دی بفەوتێنێ) نایەوێ کەس زەلیل بکاتو ئەو ئازادییەی خوازیارێتی، بۆ هەموو کەسانی تریش داوای دەکات. ئەو ئازادییەی رەتیشی دەکاتەوە بۆ هەمووان رەتی دەکاتەوە. ئەو کۆیلەیەك نییە دژ بە سەروەرو بەس، بەلّکو مرۆڤێکیشە دژ بە دونیای سەروەرو کۆیلە.)

مرۆڤی یاخی بڕوای بە نیسبیەتی شتەکانە، تەنانەت نیسبیەتی ئەو بەهایانەش کە لە پێناویاندا یاخی بووە. هەر بۆیە گەر فەلسەفەیەکیشی هەبێت ئەوا ئەو فەلسەفەیە فەلسەفەی سنوورە. مرۆڤی یاخی دەزانێت کە سنوورێك هەیە نابێ بیبەزێنێ، ئەویش ئەو سنوورەیە کە تیایدا دەتوانێ مومکینەکانی بەدی بهێنێتو لەپێناوی بەدیهێنانیاندا بجەنگێت. مرۆڤی یاخی لەنزیکەوە ئاگای لە عەزابو هەژانی جوانییەکانی ژیانەو بەبڕوای

ئەو دەبێ سیاسەتیش ملکەچی ئەو حەقیقەتانە بێت. (کە دەشیەوێت "واتە مرۆڤی یاخی" لەو عەزابەی ئادەمیزادەکان کەم بکاتەوە، تەقەللا دەدات بەبێ پەنابردنەبەر توندوتیژی ئەوە ئەنجامبدات).

دواشت، ئەمەوێ بڵێم کە دەبوو لەم پیاچوونەوەیە بە "ئەفسانەی سیزیف"و "مرۆڤی یاخی"دا لەسەر فەلسەفەی جوانی (یان ئیستاتیکا)ی کامۆش بوەستامایە کە روانینی فەلسەفیی کامۆیە بۆ هونەرو ئەدەبو جوانی، بەڵام بە ئومێدم لە نووسینێکی تردا بەتایبەتی لەسەر ئەوە بدوێم *.

---

* بۆ نووسینی ئەم باسە بەشێوەیەکی سەرەکی گەڕاومەتەوە سەر هەردوو کتێبەکە خۆیان، واتە: "ئەفسانەی سیزیف"و "مرۆڤی یاخی". ئەو دێڕانەی دەکەونە نێو کەوانەشەوە لەو کتێبانەوە وەرگیراون.
ئازاد بەرزنجی

# کەسی شۆڕشگێڕ کێیە؟

- **ئەریك فرۆم**

چەمکی (کەسێتیی شۆڕشگێڕانە) چەمکێکی سیاسی — دەروونناسییە لەم روانگەیەوە وەك (کەسێتیی دەسەڵاتخوازانە) وایە کە لە سی ساڵ لەمەوبەرەوە هاتۆتە بواری دەروونناسییەوە.

چەمکی (کەسێتیی دەسەڵاتخوازانە) ئاوێتەیەکە لە گوتاری سیاسی (بونیادی دەسەڵات لە دەوڵەت و خێزاندا) و، گوتاری دەروونناسی (بونیادی کەسێتی کە لەسەر بنچینەی بونیادی سیاسی، یا کۆمەڵایەتی فۆرمەلە دەبێت).

چەمکی کەسێتیی دەسەڵاتخوازانە لە هەندێ زەمینەو بەرژەوەندیی دیاریکراوی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێ. دەوروبەری ساڵی 1930 لە ئەڵمانیا، ئێمە دەمانویست ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئەگەری شکستی هیتلەر تا چ ڕادەیەکە.[1] ئەو دەمە، زۆربەی خەڵکی ئەڵمانیا، بەتایبەتیش کرێکاران و کارمەندان نەیاری نازیزم بوون. ئەمانە لە هەڵبژاردنە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی خۆیاندا ئەوەیان دەرخست کە هەوادار و خوازیاری دیموکراسین. مەسەلەکە ئەوە بوو ئایا گەر کۆڕی خەبات هاتە پێشێ ئەو خەڵکە بۆ بەرگریکردن لەو بیروباوەڕەیان دێنە مەیدانەوە یان نەء؟

گریمانەکەی ئێمە ئەوە بوو کە (ڕا —**Opinion**) شتێکەو (باوەڕ —**Conviction**) شتێکی ترە. بەواتایەکی دی هەرکەسێك دەتوانێ رایەکی هەبێت، ئەمە وەکو فێربوونی زمانێکی بێگانە وایە. بەڵام ئەو بیروقەناعەتانەی کە لە بونیادی کەسێتیی تاکەکاندا رەگیان داکوتاوە و هێز بەکەسێتی دەدەن و گەشەی پێدەدەن، بە "باوەڕ" لەقەڵەم دەدرێن، کاریگەریی بیروڕاکان لەسەر تاکەکەس، بەتایبەتیش وەختێ کە لەلایەن زۆربەی خەڵکیەوە قبووڵ دەکرێن و دەردەبڕرێن، تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندیی بە بونیادی کەسێتیی ئەو تاکەکەسەوە لە هەلومەرجە ناسکەکاندا هەیە. هەروەکو بوکرات وتویەتی و فرۆیدیش روونی کردۆتەوە، "کەسێتی، چارەنووسی تاکەکەسە". هەر بونیادی کەسێتییە ئەوە دیاریدەکات کە تاکەکەس کام بیروڕایانە قبووڵبکات و تا چ ئەندازەیەك. فرۆید لە پێناسەکردنی چەمکی کەسێتیدا، ئەم مەسەلەیە بە گرنگترین مەسەلە دەزانێت. فرۆید گوتویەتی کە کەسێتی چەمکی تەقلیدیی رەفتار باڵادەکات و ئەو رەفتارەی کە هێزێکی دینامیکیانەی هەیە رێکیدەخات. بەجۆرێك کە تاکەکەس نەك هەر بەشێوەیەکی دیاریکراو بیردەکاتەوە، بەڵکو بیرکردنەوەی لە مەیل و هەست و سۆزەکانییەوە سەرچاوە دەگرێ.

ئەو مەسەلەیەی ئەو دەمەی ئێمە خستمانە روو بەمجۆرە بوو:

ئایا کرێکاران و کارمەندانی ئەڵمانی تا چ ڕادەیەك دەتوانن بونیادی کەسێتییەکی نەیار بەرامبەر بیروباوەڕی دەسەڵاتخوازانەی نازیزم لەخۆیاندا بخەنەڕوو؟ لەم مەسەلەیەوە پرسیارێکی تریش دێتە پێشەوە: کرێکاران و کارمەندانی ئەڵمانی تا چ ڕادەیەك لە هەلومەرجە قەیراناوی و ناسکەکاندا لەگەڵ نازیزمدا دەجەنگن؟

پاش توێژینەوەکە ئەنجامەکە ئەوە بوو کە (10٪) ی ئەو کرێکار و کارمەندانەی توێژینەوەکەی ئێمە دەیگرتنەوە خاوەنی بونیادی کەسێتییەك بوون کە ئێمە پێمان دەوت"کەسێتی دەسەڵاتخوازانە". بەڵام 15٪ یان خاوەنی کەسێتیی دیموکراتیك بوون. ئەوانی دی (نزیکەی 75٪) خەڵکانێك بوون کە بونیادی کەسێتیان تێکەڵەیەك بوو لەو

دووانە. [2] بەپێی گریمانەکەی ئێمە "دەسەڵاتخوازان" نازییە پەتییەکان بوون و "دیموکرات"ەکانیش نیمچە سەربازانێکی دژ بە نازیزم بوون. بەڵام زۆربەکەی تر، نە ئەمیان و نە ئەویان بوون. ئەوە بوو ڕووداوەکانی ساڵانی 1933-1945 سەلماندیان کە ئەم گریمانەیەی ئێمە بە جیاوازییەکی کەمەوە، تەواو وردو ڕاست دەرچوو.[3]

بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەمان هێندە بەسە ئاماژە بۆئەوە بکەین کە بونیادی کەسێتیی دەسەڵاتخواز لەڕاستیدا بونیادی کەسێتیی کەسێکە کە لە سەرێکەوە بە تەسلیمبوون بە هێزێکی ترو پشتبەستنی ڕەمزی بە خاوەن پلەوپایەو دەسەڵاتەکان هەستبەهێزو شوناسی خۆی دەکات، لەسەرێکی تریشەوە دەسەڵاتێکی ڕەمزیی بەسەر کەسانێکدا هەیە کە تەسلیمی ئەو دەبن، یان پشتی پێ دەبەستن.

واتە کەسێتیی دەسەڵاتخوازانە ئەو دەمە هەست بە هێزو شوناسی خۆی دەکات کە خۆی لە خزمەتی دەسەڵاتێکی بە ڕواڵەت پایەداردا دەبینێتەوە و دەبێتە بەشێك لەو دەسەڵاتە و، لەهەمانکاتیشدا لەڕێی بەکارهێنانی دەسەڵاتەوە بەرامبەر خەڵکێك کە لەژێر دەستی ئەودان، گەشە دەکات. لە ڕاستیدا ئەم حاڵەتە ڕەنگدانەوەی نەخۆشیەکی ئیزدواجیانەی ئازاردان و ئازارچەشتنە کە هەستی دەسەڵات و شوناس بەو دەبەخشێت.

ئەو (واتە کەسێتیی دەسەڵاتخوازانە _ و _) کە دەبێ بە بەشێك لە بەشەکانی گەورەیەك (ئیدی ئەو گەورەیە هەرچییەك بێت) خۆی بە گەورە دەبینێت. ئەگەر بە تەنیا بمێنێتەوە، خۆی لەخۆیدا هەرەس دەهێنێت. هەربۆیە، هەڕەشەکردن لە دەسەڵاتداران و کەوتنەمەترسیی بونیادی دەسەڵاتیان، لەواقیعدا بەهەڕەشەیەك دەژمێردرێ بۆ سەر کەسێتیی دەسەڵاتخوازانەی ئەوکەسە (واتە هۆکارە وجودی و ئەقلانییەکانی دەکەوێتە مەترسییەوە). لەمڕووەوە ئەو بەناچاری دژ بەو هۆکارانە دەوەستێتەوە کە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتخوازی دروستدەکەن. چونکە بەم ڕێگەیە لە ڕاستیدا لەپێناوی پاراستنی هۆکارەکانی بوون و ژیانی خۆیدا دەجەنگێت.

بۆ پێناسەی (کەسێتیی شۆڕشگێرانە) دەبێ لەوەوە دەستپێبکەین کە کەسێتیی شۆڕشگێڕانە چی نییە . لە ڕاستیدا مەرج نییە کەسێتیی شۆڕشگێڕانە کەسێك بێت، کە لە شۆڕشەکاندا بەشداری دەکات. ئەم مەسەلەیە بە وردی خاڵی جیاوازی نێوان رەفتارو کەسێتیی دینامیکییە، بە چەمکە فرۆیدییەکەی. هەموو کەسێك لە بەر هەر هۆیەك بێت دەتوانێ لە شۆڕشێکدا بەشداریبکات، بەچاوپۆشین لەوەی چ هەستێکی هەیە، یان لەسەر چ بناغەیەك پەیوەندیی بەشۆڕشەوە کردووە. بەڵام ئەو خاڵە کە ئەو وەکو شۆڕشگێڕێك رەفتار دەکات، خۆی لەخۆیدا هەندێ دەرکەوتەی کەسێتیی ئەومان بۆ دەخاتەڕوو.

خاڵی دووەم لەوەدا کە کەسێتیی شۆڕشگێڕانە چی نییە ، تاڕادەیەك گرفتامێز و ئاڵۆزە. کەسێتیی شۆڕشگێرانە (ئاژاوەخواز) نییە . مەبەست لە (کەسی ئاژاوەخواز) چییە؟ [4] من کەسێك بە ئاژاوەخواز دەزانم کە بۆئەوە رقی لە دەسەڵاتێك نابێتەوە لەبەرئەوەی دەسەڵاتێکی بێزراوە، یان بەگوێرەی ویست و خواستی ئەو نییە ، بەڵکو لەبەرئەوەی دەیەوێ ئەو دەسەڵاتە سەرنگون بێت تا دواتر خۆی جێی بگرێتەوە و دەسەڵات بگرێتە دەست. لە زۆربەی جارەکانیشدا ئەم جۆرە کەسە کە بە ئامانجی خۆی دەگات، بە هەمان ماهیەتی دەسەڵاتی پێشوو و بەڵکو لەو خراپتریش دەست بە مەحکەمکردن و فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆی دەکات.

دەتوانین نموونەیەکی ئاشکرای کەسێتییەکی ئاژاوەخواز لەمێژووی سیاسیی سەدەی بیستەمدا بهێنینەوە، بۆ نموونە کەسێکی وەکو (رەمزی ماکدۆنالد)، کە سەرەتا وەکو کەسێکی ئاشتیخواز و بەرگریکار لە ویژدان دەرکەوت و، کاتێکیش دەسەڵاتی گرتە دەست، دەسبەرداری پارتی کرێکاران بوو و چووە ڕیزی هەمان ئەو دەستەوتاقمانەی دەسەڵاتەوە کە ساڵانێکی زۆر دژیان خەباتیکردبوو. ئەو هەر لە سەرەتای چوونە نێو دەوڵەتی میللییەوە، بە هاوڕێ و هاوخەباتی دیرینی خۆی (سناودن) دەڵێت: (تازە من و ئێوە کوجا مەرحەبا؟ ئێستا هەموو ژنە دۆقەکانی لەندەن تامەزرۆی ئەوەن ئەملاولام ماچکەن.)

ئەمە نموونەی تەواوی ئاژاوەگێڕێکە کە بە ئاژاوەگێڕی دەگاتە دەسەڵات. جاری وایە ساڵانێك دەخایەنێ تا ئەم شتانە دەردەکەون و جاری واشە زووتر. بۆ نموونە کەسێتییەکی وەکو (لاڤیل ی بەدبەخت) بهێننەوە یادی خۆتان کە وەکو ئاژاوەخوازێك لە پاریس دەرچوو و، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەموو سەرمایەی سیاسیی خۆی فرۆشت. دەتوانم زۆر نموونەی تری ئەم کەسێتیانە بهێنمەوە. بەڵام هەموویان چوونییەکن. لەوانەیە بڵێن ژیانی سیاسیی سەدەی بیستەم گۆڕستانێکە پڕ لە گۆڕی ئەخلاقیی خەڵکانێك کە سەرەتا لافی شۆڕشگێڕێتیان لێداوە، کەچی دوایی هیچ نەبوون جگە لە کۆمەڵێك ئاژاوەگێڕی هەلپەرست.

خەسڵەتێکی تر کە کەسێتیی شۆڕشگێڕانە شکی نابات و تارادەیەك لە خەسڵەتەکانی کەسێتیی ئاژاوەگێڕ ئاڵۆزترە، ئایدیالیزم (میسالیەت) ە. کەسێتیی شۆڕشگێڕانە، ئایدیالیست نییە . شۆڕشگێڕەکان لەڕووی رەفتارەوە بەزۆری ئایدیالیستن. لێرەشدا، لانی کەم بەلای منەوە، جیاوازیی نێوان رەفتاری سیاسی و بونیادی کەسێتی ئاشکراو دیارە. مەبەست لە ئایدیالیست چییە؟ بەبۆچوونی من ئەو کەسێك نییە کە خاوەنی (باوەڕ) بێت. (ئەمڕۆ وەکو مۆدێکی لێهاتووە، ئەگەر کەسێك خاوەنی کۆمەڵێك بیروباوەڕبوو پێیدەڵێن ئایدیالیست و ئەگەر باوەڕیشی نەبوو یان لە باوەڕی خۆیدا نەرمیی پیشاندا، پێیدەڵێن "واقیعی").

من لەو بڕوایەدام کە لە روانگەی دەروونشیکاریی کلینیکیەوە، کەسی ئایدیالیست کەسێکە کە خاوەنی خودشەیدایی (نێرگسیەت) یەکی فرەیە. لەڕاستیدا کەسێتییەکی دەروونپەرێشانە (نائومێدییەکی تێکەڵ بەخۆگەورەزانی)، کە وەکو هەردەروونێکی تری نەخۆش لەدنیای دەوروبەری خۆی جیایەو پێی نامۆیە. بەڵام ڕێگاچارەیەکی لەبەردەمدایە کە ئەو لە دەروونپەرێشان جیادەکاتەوە. ئەو خۆی بە بیانوویەکەوە (هەر بیانویەك بێت، سیاسی، ئایینی، ... هتد) بەستۆتەوە و کردوویەتی بە کۆڵەکەی بوونی و بە بتێك و، بە تەسلیمبوونی تەواوەتی بەرامبەر بەو بتەی خۆی، بە مانا و گەرمیی ژیان دەگات. لە هەلومەرجەکانی

تەسلیمبوونیدا، شوناسی خۆی لەو بتە دەسەنێت، بتێك كە خۆی قوتی كردۆتەوە و رەهایی (موتڵەقیەت) ی پێبەخشیوە.

ئەگەر بمانەوێ رەمزێك بۆ كەسێتیەكی ئایدیالیست هەڵبژێرین، دەبێ پێی بڵێین "سەهۆڵی ئاگرین". چونكە هاوكات لەگەڵ ئەوەدا كە خوێنگەرم و بەكەفوكوڵە، ساردوسڕیشە. ئەو بەتەواوەتی لە جیهانی دەوروبەری خۆی دابڕاوە و لە هەمانكاتدا پڕە لە هەست و سۆزی گەرم. ئاوێتەیەكە لە هەستی چالاكانەو حەز بەبەشداریكردن و تەسلیمبوون بەرامبەر موتڵەق. بۆ پەیبردن بە كەسێتیی ئایدیالیست، نابێ گوێ لە قسەكانی بگرین، بەڵكو دەبێ بڕوانینە ئەو بریسكە تایبەتیەی لە نیگایدایە و سروشتی ساردوسڕی كە لەواقیعدا دەربڕی ئەو دژایەتیەیە كە لەنێوان ئایدیالیزمەكەی و رەنگدانەوەی نەبوونی پەیوەندییەتی لەگەڵ جیهان و ملكەچی و تەسلیمبوونییەتی بە بتەكەی. ئایدیالیست لە كەسێك دەچێت كە پێغەمبەرەكان ناویان ناوە "بتپەرست". پێویست ناكات ئەوە بهێنینەوە یادمان كە ئایدیالیستەكان هەمیشە رۆڵێكی گەورەیان لە گۆڕانكارییە مێژووییەكانی جیهاندا بینیوە و هەرچییەكیان گوتووە، روون و ئاشكرابووە. هەروەكو كەسێتیی شۆڕشگێڕانە كە كەسێكی راشكاوە.

هەوڵدەدەم روونی بكەمەوە كەكەسێتیی شۆڕشگێڕانە چ شتێك نییە. لەو بڕوایەدام كە ئەمڕۆ چەمكی كەسێتیناسیی شۆڕشگێڕانە، چەمكێكی زۆر گرنگە. هەروەكو چۆن چەمكی كەسێتیی دەسەڵاتخوازانەش دەشێ هەمان گرنگیی هەبێت. لەڕاستیدا ئێمە لە چاخی كۆمەڵێك شۆڕشدا دەژین كە لە سێسەدە لەمەوبەرەوە هەر لە ئاژاوە سیاسیەكانی بەریتانیا و پاشان فەرەنسا و ئەمریكاوە دەستی پێكردووە و بە شۆڕشە كۆمەڵایەتیەكانی ڕوسیا و چین و ..هتد ئێستاش لە ئەمریكای لاتین دا بەردەوامە.

لەم چاخە شۆڕشگێڕانەیەدا، وشەی "شۆڕشگێڕ" لە زۆر پنتی جیهاندا وشەیەكی دڵڕفێنە و وەكو چۆنییەتییەكی پۆزەتیڤانە خراوەتە پاڵ گەلێ بزاوتی سیاسی. لە راستیدا هەموو ئەو

بزاڤانەی کە سوود لە وشەی "شۆڕشگێڕ" وەردەگرن، لافی کۆمەڵێك ئامانجی جوونییەك لێدەدەن: واتە ئەوەی کە لە پێناوی "ئازادی" و "سەربەخۆیی"دا خەبات دەکەن. بەڵام لە پراکتیکدا هەندێکیان وان و هەندێکیان وانین.

واتە هەندێکیان بەڕاستی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی خەبات دەکەن و هەندێکی تریشیان بەتەنها سوود لە دروشمەکانیان دەبینن، بەڵام ئامانجیان بەرقەرارکردنی سیستمی دەسەڵاتگەرایە. تەنها بەو جیاوازییەی کە ئەمجارەیان خۆیان لەجیاتی دەسەڵاتدارەکانی پێشوو دەسەڵات بگرنە دەست.

## چۆن دەتوانین پێناسەی "شۆڕش" بکەین؟

ئەگەر بمانەوێ لە سنووری فەرهەنگیەکەیدا پێناسەی شۆڕش بکەین، دەبێ بە سادەییەوە بڵێین کە شۆڕش سەرنگونکردنی توندوتیژانە، یان ئاشتیئامێزانەی حکومەتی حوکمڕانە و دانانی حکومەتێکی نوێیە لەجێگەکەی. هەڵبەت ئەم پێناسەیە پێناسەیەکی رەسمیی سیاسییە. دەکرێ لە روانگەیەکی مارکسیستیەوە شۆڕش بە جێگرتنەوەی سیستمێکی باڵاتری مێژوویی لەجێی ئەو سیستمە لەقەڵەم بدەین کە لە ئارادایە: بێگومان لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوەو ئەویش ئەوەیە کە ئایا سیستمێکی باڵاتری مێژوویی لە روانگەو هەڵسەنگاندنی چ کەسێکەوە؟ بەڵام بەشێوە باوەکەی براوەکانی ئەم ململانێیە (لانی کەم لە وڵاتی خۆیاندا) لافی نوێنەرایەتیی سیستمێکی باڵاتری مێژوویی لێدەدەن.

سەرەنجام، دەتوانین لە روانگەی دەروونناسییەوە شۆڕش پێناسە بکەین. بەگوێرەی ئەم روانگەیە، شۆڕش بریتییە لە بزوتنەوەیەکی سیاسی بە رابەرایەتیی کەسانێك کە خاوەن کەسێتیی شۆڕشگێڕانەن و، دەرەنجام راکێشانی خەڵکی لەڕێی ئەوکەسێتییە

شۆڕشگێڕانانەوە. هەڵبەت ئەمە هەموو پێناسەکە نییە . بەڵام بۆ مەبەستی ئێمە لەم وتارەدا کە جەختی سەرەکیمان لەسەر مەسەلەی "کەسێتیی شۆڕشگێڕانە"یە، هێندە بەسە.

سەرەکیترین خەسڵەتی "کەسێتیی شۆڕشگێڕانە" سەربەخۆبوون و ئازادیی ئەوە. بۆ روونکردنەوە، وا چاکترە چەمکی سەربەخۆبوون بەرامبەر بە چەمکی رەمزیی وابەستەبوون بە دەسەڵاتدارانی باڵادەست و بێدەسەڵاتانی خوارەوە (هەروەکو لە کاتی روونکردنـەوەی کەسێتی دەسەڵاتخوازدا لێی دواین) دابنێین. بەڵام ئەم خاڵە بەتەنیا مانای "سەربەخۆیی" و "ئازادی" روون ناکاتەوە. کێشەکە لەوەدایە کە وشەی وەك سەربەخۆیی و ئازادی ئەمڕۆکە بەوجۆرە بەکاردەهێنرێن کە لە سیستمێکی دیموکراتیکدا هەموو سەربەخۆ و ئازادن. چەمکی سەربەخۆیی و ئازادی لەواقیعدا رەگوڕیشەی دەچێتەوە سەر شۆڕشەکانی چینی ناوەند بەسەر سیستمی فیودالّی (دەرەبەگایەتی) دا هەروەها دژایـەتیکردنی سیـستمە دیکتـاتۆر و تۆتالیتارەکان هێزو مکومیەکی تری پێبەخشین. لە قۆناغی سیستمە فیوداڵی و دەسەڵاتە گشتگیرەکاندا، تاکەکەس نە ئازاد بووە و نە سەربەخۆ. بەڵکو چەوساوەی دەست یاساکانی داب‌و نەریت و فەرمانی باڵادەستەکان بووە. شۆڕشە سەرکەوتووەکانی بۆرژوازی لە ئەوروپا و ئەمریکادا بوونە مایەی ئازادی و سەربەخۆیی سیاسیی تاکەکەسەکان. ئەم ئازادییە بریتی بوو لە "ئازادبوون لە" و "سەربەخۆبوون لە" دەسەڵاتە سیاسیەکان.

بێگومان ئەم شتانە بە گۆڕانکارییەکی گرنگ دەژمێردران. هەرچەندە ئەمڕۆ رەوتی پیشەسازیبوون وتەشەنەکردنی تەکنۆکراتی شێوەی نوێی وابەستەییان هێناوەتە ئاراوە کە جیاوازە لە پرۆسەی خودسازی‌و داهێنانی سەربەخۆیانەی بازرگانەکانی سەدەی نۆزدەیەم. بەڵام بەهەرحاڵ، چەمکی سەربەخۆیی و ئازادی گەلـێ‌لەو چەمکانە قووڵترن کە باسمان لێوەکردن. چەمکی سەربەخۆیی لە روانگەیەکی قووڵەوە، بریتییە لە سەرەکیترین لایەنی نەشونماو گۆڕانی مرۆڤ.

منالێکی ساوا هێشتا لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا یەکە و تەبایە. لای ئەو دونیای دەرەوە وەکو راستییەکی جیا لەو بوونی نییە . بەڵام تەنانەت ئەو کاتەش کە منال دەتوانێ شتەکانی دی لەخۆی جیابکاتەوە، هێشتا هەر بێدەسەڵاتەو تاماوەیەکی زۆر ناتوانێ بەبێ یارمەتیی باوك و دایکی بژی. ئەم بێدەسەڵاتییە درێژخایەنەی مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ گیانەوەرانی تردا، یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی گەشەسەندنی ئەو، بەڵام لە هەمانکاتدا منال فێردەکات کە پشت بە دەسەڵاتێك (باوك و دایك) ببەستێت و لە دەسەڵاتیش بترسێت.

بەشێوەیەکی سروشتی، باوك و دایکی منالێك کەسانێکن کە لەکاتی لەدایکبوونەوە تا باڵقبوون بۆ ئەو منالە رەمزی دەسەڵاتن و خاوەنی هەردوو لایەنەکەین. ئەم دوولایەنەش بریتین لە یارمەتی و تەمێکردن. لە قۆناغی باڵقبووندا، لاو دەگاتە قۆناغێك کە تیایدا نەشونمای کردووە و دەتوانێ بۆ خۆی بێت (هەڵبەتە لە کۆمەڵگا سادەکانی کشتوکاڵدا). چیدی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەو بەدایك و باوکیەوە وابەستەنییە . ئەو دەتوانێ تەنانەت لە رووی ئابووریشەوە لە باوك و دایکی سەربەخۆبێت. لە زۆر کۆمەڵگای سەرەتاییدا بۆ سەربەخۆبوونی تاکەکەس (بەتایبەتی لە باوك و دایکی) میهرەجانی ئایینی سازدەکرێ کە لە هەمانکاتدا وابەستەیی ئەو تاکەکەسە بە هۆزەکەوە رەتناکاتەوە. باڵقبوونی سێکسیش هۆکارێکی ترە کە خێرایی بە پرۆسەی سەربەخۆبوون لە باوك و دایك دەبەخشێت.

ئارەزووی سێکسی و تەقەللا بۆ تێرکردنی، تاکەکەس بەلای خەڵکی دەرەوەی خێزانەکەدا رادەکێشێت، کردەی سێکسی خۆی لەو شتانەیە کە باوك و دایك ناتوانن تیایدا یارمەتیی تاکەکەس بدەن و ئەنجامدانی ئەکەوێتە ئەستۆی ئەو لاوە خۆی. تەنانەت لەو کۆمەڵگایانەشدا کە مەسەلەی تێرکردنی ئارەزووی سێکسی بۆ 5 تا 10 ساڵ دوا باڵقبوون دواوەدەخرێ، ئارەزووی بێدارکراو پێداویستی بۆ سەربەخۆیی لەتاکەکەسدا دەوروژێنێ و وا لە لاو دەکات لەگەڵ باوك و دایك، یان خاوەن دەسەڵات و قەرار بەدەستانی نێو کۆمەڵگادا بەیەکدا بێن. کەسێکی ئاسایی سالانێك پاش باڵقبوون بەو پلەیە لە سەربەخۆیی دەگات.

بەڵام راستیەك هەیە كە نكوڵیی لێناكرێ، ئەویش ئەوەیە كە ئەم جۆرە سەربەخۆبوونە، سەرباری ئەوەی تاكەكەس دەچێتە ژیانی هاوسەرێتییەوە و منداڵ دەخاتەوە هەتا كۆتایی، ژیانی خۆی بەڕێوەدەبات، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ كە ئەو بە دروستی سەربەخۆیی وەچنگ هێناوە. ئەو گەرچی بە تەمەن گەورەشە، بەڵام هێشتا لە زۆر رووەوە بێدەسەڵات و بێ داڵدەیە و دەبێ بۆ پاراستنی خۆی و بەرگریكردن لەخۆی پەنا بۆ هەندێ دەسەڵات بەرێت. نرخی بەدەستهێنانی ئەو یارمەتیەش وابەستەبوونە بە سەرچاوەكانی دەسەڵات و لەدەستدانی ئازادی و سەرەنجام لە گەشە وەستانی ئەو. ئەو بیروبۆچوونەكانی لەوان بە قەرز وەردەگرێ. هەست و سۆز و ئامانج و بەهاكانی هی ئەوانە، گەرچی خۆی لەو وەهمەدا دەمێنێتەوە كە هزر و هەست و سۆز و هەڵبژاردنەكانی لەناخی خۆیەوە هەڵدەقوڵێن.

ئازادی و سەربەخۆیی تەواو وەختێ دێتەدی كە مرۆڤ بۆخۆی بیربكاتەوە، بۆ خۆی هەستبكات و بڕیاربدات. ئەو بەتەنها كاتێك دەتوانێ وەها دڵنیابێت و لەناخەوە رەفتار بكات كە گەیشتبێتە قۆناغی پەیوەندیی دینامیكیانە و خولقێنەرانە لەگەڵ جیهانی دەوروبەری خۆیدا. لەم حاڵەتەدایە كە دەتوانێ ژیانێكی رەسەنی هەبێت. ئەمجۆرە چەمكی سەربەخۆبوون و ئازادبوونە دەتوانین لە هزری عارفانی رەسەن و هەروەها كەسانێكی وەكو (ماركس) یشدا ببینینەوە، یەكێك لە عارفە رەسەنە مەسیحیەكان، واتە مایستەر ئیكهارت دەڵێت: (ژیانی من چییە؟ شتێكە كە لەناخەوە هەڵدەقوڵێت، شتێكە كە لە دەرەوە بە بێگیانی هەڵدەقوڵێت) و یان (... مرۆڤ كە شتێك لە دەرەوە وەردەگرێ و یان لەژێر كاریگەریی ئەو شتەدا بڕیاردەدات. ئەوە شتێكی راست نییە . هیچ كەس ناتوانێ لە دەرەوەی خۆیدا خوا بدۆزێتەوە، یان ئەزموونی بكات، بەڵكو هەرچی هەیە لە ناو دەروونی خۆمان و خودی خۆماندایە).

(ماركس) یش هەرچەندە لە راوانگەیەكی نادینییە وە دەڕوانێتە مەسەلەكان، بەڵام بەهەمانشێوە ئەویش دەڵێت: (بوونەوەرێكی زیندوو ناتوانێ خۆی بەسەربەخۆ بزانێ، مەگەر

ئەوەی کە خۆی گەورەی خۆی بێت. وەختێکیش گەورەی خۆیەتی کە ژیانی هی خۆی بێت، کەسێك کە لە سایەی بەزەیی و پشتبەستنی بە کەسێکی ترەوە بژی، خۆی وەك بوونەوەرێکی وابەستە دەبینێ، کەوابوو قەرزاری ئەو دەبێ و تەنانەت خولقاندنی خۆیشی بەهی ئـەو دەزانێ. لەبەرئەوەی ئەو دەبێتە سەرچاوە بۆی. ئەگەر ژیانی من، دەسکردی خۆم نەبێ. بەپێویست دەبێتە وابەستەی هۆکارێکی دەرەوە."

یان مارکس لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: "مرۆڤ کاتێك سەربەخۆ دەبێت کە بتوانێ تاکێتی (فەردیەت) ی خۆی وەکو ئادەمیزادێکی کامڵ و تەواو لە هەر پەیوەندییەکیدا لەگەڵ دنیادا (وەکو بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، هەستکردن، بیرکردنەوە، ئارەزوکردن و خۆشەویستی) بسەلمێنێ و پراکتیزەبکات. بەکورتی ئەگەر ئەو بتوانێ تەواوی لایەنەکانی تاکێتیی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، ئەوا ئادەمیزادێکی سەربەخۆیە". سەربەخۆیی و ئازادی لە راستیدا وەدیهاتن و فۆرمەلەبوونی تاکێتییە، نەك رزگاربوون لە دەسەڵاتی کەسێك و یان ئازادبوون لە مەسەلە ئابووری و بازرگانییەکان.

مەسەلەکانی تاکەکەس بەشێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵ ئازادیی ئەودا یەك دەگرنەوە. مرۆڤێکی هوشیار و داهێنەر، مرۆڤێکی ئازادە، چونکە بەشێوەیەکی رەسەن و سەربەستانە دەژی. بوونی خۆی سەرچاوەی ژیانی خۆیەتی. دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە مرۆڤی سەربەخۆ مرۆڤێکی گۆشەگیرو جیایە. راستە کەسێتی و پرۆسەی گەشەسەندنی ئەو لە پەیوەندیدایە بەئەوانی ترو بە جیهانی دەرەوە. بەڵام ئەم پەیوەندییە پەیوەندیی وابەستەبوون نییە . مارکس ئەوەندەی پەیوەندیی بە سەربەخۆیی تاکەکەسەوە هەیە، بەناوی خودسازی و وەدیهاتنی تاکەکەسەوە رەخنە لە کۆمەڵگای بۆرژوازی دەگرێ. لەکاتێکا کە فرۆید لەم بارەیەوە تیۆرەیەکی دی واتە "گرێی ئۆدیپ" دەخاتەڕوو.

فرۆید لەو بڕوایەدایە کە ساغی و دروستیی زەین لەوەدایە تاکەکەس بەسەر بیرۆکەی جووتبوون لەگەڵ دایکیدا زاڵ بێت و بەمجۆرە، سەلامەتیی زەینی و باڵقبوون لەسەر بناغەی

ئازادی و سەربەخۆیی دێتەدی. بەڵام بەبۆچوونی فرۆید ئەم پرۆسەیە سەرەتا بە ترس لە سەرکوتکردنی باوك دەستپێدەکات و بە جێبەجێکردنی ئەمرو نەهیەکانی ئەو و قبوولکردنیان لە "منی باڵا" دا کۆتایی دێ. لەم رووەوە سەربەخۆبوون "لە دایك" نیوەی پرۆسەکەیەو وابەستەبوون بە باوك و دەسەڵاتە کۆمەڵایەتیەکانەوە لەرێی "منی باڵا"وە بەردەوام دەبێ.

کەسێتیی شۆڕشگێڕانە کەسێکە کە بە مرۆڤدۆستی نەشونما دەکات و بەجۆرە سنوورەکان و دزێوییەکانی کۆمەڵگای خۆی تێدەپەڕێنێت. هەر لەبەرئەوە دەتوانێ کۆمەڵگاکەی خۆی و یان کۆمەڵگای تر لە روانگەی ئەقڵ و مرۆڤدۆستییەوە بخاتە بەر رەخنە. کەسێتیی شۆڕشگێڕانە ناکەوێتە داوی شتە وردو درشتەکانی ئەو ژینگە فەرهەنگیەی کە بە رێکەوتێکی زەمانی و شوێنی تیایدا لەدایکبووە و، بەدەستیانەوە گرفتار نابێت. ئەو دەتوانێ بەچاوی کراوەوە بڕوانێتە دەوروپشتی خۆی و لەم روانگەیەوە تەرازووی داوەری بەدەستەوە بگرێت و لەنێو رێگە جۆراوجۆرەکاندا توانای جیاکردنەوەی باشە لەخراپە (ئەقڵ) بناسێتەوە.

کەسێتیی شۆڕشگێڕانە مرۆڤدۆستی (ئینسانییەت) سەنگی مەحەکیەتی و بەگوتەی ئەلبێرت شڤایتزەر، تامەزرۆییەکی قووڵ و مەیلێکی زۆر و عیشقێکی لەبن نەهاتووی بۆ ژیان هەیە. راستە کە ئێمەش وەکو گیانەوەران پڕ بە ژیاندا دەکەین و لەگەڵ مەرگدا دەجەنگین. بەڵام نووسان بە ژیانەوە شتێکە و عیشق بۆ ژیان شتێکی دی. بۆ زیاتر روونکردنەوە، دەبێ ئەو راستییە ببینین کە جۆرە کەسێتییەکیش هەیە کە لەبری ژیان سەوداسەری مەرگ و وێرانی و نەبوونە (هیتلەر نموونەیەکی زەقی ئەم جۆرە کەسێتیانەیە.) هەروەکو ئۆنا مۆنۆ لەوەڵامی پرسیارێکیدا بە ژەنەراڵ فرانکۆ (کە دروشمی سەرەکیی "بژی مەرگ" بوو) لە ساڵی 1936 دا دەڵێت، ئەمجۆرە کەسێتییە دەکرێ پێی بڵێین "کەسێتیی لەمەرگ راماو."

نابێ لە ناو دەروون و هۆشیاریی مرۆڤدا بۆ مەیل بۆ مەرگ و نەبوون، بگەڕێین، بەڵکو لە کاروکردەوە و رەفتارەکانیدا رەنگدەداتەوە. وێرانی و کاولکردن و فەوتاندنی ژیان بەلای ئەم جۆرە کەسێتییەوە هەمان رەزامەندی و خۆشیی بۆ دروستدەکات کە کەسێتییەکی ژیاندۆست لەئەنجامی گۆڕان و گەشەسەندنی ژیانەوە لای دروستدەبێت. لە مەرگ راماو، راستییەکی لەرێ لاچووە کە بەرامبەر ژیان بەرەو فەوتان دەچێت.

بیروهەستی کەسێتیی شۆڕشگێڕانە چەکدارە بە ئامرازەکانی رەخنە (یان بە زمانی مۆسیقا، بە کلیلی رەخنە). ئەو دروشمە لاتینییەی کە دەڵێت: (دەبێ گومان لە هەموو شتێك بکەین) لە واقیعدا بەشێکی زۆر گرنگی بەرپرسیارێتیی کەسێتیی شۆڕشگێڕانە بەرامبەر بە جیهان پێکدێنێت. ئەم رۆحیەتە بە هیچ کلۆجێك خۆپەرستانە نییە. بەڵکو تێگەیشتنێکە لە راستییەوە سەرچاوە ئەگرێ و پێچەوانەی خەیاڵاتە کە وەکو جێگرەوەی راستی خۆی بۆ مرۆڤ دەنوێنێ.

کەسێتیی ناشۆڕشگێڕ کەسێکە شانازی بەوەوە دەکات کە باوەڕی بەو شتانە هەیە کە زۆربەی خەڵك باوەڕیان پێیەتی. بەڵام کەسێك خاوەنی گیانێکی رەخنەگرانەبێت تەواو بەپێچەوانەوە رەفتار دەکات. بەتایبەتیش کاتێ گوێی لە بیروڕێی کۆڕو کۆبوونەوەکانی خەڵکی عەوام و دەسەڵاتداران دەبێت، لەسەر هەڵوێستی رەخنەگرانەی خۆی دەمێنێتەوە. خۆ گەر ئەو خەڵکەش مەسیحین (وەکو خۆیان دەڵێن)، کەواتە نابێ کێشەیان بەرامبەر هەڵوێست و روانینەکانی ئەو هەبێت و دژی بوەستنەوە. چونکە لەڕاستیدا ئەم ئاراستەی رەخنەگرتنە لە پێودانگە سواو و قبوولکراوەکان، لای مەسیحیش هەبووە. ئەم هەڵوێستە رەخنەگرانەیە لای سوکراتیش هەبووە. ئەمە هەڵوێستی پێغەمبەران و گەلێ کەس بووە کەئێمە لەبەر زۆر هۆ ستایشیان دەکەین.

"هەڵوێستی رەخنەگرانە" هەڵوێستێکە کە تیایدا ئادەمیزاد بەرامبەر بە شتەکانی ژیانی رۆژانە و بیروباوەڕی باوی عەوام کە سواون و هەروەهابەرامبەر ئەو تورەهات و شتە

هیچانەش دەوەستێتەوە کە لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵك پەیڕەوی لێدەکەن، وادەزانێ مانایان هەیە.

لەوانەیە نەتوانین بەئاسانی پێناسەی ئەو هەڵوێستە ڕەخنەگرانەیە بکەین کە من لێی دەدوێم، بەڵام ئەگەر کەسێك ئەمە لەگەڵ خۆی و کەسانی تردا تاقیبکاتەوە، بە ئاسانی دەتوانێ ئەو کەسێتییە بناسێتەوە کە خاوەنی هەڵوێستی ڕەخنەگرانەیە، یان ئەوەی خاوەنی نییە .

بۆنموونە چەند ملیۆن خەڵك باوەڕیان وایە کە دەکرێ لەڕێی پێشبڕکێی خۆچەکدارکردنی ئەتۆمییەوە بە ئاشتی بگەین؟ ئەم باوەڕە پێچەوانەی هەموو ئەو ئەزموونانەیە کە لە رابردوودا پیایاندا تێپەڕیوین. ئەی چەند کەس بڕوایان وایە گەر دەنگی ئاژیر (ئینزار) هات (لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆربەی شارەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ژێر زەمین و پەناگە دروستکراون) بە زیندوویی دەمێننەوە؟ ئەوان دەزانن کە تەنها 15 دەقیقەیان لەبەردەمدایە. پێویست ناکات کارمەندی بەئاگاهێنانەوە بیت تا بزانیت کە خۆگەیاندنە ژێرزەمین لە 15 دەقیقە زیاتری دەوێت. لەم ماوە کەمەشدا مەرگی ناکاو لەڕێدایە. بەڵام بە ڕواڵەت ملیۆنەها کەس قەناعەتیان بەوەیە کە ژێرزەمینە مەحکەم و پتەوەکانیان بەرگەی بۆمبی 50 تا 100 میگاتەنی دەگرن. بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئەو ملیۆنەها کەسانە رۆحیەت و هەڵوێستی ڕەخنەگرانەیان لانییە .

ئەگەر منالێکی پێنج ساڵان ئەمە ببیستێت، بە زۆری گومانی لادروست دەبێت. منالان لەم تەمەنەدا بەشێوەیەکی سروشتی هەڵوێستی ڕەخنەگرانە تریان لە گەورەکان هەیە. گەورەکان فێربوون کە ڕەخنەگر نەبن و هەموو شتێکی هیچ و بێبەها بە شتی مانادار بزانن. کەسێتیی شۆڕشگێڕانە، جگە لە هەڵوێستی ڕەخنەگرانە، پەیوەندیی تایبەتیی لەگەڵ دەسەڵاتدا هەیە. ئەو کەسێکی خەیاڵاوی نییە و دەزانێ کە دەسەڵات مرۆڤ تێکدەشێوێنێ و زەبوونی دەکات و دەیفەوتێنێ. ئەو لەگەڵ دەسەڵاتدا جۆرە پەیوەندییەکی تری هەیە. لای

ئەو هیچ کاتێ دەسەڵات پیرۆز نییە و هیچ کاتێکیش لای ئەو جێی حەقیقەت، یا ئاکار و یان خوا ناگرێتەوە.

یەکێك لە گرنگترین مەسەلەکانی ئەمڕۆ، پەیوەندیی کەسەکانە بە دەسەڵاتەوە. مەسەلەکە ئەوە نییە کە دەسەڵات چییە، مەسەلەکە ئەوەیە کە بۆچی دەسەڵات پیرۆز دەبێ و بۆچی ئەخلاقیاتیش دەچێتە ژێر رکێفی دەسەڵاتەوە. ئەو کەسەی دەسەڵات رکێفی ئەخلاقیاتی دەکات، هەرگیز ناچێتە پێگەی ڕەخنەگرانەوە و لەئەنجامیشدا هەرگیز کەسێتییەکی شۆڕشگێڕانەی نەبووە و ناشیبێت.

کەسێتیی شۆڕشگێڕانە توانای ئەوەی هەیە بڵێ "نەء". بە دەربڕینێکی دی، کەسێتیی شۆڕشگێڕانە کەسێتییەکە مل کەچ ناکات. کەسێکە کە خۆپاراستن لە کۆیلایەتی لەلای ئەو رەندی (فەزیلەت) و ئازایەتییە. بۆ زیاتر روونکردنەوە، پتر لەم باسە دەدوێین:

مێژووی مرۆڤایەتی بەخۆڕاگری دەستی پێکردووە. من ئاماژە بۆ میتۆدۆلۆجیای یۆنانی و عیبری دەکەم. لە چیرۆکی ئادەم و حەوادا، فەرمانی خواوەند ئەوە بوو کە لەو میوەیە نەخۆن. کەچی مرۆڤ (بەشێوەیەکی وردتریش بیڵێین: ئافرەت) توانیی بڵێ (نەء). ئەو توانیی سەرپێچی بکات و تەنانەت قەناعەت بە پیاویش بکات. ئەنجامەکە چی بوو؟ لە ئەفسانەدا واهاتووە کە مرۆڤ لە بەهەشت دەردەکرێ. واتە مرۆڤ لەنێو هەلومەرجی بەر لە تاکبوون و بەر لە هۆشیاری و بەر لەمێژوویی و یان بەر لە ئینسانیش دەردەکرێ. ئەو هەلومەرجەی کە دەکرێ بە ژینی کۆرپەلەی بشوبهێنین وەختێ لەنێو منداڵدانی دایکیدایە. بەجۆرە بوو کە ئەو لە بەهەشت دەرکرا و پێی خستە سەر شەقامی مێژوو.

بە زمانی ئەفسانە، ئەو رێی گەڕانەوەی پێنەدرا. بەڵام لەڕاستیدا نەیدەتوانی بگەڕێتەوە. چونکە وەختێ ئەو بەخۆیدا هاتەوە و، هۆشیار بوو بە جیابوونەوەی خۆی لەوی دی و لە سروشت، ئیدی نەیدەتوانی بگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجەکانی ئاسوودەیی یەکەمجار و دۆخی بەر

لە هۆشیاری. مێژووی مرۆڤایەتی بەم یەکەمین یاخیبوونە دەستی پێکردو یەکەمین یاخیبوونیش، یەکەمین هەنگاو بوو لەرێی ئازادیدا.

یۆنانییەکان رەمزێکی تر بەکاردەهێنن: پرۆمیتیۆس. ئەوە پرۆمیتۆس بوو کە ئاگری لە خواکان رفاند و گوناهی کرد. ئەویش سەرپێچیی کردو بەوەی کە ئاگری بە ئادەمیزادەکان دا، مێژووی مرۆڤ (و یان ژیاری مرۆڤ) دەستی پیّکرد.

هەم عیبریەکان و هەم یۆنانییەکان لەو باوەڕەدابوون کە تەقەللای مرۆڤو مێژووی مرۆڤ بەسەرپێچی و یاخیبوون دەستیپێکردووە. پرسیاری من ئەوەیە ئایا مێژووی مرۆڤ بە گوێڕایەڵی و سەردانەواندن کۆتایی دێ؟ ئەفسوس کە من لێرەدا باس لە حیکایەت و ئەفسانە ناکەم، بەڵکو باس لەڕاستی دەکەم. ئەگەر جەنگێکی ئەتۆمی لە دووسێ ساڵدا نیوەی خەڵکی سەرزەوی بفەوتێنێ و قۆناغی وەحشیگەریی پەتی بێتە پێشەوە، یان ئەگەر ئەم جەنگە دە ساڵ بخایەنێ و تەواوی مرۆڤەکانی سەرزەوی قەلاچۆ بکات. ئەمە هەمان ئەو مانای سەردانەواندنەیە لەلایەن خەڵك و مرۆڤەکانەوە، کە مەبەستی منە. واتە قبوڵکردنی فەرمانی تەقەکردن و ملکەچکردن بۆئەو بیروباوەڕانەی کە دەبنە مایەی هێنانەدیی ئەم هەلومەرجە شێتانەیە.

سەرپێچیکردن (یاخیبوون) چەمکێکی دیالەکتیکییە. لەبەرئەوەی هەرکردەوەیەکی یاخیگەرییانە لە راستیدا کردەوەیەکی سەردانەواندنیشە، مەبەستم لەوەیە کە هەر یاخیبوونێك جگە لەو جۆرەی کە ئاژاوە گێڕانەیە، چەشنە سەردانەواندن و ملکەچکردنێکە بۆ پرنسیپێکی دی. من سەرپێچی لە بتەکان دەکەم، چونکە بە فەرمانی خواوەند دەکەم. من نابمە کۆیلەی قەیسەر، چونکە بەندەی خوام. بە زمانێکی نادینیش ئەوەیە کە من بە فەرمانی ئەقڵی خۆم و بە پشتبەستن پیّی پەیڕەوی لەکۆمەڵێك پرنسیپ و بەها دەکەم. لەوانەیە لە دەوڵەت یاخی بم، لەبەرئەوەی پەیڕەوی لە کۆمەڵێك یاسای ئینسانی دەکەم.

کەواتە کە لێرەدا گوێڕایەڵم، هەمیشە جێیەکی تر و شتێکی تر بۆ سەرپێچیکردن هەیە. مەسەلەکە بەتەنها سەردانەواندن و یاخیبوونیش نییە ، بەڵکو سەردانەواندن و یاخیبوون لەکێ‌و لەچی؟

لەو شتانەوەی کە گوتمان، ئەو ئەنجامە بەدەست دەهێنین کە کەسێتیی شۆڕشگێڕانە بەو مانایەی کە من مەبەستمە، تەنها جۆرە کەسێتییەك نییە لە رەهەندە سیاسیەکەیدا، بەڵکو لە ئایین و هونەر و فەلسەفەشدا هەیە. بووداو پێغەمبەرێکی وەکو عیساو، جیور داتۆ برۆنۆ و مایستەر ئیکهارت و گالیلۆ و مارکس و ئینگلز و ئینشتاین و شڤایتزەر و راسل، هەموو کۆمەڵێك کەسێتیی شۆڕشگێڕ بوون. لە راستیدا تۆش دەتوانیت خەسڵەتی کەسێتیی شۆڕشگێڕانە لە کەسێکدا ببینیتەوە کە لە خانەی ئەو کەسێتیانەی پێشووشدا نییە . کەسێك کە بەڕاستی "بەڵێ" ی بەڵێیەو "نەخێر" ی نەخێرە. کەسێك کە دەتوانێ حەقیقەت بڵێت، هەروەکو مناڵەکەی چیرۆکی "جلوبەرگە تازەکەی ئیمپراتۆر" ی هانز کریستیان ئەندرسن. ئەو مناڵە دەیبینی کە ئیمپراتۆر رووت و قووتە و ئەوەی کە دەیبینی بە راستگۆییەوە دەریدەبڕی.

دەشێ سەدەی نۆزدەیەم، قۆناغێك بووبێت کە تیایدا یاخیبوون ئاسانتر بووبێت. لەبەرئەوەی سەدەی نۆزدە سەدەی ئامادەگیی دەسەڵات بوو لە خێزان‌و دەوڵەتدا. هەربۆیە زەمینەش بۆ کەسێتیی شۆڕشگێڕانە خۆش بوو. سەدەی بیستەم سەدەیەکی ترە. ئەم سەدەیە چاخی سیستمە نوێیەکانی پیشەسازی و خولقێنەری ئادەمیزادی رێکخراو (دیسپلینکراو) ە. سیستمە فراوانەکانی بیرۆکراسی کە جەختیان لەسەر رەفتاری نەرم‌و گونجاوی کەسانێکە کە لە ژێر (چاودێری) دان.

ئەم رەفتارەش وەنەبێ لەڕێی زۆرلێکردنەوە بەدیهاتبێت. بەڵکو لەڕێی دەستخستنە ناو ئینسانەکان و پەروەردەکردنیانەوە. بەڕێوەبەرانی سیستمی بیرۆکراسی لافی ئەوە لێدەدەن کە گوێڕایەڵیی خەڵك بۆ فەرمانەکانیان شتێکە بە ویستی ئەو خەڵکانە خۆیان. ئەوان هەوڵدەدەن

لەرێی دابینکردن و رەزامەندکردنی ماددیەوە هەمووومان قەناعەت پێبکەن ئەوە بین کە ئەوان بۆیان دیاریکردووین. ئادەمیزادی دیسپلینکراو کەسێك نییە بتوانێ یاخی بێت. ئەو تەنانەت بەخۆی نازانێت کە ملکەچیشە. ئیدی ئەگەر بەخۆی نەزانێت کە کۆیلە و گوێڕایەڵە، چۆن لە مانای یاخیبوون دەگات؟ ئەو تەنها یەکێکە لە "پاتاڵ"ەکانی کۆمەڵ. ئەو لە کاروباریدا "ورد"ە. بیر لە شتی "مەنتیقی" دەکاتەوەو کاری پێدەکات. تەنانەت گەر ئەو مەنتیقە ببێتە هۆی فەوتاندنی گیانی خۆی و ژن و منداڵەکانیشی. هەر بۆیە بۆ ئادەمیزادی هاوچەرخی بیرۆکراسیەتی سەدەی بیستەم، زۆر قورسترە کە یاخی بێت و خەسڵەتەکانی کەسێتی شۆڕگێڕانەی تیابێت.

ئێمە لەچاخێکدا دەژین کە مەنتیقی پارەو مەنتیقی بەرهەمهێنانی کالاّ، تەواوی ئاستەکانی ژیانی مرۆڤی تەنیوەتەوە. ئادەمیزادەکان بوون بە ژمارە. هەروەکو چۆن کالاّکان ژمارەیان لەسەرە. ئادەمیزادەکان و کالاّکان دوو چەندێتین بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنان.

دووپاتی دەکەمەوە، بەلای کەسێکەوە کە بەخۆی نازانێت گوێڕایەڵ و ملکەچە، زۆر زەحمەتە ببێتە کەسێکی یاخی. بەواتایەکی تر، کێ دەتوانێ بەرامبەر کۆمپیوتەر سەرپێچی بکات؟ چۆن دەکرێ بەرامبەر فەلسەفەیەك کە ئامانجەکەی بە کۆمپیوتەربوونی فەلسەفە و، دابڕان لە ئیرادە و هەست و عاتیفەیە، بگوترێ "نەخێر"؟

بێگومان ئەمڕۆ ملکەچی بە ملکەچی لەقەڵەم نادرێ. چونکە ئەم مانایەیان لەژێر پەردەی "تێگەیشتنی هاوبەش" و قبوولکردنی پێداویستیە کۆنکرێتیەکانی کۆمەڵگادا بەئەقلاّنی کردووە. گریمان هێزێکی چەکداری کاولکەر لە خۆرئاوا و خۆرهەلاّتدا پەیدا دەبێ، کام سەرپێچییە دەکەن؟ لەکاتێکا کە هەموو ئەوەیان قبووڵ کردبێت کە سەردانەواندن بۆ ئەو کارە لەبەر پێداویستیە کۆنکرێتیەکانی کۆمەڵگایە نەك ئیرادەی مرۆڤ، چ کەسێك لە یاخیبوون و وتنی "نەء" ی خۆی قایل دەبێ؟

لایەنێکی تر کە پەیوەندیی بە هەلومەرجەکانی ئێمەوە هەیە. لەم سیستمە پیشەسازییەدا کە بەڕێی من هەم لە خۆرئاوا و هەم لە خۆرهەڵاتیشدا ڕۆژ بەڕۆژ لە تەشەنەکردندایە، تاڕادەی مەرگ ئادەمیزادیان لەڕێی بیرۆکراسیەتی گەورە و مەزنیی (دەوڵەت و بیرۆکراسیەتی پیشەسازی و بیرۆکراسیەتی ڕێکخراوەکان) ەوە ترساندووە.

ئەو نەك هەر ترساوە، بەڵکو خۆی زۆر بچووك دێتە بەرچاو. ئەو چیدی داوود نییە بە گولیات بڵێ "نەء". ئایا ئەم مرۆڤە بچکۆلەیە دەتوانێ بەرامبەر بە شتێك کە لەچاو پەنجا یا سەد ساڵ لەمەوبەردا هەزارانجار گەورەتر و بە دەسەڵاتتر بووە، بڵێ نەء؟ ئەم مرۆڤە لە ملکەچکردنیدا بۆ دەسەڵات، خۆشحاڵە و ئەو فەرمانانەی پێ قبووڵە کە لەژێر پەردەی ئەقڵ و تێگەیشتنی هاوبەشدا پێی دەدرێ و هیچ تێگەیشتنێکیشی بۆ ئەوە نییە کە خۆی کۆیلە و ملکەچە.

بەکورتی، مەبەست لە "کەسێتیی شۆڕشگێڕانە" مانا ڕەفتارییەکەی نییە ، بەڵکو چەمکە دینامیکیەکەیەتی. لەم ڕوانگەی کەسێتی ناسییەوە، هەر کەسێك دروشمێکی شۆڕشگێڕانەی بەرزکردەوە یا لە شۆڕشێکدا بەشدارییکرد، بە کەسێتییەکی شۆڕشگێڕانە لەقەڵەم نادرێ. کەسی شۆڕشگێڕ لێرەدا کەسێکە کە خۆی لە کۆت و پێوەندەکانی خوێن و خاك و پشتبەستنی منالانە بە دەسەڵاتی باوك و دایك و خۆسپاردنی تایبەتی بە دەسەڵات و چین و ڕەگەز.. ئازادکردبێت. کەسێتیی شۆڕشگێڕانە بەو پێیەی هەموو ئینسانییەتی لەخۆیدا تاقیکردۆتەوە کەسێکی ئینساندۆستەو، هیچ شتێك نییە لە ئینسانییەتدا بەلای ئەوەوە نامۆبێت. ئەو عاشقی ژیانە و ڕێزی لێدەگرێت. ئەو گوماندارە و کەسێکی ڕاستگۆیە.

گوماندارە، لەبەرئەوەی لەگەڵ ئەو ئایدیۆلۆژیا و جیهانبینیانەدا ناکۆکە کە لەسەر هەندێ زەمینەی ناجۆر دامەزراون. ڕاستگۆشە، چونکە باوەڕی بەو هێزە شاراوەیە هەیە کە لە ئارادایە، گەرچی تا ئێستا نەهاتبێتە دیش. ئەو فێرە بڵێ "نەء" و لە توانایدایە لەو هێزانە یاخی بێت کە دەیانەوێ جڵەوی بکەن و کڕنووشی پێبەرن. لەبەرئەوەی ڕێی گوتنی "بەڵێ"

یش دەزانێ بۆ ئەو پرنسیپانەی کە پەیڕەوییان لێدەکات. ئەو کەسێکی خەواڵوو نییە، بەڵکو چاوی لە ئاست ڕاستییە تایبەتی و کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەری خۆیدا کراوەیە. ئەو سەربەخۆیە. ئەوەی کە هەیەتی بەری ڕەنجی خودی خۆیەتی. ئەو ئازادەو کۆیلەی کەس نییە.

لەم کورتەیەوە ڕەنگە وا بکەوێتەوە کە ئەوەی دەربارەی کەسێتیی شۆڕشگێڕانە وتمان، زیاتر پەیوەندیی بە هەلومەرجەکانی ساغی و ئاسوودەیی زەینی مرۆڤەوە هەبێت. بەڵام بەهەرحاڵ، قسەکانی من سەبارەت کەسێکە کە خاوەن ئەقڵە و زیندووە و ساغە.

ئەوەی من دەیڵێم ئەوەیە کە ئەم کەسە کەوتۆتە جیهانێکی شێتەوە. کەسێکی هۆشیار و کامڵ لە جیهانێکی ئیفلیجدا، مرۆڤێکی بێدار و بەئاگا لە جیهانێکی خەواڵوودا. ئەوکەسێکی شۆڕشگێڕە و وەختێ ئەوانی تریش هەموو بێداربوونەوە، ئیدی پێویست بە کەسێکی شۆڕشگێڕ، یان رابەر ناکات. ئیدی لەوێ بەتەنها مرۆڤی هۆشیار دەبینینەوە.

هەڵبەت زۆربەی خەڵك کەسانێکی شۆڕشگێڕنەبوون. بەڵام هۆی ئەوەی کە ئێستا ئێمە لە ئەشکەوتەکاندا ناژین ئەوەیە کە لەکۆمەڵگای مرۆییدا بەردەوام کەسانێکی شۆڕشگێڕی وا هەبوون کەئێمەیان لە ئەشکەوت و تاریکییەکان رزگارکردووە. زۆری تریش هەبوون کە تەنها لافی ئەوەیان لێداوە کە شۆڕشگێڕ بوون، بەڵام لەڕاستیدا بەتەنها لە ئاژاوەگێڕ و دەسەڵاتخواز و هەلپەرست بەولاوە هیچی تر نەبوون.

من لەو باوەڕەدام کە دەروونناسان ئەرکێکی زۆر گرنگیان سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی جیاوازییەکانی کەسێتیناسی، بەدوور لە جۆرەکانی ئایدیالۆژیای سیاسی، لە ئەستۆدایە. بەڵام بۆئەوەی کە ئەم ئەرکە بەڕێکی ئەنجامبدرێ، دەبێ ئەوانە لانی کەم هەندێ لەو خەسڵەتانەیان تیابێت کە دەربارەی کەسێتیی شۆڕشگێڕانە خستمانەروو. بەڵکو دەبێ ئەوانە خۆیان کەسانێکی شۆڕشگێڕ بن. (*)

(سەرنج: ناونیشانی وتارەکە لە ئەسڵەکەیدا "کەسێتیی شۆڕشگێڕانە" یە —و-)

## پەراوێزەکان:

1) ئەم لێکۆڵینەوەیە من و هەندێ لە هاوکارانم، لەوانە دکتۆر. ئا شاختن، بەرنامەڕێژیمان بۆ کرد. دکتۆر پ.لازار سفیلدیش وەکو راوێژکاری ئاماری یارمەتیی داین. ئەم لێکۆڵینەوەیە بەسەرپەرشتیی دکتۆر ماکس هۆرکهایمەر بۆ دەزگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیی زانکۆی فرانکفۆرت ئەنجامدرا.

2) شێوازی توێژینەوەکە بریتی بوو لە کۆمەڵێك پرسیاری جیاواز کە لە پرسنامەکەدا هاتبوو. وەڵامەکان لەسەر بنچینەی شیکردنەوەی مەیلی دەروونی و نائاشکرای ئەو کەسە هەڵدەسەنگێنران. بۆ نموونە لەم پرسیارەدا کە کام کەسێتیی مێژوویی بەلاوە پەسەندە، ئەگەر وەڵامەکە ئەسکەندەری گەورە، قەیسەر، ناپلیۆن بوایە، ئەوا وەڵامدەرەوەکە دەخرایە ریزی دەسەڵاتخوازانەوە. لەبەرئەوەی ئەو مەیلی بەلای کەسێتیی دیکتاتۆرەکان و رابەرانی سەربازیدا هەبووە. ئەگەر وەڵامەکەش بوکرات، پاستۆر، کانت، مارکس و لینین بووایە. وەڵامدەرەوەکە دەخرایە ریزی دیموکراتەکانەوە، لەبەرئەوەی مەیلی بەلای خێرخوازەکانی مرۆڤایەتیدا هەبووە.

3) ئەم مەسەلەیە دووبارە خرایەوە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لە لێکۆڵینەوە نوێیەکەدا هەندێ ریفۆرمکاری لە توێژینەوەکەدا کرابوو:

**T. W. Adorno and others، The Authoritarian Personality(New York: Harper&Row Publishers، 1950)**

4) بەشێوەیەکی فراوان ئەم خاڵەم لە کتێبی (هەڵاتن لە ئازادی) دا شی کردۆتەوە.

* سەرچاوە: مجله (چیستا) شماره 6،7 / اسفند 1377 و فروردین 1378. ص ص 545-555.

# ڕۆڵی ڕۆشنبیر

■ ئێلوارد سەعید

ئایا ڕۆشنبیران بەشێکی زۆری خەڵك پێکدەهێنن، یان دەستەیەکی بچووکی خەڵکن کە لەچەند تاکە کەسێك پێکهاتوون؟ لەدوو تویی وەڵامی ئەم پرسیارەدا، دوو پێناسەی بەناوبانگی سەدەی بیستەم خۆیان حەشارداوە، گەرچی لەبنەڕەتدا دژیەکیشن. ئەنتۆنیۆ گرامشیی مارکسیستو کردەییو ڕۆژنامەوانو یەکێك لە فەیلەسوفانی سیاسیی گەورەی ئیتالیایی، وەختێ لەنێوان سالآنی 1926، 1937دا لەبەندیخانەکانی مۆسۆلینیدا زیندانی بوو، لە"یادداشتەکانی زیندان"دا دەنووسێت: "بەم پێیە دەتوانین بڵێین کەخەڵك هەموو ڕۆشنبیرن، بەڵام هەموویان لەکۆمەڵگادا ڕۆڵی ڕۆشنبیر نابینن" (1). شێوەی ژیانی گرامشی خۆی نموونەی ئەو ڕۆڵەیە کە ئەو بۆ ڕۆشنبیری بەپێویست دەزانی. ئەو وەکو زماناسێکی پراکتیکاری هەڵکەوتوو، چ وەك ڕێکخەری بزوتنەوەی چینی کرێکارانی ئیتالیاو، چ لەکاری ڕۆژنامەگەریی خۆیدا بەئاگاترین نووسەرێك بوو کەشیکردنەوەی کۆمەڵایەتی لەنووسینەکانیدا ڕەنگی دەدایەوەو ئامانجیشی بەتەنها بەرپاکردنی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی نەبوو، بەڵکو دروستکردنی پێکهاتەی ڕۆشنبیریی هاوجۆری ئەو بزوتنەوەیەش بوو.

گرامشی مەبەستێتی ئەوە لەخەڵکی بگەیەنێت کەئەوانەی ڕۆڵی ڕۆشنبیر دەبینن لەکۆمەڵگادا دەبن بەدوو گروپەوە: گروپی یەکەم، ڕۆشنبیرانی تەقلیدی، وەکو مامۆستایان،

قەشــەکان، بەڕێوبەــرانو کارمەنــدان کــەکارەکانیان لەوەچــەیەکەوە بــۆ وەچــەیەکی دی بــەردەوام دەمێــت، گروپــی دووەمــیش: ڕۆشــنبیرانی ئۆرگانیــك، کــەلای گرامــشی لەپەیوەندیــەکی راســتەوخۆدان لەگــەڵ ئــەو چــینە یــا پێکهاتانــەی کەڕۆشــنبیرانیان بــۆ ڕێکخــستنی خواســتەکانیانو وەچــنگهێنانی دەســەڵاتو رکێــف گرتنــە دەســت بــەکارهێناوە، بــۆ نموونــە گرامــشی دەربــارەی ڕۆشــنبیری ئۆرگانیــك دەڵێت:

"خاوەنکــاری ســەرمایەدار، لــەپاڵ خۆیــدا، تــەکنیکاری پیــشەسازو، پــسپۆڕی ئــابووریی سیاســیو، رێکخــەری ڕۆشــنبیریو، سیــستمی یاســایی نــوێو شــتی لــەم جۆرانــە دەهێنێتــە ئــاراوە"[2]. لەڕوانگــەی گرامــشییەوە، کارنــاس (خــبیر)ی راگەیانــدن یــاهی تۆڕەکــانی پەیوەنــدیکردنی هەمــەکیی ئــەمڕۆ، کاتــێ دەبــەوێت لــەرێی ئــامرازە تەکنیکیــەکانی خۆیــەوە کرێــارێکی زیــاتر بــۆ بەرهەمــەکانی پاکژکــەرەوە یاکۆمپانیایــەکی فڕۆکــەوانی پەیــدابکات، بەڕۆشــنبیرێکی ئۆرگــانیکی لەقەڵــەم دەدرێ. ئــەو کەســێکە کــە لەکۆمــەڵگای دیموکراتــدا، لــەپێناوی راکێــشانو قــایلکردنی کڕیــارانو فۆرمەلــەی بیروبۆچــوونەکانی مەســرەفکەر یــا دەنگــدەردا تێدەکۆشــێت. گرامــشی لــەو بــاوەڕەدا بــوو کەڕۆشــنبیرانی ئۆرگانیــك بەشــێوەیەکی کارایانــە لەکۆمــەڵگادا لەململانێــدان، بــەو مانایــەی کەهەمیــشە لــەپێناوی گــۆڕینی بــیروڕاو گەشەســەندنو پێــشکەوتنی بازاڕەکانــدا تێدەکۆشــن. بەپێــچەوانەی مامۆســتایانو قەشــەکانەوە کــەوا دێتــە بەرچــاو کــەم تــازۆر لەشــوێنێکدا جــێگیرنو ســاڵ دوانــزدە مــانگ ســەرگەرمی دووپاتکردنــەوەی کــارێکن، ڕۆشنبیرانی ئۆرگانیك بەردەوام لەگەڕانو پشکنیندانو سەرگەرمی بیناکردنن.

لەلایــەکی دیکــەوە، پێناســە بەناوبانگەکــەی "جۆلیــان بینــدا"مــان هەیــە کەڕۆشــنبیران بەدەســتەیەکی بــچووکی "فەیلەســوف –شــا" دەناســێنێ کــەخاوەنی بــەهرەو تایبەتمەنــدێتیی ئاکــاریی بــاڵاتری ویــژدانی مرۆڤایــەتین. ئــەوە راســتە کــە باســەکەی بینــدا "خیانــەتی ڕۆشــنبیران" بــۆ کەســانی دوای خــۆی بەشــیکردنەوەیەکی سیــستماتیکانەی ژیــانی ڕۆشــنبیرانە نــا، بــەڵکو زیــاتر بەرەخنەیــەکی تونــد لەقەڵــەم دەدرێ بــۆ ئــەو ڕۆشــنبیرانەی کــەوەهایان بــۆ پیــشەکەیان نــەماوەو وەکــو

جاران بەبنەما ئاكارییەكانی خۆیانەوە پابەند نین، بەڵام ئەمەش راستە كە ئاماژە بۆ ناو و خەسڵەتە بنچینەییەكانی كەسانێك دەكات كەبەلایەوە رۆشنبیری راستەقینەن. ئەو لەكاتێكدا ناوی كەسانێكی وەكو سپینۆزا، ڤۆلتێر، ئێرنست رینان دەهێنێ لەم چاخانەی دواییدا، بەهەمانشێوە چەند جارێك ئاماژە بۆ ناوی سوكراتو مەسیحیش دەكاتەوە. رۆشنبیرانی راستەقینە چینێكی جیهانی پێكدەهێننو هەر بەراستی كۆمەڵێك بوونەوەری دانسقەن، چونكە پارێزەری كۆمەڵێك پێودانگی ئەبەدیی حەقیقەتو دادپەروەرین كەبەتایبەتی بەم جیهانەوە پەیوەست نین. لەم رووەوە وەسفی ئایینیانەی بیندا بۆ زانایانی ئایینی، پیشاندەری ئەو پلەو پایەیە كەئەو بۆ پێگەو، رۆڵی رۆشنبیرانی بەرامبەر بەخەڵكی عەوام دانـاوە. مەبەست لەعەوامیش ئەو كەسە ئاساییانەن كەخەریكی وەدەستهێنانی دەسكەوتی ماددیو پلەو پایەی تایبەتینو لەكاتی شیاویشدا هەوڵی پتەوكردنی پەیوەندیی نزیك بەدەسەڵاتە دنیاییەكانەوە دەدەن. لەروانگەی ئەوەوە، رۆشنبیرانی راستەقینە "كەسانێكن كەچالاكییان شوێن هەندێ ئامانجی كردەیی ناكەوێت، كەسانێكن كەچێژ لەتاقیكردنەوەی كاری هونەری، زانستی، یان تێرامانی میتافیزیكیو بەكورتی لەسەرگەرم بوونە بالاّترە نامادديیەكان دەبیننو، بەدەربڕینێك لەدەربڕینەكان دەڵێن: (قەڵەمڕەوی من قەڵەمڕەوی ئەم جیهانە نییە "[3].

بەهەرحاڵ، لەنموونەكانی بینداوە بەڕوونی دەردەكەوێت كە ئەو هەڵاتن لەبەرپرسیاری، دونیاییبوون، لەبورجی عاجدا مانەوە، گۆشەگیری، نوقمبوون لەمەسەلە ئاڵۆزەكانداو، بەتایبەتیش نوقمبوون لەقەڵەمڕەوی مەسەلە رەمزیو نهێنیی ئامێزەكاندا رەت دەكاتەوەو بەراستیان نازانێت. رۆشنبیرانی راستەقینە بەتەنها كاتێ خۆیان دەدۆزنەوە كەهانی هەستی تونلوتیژی میتافیزیكیو پرنسیپە بێگەردەكانی دادپەروەریو گەران بەدوای حەقیقەتدا بدەنو بیوروژێننو دژ بەخراپە بوەستنەوە، بەرگری لەبێدەسەڵاتانو ستەملێدەكان بكەنو، دژ بەدەسەڵاتی ناڕەواو ستەمكار بوەستنەوە. وەكو خۆی دەڵێت: "پێویست دەكا ئەوە بەبیر خۆمان بهێنینەوە كەچۆن فنلۆنو ماسیۆن دژ بەژمارەیەك لەشەڕەكانی لویسی چواردەیەم بوونەوە؟ چۆن

ڤۆلتێر وێرانکارییەکانی کۆنت نشین پالاتینیتی مەحکوم کرد؟ چۆن رینان دژ بەتوندوتیژییەکەی ناپلیۆن وەستایەوە؟ چۆن باکل رەفتارە نابەجێکانی بەریتانیای بەرامبەر بەشۆڕشی فەرەنسا خستە ژێر پرسیارەوە؟ هەروەها چۆن لەم سەردەمەی خۆماندا نیچە رەخنەی لەکردەوە نامرۆییەکانی ئەڵمانیا گرت کە دژ بەفەرەنسا نواندنی؟"[4] بەبۆچوونی بیندا کێشەی ئەمڕۆی کۆمەڵگا لەوەدایە کەرۆشنبیران دەسەڵاتی ئاکاری (ئەخلاقی)ی خۆیان سپاردووە، بەشتێك کە ئەو لەدەربڕینێکی پێشبینانەدا ناوی ناوە "ئۆرگانیزەکردنی هەڵچوونی دەستەجەمعی — Organization of Collective Passions" وەکو دەستەگەری، هەستو سۆزی جەماوەری، رکابەریی ناسیونالیستیو بەرژەوەندیی چینایەتی. گەرچی بیندا ئەم شتانەی لەساڵی 1927دا نووسیوە، واتە ساڵانێك بەر لەچاخی راگەیاندن، بەڵام ئەو مانایەی دیاریکردبوو کەبەکارهێنانی رۆشنبیران بەلای حکومەتەکانەوە چەند گرنگە، بەڵام نەك بۆ رابەریکردن، بەڵکو بۆ قایمکردنی سیاسەتی دەوڵەتو بەردەوامیدان پێیو هەڵڕشتنی پرۆپاگەندە دژ بەدوژمنانی رەسمیو بەباقو بریقکردنی مەسەلەی ناپێویستو، لەئاستێکی فراوانتریشدا پەیڕەوی لەسیستمەکانی وتارێژیی ئۆروێلیانە کەدەتوانێ لەژێر ناوی "بەرژەوەندیی" رێکخستن یا "شانازیی میللی"دا سەرپۆش بەسەر راستیی ئەوشتەدا بدات کەلەحاڵەتی رووداندایە.

توانای بیندا بۆ لاواندنەوەی خیانەتی رۆشنبیران، نە لەوردبینیی تۆژینەوەکەیدایەو نەلەڕوانینی رەها (موتڵەق)یانەی ئەستەمی ئەودایە، وەختێ بۆچوونی خۆی سەبارەت ئەرکی رۆشنبیرانە دەخاتەڕوو، کەبریتییە لەهەمیشە دژایەتیکردن. بەگوێرەی ئەو پێناسەیەی بیندا، رۆشنبیرانی راستەقینە دەبێ هەمیشە ئەوەیان لەبەرچاوبێت کەدەشێ هەر ساتێك بێ بسوتێنرێن، یان دووربخرێنەوە، یان لەسێدارە بدرێن. ئەوانە رەمزی کۆمەڵێك کەسێتیی دیارن کەمۆری سەرکەشی بەتەوێڵیانەوەیەو، بەرامبەر ئەنجامی کاری خۆیان نیگەرانییان خستۆتەلاوە. بەم پێیەو بەگوێرەی ئەم خەسڵەتانە، ژمارەو پەرەسەندنیان لەزیادبووندا نییە . ئەوانە دەبێ کەسانێکی زۆر وردبن، کەسێتییان جێگیرێتو، لەهەمووش گرنگتر، کەسانێك بن کەزۆربەی

کات لەگەڵ دۆخی باودا ناکۆک بن. لەبەر هەموو ئەم هۆیانە ڕۆشنبیرانی بیندا بەناچاری گروپێکی بچووکو تەواو بیناراوی پێکهاتوو لەکۆمەڵێك پیاون —بیندا هەرگیز باسی ئافرەتانی نەدەکرد —کەدەنگی زوڵاڵو نەفرینی توندوتیژیان لەبەرزییەوە بەرەو مرۆڤایەتی ئاڕاستە دەکرێ. بیندا پێمان ناڵێت ئەم پیاوانە چۆن دەرکیان بەحەقیقەت کردووە، یان ئەوەی کە دەشێ پەیبردنی کوێرانەی ئەوان بەپرنسیپە ئەبەدییەکان، وەکو پەیبردنەکەی دۆن کیشۆت، کەمێ لەخەیاڵپڵاو زیاتربێ.

بەڵام من گومانم نییە لەوەی کەوێناکردنی ڕۆشنبیرێکی راستەقینە کەهاوشێوەی پەیبردنەکەی بیندا بێ، وێناکردنێکی سەرنجڕاکێش و بەهێزە. گەلێ لەنموونە ئیجابی و سەلبیەکانی قانعکەرن: وەکو، بەرگریی ئاشکرای ڤۆڵتێر لەبنەماڵەی کالاس، یان بەپێچەوانەوە، ناسیونالیزمی ترسناکی نووسەرانی فەرەنسا، بۆ نموونە وەکو مۆریس بارس کەبیندا ئیعتیباری نەمریسازیی "ڕۆمانتیکێکی ڕەق و شایانی سووکایەتیپێکردن"ی لەژێر ناوی شانازیی میللیی و فەرەنسادا بۆ دانا.[5] ڕۆحی بیندا کەوتبووە ژێر کاریگەریی کاری دریفۆس و جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، کەهەردووکیان ڕۆشنبیرانیان ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەی سەخت کردەوە. ئیدی یان دەبووایە ئازایانە دژ بەکاری دژایەتیی جوولەکەو هەڵاوسانی ناسیونالیزم قسەی خۆیان بکردایە، یان وەکو مەڕو بزن لەگەڵ مێگەلەکەدا بڕۆیشتنایەو، بەرامبەر بەمەحکومکردنی ناڕەوایانەی ئەفسەری جوولەکە، ئەلفرێد دریفۆس بێدەربەست بوونایەو ئەو دروشمە نیشتمانپەروەرانەیان بگوتایەتەوە کەهەموو ئەوانەی دەوروژاند کەدژایەتیی ئەڵمانیان دەکرد. پاش جەنگی جیهانیی دووەم بیندا —دوای ئیزافەکردنی کۆمەڵێك هێرش بۆسەر ئەو ڕۆشنبیرانەی کە لەگەڵ نازییەکاندا هاوکارییان کردو، هەروەها ئەوانەش کەبەڕوانینێکی ناڕەخنەییانەوە لایەنگیرییان لەکۆمۆنیزم دەکرد —سەرلەنوێ کتێبەکەی چاپکردەوە.[6] بەڵام لەقووڵایی گوزارشتی خەباتگێڕانەی کارەکانی بیندادا، کەلەبنەڕەتدا خۆپارێزییەکیان تیایە، دەتوانین سیمای ڕۆشنبیر وەکو سیمایەکی دیار ببینینەوە، کەسێك کە لەتوانایدایە بەرامبەر بەدەسەڵات حەقیقەت بڵێ.

رووگرژێکی وتارییش، کەبەشێوەیەکی نائاسایی جەسوورو توورەیەوە، هیچ دەسەڵاتێکی دونیایی لای ئەو هێندە گەورەو کاریگەر نییە  کە نەتوانین هەڵیسەنگێنین و رەخنەی لێبگرین.

شیکردنەوەکەی گرامشی بۆ رۆشنبیر، وەکو کەسێك کەکۆمەڵگا ئەنجامدانی کۆمەڵێك ئەرکی خستۆتە ئەستۆ، لەهەموو ئەو شتانەی بیندا باسی کردوون، لەحەقیقەتەوە نزیکترە. ژمارەیەکی زۆری پیشە تازەکانی سەدەی بیستەم ئەم بۆچوونەی گرامشی دەسەلمێنن: بێژەرانی رادیۆ یا تەلەفزیۆن، پیشە ئەکادیمیەکان، ئەو لێکۆڵەرەوانەی کەبەیاریدەی کۆمپیوتەر کاری خۆیان ئەنجام دەدەن، نوێنەرانی وەرزشی و هۆیەکانی راگەیاندن، راوێژکارانی بەڕێوەبەران، کارناسان لەپلاتڕێژیی سیاسیدا، راوێژکارانی دەوڵەتان، راپۆرتدەرانی بازاڕو لەڕاستیدا تەواوی بوارە تازەکانی هۆیەکانی راگەیاندن.

لای گرامشی، ئەمڕۆ هەرکەسێك لەیەکێك لەو بوارانەدا سەرگەرمی کاربێت کەپەیوەندییان بەبەرهەمهێنان و دابەشکردنی مەعریفەوە هەیە، بەرۆشنبیر دەژمێردرێ. پەیوەندیی زاراوەی "پیشەسازیی بەرهەمهێنانی مەعریفە" بەو شتەوە کەپێی دەڵێن بەرهەمهێنانی فیزیکی، لەزۆربەی وڵاتە پیشەسازییەکانی خۆرئاوادا بۆتە مایەی خێرایی لەزیادکردنی پیشەسازی مەعریفەدا. چەند ساڵێك لەمەوبەر، ئێلڤین گۆڵدنەری کۆمەڵناسی ئەمریکایی، رۆشنبیرانی بەچینێکی نوێ ناوزەد کردو وتی لەحاڵی حازردا بەڕێوەبەرانی رۆشنبیر جێی چینە دەوڵەمەندو موڵکدارەکانیان گرتۆتەوە. هەروەها گۆڵدنەر وتی کەچیدی وەکو پێشوو رۆشنبیران لەڕیزی خەڵکانێکدا نین کەلەپێناوی بەرزبوونەوەی پایەی خۆیاندا رووی دەمیان لەتەواوی خەڵك بێت، بەڵکو بوون بەئەندامی گروپێك کەئەو ناوی دەنێت "کەلتوری گوتاری رەخنەگرانە" **Culture of Critical Discourse"** [7]. هەر رۆشنبیرێك، چ کاری پێداچوونەوەبێ، یا نووسەری کتێبێك بێ و یان پسپۆڕێکی سەربازی و نوێنەرێکی نێو نەتەوەیی بێ، بەزمانێك دەدوێ کەتیایدا پسپۆڕیی پەیداکردووەو بەتەنها بۆ ئەندامانی هەمان بوار شیاوی سوود لێوەرگرتنە. لەپێودانگێکی

فراوانتردا، زمانی پسپۆڕانی تایبەت کەبەزمانی باوی خۆیان دەدوێن، بۆ کەسانێکی ناپسپۆڕ شیاوی تێگەیشتن نییە.

هەر لەم بارەیەوەو بەهەمان شێوە، میشیل فۆکۆی فەیلەسوفی فەرەنسایی دەڵێت کە ئەوەی پێی دەڵێن ڕۆشنبیری جیهانی **Universal Intellectual** (دەشێ بۆ ئەمە ژان پۆڵ سارتەریشی لەبەرچاو گرتبێت) جێی خۆی داوە بەڕۆشنبیری "تایبەت" (8)، کەسێك کەلەیەك بواری دیاریکراودا سەرگەرمی کارە، بەڵام بەهەر شێوەیەك بێت دەتوانێ سوود لەپسپۆڕییەکەی خۆی ببینێت. لێرەدا فۆکۆ بەتایبەتی مەبەستی ڕۆبرت ئۆپنهایمەر، زانای فیزیکی ئەمریکایی بووە، کەلەکاتی سازدانی پرۆژەی بۆمبی ئەتۆمیی لۆ ئالامۆسدا —لەنێوان ساڵانی 1942 — 1945دا —و پاشان بوون بەکارمەندی پلە باڵای کاروباری زانستیی دەوڵەتی ئەمریکا، بواری پسپۆڕییەکەی خۆی بەزاندبوو.

لەوانەیە بەهۆی پەیڕەوی لەبیرو بۆچوونە پێشڕەوەکانی گرامشییەوە بووبێت لە"یادداشتەکانی زیندان"دا، کەتەقریبەن بۆ یەکەمینجار وەکو تەوەرەی بنچینەیی کار لەکۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا، بایەخی بەڕۆشنبیران —نەك بەچینەکانی کۆمەڵ —دا. بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیران تەنانەت لەناو بوارە جیاجیاکانیشدا، بووە هۆی ئەوەی کەخودی ڕۆشنبیران ببنە بابەتی لێکۆڵینەوە. هێندە بەسە پیتی (ی) یا (و) لەدوای وشەی (ڕۆشنبیران)ەوە دابنێین، تاکتێبخانەیەکی تەواوی لێکۆڵینەوەمان سەبارەت بەڕۆشنبیران بێتە بەرچاو، کەلەئاستی جیاوازیو وردبینیدا پڕن لەشتی وردو درشتی وەها کە مرۆ گێژ دەکەن. هەزاران مێژوو و کۆمەڵناسیی جیاوازو هەروەها نووسینگەلێکی بێشومارمان سەبارەت بەڕۆشنبیرانو ناسیونالیزم، ڕۆشنبیران و دەسەڵات، ڕۆشنبیرانو نەریت، ڕۆشنبیرانو شۆڕشو هتد. . . لەبەردەستدایە. هەر پنتێکی جیهان ڕۆشنبیرانی تایبەتیی خۆی بەرهەمهێناوەو بەکەفوکوڵەوە لەسەر هەریەك لەم مەسەلانە لێدوانو گفتوگۆ ئەنجامدراوە. هیچ شۆڕشێکی گەورە لەمێژووی هاوچەرخدا بەبێ ئامادەگیی ڕۆشنبیران رووی نەداوە، هەرچۆن هیچ بزوتنەوەیەکی دژە

شۆڕشیش بەبێ ئامادەگیی ڕۆشنبیران نەکەوتۆتە سەرپێ. ڕۆشنبیران باوکانو دایکانو کوڕانو کچانو تەنانەت برازای بزووتنەوەکانن.

ئەو مەترسییە لەگۆڕێدایە کەوێنە، یان وێنانەنی ڕۆشنبیر لەنێو کۆمەڵێ وردو درشتدا ون ببێ، یان لەرەوتی بزاوتی کۆمەڵگادا بگۆڕێ بۆ پیشەیەك لەپیشەکانو یان شێوەیەکیتر. مەن لەلێکچەر (موحازەرە)ەکانی خۆمدا ئەو راستیانەی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمم پێ قبوڵە کەرەگو ڕیشەیان دەچێتەوە سەر بۆچوونەکانی گرامشی، بەڵام جەخت لەسەر ئەو خاڵەش دەکەم کە لەکۆمەڵگادا ڕۆشنبیر تاکە کەسێکە کەرۆڵێکی تایبەتیو گشتیی هەیەو ناتوانێ هەروا بەئاسانی خۆی لەپیشەیەکدا دیل بکات، یان بەتەنها ئەندامێکی شایستەی چینێك بێت، واتە کەسێك کەبەتەنها بیر لەکارو پیشەی خۆی بکاتەوە. مەن وایدەبینم کەراستییەکەی ئەوەیە کە ڕۆشنبیر تاکە کەسێکی خاوەن هێزێکی زەینییە بۆ حاڵکیردنو، بەرجەستە کردنو، روونکردنەوەی پەیامێك، تیۆرییەك، روانینێکو، یان فەلسەفە یا هزر —هەم بۆ هەمووانو هەم بەهەمووان. رۆڵێکی وەهاش دیوێکی تیژی هەیەو، ڕۆشنبیریش بەبێ ئەوەی بەرهەمهێنی کۆمەڵێك پرسیاری گێژکەر بێ، ناتوانێ ئەو رۆڵە ببینێت. لەبینینی رۆڵێکی لەجۆرەشدا، بێگومان ڕۆشنبیر ڕووبەڕووی توندڕەویو دۆگمایی دەبێتەوە. ئەو ناتوانێ رۆڵێکی وەها ببینێت، مەگەر حکومەتەکانو دەزگاکان نەتوانن بەئاسانی ئەو بەلای خۆیاندا رابکێشن. ڕۆشنبیر تاکە کەسێکە کە"بیانووی بوون"ی بینینی رۆڵی نوێنەرایەتیی هەموو ئەو خەڵکو مەسەلانەیە کە کەوتوونەتە پەراوێزی ڕووداوەکانو، یان فەرامۆش کراونو یان شاردراونەتەوە. ڕۆشنبیر لەسەر بنچینەی کۆمەڵێك پرنسیپی جیهانگیرانە ئەم کارە ئەنجام دەدات: واتە تەواوی ئادەمیزادەکان مافی ئەوەیان هەیە کەچاوەڕێی رەفتارێك بن لەدەسەڵاتو میللەتەکانی دونیاوە کە لەگەڵ پێودانگەکانی ئازادیو دادپەروەریدا کۆك بێتو، گەر پێشێلکردنێکی ئەنقەست یا کەمتەرخەمییەك لەئاست ئەو پێودانگانەدا بینرا، پێویست بەگەواهی دانو خەباتی ئازایانە لەپێناویاندا دەکات.

رێم بدەن با ئەم مەسەلەیە لەچەند دەستەواژەیەکی شەخسیدا دەربڕم، من وەکو ڕۆشنبیرێك، تێڕوانینەکانی خۆم بۆ کۆمەڵێك لەخەڵك، یان گرووپێك دەخەمەڕوو، بەڵام مەسەلەکە بەتەنها بریتی نییە لەوەی کە من چۆن ئەم تێڕوانینانەم لەچەند خاڵێکدا دەردەبڕم، بەڵکو ئەوەشە کەمن فەردێکم بۆ هاندانی ئازادیو دادپەروەری تێدەکۆشم. من کەئەم شتانە دەڵێم یا دەیاننوسم لەبەرئەوەیە کە پاش کۆمەڵێك ڕەنگدانەوە بوون بەبەشێك لەبیروباوەڕەکانی من. هەر لەبەرئەمە ئاوێتەبوونێکی ئاڵۆز لەنێوان دونیا تایبەتیەکانو دونیا گشتییەکاندا هەیە، لەسەرێکەوە مێژووی شەخسی، بەهاکان، نووسینەکانو هەڵوێستەکانم کە لەئەزموونەکانمەوە سەرچاوەیان گرتووە، لەسەرێکی تریشەوە، چۆن ئەمانە ڕێی خۆیان بۆ چوونە ناو کۆمەڵگاوە دەدۆزنەوە، ئەو شوێنەی تیایدا خەڵکی دەربارەی جەنگو ئازادیو دادپەروەری لێدوان ئەنجام دەدەنو بڕیار دەدەن. شتێك نییە ناوی ڕۆشنبیری تایبەت بێ، لەبەرئەوەی تۆ هەر لەوساتەوەی کەوشەکان دەخەیتە سەر کاغەزو پاشان بەچاپیان دەگەیەنیت، پێ دەخەیتە نێو جیهانێکی گشتییەوە. هەروەها شتێکیش نییە ناوی ڕۆشنبیری گشتی بێت، واتە کەسێك کەبوونی بەتەنها بریتی بێت لەوەی سەرۆکێکی بێدەسەڵات یا وتەبێژو یان ڕەمزی بزاڤێك یا پیشەیەك بێ.

لادان (انحراف)ی شەخسیو هەستیاریی تایبەتی هەمیشە هەنو، هەر ئەمانەشن مانا بەو شتە دەبەخشن کەدەگوترێ یان دەنووسرێ. ئەوەی کە لەهەموو شتەکانی دیکە کەمتر بایەخی هەیە ئەوەیە کەڕۆشنبیر ڕەزامەندیی گوێگران وەدەست بهێنێت، خاڵی سەرەکی هەراسانکردنو، بەرپەرچ وەستانو، تەنانەت ئەوەشە کەبوونی ئەویان پێخۆش نەبێت.

بەمپێیە، ئەوەی لەکۆتاییدا بایەخی هەیە ئەوەیە کەڕۆشنبیر ڕوویەکی دیارە، کەسێکە کەبەئاشکرا نوێنەری جۆرە دیدگایەکە، کەسێکە کە وێڕێی کۆسپو تەگەرە جۆراوجۆرەکان، خولقێنەری بەرجەستەکردنی لێهاتووانەیە بۆ کۆمەڵگاکەی خۆی. ئەوەی من دەمەوێ لێی بدوێم ئەوەیە کەڕۆشنبیران کەسانێکن پیشەکەیان پەیوەستە بەهونەری بەرجەستەکردنەوە، ئیدی

ئـەم هونـەرە قسـەکردن بێ، یـان نووسـین، یـا وانەوتنـەوەو، یـا دەرکـەوتن لەسـەر شاشـەی تەلـەفزیۆن. گرنگیـی پیـشەیەکی لـەمجۆرە لەوەدایـە کەلەسـەرێکەوە هـەمووان ئـەوە دیـاری دەکـەن و، لەسـەرێکی تریـشەوە، هـەم ئیلتیـزام و مەترسـی و هـەم جەسـارەت و ئـازاریش لـەخۆدەگرێت. وەختـێ کارەکـانی ژان پـۆڵ سـارتەر، یـان برتراند راسـڵ دەخوێنمـەوە، ئـەوە ئامـادەگیی دەنگـی تاکەکەسـی و تایبـەتیی ئەوانـە کـەزیاترو بەشـێوەیەکی بـاڵاتر لەشـتەکانی تریـان هەسـتو ئیـدراکی مـن دەخـولقێنن، لەبەرئـەوەی ئـەوان ئـەو شـتە دەڵێن کـەباوەڕیان پێیـەتی. نابـێ ئـەوانمان لەگـەڵ کارمەنـدێکی بێنـاو یـا کەسێکی بیرۆکراتدا لێ تێکەڵ بێت.

لەتوێژینەوەکانـدا سـەبارەت ڕۆشـنبیران، زیـاد لەپێویـست گرنگـی بەپێناسـەی ڕۆشـنبیر دراوەو، بایـەخی پێویـست بەلێکۆڵینـەوەی وێنانـدن، کاریگـەری، بـەجێهێنانی ئـەو ڕۆڵـەی کـەتێکڕا خولقێنـەری هێـزی ژیـانیی هـەر ڕۆشـنبیرێکی راسـتەقینەن، نـەدراوە. ئایزایـا بێـرلین، تاڕادەیـەك لـەژێر کاریگـەریی ڕۆمـانتیزمی ئەڵمانیـدا دەڵێـت کەخوێنـەرانی نووسـەرانی سـەدەی نۆزدەهـەمی رووسـیا "وایانـدەبینی کەرۆشـنبیر، لەدیمـەنێکی کۆمەڵایەتیـدا، لەحاڵـەتی گەواهیدانداپـە"[9].

بـەڕێی مـن ئـەم حاڵەتـە هێـشتا بـەرۆڵی کۆمەڵایـەتیی ڕۆشـنبیری ئەمڕۆمانـەوە هـەر پەیوەسـتە. هـەر بۆیـە ئێمـە وەختـێ ڕۆشـنبیرێکی وەکـو سـارتەر دەهێنینـەوە یـادی خۆمـان، ئـەوەی بەبیرمانـدا گـوزەر دەکـا کۆمەڵـە شـتێکی وەکـو شـێوازی تایبـەتی و، هەسـتکردن بـەکاری گرنگـی شەخـسی و، تێکۆشـانی پـەتی و، خۆخـستنە مەترسـییەوە، خواسـتی نووسـین دەربـارەی ئیمپریـالیزم و، ئیلتیـزام و، یـان ئـەو شـێوە خەباتـە کۆمەڵایەتیـەی کـە رقـی دژومنـەکانی هەڵـساندووەو، هاوڕێکـانی هەژانـدووەو، تەنانـەت لەوانەیـە خـودی سـارتەر خۆیـشیان بەرامبـەر بـەرابردووی خـۆی سـەغڵەت و پەشیمان کردبێت.

وەختـێ سـەبارەت پێکـدا هەڵپژانـەکانی سـارتەر لەگـەڵ سـیمۆن دی بۆڤـوارو، مـشتومڕەکانی لەگەڵ کـامۆو، هاوڕێیـەتیی سـەیری لەگـەڵ جـان جینییـەدا دەخوێنینـەوە، ئـەو لەهەڵوێـستی خۆیـدا دادەنـێین (ئـەم وشـەیەش هـەر لەسـارتەر خۆیـەوە وەرگیراوە). لـەم هەڵوێستانەداو تاڕادەیـەك لـەڕێی

ئـەم هەڵوێــستانەوە ســارتەر بریتــی بــووە لــەخۆی، ئــەو کەســەی کەتەنانــەت ســەبارەت جــەزائیرو ڤیــەتنامیش دژ بەفەرەنــسا وەســتایەوە. بەبێ ئــەوەی مەبەســتم کەمکردنــەوە لەبایــەخی یــا رەتکردنــەوەی ئــەوبێت وەکــو رۆشــنبیریك؛ دەبــێ بلــێم کەئــەم ئالۆزییانــە رەوتــو تانوپۆیــەکی تایبـەتی بـەو قـسانە دەدا کـە ئـەو کردوونـی و ئـەو وەکـو ئادەمیزادێـك کـەقابیلی هەڵەکردنـە دەخاتـە بەرچاو، نەك وەك کەسێکی غەمبارو وەعزدەرو مامۆستای ئاکار.

بەتــەنها لــەنێو پرۆســەی ژیــانی چــاخی مۆدێرندایــە کــەدەتوانین وەکــو رۆمــان یــان درامایــەك، نــەك وەکــو پیــشەیەك، یــان کەرســەیەکی خــاو بــۆ پــەیامێکی کۆمەڵایــەتی، ئــەوە ببیــنینو دەرك بکـەین کەچـۆن رۆشـنبیران نـەك هـەر نوێنـەری هەنـدێ بزاڤـی گـەورەی کۆمەڵایـەتی یـانهێنین، بـەڵکو رەخـسێنەری شـێوەی ژیـانو کۆمـەڵێك رۆڵـی کۆمەڵایـەتیی وەهـان کەهـەر ئـەوان دەتـوانن ئـەنجامی بـدەن. لـەهیچ شـوێنێك وەسـفی ئـەو رۆڵـە وا بـەجوانی نابینینـەوە، وەکـو لەهەنـدێ رۆمـانی نابـاوی سـەدەی نۆزدەیـەمو سـەرەتاکانی سـەدەی بیستەمدا دەیبیـنین: رۆمـانی "باوکـانو کـوڕان"ی تـورگنیڤ، "پـەروەردەی عـاتیفی"ی فلـۆبێر، "وێنـەی هونەرمەندەکـە لـەتافی لاویـدا"ی جـۆیس، کەتیایانــدا رەمــزی حەقیقــەت، تەنانــەت گۆڕانیــشی، لــەژێر کاریگــەریی قــووڵو دەرکــەوتنی کتوپڕی کاراکتەرێکی نوێدایە کەرۆشنبیری لاوی مۆدێرنە.

ئــەو وێنەیــەی کــەتورگنیڤ لەمــەڕ روســیای قەیــسەریی دەهــەی 1860 ەوە دەیکێــشێت، وێنـەی ژیـانێکی دێهـاتیو خاڵییـە لـەڕووداوی گـرنگ: پیـاوە لاوەکـان دابـو نـەریتی ژیـانی خۆیـان بـەمیراتی لـەدایكو باوکیانـەوە بـۆ دەمێنێتـەوە، ژن دەهێـننو منداڵیـان دەبـێو وەکـو ئـەوانی پـێش خۆیـان درێـژە بـەژیانیان دەدەن. ئـەم دۆخـە بـەردەوام دەبـێ تـا ئـەو دەمـەی کەسـێکی ئاشـووبگێڕ، بـەڵام لەهـەمان کاتـدا هەسـتیارو وردبـین بـەناوی (بـازارۆڤ)ەوە پەیـدادەبێو دێتـە ژیانیانـەوە، یەکـەمین شـت کەلــەودا ســەرنجمان رادەکێــشێت ئەوەیــە کەئــەرکی خــۆی بەرامبــەر بــەدایكو بــاوکی خــۆی دیاریـدەکاتو، زیـاتر لـەوەی کـوڕی خێزانێـك بێـت وا دێتـە بەرچـاو کـە کەسـێتییەکە خـۆی خـۆی دروســتکردووەو لەگــەڵ عادەتــەکانی ژیــانی رۆژانــەدا ناکۆکــەو هێــرش دەکاتــە ســەر میــانڕەویو

مەسەلە سواوەکانو بەرگری لەبەها زانستیو ناعاتیفیەکان دەکات کەئەقلانیو پێشڕەو دێنە پێشچاو. تورگنێڤ دەڵێ نەیویستووە باقو بریق بەکاراکتەری بازارۆڤ بدات، وا قەراربووە بازارۆڤ ئادەمیزادێك بێ "وشك، بێ سۆز، تارادەیەکی زۆریش رەق رەفتار". بازارۆڤ گاڵتە بەخێزانی کریزانۆڤ دەکات، کاتێ باوکە تەمەن مام ناوەندییەکەی خێزانەکە پارچەیەك مۆسیقای شۆبرت دەژەنێت، بازارۆڤ بەدەنگێکی بەرزەوە پێی پێدەکەنێت. بازارۆڤ بیروبۆچوونەکانی زانستی ماتێریالیزمی ئەڵمانی دەخاتەڕوو:

سروشت بەلای ئەوەوە پەرستگایەك نییە، بەڵکو شوێنێکە بۆ کار. کاتێ عاشقی ئاناسێرژیڤناش دەبێ، ئەویش ئەمی خۆشدەوێ بەڵام لەهەمانکاتدا سلێشی لێدەکاتەوە: لای ئانا، راستگۆییەکەی ئەو کە هێزێکی رۆشنبیریانەی تووڕەشی لەگەڵدایە، پەیامهێنی جۆرە ئاژاوەیەکی پەتییە. لەشوێنێکدا ئانا دەڵێت: کاتێ لەگەڵ ئەودا دەبم وا هەستدەکەم خەریکم لەهەورازێکی سەختەوە خلۆر دەبمەوە.

جوانیو خەمئەنگێزیی رۆمانەکە لەوەدایە کەتورگنێڤ بیرخەرەوەو وێنەگری ناکۆکیی نێوان روسیایە کە لەلایەن بنەماڵەکانو لەگەڵ سۆزی باوکایەتیو رەوتی سروشتیو تەقلیدیەوە ئەنجامی کارەکان بەرێوەدەبرێنو هاوکات لەگەڵ ئەمەدا، هێزی پوچگەراو وێرانکەری کەسێك کەناوی بازارۆڤەو پێشینەی بەپێچەوانەی کەسەکانیتری رۆمانەکەوە وەسف ناکرێ، پێدەخاتە سەر شانۆی رووداوەکان. ئەو دەردەکەوێ، دە جەنگێو لەپڕێکا تووشی پەتایەکی دێهاتی دەبێ، کەخۆی سەرگەرمی چارەسەرکردنی بووە، دەمرێت. ئەوەی سەبارەت بازارۆڤ لە یاددا دەمێنێتەوە هێزو توانای نەترسی بۆ پرسیارکردنو ئەقڵی شیکەرەوەو قووڵی ئەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کەتورگنێڤ لافی ئەوە لێدەدات کەبەلای ئەوەوە بازارۆڤ خەمخۆرترین کەسێتیی ئەوبووە، هەروەکو چۆن لەکاردانەوەی پەشێوو شڵەژاوی خوێنەرەکانییە وە دوچاری سەرەگێژە بووە، بەهۆی هێزی بێپەروای رۆشنبیریانەی بازارۆڤیشەوە بەهەمان شێوە دوچاری گێژی بووە. هەندێ لەخوێنەران وای بۆچوون کەبازارۆڤ هێرشێکە بۆ سەر لاوان، هەندێکی دی وەکو

پاڵەوانێکی راستەقینە ستایشیان کرد، هەندێکی تریش بەکەسێکی خەتەرناکیان لەقەڵەم دا. ئێمە هەر هەستێکمان بەرامبەر ئەو هەبێ، "باوکان و کوڕان" ناتوانێ بازارۆڤ وەکو کەسێتییەك لەکەسێتییەکانی رۆمانەکە لەگەڵ خۆیدا بگونجێنێت، لەکاتێکا هاورێکانی و خێزانی کرپزانۆڤو تعنانەت باوك و دایکە پیرو خەمخەنگێرەکەیشی درێژە بەژیانی خۆیان دەدەن، یەکلاکەرەوەیی و بەرەنگاریی بازارۆڤ وەکو رۆشنبیرێك، دەبێتە مایەی دەرکردنی ئەو لەرۆمانەکە، چونکە ئەو کەسێکی سرکەو رام ناکرێ.

کەسێتیی "ستیڤن دیدالۆس" یش لەچیرۆکەکەی جۆیس دا لەم روون و ئاشکراترە. تەواوی قۆناغی سەرەتای ژیانی بریتییە لە بگرەو بەردەی نێوان مەراییە گروپیەکانی وەکو کلێساو، پیشەی مامۆستایی و، ناسیونالیزمی ئێرلەندی و، پەیدابوونی لەسەرخۆی کەسێتیی لەخۆیایی خۆی وەکو رۆشنبیرێك کەدروشمی دوورەپەرێزییە لەبیروباوەڕە شەیتانییەکان. سیمۆس دین ئاماژە بۆ خاڵێکی سەرنجراکێشی ئەم رۆمانەی جۆیس "وێنەی هونەرمەندەکە" دەکات:

"ئەم رۆمانە یەکەمین رۆمانە بەزمانی ئینگلیزی کەتیایدا خولیایەکی زۆر بۆ بیرکردنەوە خراوەتەروو"[10]. هیچ یەکێك لەپێشەنگان و لەپاڵەوانەکانی دیکنز، تاکری، ئۆستین، هاردی و تعنانەت جۆرج ئەلیوتیش، پیاوان و ئافرەتانێکی لاو نین کەخەمیان زیندوێتیی بیرو تێفکرین بێ لەناو کۆمەڵگادا، لەکاتێکا بەلای دیدالۆسی لاوەوە "بیرکردنەوە شێوەی ئەزموونکردنی جیهانە." دین هەقێتی بڵێ بەر لەدیدالۆس پیشەی رۆشنبیر بەتەنها "بەرجەستەکردنی سەیرو سەمەرە"ی ئەفسانە ئینگلیزیەکان بوو. لەهەمانکاتدا، لەبەرئەوەی ستیڤن لاوێکی شارییە بەرهەمی ژینگەیەکی ئیمپریالیستیانەیە، دەبێ بەر لەبوون بەهونەرمەند، هۆشیاریی پتەوو باڵای رۆشنبیرانە لەخۆیدا بڕسکێنێ.

لەکۆتایی رۆمانەکەدا، رەخنەو دوورەپەرێزیی لەبەرنامەیەکی ئایدیۆلۆژیك کەدەرەنجامەکەی بریتییە لەفەوتانی تاکێتی و بەڵکو کەسێتیی ناپەسەندی خۆی، هیچی لەرەخنەو دوورەپەرێزیی لەخێزان و بنەماڵەی فنیان کەمتر نییە.[11] جۆیسیش وەکو تورگنیڤ لەرێی "کنایە"وە ئەو

راستییە دەسەلمێنێ کەلەنێوان ڕۆشنبیری لاوو ڕووداوە بەدوایەکەکانی ژیاندا تەبایی نییە . ئەو چیرۆکەی کەبەشێوەیەکی ئاسایی بەژیانی لاوێك دەستپێدەکات کەلەخێزانێکدا نەشونمای کردووەو پاشان بۆ قوتابخانەو زانکۆ دەچێت، بەکۆمەڵێك نووسینی چڕو پڕ مانای دەفتەری یادەوەرییەکانی ستیفن کۆتایی دێ. ئەم ڕۆشنبیرە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانە یا ئەنجامدانی کاری ئاساییو سواوی ڕۆژانەدا ناگونجێت. گەرچی زێدەگۆیی هەستیارانەی دەربڕینەکەی جۆیس شێوازێکە ئەو بۆ ڕەتکردنەوەی ڕەونەقو شکۆی ئەو پیاوە لاوە بەکاریدەهێنێت، ستیفن لەناوازەترین وتاری ڕۆمانەکەدا بەمجۆرە چەمکی ئازادی لەڕوانگەی ڕۆشنبیرەوە دەردەبڕێ: "من پێت دەڵێم کەچ کارێك ئەنجام دەدەمو چی ئەنجامنادەم. من خزمەتی شتێك ناکەم کەباوەڕم پێی نەبێت، ئیدی ناوی ئەو شتەماڵی من، نیشتمانی من، یان کڵێسای من بێت، من هەوڵدەدەم بیروبۆچوونەکانی خۆم لەڕێی هەندێ شێوازی ترەوە، یا هونەرەوە بەسەربەستترینو کاملترین شێوە دەربڕم، بۆ بەرگریکردنیش لەخۆم چەکی وەها بەکاردەهێنم کەخۆم ڕێی بەکارهێنانیانم بەخۆمداوە: بێدەنگی، جێهێشتنی نیشتمانو، زیرەکی".

ئێمە تەنانەت لەئەفسانەی "ئۆلیس"یشدا ناتوانین ستیفن بە لاوێکی کەللەشەقو یاخی لەقەڵەم نەدەین. ئەوەی بەباوەڕی ئەو لەهەموو شتێك زیاتر جێی بایەخە، جەختکردن لەسەر ئازادیی ڕۆشنبیرانە. ئەمە یەکێکە لەمەسەلە سەرەکییەکانی کاری ڕۆشنبیرانە، چونکە بوون بەئادەمیزادێکی بەدخوو یا کەسێك کەتێکدەری شەوقو چالاکییە، نابێتە ئامانج. ئامانجی کاری ڕۆشنبیرانە بەرزکردنەوەو بالاکردنی ئازادیو مەعریفەی ئادەمیزادە. بەباوەڕی من سەرباری ئەو تۆمەتانەی کەگەلێجار دەدرێنە پاڵ "چیرۆکە شکۆدارو بەناوبانگەکانی ئازادیو ڕۆشنگەری"، تا ئێستاش ئەو ئامانجە بەتەوەری سەرەکیی کاری ڕۆشنبیرانە دەژمێردرێ. فەیلەسووفی هاوچەرخی فەرەنسایی "لیوتار" ئەم پایەخوازییە قارەمانانەی بەستۆتەوە بەچاخی "مۆدێرن"ەوە لەو باوەڕەدایە کە ئەم چیرۆکانە لەچاخی "پۆست مۆدێرن"دا هیچ بایەخێکیان

نییە . لەدیدگایەکی لەمجۆرەدا، داستانە شکۆدارو ناوازەکان جێی خۆیان داوە بەگەمەکانی زمانو هەڵوێستە دیاریکراوەکان.

ڕۆشنبیرانی پۆست مۆدێرن بەها بۆ تواناو شایستەیی، نەك بۆ بەها جیهانییەکانی وەك حەقیقەتو ئازادی دادەنێن. من هەمیشە وای بۆدەچووم کەسەرباری پۆست مۆدێرنیزم، لیوتارو پەیڕەویکارانی، لەبری نرخاندنێکی دروستی ئەو شتەی بەناوی ئارایشتی دەرفەتە بێسنوورە ڕاستەقینەکان بۆ ڕۆشنبیر ماوەتەوە، ڕێیان بەخۆیانداوە کەبێتوانایی و بێدەسەڵاتی و تەنانەت لەوانەیە بێدەربەستیش بەسەریاندا زاڵ بوویێت. چونکە لەڕاستیدا تائێستاش حکومەتەکان بەئاشکرا ستەم لەخەڵك دەکەن، هێشتا بێدادییەکی فراوانو نالەبار لەئارادایە، هاوکاریی ڕۆشنبیران لەگەڵ دەسەڵاتداو بەکارهێنانیان لەلایەن دەسەڵاتەوە، هێشتا لەتوانایدایە دەنگیان کپ بکاتەو، لادانی ڕۆشنبیران لەپیشەو ئەرکی سەرەکیی خۆیان هێشتا یەکێکە لەمەسەلە سەرەکیەکان.

گۆستاڤ فلۆبێر لە"پەروەردەی عاتیفی"دا، بەبەراورد لەگەڵ ئەوانی تردا نائومێدی بەرامبەر بەرۆشنبیران پیشان دەداتو بێبەزەییانە ڕەخنەیان لێدەگرێ. ئەگەر ئەوە بهێنینە پێشچاوی خۆمان کەرۆمانەکەی فلۆبێر لەقۆناغی گرژیو پڕ ئاژاوەی پاریس، واتە لەنێوان ساڵانی 1851-1948دا ڕوویداوە، ئەو قۆناغەی کەلویس نامیری مێژوونووسی بەناوبانگی ئینگلیز ناوی ناوە قۆناغی شۆڕشی ڕۆشنبیران، دەبینین کەئەم ڕۆمانە لەژیانێکی سیاسیی بێسەروبەر لە"نێوەندی سەدەی نۆزدەهەم" "پاریس"دا دیمەنێکی فراوان دەخولقێنێت. تەوەری ڕۆمانەکە دوو لاوی خەڵکی شارن، فریدریك مۆرۆو شارل دولاریە، کەرەفتاریان وەکو پیاوانێکی خۆشگوزەران، دەربڕی تووڕەیی فلۆبێرە لەبێدەسەڵاتیان وەکو ڕۆشنبیر لەدۆزینەوەی ڕێبازێکی پتەوو بەردەوامدا. هۆی بەکەم سەیرکردنی ئەمانە دەشێ لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە فلۆبێر زۆر زیاتر لەوەی لێچاوەڕێ دەکردن. لەئەنجامدا، یەکێك لە درەوشاوەترین وێنەکانی ئاوارەیی ڕۆشنبیر دەخرێتەڕوو. ئەم دوو پیاوە لاوە، بەتواناکانی لێکۆڵەرەوەیەك، ڕەخنەگرێك،

مێژوونووسێك، وتارنووسێك، فەیلەسوفێكو تیۆریسازێكی كۆمەڵایەتیو بەئامانجی بەدەستهێنانی بەختەوەریو خۆشگوزەرانیی گشتی، كاری خۆیان دەستپێدەكەن. كاری مۆرۆ (بە نەمانی خەونی پایەی ڕۆشنبیرانەی.." كۆتایی دێ. "سالآنێك تێپەڕیو ئەو بەرگەی تەمەڵیو بێ توانایی خۆی گرت".

دولاریە "دەبێ بەسەرۆكی فەرمانگەی كۆچ لەجەزائیرو، نووسەر لای پاشایەكو، بەڕێوبەری ڕۆژنامەو پسپۆری ڕاگەیاندن، . . . ئەو حالّی حازر، لەكۆمپانیایەكی پیشەسازیدا وەكو پارێزەرێك سەرقالّی كارە".

لای فلۆبیر، تێكشكانەكانی سالّی 1848، بەنائومێدییەكانی نەوەی ئەو دەژمێردرێن، چارەنووسی مۆرۆو دولاریە، بەشێوەیەكی پێشبینانە وەكو ئەنجامی لەدەستدانی خواستەكانی ئەوانەو، بەهەمان شێوە وەكو ئەو كۆسپو تەگەرانەیە كەلەلایەن كۆمەڵگای مۆدێرنەوە سەپێنراون، بەشلّەژانو لادان (انحراف)ە بێكۆتاییەكانییەوە، بەوەرچەرخانو هەڵكشانو داكشانی خۆشیو چێژەكانییەوە. لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە هاتنەكایەوەی ڕۆژنامەگەری، ڕاگەیاندن، ناوبانگی خێراو، ئەو بوارانەی كەتیایدا بەیروڕا قابیلی فرۆشتنە، هەموو بەهاكان قابیلی گۆڕانن، هەموو پیشەكان گۆڕاون بۆ پیشەی پارە پەیداكردنی ئاسانو سەركەوتنی پەلەو خێرا. بەمپێیە دیمەنە سەرەكییەكانی ڕۆمانەكە بەشێوەیەكی ڕەمزی بریتین لەپێشبڕكێی ئەسپ سواری، سەماكردن لەكافێتیریاو سۆزانیخانەكاندا، ئاژاوەو دووبەرەكی نانەوە، بزاڤە دەستە جەمعیەكان، نمایشی شكۆدارو، هەروەها كۆبوونەوەی گشتیی ڕێكخراو كەتیایدا مۆرۆ بەردەوام لەتەقەللادایە بۆ گەیشتن بەعیشقو خواستە ڕۆشنبیرییەكانی، بەلآم لەهەموو ئەمانە لادەداتو دلّسارد دەبێتەوە.

هەرچەندە نموونەی وەك بازارۆڤ و دیدالۆسو مۆرۆ بەنموونەی توندڕەو دەژمێردرێن، بەلآم ئەو مەبەستە بەدەستەوە دەدەن كەدیمەنی ڕاستەقینەی ڕۆمانەكانی سەدەی نۆزدەیەم بریتی بووە لەخستنەڕووی تاكی ڕۆشنبیر لەكاتی كاركردندا. ئەمانە دەكرێ پیشاندەری ئەو كێشەو دوو

دڵنییـە بێـشومارانە بـن کەڕۆشـنبیرانیان گـەمارۆداوە —چ لـەقاڵبی مانـەوەی رێگایانـدا چ لەبـەرگی خیانـەتکردن بـەکارو پیـشەیان -. هەڵبەتـە نـەك وەکـو کـارێکی چەسـپاو کـەدەبێ بـۆ یـەك جـارو هەمیـشە لەسیـستمێکی وەك "دەبـێ چـۆن کارەکـان ئەنجامبـدەین" دا فێـری بـبین، بـەڵکو وەك تەجروبەیـەکی راسـتەقینە کەبـەردەوام لەلایـەن ژیـانی مۆدێرنـەوە هێرشـی دەکرێتەسـەر. رۆڵـی ڕۆشـنبیر، روونکردنـەوەی ئامانجـەکانی یـا بیروراکـانی بـۆ کۆمـەڵگا، بەپێویـست مانـای بـەهێزکردنی ئـارەزووە دەروونییـەکان یـا پتـەوکردنی پلـەو پایـە نییـە . مەبەسـتی ئـەوان خزمـەتکردن نییـە لەپـەنا بیرۆکراسییە دەسـەڵاتدارەکانو جێگیربـوون لەپـەنا خاوەنکـارە دەسـکراوەکاندا. رۆڵـی ڕۆشـنبیر خـۆی کـارەو پەیوەسـتە بـەجۆرێك لەهۆشـیاریەوە کەگومانکـەرە، شـەڕکەرە بەشـێوەیەکی بێئـۆقرە سەرقاڵی لێکۆڵینـەوەو توێژینـەوەی ئـەقلانیو داوەریـی ئاکـاری (ئـەخلاقی)یـە. ئەمـەش هـەمان ئـەو شتەیە کەشوناسـی تاکـە کـەس پێکـدێنێو دەیخاتـە سـەر ڕەوت. زانینـی چـۆنێتیی بـەکارهێنانی بـێ گیروگرفتـی زمـانو، هۆشـیاری بـەوەی کـەدەبێ لـەچ کاتێکـا دەسـت لـە زمـان بـدەین، دوو لایـەنی لێکنەپساوو سەرەکیی کاری ڕۆشنبیرانەن.

بـەڵام لـەم سـەردەمەی ئێـستادا، چ ئـەرکێك بەسەرشـانی ڕۆشـنبیرەوەیەو ئـەو نوێنـەری چـییە؟ بـەبڕوای مـن، یـەکێك لەباشـترینو راسـتگۆترین وەڵامـەکانی ئـەم پرسـیارە وەڵامـی (سـی. رایـت میڵـز)ە. میڵـز ڕۆشـنبیرێکە تـەواو سەربەسـت، بـەڕوانینێکی کۆمەڵایەتیانـەی وروژێنـەرو توانایـەکی بەرچـاو بـۆ ئـاڵوگۆڕی بیروبۆچـوونەکانی خـۆی لەشـێوەی پەخـشانێکی ئاشـکراو هەژێنـەردا. ئـەو لەسـاڵی 1944دا دەنوسـێت: ڕۆشـنبیرانی سـەربەخۆ، بـەپێی هەلومەرجـە پەراوێزییـەکانی خۆیـان، رووبـەڕووی جـۆرە هەسـتکردن بەنائومێدییـەك بەرامبـەر بەلەدەسـتدانی دەسـەڵاتی خۆیـان بوونەتـەوە، یـان لەبـەردەم ئـەم هەڵبژاردنـەدان کـە وەکـو ئەنـدامانی نـاو گروپێکـی بـچوك کەبـەبێ بەرپرسـیاری بڕیـاری گـرنگ دەدەن، بـچنە نـاو ڕێکخـراوو کۆمپانیـاو حکومەتەکانـەوە. بـوون بـەکرێکارێکی "کرێگرتـە" لەکارگەیـەکی بەرهـەمهێنانی زانیاریـشدا رێگـە چارەیەکی بـاش نییـە ، چـونکە لـەم حاڵەتـەدا بەرقـەرارکردنی پەیوەنـدی بەخوێنەرانـەوە وەکـو بەرقـەرارکردنی پەیوەنـدیی گوێگرەکـانی

(تۆم پین) بە تۆم پینەوە ئەستەمە. بەکورتی، خاوەندارێتیی "ئامرازەکانی ئاڵوگۆڕی کاریگەر" کەسەرمایەی ڕۆشنبیرە لێی زەوت کراوەو بیرمەندی سەربەخۆ لەکارێکی سەرەکیی تەنیا دەچێت.

میلز ئەم مەسەلەیە بەمجۆرە دەردەبڕێت:

هونەرمەندو ڕۆشنبیری سەربەخۆ لەو کەسێتیە زۆر کەمانەن کەماونەتەوە بۆ بەرەنگاریو شەڕکردن لەگەڵ ڕەفتارە لەقاڵبدراوەکانو بەرئەنجامەکانیان، کەمەرگی شتگەلێکن کەلەخۆیابیانە دەژین، چەکدارن. ئەمە دەرکێکی تازەی پێویستە بۆ چارشێولادانو وردکردنی وێناندنو ئەقڵی لەقاڵبدراو کەپەیوەندیە نوێیەکان "واتە سیستمە کردەییە مۆدێرنەکان" ئێمەی لەزۆنگاویدا گەوزاندووە. جیهانەکانی هونەرو هزر تا بێت ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ خواستە سیاسیەکاندا دەگونجێن. هەر بۆیە ئەم گونجانەو تەقەللای ڕۆشنبیرانەیە دەبێ لەسیاسەتدا ڕۆڵی تەوەرە ببینێت. ئەگەر بیرمەندێك لەڕەوتی تێکۆشانی سیاسیدا، لەگەڵ بەهای حەقیقەتدا خۆی بەراوردنەکاتەوە، ناتوانێ بەرپرسیارانە لەعۆدەی هەموو کێشە ئەزموونکارییەکان بێت[12].

ئەم دێڕانە شایانی ئەوەن کەچەندەهاجار بخوێندرێنەوە، چونکە پڕن لەئامۆژگاریی بەسوودو گرنگ. سیاسەت لەهەموو شوێنێکدا ئامادەیەو هیچ ڕێگایەکی هەڵاتن نییە بۆ بوارەکانی هونەرو بیری پەتی، یابۆ بواری بێلایەنی بەرامبەر حەقیقەتو یان بۆ تیۆرەیەکی تێپەڕ. ڕۆشنبیران لەسەردەمی خۆیاندا دەژینو کارو کردەوە سیاسیەکان، کە لەڕێی کارگەکانی هەواڵسازی یا دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بەرجەستە دەبن، ئەوان ڕێنوێنی دەکات. هەربۆیە ڕۆشنبیران تەنها لەڕێی ململانێوە لەگەڵ وەهمەکان، ڕیوایەتە ڕەسمیەکانو پاساو هێنانەوەکانی دەسەڵات کەبەهۆی دەزگای ڕاگەیاندنێکی بەهێزەوە بڵاوکراونەتەوە) و (تا بێت هێزیشیان ڕوولەزیادبوونە) بەرامبەر بەم کارو کردەوانە توانای بەرەنگارییان هەیە. ڕۆشنبیران نەك تەنها بەرامبەر بەم دەزگای ڕاگەیاندنە بەهێزە توانای بەرەنگارییان هەیە، بەڵکو لەتوانایاندایە دژ بەتەواوی ئەو ڕەوتە فیکرییانەش بوەستنەوە کەهەلومەرجی باو دەپارێزنو هەموو شتێك

لەسنوورێکی پەسەندکراوو روانگەیەکی قانوونی بەسەر حەقیقەتەوە قبوول دەکەن. ڕۆشنبیران یان لەڕێی ئامادەگیی ئەو شتەوە کە میلز ناوی دەنێت "چارشێو لەڕوو هەڵماڵین"، دەتوانن بەرامبەر هەموو ئەوانە بەرەنگاری بکەن، و یان بەهەندێ ڕێگای دی کەتیایاندا ڕۆشنبیر، لەبەرزترین ئاستی توانایدا، هەوڵدەدات حەقیقەت بڵێت.

ئەنجامی ئەم جۆرە کارەش سەختە: ڕۆشنبیر هەمیشە لەمابەینی تەنیایی و وابەستەییدایە. لەڕووداوی دوا جەنگی کەنداودا دژ بەعێراق، چەند دژوار بوو ئەوە لەهاوولاتیە ئەمریکاییەکان بگەیەنین کەئەمریکا نەهێزێکی بێگوناهو بێلایەن بووە (ئەوانەیان لەبیرچوویوەوە کەپلانیان بۆ هێرشکردنە سەر ڤیەتنام و پەنەما دارشتبوو) نەکەسێک کردوویەتی بەپاسەوانی سەربازیی جیهان، خۆی نەیێت. بەلام بەبڕوای من ئەوە ئەرکی ڕۆشنبیران بوو لەوکاتەدا شتە فەرامۆشکراوەکان لەژێر خاک دەربهێننەوە، پەیوەندییە نکووڵی لێکراوەکان دروستبکەنەوە، سەرنجی خەڵکی بۆ شێوازێتر رابکێشن کە لەتوانایدا بوو بەر لەجەنگو دەرەنجامەکانیشی، واتە فەوتاندنی مرۆڤەکان، بگرێت.

خاڵی سەرەکی لەمەبەستی رایت میلزدا ئەو ململانێییە کە لەنێوان خەڵکی عەوام و تاکەکەسدایە. جیاوازییەکی خۆیی لەنێوان دەسەڵاتەکانی رێکخراوە گەورەکان، هەر لەحکومەتەکانەوە بیگرە تا کۆمپانیاکانو، لاوازیی رێژەیی نەک بەتەنها تاکەکەسەکاندا هەیە، بەڵکو ئەو مرۆڤانەش کەخاوەن پێگەی لاوەکین، وەکو: کەمایەتیەکان، خەڵک و دەوڵەتەکانی ئەقڵ، کەلتوورەکانو نەژادە ئاستنزمەکان. من گومانم لەوە نییە کەڕۆشنبیر لایەنگری لاوازو بێنوێنەرەکانە. هەندێک هەمن ڕۆشنبیرو رۆبن هوود بەیەک دەشوبهێنن. بەهەرحاڵ ئەمە رۆڵێکی ئاسان نییە و، لەم رووشەوە ناتوانین هەروا بەئاسانی و وەکو کەسێکی ئایدیالیستی ڕۆمانتیک ڕۆشنبیر پشتگوێ بخەین. لەکۆتاییدا، بەلای منەوە، ڕۆشنبیر نەکەسێکی ئاشتیخوازو نەسازێنەری سازشێکی گشتییشە. ڕۆشنبیر کەسێکە کەهەموو بوونی بەستراوەتەوە بەدیاریکردنو جیاوازیکردنی ڕەخنەگرانەوە، دیاریکردنو جیاوازیکردنێک کە ئامادەنییە ،

فۆرمۆلە سادەکان، دەستەواژە ساواو لەکارکەوتووەکانو، لەڕاستیدا گونجان لەگەڵ هەر شتێکدا قبوولبکات کەدەسەلات، یان نەریت دەبێ بیلێتو ئەنجامی بدات. ئەمەش بەتەنها قبوولنەکردنێك نییە کە لەکاردانەوەوە هاتبێت، بەڵکو ڕۆشنبیر چالاکانە دەیەوێ ئەوە دەربڕێتو بیخاتەڕوو.

ئەمەش هەمیشە بەو مانایە نییە کەڕۆشنبیر دەبێ یەکێك بێت لەرەخنەگرانی رەوتی حکومەت، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێ وا بڕوانینە پیشەی ڕۆشنبیری کەهەمیشە بەخۆی هوشیارەو، بەردەوامیش خوازیاری ئەوەیە کەڕێ بەخۆی نەدات تەنها نیوەی حەقیقەتو ئایدیا پەسەندەکان رێنومایی بکەن. ئەنجامدانی کارێکی لەمجۆرەش پێویستی بەواقیعگەراییەکی جێگیرو خۆڕاگرو، تارادەیەك وزەیەکی بەهێزی مەعقولو، هەروەها کۆششێکی سەختو ئالۆز هەیە بۆ بەرقەرارکردنی هاوسەنگییەك لەنێوان کێشە تاکە کەسیەکاندا بەرامبەر ئەرکەکانی بەرەودانو بڵاوکردنەوەی راستیەکان لەبواری گشتیدا. هەر ئەم هۆکارانەشە وا لەرۆشنبیری دەکات ببێتە پیشەیەك کە بریتییە لە کۆششێکی بەردەوامو ئاوێتەیەکی ناتەواوو بەپێویستنوقسانو ناکاملە لەهەمانکاتدا، گەرچی ئەم پیشەیە مەرج نییە ببێتە مایەی ناوبانگ بۆ تاکە کەس، بەلام بەهێزیو ئالۆزییەکەی، لانی کەم بەلای منەوە، دەبێتە مایەی پڕیو دەوڵەمەندیی تاکە کەس. *

---

* ئەم نووسینە بەشێکە لەکتێبێکی ئێدوارد سەعیدو لە دەقە فارسیەکەوە کراوە بەکوردی کە ئەمەیە:
نقش روشنفکر – ادوارد سعید ، ترجمەو پیشگفتار: د. حمید عضدانلو، انتشارات آموزش – چاپ اول 1377 (1998) – تهران.

پەراوێزەکان:

1- ANTONIO GRAMSCI، THE PRISON NOTEBOOKS: SELECTIONS، TRANS. QUINTIN HOAR AND GEOFFREY NOWELL – SMITH (NEW YORK: INTERNATIONAL PUBLISHER، 1971)، P.9.

2- IBID.، P.4.

3- JULIEN BENDA، THE TREASON OF THE INTELLECTUALS، TRANS. RICHARD ALDINGTION (1928; RPRT. NEW YORK: NORTON، 1969) P.43.

4- IBID.، P.52.

5- لەساڵی 1762ی زاییینیدا، بازرگانێکی پرۆتستانت کەناوی جین کالاس بوو، خەڵکی شاری تۆلوز بوو، بەتاوانی کوشتنی کوڕەکەی کەنیازی بوو بچێتە سەر مەزهەبی کاسۆلیك، دادگایی کراو پاشانیش لەسێدارەدرا. گەرچی بەڵگەکان لاوازو بێ بنچینە بوون، ئەوەی بووە هۆی پەلەکردن لەبڕیاردانی دەستەی دادوەر ئەو باوەڕە باوەبوو کەپرۆتستانتەکان خەڵکێکی دەمارگیرن کەبەئاسانی هەر پرۆتستانتێك لەناو دەبەن کەمەزهەبی خۆی بگۆڕێ. ڤۆڵتێر بۆ گەڕاندنەوەی ئابڕووی خێزانی کالاس کەوتە ململانێیەکی ئاشکراوە کەتێیدا سەرکەوتووبوو. (بەڵام ئەمڕۆ ئێمە ئەوە دەزانین کەتەنانەت بەڵگەکانی ئەویش ساختەبوون). مۆریس بارس یەکێك بوو لەنەیارانی دیاری ئەلفرێد دریفۆس. ئەو وەکو ڕۆمانووسێکی فەرەنسایی لایەنگری فاشیزم و دژ بەڕۆشنبیرانی کۆتایی سەدەی بیستەم، لەبەرگریکارانی تیۆرەی بێئاگایی سیاسی (POLITICAL UNCONSCIOUS) بوو، کەتیایدا تەواوی نەژادەکان و میللەتەکان بەشێوەیەکی دەستەجەمعی هەڵگری ئایدیاو بۆچوونە تایبەتیەکانی خۆیان بوون.

6- La Trahison: Was republished By Bernard Grasset in 1946.

7- ALVIN W. GOULDNER، THE FUTURE OF INTELLECTUALS AND THE RISE OF THE NEW CLASS (NEW YORK: SEABURY PRESS، 1979)، PP.28-43

8- MICHEL FOUCAULT، POWER، KNOWLEDGE: SELECTED INTERVIEWS AND OTHER WRITINGS 1972-1977، ED. COLIN GORDON (NEW YORK: PANTHEON، 1980)، PP.127-128.

9- ISAIAH BERLIN، RUSSIAN THINKERS، ED. HENRY HARDY AND AILEEN KELLY (NEW YORK: VIKING PRESS، 1978)، P.129

10- SEAMUS DEANE، CELTIC REVIVAL: ESSAYS IN MODERN IRISH LITERATURE 1880 – 1980 (LONDON: FABER & FABER، 1985)، PP. 75-76.

11- دەستەیەکی ئەفسانەیی کۆمەڵێك پاڵەوانو شەڕکەری ئێرلەندین، لەسەدەکانی دووەمو سێیەمی پاش زاییندا ژیاون. هەروەها نـاوی نیـشتەجێیانی کـۆنی ئێرلەندەشـە، کەبەرگرییان لەدوورگەی ئێرلەندە کرد لەسەردەمی فین FINN پاشای ئێرلەندەدا.

12- C.Wright Mills، Power، Politics، and People: The Collected Essays of C. Wright، Mills، ed. Irving Louis Horowitz (New York: Ballantine، 1963)، P.299.

# ئومبێرتۆ ئیکۆ
## لەسەدەکانی ناوەندەوە بۆ "ناوی گوڵەباخ"

نیشانەناسو رۆماننووسی ئیتالیایی ئومبێرتۆ ئیکۆ ساڵی 1932 لەساندیریا لە پیەمۆنی ئیتالیا هاتۆتە جیهانەوە، لەزانکۆی تۆرینۆ دەخوێنێو ساڵی 1954 بڕوانامەی فەلسەفی وەردەگرێو دوو ساڵ دوای ئەوە کتێبێك بەناوی "ئیستاتیکا لەهزری تۆماس قدیس"دا دەنووسێ پاشتر دوو کتێبی دی لەسەر ئیستاتیکا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا دەنووسێ. ئیکۆ لە ساڵی 1961ەوە لە زانکۆکانی تۆرینۆ، میلان، فلۆرەنساو بۆلیڤنیا وانەی فەلسەفەو سیمیۆتکا[1]ی وتۆتەوە. ئەو کتێبەی زیاتریش بووە مایەی ناوبانگی، کتێبی "دەقی کراوە" بوو کە لێکۆڵینەوەیە کە لەسەر هونەری مۆدێرنو ساڵی 1962 لەچاپ دراوە. ئەمەو هەروەها چەند تۆژینەوەیەکی قووڵی لەسەر کارەکانی رۆماننووسی ئێرلەندی جەیمس جۆیس نووسیوە.

ئیکۆ چ لەو کتێبانەی سەرەوەیداو چ لە کۆمەڵێك وتاری کورتدا کە سەبارەت بە مەسەلەکانی ژیانی رۆژانە نوسیوونی وەك تۆپی پێ، تیرۆریزم، مۆدی جلو بەرگ، تەلەفزیۆنو هتد.. وەك رۆلان بارت کە کاریگەرییەکی دیاری لەسەر ئیکۆ هەبووە میتۆدی نیشانەناسیی گرتۆتەبەر،. گرنگترین کتێبیشی لەم بوارەدا کتێبێکە دەربارەی نیشانەناسیی گشتی کە لە

ساڵی 1975دا بڵاوبۆتەوە. ساڵی 1979یش کتێبێکی بەناونیشانی لاتین Lector in Fabula (خوێنەر لە چیرۆکدا)ی بڵاوکردۆتەوە کە تیایدا تیۆرەکانی خۆی سەبارەت بە "خوێندنەوەی دەق" خستۆتە روو لەکتێبە تازەکانیشی دەربارەی نیشانناسی (نیشانناسیو فەلسەفەی زمان)ە کە لە ساڵی 1988دا چاپ کراوە.

بەڵام ئومبێرتۆ ئیکۆ تەنها بەتۆژینەوەی سیمیۆتیکیەوە نەوەستاوە، بەڵکو لەتەمەنی پەنجا ساڵیدا یەکەمین رۆمانی خۆی نووسی کەوەکو رۆماننووسێکی گەورەش بەدونیای ناساند، ئەویش رۆمانی "ناوی گوڵەباخ" بوو کە هەر لە ئیتالیادا دوو ملیۆن دانەی لێ فرۆشراو دواتریش وەختێ بۆ سەر زمانانی دی تەرجەمە کرا نۆ ملیۆن دانەی لەجیهاندا لێ فرۆشرا.

جگە لەرۆمانی "ناوی گوڵەباخ" ئیکۆ دوو رۆمانی تریشی نووسیوە کە هیچیان لەرۆمانی یەکەم کەمتر نییە کە ئەمانەن: "بەندۆڵی فۆکۆ" کە لە ساڵی 1988دا لەچاپ دراو بیستو سێ ملیۆن دانەی لێ فرۆشراو بۆ سیو دو زمانی جیهانی تەرجەمەکرا، هەروەها دوا رۆمانیشی رۆمانی "دوورگەی رۆژی پێشوو)ە کە لەساڵی 1994دا بڵاوبۆوە.

ئێمە لێرەدا هەوڵئەدەین لەسەر رۆمانی "ناوی گوڵەباخ" بدوێینو بەمەبەستی ناساندنی بەخوێنەر هێڵە سەرەکییەکانی رۆمانەکە بخەینە روو.

* * *

## ڕۆمانی "ناوی گوڵەباخ":

*(وەختێ دەستمان بەشتێك نەگات، دەبێ*
*لەڕێی نیشانەکانو نیشانەی نیشانەکانەوە پەی*
*بەبوونی بەرین)*

ویلیەم- ناوی گوڵەباخ ل 39-

ئومبێرتۆ ئیکۆ وەکو زانایەکی سیمیۆتیکی خۆی رای وایە کە دەبێ نیشانەکانی نووسینی ئەکادیمی (باسو تۆژینەوەی فیکریو زانستیەکانو هتد..) بەروونی بگەنە خوێنەرو بەپێچو پەناو ئالۆز نەبن. بەلاّم لە نووسینی ئیبداعیدا نیشانەکان چڕدەبنەوەو نهێنی ئامێز دەبنو دەچنە تۆڕێکی ئالۆزەوە. هەر بۆیە دەبینیین کەشێکی نهێنی ئامێز باڵ بەسەر پانتاییەکانی جیهانی ڕۆمانی "ناوی گوڵەباخ"دا دەکێشێ.

ئەکرێ بڵێین ڕۆمانی "ناوی گوڵەباخ" ڕۆمانێکی پۆلیسییە، بەلاّم نەك لەو ڕۆمانە پۆلیسیانەی کە لە روانینو جیهانبینی خاڵێنو بەتەنها مەبەستیان وروژاندنی هەستی بەدووکەوتنی رووداوەکانە لای خوێنەرو، رەهەندێکی قووڵ لەودیو ئەم بەدووکەوتنەوە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەم ڕۆمانە دونیایەکی دەڵەمەند بە دەلالاتی مەعریفی ئیستاتیکیو فیکریو لەزۆر ڕووەوە دەشوبهێتە سەر فەزاو رەهەندێ کارەکانی "بۆرخس"و هەندێ لە ڕەخنەنووسان تا ئەو ڕادەیە دەڕۆن کە دەڵێن چاودێری کتێبخانەی دەیرەکە (واتە یۆرج) لەسەر شێوەی کەسێتیی بۆرخس ڕەسم کراوە، گەرچی ئیکۆ لە ڕۆمانەکەیدا یۆرج وەکو بکوژێك ئەخاتەڕوو.

دەشی بڵێین یەکێك لە هۆیەکانی دی بۆ هەڵبژاردنی کەش و هەوایەکی پۆلیسیانەی بۆ ئەم ڕۆمانە ئەوەبێت کە کرداری شاردنەوەو دۆزینەوە پتر لەهەر کارێکی دی ڕەهەندێکی سیمیۆتیکیانە بەخۆوە دەگرێ. ئەمەو ئیکۆ دەڵێت کە زۆربەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە خۆیان خۆیان بەسەر ئەودا سەپاندووە نەك بیەوێ بەزۆر ئەو کەشو هەوایە بەسەر دونیای ڕۆمانەکەدا بسەپێنێ. ئەوەتا دەڵێت "هێنانە بەرچاوی چیرۆکێك کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا روو بداتو ئاگر سەندنەوەی تیا بێ، وەکو هێنانە بەرچاوی فیلمێکی جەنگیە کە ڕووداوەکانی لە ئۆقیانووسی ئارامدا ڕوو بداتو کەچی فڕۆکەیەك لە فیلمەکەدا نەبینرێ"

ڕووداوەکانی "ناوی گوڵەباخ" کە ژمارەی لاپەڕەکانی لە حەوت سەد لاپەڕە تێدەپەڕێت دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی ناوەند. دیارە کە بایەخدانی ئیکۆ خۆی بەسەدەکانی ناوەڕاستو ئەو تۆژینەوانەی کە لەسەر ئیستاتیکا لەسەدەکانی ناوەنددا نووسیوونی ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لەوەدا کە هانی ئیکۆ بدەن تا ئەو ڕۆژگارە وەکو باکگراوەندێك بۆ ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی هەڵبژێرێت، بە تایبەتیش سەدەی چواردەهەم واتە دوا ساڵەکانی چاخەکانی ناوەڕاست، کە ساڵانێکە تیایدا بەها فیکریو مرۆییەکان ڕووەو پووکانەوەو بەهای، مرۆیی نوێ لەشکۆفەکردنو بوژانەوەدایە، هەر بۆیەشە ڕۆمانەکە بەهەندێ ئامۆژگاریکردن بۆ قدیس تۆماس دەستپێدەکاتو بەباسکردنی ڤیتگنشتاین کۆتایی دێ.

ڕووداوەکانی "ناوی گوڵەباخ" لەدێرێکی گەورەداو وەکو پێشتر ئاماژەمان پێ دا لەسەدەی چواردەیەمدا روو ئەدەن. ساپیتەی زەمەنیی ڕووداوەکان حەوت ڕۆژە کە دەتوانین بڵێین ئاماژەیە بۆ ئەو حەوت ڕۆژەی کە تیایاندا خوا کەونو بوونەوەرەکانی خولقاند، هەروەها ئاماژەیە بۆ سەربوردەی مرۆڤایەتیو سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەی لەنێو ڕەحمی تاریکیەوە بۆ نێو تریفەی ڕووناکی، لەتاریکیی ئەنگوستە چاوی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ سەرەتاکانی چاخی ڕێنیسانس.

لەمیانەی رووداوەکانی ئەم حەوت رۆژەوە گوتاری زاڵی زەینییەتی دەسەلاتی دینیی سەدەکانی ناوەڕاستمان بۆ ئاشکرا دەبێ، بەڵام ئەمە رەهەندێکە لە ڕەهەندەکانی ڕۆمانەکە، نەك تاقەڕەهەند. هەرچۆن ڕوانینی ئیکۆ خۆی بۆ دەق وایە کە دەبێ (کراوە) بێ، واتە ئەبێ دەق بەڕووی رەهەندە کەلتوورییەکانو هەروەها بەڕووی ژیانو جیهاندا کراوە بێ. هەربۆیە ناتوانین تاقەلایەنێك لەلایەنە فرەکانی ڕۆمانەکە بەسەر لایەنێکی تردا زاڵبکەین‌و بۆ نموونە بلێین ئیکۆ لە(ناوی گوڵەباخ)دا تەنها کاری ئەوەیە کە ئەقڵیەتی باوی سەدەکانی ناوەڕاستمان بۆ بخاتەروو. گەرچی ئەمەش رێ لەوە ناگرێ کە مۆرکی مێژوویش لەم ڕۆمانە بسەنینەوە، چونکە قۆناغێکی مێژوویی ئەبێتە زەمینەی ڕووداوەکان.

لەراستیدا دەتوانین بلێین کە کتێبخانە (و زانست) پاڵەوانی ئەم ڕۆمانەن. کتێبخانە لای ئیکۆ بریتییە لە "یادی مێژوویی"ی مرۆڤ. یەکێك لەکارەکانی کتێبخانە شاردنەوەو پەنهانکردنە. کتێبی شاراوە (کە لەڕۆمانی "ناوی گوڵەباخ"دا کتێبی "پۆیتیکا" -یاهونەری شیعر-ەکەی ئەرستۆیە) مایەی خولیاو عەودالیە. رێنسانس بەدۆزینەوەی دەسنووسە کۆنەکانی ناو پەرستگا پەنهانکارەکان دەستی پێکرد. هەربۆیەش دەبینین ویلیەم کە کەسێتییەکی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە ئامادەیە لەپێناوی دۆزینەوەی دەسنووسی بەشی دووەمی کتێبەکەی ئەرستۆدا کە تایبەتە بە "کۆمیدیا" هەر نرخێك بدات. لەولاشەوە "یۆرج" چاودێری کوێری کتێبخانەکەی دەیرەکە ئەو کتێبە بەسەرچاوەی مەترسی بۆ ئیمان ئەزانێ و لەهەر چییەك خۆش بێت لە پێکەنین خۆش نابێ. گوایە لە ئینجیلەکاندا -کەدەقی باڵادەست بوون لەسەدەکانی ناوەڕاستدا- هاتووە کە مەسیح هەرگیز پێنەکەنیوە. هەربۆیە ئیکۆش وەکو "باختین" لەوە ئاگاداربووە کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا خەڵکە ئاساییەکە پێکەنیون‌و خەڵکی ڕەسمی گریاون.

ساڵانی سەدەکانی ناوەڕاست ساڵانی تاریك‌و ئەنگوستەچاو بوون کە تیایدا جەهل حوکمڕان بوو.. تیایدا ئایین ببوە ئامرازێك بەدەست کۆمەڵێك قەشەی دەسەڵاتدارەوە کە

دەیانویست لەو ڕێیەوە مەرامە نامرۆییەکانی خۆیان پیادە بکەن، هەر لە بەدەستهێنانی دارایی‌و سامان‌و پلەپایەوە تا دەگاتە تێرکردنی شەهوەتە کاتیەکانیان.. دەیرەکان ئەبنە مەکۆی خوێن ڕشتن‌و تاوان‌و مەیلی هۆمۆسێکشوالێتیان.. پیاوە ئاینییەکان ڕۆژبەڕۆژ زێتر دەسەلاتیان لەناو کەناڵە حکومیەکاندا پەیدا دەکرد، تا ئەنجام بەوە شکایەوە کەنیسەکان بوون بەمۆڵگەی تاوان (دەشێ هەر لەمەشەوە بووبێت کە ئیکۆ یەکەمجار ڕۆمانەکەی ناونابوو — پەرستگای تاوان- بەلام دوایی گۆڕیی بۆ —ناوی گوڵەباخ-)و بەدکاری‌و ڕیسوایی ئابڕووی کەنیسەیان تکاندو بەوجۆرە فەرمان‌و ئامۆژگارییەکانی کلێسا بوونە مایەی گاڵتەپێکردن‌و یەکێتیی دینیی ئەوروپای خۆرئاوا لێکترازاو ئایینی مەسیحی لەبەریەك هەڵوەشایەوە. گروپ‌و مەزهەبی جۆراو جۆر دروستبوو کە لەناو جەرگەی ئەو پاشاگەردانییەوە سەریانهەڵداو خەڵکی سادەیان کرد بە دوژمنی خوێنخۆری یەکدی‌و شەڕی مەزهەبییان هەڵایساندو گۆڕەپان‌و شەقامەکانیان بەخوێنی مرۆڤ سوورکرد.

ڕووداوەکانی "ناوی گوڵەباخ" لەو ڕۆژگارەدا ڕوودەدەن، لە ڕۆژگاری ئەو پیاوە دینیانەدا کە خۆیان بە هەڵگری ئالای حەق‌و حەقیقەت لەقەڵەم ئەداو کەچی لەڕاستیدا سەرچاوەی بەدی‌و دزێوی بوون.. لەملاوە خەڵکیان بۆ تەرکی دونیا هانئەداو و لەولاوە خۆیان پەیوەندییان لەگەڵ ئیمپراتۆردا دەبەستو چاپلووسی‌و مەراییان بۆ دەکرد. جا هەروەکو وتمان لەبەر ئەوەی زەمین‌و زەمانی ڕووداوەکانی "ناوی گوڵەباخ" دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست کە بە سەدە تاریکەکانیش ناودەبرێ‌و نزیکەی هەزار ساڵی خایاند‌و هەندێجاریش لەرووی مەجازەوە پێی دەوترێ شەوی هەزار ساڵە، بەچاکی دەزانین چەند ئاماژەیەکی خێرا بۆ ئەو قۆناغە درێژە بکەین تا وێنەیەك لای خوێنەر ڕەسم بێت.

ئایینی مەسیحی لەساڵی 313ز وە لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا بە یەکێك لەدینە ڕەسمیەکان ناسرا. ئەمەش لەسەردەمی قەیسەر قوستەنتیندا بوو. لەساڵی 380زدا مەسیحیەت بوو بەئایینی ڕەسمیی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم. لەساڵی 395ز دا ئیمپراتۆریەتی ڕۆم

بۆ دوو ئیمپراتۆریەت دابەشبوو، خۆرهەلاتو خۆرئاوا، پایتەختی رۆمی خۆرهەلاتی قوستەنتینییە بوو (کە لەساڵی 330ز دا قەیسەر قوستەنتین کردبووی بە پایتەختو بۆیە بەناوی خۆیەوە نرا) پایتەختی خۆرئاواش رۆما بوو. ساڵی 410ز ڕۆمان کەوتە بەر شاڵاوی تیرە بەربەریەکانو لە 476ز دا ئیمپراتۆریەتی رۆمی خۆرئاوا لەناوچوو. بەلام ئیمپراتۆریەتی خۆرهەلات تا ساڵی 1453ز واتە کاتێ قوستەنتینییە کەوتە ژێر دەسەلاتی تورکەوە، بەردەوام بوو. دواتریش ناونرا ئەستەمبوڵ.

دەیرە بندیکتیەکانیش[2] (ئەو دێرەی رووداوەکانی ڕۆمانەکەی تێدا رووئەدات دەیرێکی بندیکتیە) لە ساڵی 529 زایینەوە هاتنە ئاراوە. واتە هەمان ئەو ساڵەی کە ئاکادیمیای ئەفلاتون لە ئەسینا داخرا. بیندیکتیەکان یەکەمین پایەی مەزهەبیی مەسیحیەتیان هێنایە گۆڕێ. بەمجۆرە ساڵی 529ز بەساڵی زاڵبوونی کەنیسە بەسەر فەلسەفەی یۆنانیدا لەقەلەم ئەدرێ. ئیدی لەومێژووە بەدواوە دەیرەکان بوون بە تاقە مەڵبەندی پەروەردەکردنو فێربوونو خوێندنو بیرکردنەوە.

لەکۆتاییەکانی سەدەی چواردەیەمی زاییندا رۆم دەسەلاتی سیاسیی خۆی لەدەست دابوو، بەلام ئەوەندەی نەبرد کە گەورە قەشەی ئەو شارە بوو بەرابەری کلێسای ڕۆمی –کاسۆلیك کە نازناوی (پاپا)یان دایە کە بەمانای (باوك) دێ. سەرەنجام ئەو بە نوێنەری مەسیح لەسەر زەوی ناسێنرا. هەربۆیە بەدرێژایی سەدەکانی ناوەند ڕۆما بەسەنتەری کلێساو پایتەختی مەسیحیەت لەقەلەم درا. لەو زەمانە بەدواوە کەم کەس وێراویەتی بەپێچەوانەی دەستووری ڕۆماوە ڕەفتاربکا.

ئیدی وردە وردە لەسەدەکانی 11،12،13دا مەزنترین کلێساکانی ئەوروپا بیناکران کە بەپێی دەستووری کلێسای ڕۆمی سیستمی خوێندنو پەروەردەیان تیا پیادە دەکرا.

لەراستیدا مەسیحیەت لای فەیلەسوفانی سەدەکانی ناوەند حەقیقەتێکی بەڵگە نەویست بوو. لە فەیلەسووفە دیارەکانی سەرەتاکانی ئەم قۆناغەش قدیس ئۆگستین 354-430ز

بوو. بەڵام گەورەترین فەیلەسوفی کۆتاییەکانی ئەم قۆناغە تۆماس ئەکویناس 1225ز-1274ز بوو کە روانینی فەلسەفیی ئەرستۆی هێنایەناو مەسیحیەتەوە. شایانی باسە کە لە رۆمانەکەدا ناویان هاتووە. ئەمبێر تۆئیکۆ هەروەکو لەپێشەکیی رۆمانەکەشدا دەڵێت بۆ نووسینی ئەم کارەی پشتی بەدەستنووسێك بەستووە کە راهیبێك لەتافی پیریداو لەدوا سالأنی سەدەی چواردەهەمدا نووسیویەتی، کە تیایدا ئەو رووداوانە دەگێڕێتەوە کە لەتافی لاویدا لەگەڵ (ویلیەم)ی مامۆستایدا لە دەیرێکی بیندیکتینیدا بەسەریان هاتووە، رووداوەکانی رۆمانەکەش هەر لەسەر زمانی ئەو راهیبەوە (کەناوی "ئادسۆی ئەهلی مێلك"ە) دەگێڕرێتەوە، واتە گێڕەرەوە (ئادسۆ) یە کە خۆشی یەکێکە لە کەسێتیەکانی رۆمانەکە.

لێرەدا جێی ئاماژەیە کە ئیکۆ تەنانەت لەکرۆنۆلۆژیای رووداوەکانیشدا رەچاوی هەمان خشتەی زەمەنیی دەستنووسەکەی (ئادسۆ)ی کردووە کە لەو رۆژگارانەدا بەکاربراوە.

(ئادسۆ) لەگەڵ (ویلیەم)ی مامۆستایدا بەرەو دەیرێکی گەورە دەچنو لەو دەیرە بیندیکتیانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن. ئەم دەیرانەش بەوە بەناوبانگ بوون کە کتێبخانەی گەورەیان تیا بووە، بەتایبەتیش ئەم دەیرە. بەگەیشتنیان بۆ ئەوێ ویلیەم لەماوەیەکی کورتدا زیرەکیی خۆی بۆ سەرۆکی دەیر دەسەلمێنێو ئەویش رایدەسپێرێ کە لەمەرگی نائاسایی راهیبێك بکۆڵێتەوە کەناوی (ئەدلمۆ)یە، چونکە وا پێدەچێت کە تاوانبارێك لەپشت مەرگیەوە هەبێ.

دوای لێپێچانەوە ویلیەم ئەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەدلمۆ نەکوژراوە، بەڵکو خۆی کوشتووە، بەڵام هاندەرەکانی بۆ ئەوەچی بوون، جارێ ئەمەیان بۆ روون نابێتەوە.

هەر لەسەرەتاشەوە سەرۆکی دەیر بە ویلیەم دەڵێ کە بۆی هەیە بەناو هەموو بەشەکانی دەیرەکەدا بێتو بچێت تەنها کتێبخانەکە نەبێ، لەبەر ئەوەی بەبۆچوونی سەرۆکی دەیر ئەو سەردەمەی تیایدا دەژین سەردەمێکی تاریکو لەرزۆکەو پەتی باوەڕ نزیکی پسانە، بۆیە

تەنانەت ڕێ بە راهیبەکانیش نادرێ بچنە ناو کتێبخانەکەوە تا ئەو کتێبانە کاریگەری لەسەر کۆمەڵێك راهیبی (کەمئاوەز یا لەخۆبایی نەکەنو لە ئەنجامی ئەوەشدا بکەونە داوی شەیتانەوە)- ناوی گوڵەباخ ل 53- بۆیە ئەو کتێبخانەیە تەنها چاودێرێکی هەیەو نهێنییەکانی ئەو کتێبخانەیەش دەبێ لەچاودێرەکەوە بگوێزرێتەوە بۆ چاودێرێکی دیو بپارێزرێ. هەر لێرەوە خوێنەر هەست بە قورسایی بوونی ئەم کتێبخانەیە دەکا دواتر بۆی دەکەوێت کە لەراستیدا کتێبخانەکەی دەیر کاراکتەری سەرەکیی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیە.

پاشترو لەڕۆژی دووەمدا چەند ڕووداوێکی تری لەو جۆرە ڕوودەدات، وەك دۆزینەوەی لاشەی راهیبێکی دی (ڤینانیوس) لەناو بەفرێکا، دوای ئەم ڕووداوانەو سووربوونی سەرۆکی دەیر لەسەر ئەوەی کە نابێ ویلیەم بچێتە کتێبخانەکە، ویلیەم پاش چەند گفتوگۆیەك لەگەڵ هەندێ لە نیشتەجێیانی دەیردا وا ئەنجامگیری دەکات کە دیارە نهێنیی مردنو کوشتنی ئەمانە لەکتێبخانەکەدایە. دواتر لەگەڵ ئادسۆدا ئەچنە ژووری "نوسخە گرتنەوە" کەلای کتێبخانەکەیەو لەوێ گفتوگۆیەك لەسەر پێکەنین لەنێوان ویلیەمو "یۆرج"ی چاودێری کتێبخانەکەدا ڕووئەدات کە تیایدا ویلیەم بەرگری لەپێکەنین ئەکاتو یۆرج دژی ئەوەستێتەوە.

(ویلیەم وتی: نازانم تۆ بۆچی بەم ئەندازەیە دژ بەو باوەڕەی کەلەوانەیە مەسیحیش پێکەنیبێت. من بڕوام وایە کە پێکەنین دەرمانێکی باشە. پێکەنین وەکو خۆشتن وایە، گرێو نەخۆشیەکانی لەش چارەسەر دەکات. پێکەنین بەتایبەتی بۆ چارسەری کەسانێك کە دوچاری مالیخۆلیا یاگرژیی هزر بوون سوود بەخشە.

یۆرج وتی:

-خۆشتن باشە. ئەکویناس ئامۆژگاریمان دەکات کە بۆ رەواندنەوەی خەمو کەسەرمان خۆمان بشۆین. خۆت دەزانیت کە خەم لەوانەیە ببێتە هۆی کاری خراپ. خۆشتن هاوسەنگی

بۆ مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە. پێکەنین ئەبێتە هۆی راتەکاندنی لەش و شێوەی دەموچاویش ناشرین دەکات و ئادەمیزاد وەکو مەیمون لێدەکات.

ویلیەم وتی:

-مەیمون پێناکەنێت. پێکەنین شتێکە تایبەتە بە مرۆڤ) -ناوی گوڵەباخ ل 199-

بەڵام یۆرج ئەو مرۆڤانەی خۆشناوێت کە پێدەکەنن، رقی لەو راهیبانەیە کە زەردەخەنە لەسەر لێویان نەخش ئەبێ، چونکە ئەوەی پێدەکەنێ لای ئەو بێباوەڕە.

لەبەشێکی تری رۆمانەکەدا ویلیەم و ئادسۆ دوای ئەوەی خۆیان دەگەیەننەوە ژووری نوسخەگرتنەوە کەکاغەزێك لەچەکمەجەی مێزەکەی ڤینانتیۆسدا ئەدۆزنەوە کە بە رەمزو هێما شتی لەسەر نووسیوە و بۆ ئەوەش سوودی لەبازنەی بورجەکان وەرگرتووە، کە دواتر ویلیەم ئەو کۆدانە دەخوێنێتەوە، دەزانێ کە رێنومایە بۆ رێگایەکی نهێنی بەرەو کتێبخانەکە.

لەکۆتایی رۆژی سێیەمیشدا ویلیەم و ئادسۆ لاشەی راهیبێکی دی (برینگەر) لەبانیۆی حەمامێکدا ئەدۆزنەوە. ویلیەم سەرنج ئەدا پەنجەکانی ڕەش هەڵگەڕاون و بیری دێتەوە کە پەنجەکانی ڤینانتیۆسیش وا رەش هەڵگەڕابوون، بۆیە ئەگاتە ئەو ئەنجامەی کە دیارە دەستیان بەر شتێك کەوتووە و سەرەنجام دەستیان وارەش بۆتەوە.

لەبەشێکی تردا ویلیەم دەچێتە لای (**عطار**)ی گیاناس کەناوی سۆرینۆسە و ویلیەم دڵنیا دەکات کە برینگەر بەر لەوەی بچێتە حەمام هاتۆتە ژووی (چارەسەرکردن) کە یەکێکە لەژوورەکانی دەیرەکە، چونکە ئەم کتێبێکی سەیرو سەمەرەی بەرچاو کەوتووە لەژوورێکدا کە هی ئەم نییە و دیارە برینگەر لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەوێ هێناوە. بەڵام لەوکاتەدا کە ویلیەم داوای لێ دەکات کتێبەکەی پیشان بدا یۆرج خۆی بەژوورا دەکات و ئەوانیش بابەتی قسەکانیان دەگۆڕن.

دواتر لاشەکەی (سۆرینۆس)یش بەکوژراوی لە تاقیگەکەیدا ئەدۆزنەوە کە شەلاڵی خوێنە، ئەو کتێبەش دیارنەماوە کە سۆرینۆس بۆ ویلیەمی باسکردبوو. دوایی بۆیان دەردەکەوێ کە دەبێ یەکێك دەستی دابێتێ، یان گەڕاندبێتیەوە بۆ کتێبخانەی دەیر، بەتایبەتیش بۆ ئەو بەشەی کتێبخانەکە کەپێی دەڵێن (کۆتایی ئەفریقا)و شوێنێکی نهێنی ئامێزە. هەر بۆیە ویلیەم مشوری ئەوە دەخوات کە رێگایەکی دی بۆ کتێبخانەکە بدۆزنەوە. دوای کردنەوەی جفرەکانی کاغەزەکەی ڤینانتیۆسو بەهەوڵی هەردووکیان ویلیەمو ئادسۆ ئەو رێگا نهێنییە ئەدۆزنەوەو خۆیان دەگەیەننە کتێبخانەکە، دوای ئەوە بەچراکەی دەستیان ئەو رێچکە تاریکانە رووناك ئەکەنەوە کە دەیانگەیەنێتە ئەوێ.

دەچنە ژوورێك لەژوورەکانی کتێبخانەکە، کە تەماشا ئەکەن "یۆرج"ی لێیەو چاوەڕێیان دەکات. بەر لەوەی ویلیەم لەگەڵ یۆرجدا بکەوێتە گفتوگۆ دەڵێ دەمەوێ بچم سەرۆکی دەیر رزگار بکەم چونکە ژیانی لە مەترسیدایە. بەڵام یۆرج کە خۆی پلانی بۆ کوشتنی داناوەو دڵنیای دەکات کە تازە سەرۆکی دەیر مردووە. وەختێ ویلیەم لێی دەپرسێ بۆچی کوشتت؟ یۆرج لەوەڵامدا دەڵێ: لەبەر ئەوەی لەڕێی تۆوە بەهەموو پلانو نهێنییەکانی منی زانیبوو، دەبویست بێت بۆ (کۆتایی ئەفریقا)ش.

پاش گفتوگۆیەك لەنێوان ویلیەمو یۆرجدا دەردەکەوێ کە پلانڕێژی ئەو زنجیرە کوشتنانەی لەدەیرەکەدا ئەنجامدراون (یۆرج) بووە، لەپێناوی ئەوەدا کە بەچاودێری کتێبخانە بمێنێتەوە، ئەو کتێبەش کە زۆر مەبەستی بووە نەکەوێتە دەست ئەوانی دی بەشی دووەمی کتێبی (هونەری شیعر)ەکەی ئەرستۆیە کە دەربارەی (کۆمیدیا)یەو تەنانەت یۆرج پەڕەکانی ئەم کتێبەی ژەهراوی کردووە، تا ئەگەر کەسێك دەستی بەڕی کەوت دەستی ژەهراوی بێ‌و دواتریش بیکوژێ، وەك چۆن هەندێ لە قوربانییەکان بەو شێوەیە لەناوچوون.

کاتێ ویلیەم لێی دەپرسێ بۆچی ئەم کتێبەی ئەرستۆی شاردۆتەوە کە تایبەتە بە پێکەنین، لەکاتێکا زۆر کتێبی تریش هەن سەبارەت بە پێکەنین؟ یۆرج دەڵێ: (چونکە ئەم

کتێبە فەیلەسووفێك نووسیویەتیو هەر کتێبێك لە کتێبەکانی ئەم پیاوە بەشێك لەپایەکانی مەسیحیەتی رووخاندووە کە بەدرێژایی چەندەها سەدە لە نەشونمادا بوون) -ناوی گولەباخ ل 700-

یۆرج کە لەو بڕوایەدایە ئەم بەشەی کتێبەکەی ئەرستۆ ئەبێتە مایەی سووك کردنی شکۆی ئایینی مەسیحی دەڵێ:

(پێکەنین وا لە خەڵکی عەوام ئەکا ئیدی لە شەیتان نەترسن.. ئەم کتێبە دەشێ خەڵك فێری ئەوە بکات کە خۆ رزگارکردن لەترسی شەیتان نیشانەی (ئەقڵ)ە. خەڵکی رەمەکی وەختێ شەراب بە گەروویاندا دەچێتە خوارەوەو قاقا پێدەکەنن، خۆیان لێ دەبێ بەئاغاو گەورە پیاو) -ناوی گولە باخ ل702-

دواجار یۆرج دان بەوەدا ئەنێ کە ئەو کارانەی کردوونی بەلای ئەوەوە بەناوی خۆشەویستیی یەزدانەوە بووەو لەرێی ئەودا کردوونی.. پاشان پەڕەکانی دەسنووسەکە لێ دەکاتەوەو پەڕە بە پەڕە دەیخاتە دەمیەوە تا بیانجوێتو بیانخوات، چونکە ئیدی کە نهێنییەکەی کەشف بووە گرنگ نییە مەرگی خۆشی لەگەڵدا بێ. لە کاتێکا ویلیەمو ئادسۆ دەیانەوێ کتێبەکەی لەدەست بسەنن. یۆرجی نابینا پەلەقاژێ دەکاو دەست بەچراکەی ئادسۆدا دەکێشێو چراکە دەکەوێتە سەر کۆمەڵێك کتێبو لەئەنجامدا نەك هەر کتێبخانەکە، بەڵکو تەواوی دەیرەکەش دەسوتێو سێ شەو و سێ رۆژ ئاگرەکە بەردەوام دەبێو هەرچی تەقەللاکانە بۆ کوژاندنەوەی بێهوودە ئەبێ.

ئایا ئەکرێ بڵێین کە ئەم رۆمانە بەتەنها رۆمانێکی پۆلیسییەو پرسیاری سەرەکی تیایدا ئەوەیە کە (تاوانبار کێیە؟) یان رۆمانێکی مێژووییەو تیایدا بە قۆناغێکی مێژوویی ئاشنا دەبین کە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستو گۆڕانی بەرەو چەرخی رێنسانسە؟ یان رۆمانێکە سەبارەت ململانێی نێوان (پاپ)و ئیمپراتۆر؟ یان ململانێی نێوان مەزهەبی دینییە جیاجیاکانی وەکو (بینديکتن) و (فرانسیسکن)؟ یان ئەمە رۆمانێکە تیایدا دەسەڵاتی ئەقڵ

(کە لەویلیەمدا خۆی دەبینێتەوە) بەرامبەر بەهێزە نائەقلانیو خورافیەکان دەوەستێتەوە، کە دەیانەوێ سەرچاوەکانی زانستو مەعریفە، یا پەیبردن بە حەقیقەت (کە کتێبخانەکەیە) لە ئاست ئادەمیزادەکاندا دابخەن تا بەئاسانی بتوانن وەکو گەلە (**قطیع**)ێك چۆنیان بوێت ئاوەها لێیان بخورِن؟ یاخود ئەمە رۆمانێکە سەبارەت بە "ئێستا"مان؟

لەراستیدا "ناوی گوڵەباخ" ئاوێتەیەکە لە کۆمەڵێك مەسەلەی گرنگی مەعریفیو فەلسەفیی وەك: ململانێی نێوان ئەقڵو جەهل، جەبرو هەڵبژاردن، بەکارهێنانی چەوسێنەرانەی دەسەڵاتی ئایینی هتد.. ئەم رۆمانە وەکو (دەقێکی کراوە) ئامێرێ گەلێ لێکدانەوەو راڤەی جودا دەکاتەوەو ئەمەش خەسڵەتی دەقە ئیبداعیو زیندووەکانە.

شایانی ئاماژەپێکردنە کە دەرهێنەری فەرەنسایی (ژان ژاك ئانۆ) لەساڵی 1985داو دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە ئیکۆ "ناوی گوڵەباخ"ی کردە فیلمێکی سینەمایی سەرکەوتوو.(3)

## پەراوێزەکان:

(1)سیمیۆتیکا: یا سیمیۆلۆژیاو یان بەکوردی نیشانەناسی یاخود ئاماژەناسی، بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ زانای زمانەوانی فردیناندی سۆسۆر کە لەکتێبەکەیدا (چەند وانەیەك لەزانستی گشتیی زماندا) وتویەتی: دەشی زانستێك بهێنینە بەرچاو کە لە ژیانی نیشانەکان لەناو کۆمەڵدا بکۆڵێتەوەو ببێتە بەشێك لەسایکۆسۆسیۆلۆژیو پاشان سایکۆلۆژیای گشتی. ئەم زانستەش ناو دەنێم سیمیۆلۆژیا)، بەڵام دواتر فەیلەسوفی ئەمریکایی چارلز پێرس زاراوەی سیمیۆتیکای بەکارهێنا کە وتویەتی: "لۆجیك بە مانا فراوانەکەی ناوێکی ترە بۆ سیمیۆتیکا یان تیۆرەی نیشانەکان".

(2)بیندیکتن، ناوی زنجیرەیەك پیاوی دینیی کاسۆلیکە کە لەرێی راهیبێکی ئیتالیاییەوە کەناوی سانت بیندیکت (**ST. BENDECT**) بوو دامەزرا.

کتێبەکەی بەناوی (ریگیولا مۆناکرۆم (**REGUHAMONACHORUM**) بووە بنچینەی راهیبی لەجیهانی خۆرئاوادا-

شایانی باسە گروپی بیندیکتەکان رۆژی 21ی ئازار (نەورۆز) جەژن دەگێڕن.

(3)ئەو دێڕو پەرەگرافانەی کە لە رۆمانەکە دەرهێنراونو لەم نووسینەدا بەکارهێنراون لەدەقی تەرجەمەی فارسیی رۆمانەکەوە دەرهێنراون کە ئەمەیە: نام گل سرخ- اومبرتواکو- جلد 1،2- ترجمەی: شهرام **طاهری- نشر شباویز-** چاپ سوم- 1988)

سەرنج

بۆ زانیاری سەبارەت ژیانی ئیکۆو چەند ئاماژەیەك گەڕاوەمەتەوە سەر (ساختارو تاویل متن- بابك احمدی- فەسڵی "نشانەو تاویل")

# ماتێریالیزمی دیالەکتیکو مێژووی ئەدەب

## لوسیان گۆڵدمان

هەموو سۆسیۆلۆژیایەکی فیکر باوەڕی بەکاریگەریی ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە لەسەر داهێنانی ئەدەبی. ماتێریالیزمی دیالەکتیکیش ئەمە بە بەڵگەنەویستێك دەزانێتو، بەڵام پتر بایەخ بە گرنگیی هۆکارە ئابوورییەکانو پەیوەندییەکانی نێوان چینەکانی کۆمەڵ دەدات. سەرەڕێی ئەمەش زۆر لە نووسەرانو فەیلەسووفان دەبینینەوە کە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نینو دەڵێن، بەستنەوەی بەها رۆحییەکان بەڕوداوە کۆمەڵایەتیو ئابووریەکانەوە زانینێکی سەرەتاییە بۆ ئەو بەهایانە. ئەمەش وای لەهەندێك کردووە کە لەناو مارکسیزم خۆیدا دژ بە ئایدۆلۆژیایەك بوەستنەوە کە لە بنەڕەتدا بە ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسیی دەزانن، کە بە تایبەتی ئامانجی دابین کردنی پێداویستییە ماددییەکانی خەڵکانێکی ناڕۆشنبیرو دوور لە بەهاکانی فیکرەوەیە.

لێرەدا سەرلەنوێ دەربارەی مەسەلەیەك نادوێین کە لەوەوبەر لێیدواوین ئەویش ئەوەیە کە بەها فیکرییە ڕاستەقینەکان لە واقیعی ئابووریو کۆمەڵایەتی دابڕنییە، بەڵکو پابەندە بەو واقیعەوە، بەڵام لەگەڵ ڕەچاوکردنی تەواوی هاوکاریی ئینسانیو گیانی هۆزێتی، ئەو کێشەیەی ئێستاش ئێمە لێرەدا لێی دەدوێین، کێشەیەکی تایبەتترە، ئەویش هەڵهێنجانی

کۆمەڵێك بنەماو بۆچوونە بۆ مێژوویەکی دیالەکتیکیانەی ئەدەب، پاشان پرسیارکردنە لە پەیوەندییەکانی نێوان داهێنانی ئەدەبیو ژیانی کۆمەڵایەتی.

بەبۆچوونی زانای کۆمەڵناسی، ئیدی مارکسیست بێت یان نەء، ئەم کێشەیە پەیوەندیی بە دۆزینەوەی زانستیو پۆزیتیڤی (وضعی) یەوە هەیەو هیچی دی. وەکو هەر تیۆریەکی تریش، پێداگرتن لەسەر کاریگەریی هۆکارە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان لەسەر داهێنانی ئەدەبی دۆگمایەك نییە، بەڵکو گریمانەیەکە چەند واقیع بیسەلمێنێت ئەوەندە لەڕاستی نزیك دەبێتەوە. بەڵام ئەوەی شتێکی بەڵگەنەویستە ئەوەیە کە گفتوگۆکردن لەسەر ئەم کێشەیە لای نەیارانی ماتێریالیزمی دیالەکتیك لە زۆربەیکاتدا بووەتە هۆی بەهەڵەدا چوون. بەڵام لە زۆربەی کاتیشدا لایەنگرانی راستەوخۆ باوەڕیان پێهێناوەو ئەوەندەی سووربوون لەسەر بەرگریکردن لەهەڵوێستەکانیان، ئەوەندە سوور نەبوون لەسەر پەیوەندییان بە واقیعو ڕووداوەکانەوە. لەبەر ئەوە هەوڵدان بۆ خورد بوونەوەیەك لەمانای ئەو بۆچوونە ماددیو دیالەکتیکیانە لەبواری مێژووی ئەدەبدا، دەشتێ تا ڕادەیەك بەسوود بێت بەمەرجێ لەوە خافڵ نەبین، کە ئەم تۆژینەوەیە نایەوێت بەڵگە بۆ هیچ بێنێتەوە، نە لەپێناوی ماتێریالیزمی دیالەکتیك داو، نەدژیو، تاقە ئامانجی ئەم نووسینە هەوڵدانە بۆ داڕشتنی ئەو ڕوانگانەو ئامادەکردنی ئەو زەمینەیەی کە پێویستە بکرێتە بناغەی گفتوگۆکان.

(1)

یەکێك لە گەورەترین ئەو بەهەڵەدا چوونانە، کە دەمانەوێ لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین، ئەو تێڕوانینەیە کە دەیەوێت ماتێریالیزمی دیالەکتیك لەگەڵ تیۆریەکانی (هیپۆلیت تین)دا تێکەڵ بکات، بەوەی کە دەیەوێت کاری ئەدەب لەڕێی ژیاننامەی نووسەرو ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەوە لێك بداتەوە کە نووسەرەکە تیایدا ژیاوە.

رەنگە سەخت بێت گەر تێڕوانینێکی دی بهێنینە پێش چاو خۆمان کە دوورە لەڕوانگەی ماتێریالیزمی دیالەکتیکەوە ئەویش ئەوەیە کە بەبێ ئەوەی لەو باوەڕەدا بین کە فیکری فەلسەفی و داهێنانی ئەدەبی قەوارەی میتافیزیکیی جیان لەژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەڵام دەڵێین کە ئازادیی نووسەرو بیرمەند ئازادییەکەی بەرفراوانەو ئەو پەیوەندییانەی بەژیانی کۆمەڵایەتیشیەوە دەبەستێتەوە ئاڵۆزو مەتیقی ناوەوەی کاری ئەدەمیش خاوەن سەربەخۆییەکی تایبەتییە کە هیچ ڕێبازێکی سۆسیۆلۆژیی تەجریدی و میکانیکی دانی پێدا نەناوە.

بەلای ماتێریالیزمی دیالەکتیکەوە توخمی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەی داهێنانی ئەدەمیدا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەدەبو فەلسەفە لەسەر دوو ئاستی جیا هەردووکیان تەعبیر کردنن لەجیهانبینی یەك، جیهانبینیش تایبەت نییە بەو ڕووداوانەی پەیوەستن بەتاکە کەسێکەوە، بەڵکو بەڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

جیهانبینی تێڕوانینێکی توندو تۆڵو بەیەکەوە گرێدراوە سەبارەت بەسەرجەم واقیع، لەکاتێکدا کە تێڕوانینی تاکەکەس کەمجار نەبێت، توندوتۆڵ، پێکەوە گرێ دراو نییە. لەبەر ئەوەی بیرکردنەوەی کەسانو شێوازی هەست پێکردنیان دەکەونە ژێر کاریگەریی بێشومارەوە، نەك کاریگەریی نێوەندە جۆیجۆیکان، بەڵکو کاریگەریی پێك هاتنی فیزیۆلۆژیش بەمانا

فراوانەکەی، لەبەر ئەوە هەمیشە تۆزێك لەتێڕوانینێکی توندو تۆڵ نزیك دەبنەوە، بەڵام بە دەگمەن دەبنە تێڕوانینێکی توندو تۆڵ. لەبەر ئەوە دەشێ کەسان هەبن لەهەمانکاتدا مەسیحی بن و مارکسیش بن، یان ڕۆمانسی بن و حەز بەتراژیدیایەکی راسین بکەن، یان دیموکراسیخوازبن و راوحوکمی رەگەزپەرستانەیان هەبێت.. هتد. بەڵام فەلسەفەیەکی راستەقینە، یان هونەرێکی راستەقینە نییە لەهەمان کاتدا مەسیحی بێتو مارکسیش بێت، یان کلاسیك بێتو لەهەمان کاتدا ڕۆمانسیش بێت، یان مرۆڤدۆست بێتو لەهەمان کاتدا رەگەزپەرست بێت.

رەنگە هەندێك هەبن بلێن: کەواتە لەم حاڵەتەدا جیهانبینی وەکو قەوارەیەکی میتافیزیکیو ئەبستراکتی لێ دێت. جیهانبینی سیستمێکە لە بیرکردنەوە لەهەندێ هەل مەرجدا خۆی بەسەر دەستەو تاقمێك لە خەڵکی، یان هەندێ چینی کۆمەڵایەتیدا دەسەپێنێت. ژمارەیان کەمە ئەو کەسانەی پەی بەتێکڕێی ئەم سیستمە دەبەن، بەڵام هەرکەسەو بە جۆرێك لەجۆرەکان پەی پێ دەباتو لە سنوورێکی وەهادا کە بەسە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەك لەهەستو سۆزو بیروکردەوە، کە ئەم کەسانە لەیەکتر نزیك دەکاتەوەو وایان لێدەکات بەرپەرچی چینە کۆمەڵایەتیەکانی دی بوەستنەوە.

فەیلەسوفو نووسەر پەی بەم تێڕوانینە دەبەن، یان هەستی پێدەکەن لە تەواوی مەوداکانو سەرئەنجامەکانیداو، لەسەر ئاستی بیر یا هەست لەرێی زمانەوە گوزارشتی لێ دەکەن. بۆ ئەوەی ئەوەش بێتەدی، دەبێ ئەو تێڕوانینە لەئارادا هەبێت، یان بەلایەنی کەمەوە رووەو هاتنەگۆڕێ بێت. بەڵام ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیەی کە ئەو تێڕوانینەی تێدا نەشو نما دەکات، یان ئەو چینە کۆمەڵایەتیەی کە تەعبیری لێ دەکات، مەرج نییە تاقە بوارێن کە نووسەریان فەیلەسووف لاوێتیی یان بەشێکی گرنگی ژیانی تێدا بەسەر بردبێت.

بێگومان زۆر ڕێی تێدەچێت کە ئەو دەوروبەرەی نووسەری تێدا دەژی کار لە بیرکردنەوەی بکات. دەشێ ئەم کارتێکردنەش بەچەندەها شێوە بێت، دەشێ شێوەی تەبا بوون وەربگرێت، دەشێ شێوەی کاردانەوەی بەرەمزو یاخیبوون وەربگرێت، یان دەشێ ئاوێتەیەك بێت لەو بیروبۆچوونانەی کە لەدەوروبەرو ژینگەکەیدا باون... هتد. هەروەها دەشێ کارتێکردنی کۆمەڵێك ئایدۆلۆژیای دوور لەو کاتو شوێنە بەسەر کارتێکردنی ڕاستەوخۆی دەوروبەرو ژینگەدا زاڵ بێت. هەرچۆنێك بێت مەسەلەکە پەیوەندیی بە دیاردەیەکی زۆر ئاڵۆزەوە هەیەو ناکرێ ڕاڤەیەکی میکانیکیانە بکرێ.

ژیاننامەی نووسەر دەشێ خاوەن گرنگییەکی گەورە بێتو ئەرکی سەرشانی مێژووناسی ئەدەبە کە بەوردی لێی بتوژێتەوە، تا لەهەموو بارەکاندا بزانێت تا چەند ڕووداوەکانی ژیانی نووسەر یارمەتیی دەدات، بەڵام دەبێ ئەوەی لەیاد نەچێت کاتێك مەسەلەکە پەیوەندیی بەشیکردنەوەیەکی قووڵترەوە بێت، ئەو کاتە ژیاننامەی نووسەر دەبێتە هۆکارێکی لاوەکیو، هۆکاری گەوهەری دەبێت لەپەیوەندیی نێوان کارە ئەدەبییەکەو، جیهانبینییەکانی هەندێ لەچینە کۆمەڵایەتییەکاندا بدۆزرێتەوە.

سەرباری هەموو ئەمانە کارتێکردنی ژینگەی کۆمەڵایەتی لەسەر کاری ئەدەبی لەکاتی لێکۆڵینەوەی زانستیدا، رواڵەتێکی ئامارانە (احصائی) وەردەگرێتو هێندە گرنگ دەبێت کە وەکو حاڵەتێکی تاکەکەس نەخرێتەڕوو، بەڵکو وەکو حاڵەتێك کە تەعبیر لەژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی، یان تەوژمێکی ئەدەبی یا فەلسەفی بکات، هەر وەکو چۆن لەئەدەبی ریالیستی فەرەنسادا دەبینینەوە، هەر لە فیلونو ڕاپیلیە، تا مۆلییرو، دیدرۆو، ڤۆلتێر، بەرامبەر ئەمەش ژمارەیەکی زۆر لە خانەدانە بچووکەکان لەئەدەبی ڕۆمانتیکدا دەبینینەوە (لای شاتوبریانو ڤینیو مۆسێو لامارتین) کە بێگومان ئەمە دەلالەتی خۆی هەیە، هەمان شت بەنیسبەت ئەو خانەدانانەی کە بە دەوری کڵێسای پۆر- ڕۆیاڵدا کۆدەبوونەوە (بەتایبەتیش

بەدەوری تیۆریستەکاندا: ئەرنۆڵدو باسکاڵۆ، راسینی شاعیر)... ئەمەش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شێوازێك هەیە بۆ بیرکردنەوەو هەست پێکردنی لەنێوان ئەندامانی دەستەو تاقمە کۆمەڵایەتیەکاندا، بەڵام تاکەکەس بوونەوەرێکی زۆر ئاڵۆزەو، کارەکانی لەبوارەکانی ژیاندا فرەلایەنەو، پەیوەندیەکانی نێوان فیکری و نێوان واقیعی ئابووری بەرادەیەك زۆرو فرەچەشنە کە ناتوانین هێڵکارییەکی ساکاری بۆ بکەین، هەر وەکو سۆسیۆلۆژیای میکانیکی ئەنجامیدەدات.

(2)

باسی مەترسیی زێدەڕۆیی بایەخدان بەژیاننامەمان کرد لە لێکدانەوەی کۆمەڵایەتیی کاری ئەدەبیدا. لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئەم لێکدانەوەیە لەروانگەی مێژوونووسی ماتەرییەوە، بەشێکە لەو ئەرکەی کە لە کۆتایی کارەکەدا ئەنجامی دەدات. چونکە بەر لەوەی بەدوا پەیوەندیەکانی نێوان کاری ئەدەبی و چینە کۆمەڵایەتیەکانی کاتی نووسینی کارەکەدا بگەڕێین، پێویستە لەکارە ئەدەبییەکە خۆی بگەین، هەروەها لەدەلالەتە تایبەتییەکەی و پاشان لە روانگەی ئیستاتیکاوە حوکمی ئەوەی بەسەردا بدەین کە جیهانێکی مەلووسی لەبوونەوەرو شت پێك هێنراوە، نووسەرێك دایهێناوە کە لەمیانییە وە قسەمان بۆ دەکات.

بەڵام لێرەدا دووچاری هەمان مەترسیی زێدەڕۆیی دەبینەوە گەر زیاد لەپێویست گرنگیمان بەنووسەرەکەدا لە تێگەیشتنی کارەکانیدا. ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت نووسەر لەهەموو کەسێکی تر زیاتر دەلالەتو بەهای نووسینەکانی خۆی دەزانێتو، ئەو رایە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆیانە (دانپیانان، گفتوگۆ، نامە)ی کە دەربارەی نووسینەکانی خۆی داونی باشترین رێگان بۆ تێگەیشتنی کارە ئەدەبییەکانی، لەسەرەتادا وەکو بیرۆکەیەکی سەرنجڕاکێش دێتەپێشچاو. ئەوە گریمانەیەکە رەنگە هەندێ جار راست بێت، بەڵام زۆربەیجار دەبێتە ئاسان کردنەوەیەکی ترسناك. وتمان کە کاری ئەدەبی بریتییە لەگوزارشتکردن لە

جیهانبینییەك، یان شێوازێك بۆ تێڕوانینو هەستکردن بەجیهانێکی مەلمووسی لەبوونەوەرو شت پێکهێنراو. هەروەها نووسەریش مرۆڤێکە شێوەیەکی گونجاو دەدۆزێتەوە تا لە ڕێیەوە گوزارشت لەو جیهانە بکات، بەڵام دەشێ جیاوازییەکی گەورە یا بچووك ڕووبدات لەنێوان نیازو ویست یا بیروبۆچوونە فەلسەفیو ئەدەبیو سیاسییەکانی نووسەرو لەنێوان ئەو شێوازەدا کە لەمیانییە وە ئەو جیهانە دەبینێتو هەستی پێدەکات کە دەیخولقێنێت.

لەم بوارەدا هەموو دەرکەوتنێکی زەقی نیازە هۆشمەندانەکانی نووسەر، دەبێتە شتێکی کوشندە بە نیسبەت ئەو کارە ئەدەبیەوە کە بەهای ئیستاتیکیی پشت بەو پێودانگە دەبەستێ کە لەڕێیەوە تەعبیر لە چۆنییەتیی هەست پێکردنو ڕوانینی نووسەر دەکات بۆ کەسێتییەکانی. جا ئیتر ئەمە دەشێ دژ بە نیازو بیروباوەڕەکانی نووسەر خۆشی بێت.

نمونەش لەم ڕووەوە زۆرن، لەوانە بەلزاك کە خۆی کابرایەکی کۆنەپەرست بوو، بەڵام لەئەدەبەکەیدا لەهەمووان پتر وەسفی کەموکوڕیەکانی ئەو ئورستۆکراتیو شانشینییەی کردووە کە ڕوو لەنەمان بوون، هەروەها دانتی کە باوەڕی بە ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی نموونەییو چاخناوەندی (قروسطی) هەبوو، کەچی ئەدەبەکەی مژدە دەری ئەو ڕوانینە تاکەکەسییە بووە کە چاخی ڕێنسانسی لەسەر بنیاد بوو.

بەڵام بەلای مێژوونووسو ڕەخنەنووسەوە باشترین حاڵەت حاڵەتی ئەو نوسەرانەیە کە بەتەنها هەندێ لەکارەکانیان یان تەنانەت هەندێ بەشی کارەکانیان ئەو جیاوازییە دەخاتەڕوو کە ئاماژەمان بۆ کرد.

ئەو کات ڕەخنەنوس لەڕێی (شیکردنەوەی هاوشان) (التحليل المحايث)ەوە کە لە سنوورییەکەی کارە ئەدەبییەکە تێ ناپەڕێت، دەتوانێت ئەو ڕەگەزانە کە بەهۆی کارلێکی لەگەڵ هێزەکانی دەرەوە دروستبوون لەداهێنانە ڕەسەنەکەی نووسەر جیا بکاتەوە، لەمڕووەوە نموونەیەك دەهێنینەوە ئەویش ئاخاوتنو نووسینەکانی گۆتەیە دەربارەی شۆڕشی فەرەنسایی،

وەك ئاشكرایە هەندێ لەتەعبیرەكانی كە بەناوبانگن لایەنگیرییە لەو شۆڕشە. گەرچی خۆی زۆربەیجار هەڵوێستێكی سەلبیی بەرامبەر بەو شۆڕشە هەبووە. لەشیعرەكانیشیدا هەستی جیاكردنەوەیان لا دروست دەكات. ئەوەتانێ گۆتە كاتێك دژی شۆڕشی فەرەنسایی وەستایەوە سێ شانۆیی ناڕوون و بێ ئاستی نووسی (كیژە ئاساییەكە، هاووڵاتیی گشتی، گرژەكان) كاتێكیش هەڵوێستی ئیجابیی بەرامبەر هێزە شۆڕشگێڕەكان هەبوو هەردوو شاكارە بەرزەكەی ئەدەبی جیهانی نووسی واتە (فاوستو پاندۆرا).

لەهەموو حاڵەتەكاندا - ئەركی مێژوونووسی دیالەكتیكی ئەوەیە كە لەڕێی شیكردنەوەیەكی ئیستاتیكیی هاوشانەوە (محایث) دەلالەتی بابەتیی كارە ئەدەبیەكە هەڵبهێنجێت پاشان دەتوانێت پەیوەندیی نێوان ئەم دەلالەتەو هۆكارە ئابووریو كۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییەكانی ئەو چاخە بدۆزێتەوە. بەڵام بەنیسبەت نیازە هۆشمەندانەكانی نووسەرو بیركردنەوەی، مەسەلەیەك نییە به تەواوی نكوڵیی لێبكرێ، بەڵكو پێویستە مێژوونووس بایەخی پێبداتو لەهەر حاڵەتێكی تایبەتدا بەدوا ئەو شتەدا بگەڕێت كە یارمەتیی دەدات بۆ تێگەیشتنی كارەئەدەبییەكە. نەك هەر لەسەرەتاوە بڕیاری پێش وەختی خۆی هەبێت، و ئەمە وای لێ كردبێت وابزانێت وەسیلەیەكی تایبەتمەندی بە دەستەوەیە كە بۆ هەموو كاتو زەمانێك دەشێ.

بەهای ئیستاتیكی هەمیشە پێودانگی سەرەكی دەبێت، چ بەنیسبەت دەلالەتی بابەتیی كارە ڕەخنە لێگیراوەكە، یان بە نیسبەت قسەو رایە هۆشمەندانەكانی نووسەرەوە.

(3)

کەواتە روون بۆوە. کە ژیاننامەی نووسەر توخمێکی بنچینەیی نییە لە شیکردنەوەی ئەدەبیدا. هەروەها زانینی بیروڕاو بۆچوونەکانیشی توخمێکی گەوهەری نین لەتێگەیشتنی ئەو کارەدا، کارەکەش چەند گرنگ بێت ئەوەندە، توانای ژیانی دەمێنێتو لەرێی شیکردنەوەوە بیری چینە کۆمەلایەتییە جیاجیاکان شی دەکاتەوە.

ئایا ئەمە مانای نکوولیکردنە لەرۆلی تاکەکەس لە داهێنانی ئەدەبیو فەلسەفیدا؟ بێگومان نەء، بەلام بەشێوەیەکی گشتی ئەو رۆلە رۆلێکی دیالەکتیکییەو پێویستە هەول بدەین کە لەو روانگە دیالەکتیکیەوە تێبگەین، کەس ناتوانێت نکوولی لەوە بکات کە ئەو بەرهەمە ئەدەبیو فەلسەفیانە کاری خاوەنەکانیانن. بەلام دەلێین کە ئەو کارانە خاوەن مەنتقی تایبەتی خۆیانو هەروا داهێنانی لەخۆڕاو کوێرانە نین.پێکەوە لکانێکی ناوەکی هەیە بۆ سیستەمێکی چەمکی (منظومة مفهومية) هەروەها پێکەوە لکان لەنێو بوونەوەرە زیندووەکانی ناو کارە ئەدەبییەکەشدا هەن. ئەم هاوپەیوەستیو پێکەوە لکانەش وا دەکات ئەو چەمکو بوونەوەرانە کۆمەلێك (هەمەکی) پێك بهێنن کە دەتوانرێ لەرێی بەشەکانی ترەوە. یان لەرێی بونیادی گشتیی کارەکەوە شی بکرێنەوە.

بەم جۆرە کارەکە چەند گەورە بێت ئەوەندە تاکەکەسی دەبێت، چونکە بەتەنها تاکە کەسێتیی دەگمەنو دەولەمەندو بەهێز دەتوانێت روانینێك بۆ گەردوون بهێنێتە ئاراوە تا ئەوپەڕی سەر ئەنجامەکان بێ، لەکاتێکدا ئەم روانینە لەهۆشیاریی دەستە کۆمەلایەتییەکاندا لەپێکهاتنو تازە گەلالەبووندا دەبێت. هەروەها لەلایەکیترەوە کارەکە چەندە تەعبیری خاوەن فیکرێك یا نووسەرێکی بلیمەت بێت، هێندە دەتوانرێ کارەکە وەکو خۆی لێك بدرێتەوە، واتە بەبێ گەڕانەوە بۆ ژیانی نووسەرەکە، یان نیازو ویستەکانی. کەسێتیی بەهێز ئەو کەسێتییەیە

کە بە چۆنێتییەکی باشترەوە لەگەڵ ژیانی فیکردا دەگونجێ، واتە لەگەڵ هێزە گەوهەرییەکانی هوشیاریی کۆمەڵایەتی بەڕواڵەت کاریگەرو داهێنەرەکانیدا. بەپێچەوانەوە کاتێك مەسەلەکە تەنها پەیوەندیی بەتێگەیشتنو لێکدانەوەی ناڕێکیو لاوازییەکەوە دەبێت لەکاری ئەدەبی یا فکریدا، ئەوا لەزۆربەیکاتدا ناچار دەبین پەنا بەرینە بەر خودی نووسەرەکەو بارودۆخی دەرەوەی ژیانی. هەر بۆ نموونە ئاماژە بۆ کۆمەڵێك فێڵی هونەری دەکەین لای (گۆتە) کە لە رووی بەهای ئەدەبییەوە بایەخێکی ئەوتۆیان نییە . تەنانەت هەندێ لایەنی لاواز لە نوسخەی دووەمی (فاوست)دا هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کاروبارە کۆمەڵایەتیەکان لەدەرباری ڤیماردا. بەڵام کاتێ (گۆتە) وەکو وەزیرێك لەمیرنیشینیی ڤیماردا خۆی لەبیر دەکات ئەو کاتە لەکارە ئەدەبییەکەیدا گوزارشت لەخۆی دەکات.

دوور لە پەیوەندییەکی دژانە لەنێوان تاکەکەسو کۆمەڵدا، لەنێوان بەها ڕۆحییەکانو ژیانی کۆمەڵایەتیدا واقیع هەیە. ئەوەدەمە واقیع لەشێوە کاملەکەیدایە کاتێك ژیانی کۆمەڵایەتی لەرووی چڕیو هێزی خولقێنەرییەوە دەگاتە ئەوپەڕیو، هەروەها تاکە کەسیش دەرك بە لوتکەی بلیمەتیی داهێنەرانەی خۆی دەکاتو لەگەڵیدا تێکەڵ دەبێ، ئیدی لەبواری ئەدەبیدا بێت، یا لەبوارە فەلسەفیو ئایینیو سیاسییەکاندا. چۆن دەکرێ ڕاسین یا باسکاڵ لە پۆر-رویال جیا بکەینەوە؟ یان مونزیر لە جەنگی جوتیارەکانو لوثەر لە بزووتنەوەی ڕیفورمیست (اصلاحی)ی میرەکانو ناپلیۆن لە ئیمپراتۆریەتو ململانێی نێوان شۆڕشی فەڕەنساو سیستمی حوکمڕانیی کۆندا؟

ناتەبایی لەنێوان تاکو کۆمەڵدا قووڵ نابێتەوە تەنها ئەو کاتە نەبێت کە دەگەنە شێوە نزمەکانیان، واتە کاتێك هۆز دەبێتە کۆمەڵو کۆ دەبێتە دەزگاو، هەروەها کاتێك تاکەکەس لاواز دەبێت ئەوکاتە مەسەلەکە لەمێژووی ئافراندنی ئەدەبیدا زیاتر بەو نوسینانەوە وابەستە

دەبێت کە یارمەتیی زاناکان دەدات، بەڵام بەنیسبەت مێژووی فەلسەفیی ئەدەبەوە بەهای کەم دەبێتەوە.

(4)

بەر لەوەی بەسەر تاکەکەس و پەیوەندیەکانی لەگەڵ کاری ئەدەبی و فیکریدا تێپەڕین، دەربارەی بەهەڵەداچوونێکی دی دەدوێین کە لەوانی پێشوو مەترسیی کەمترە ئەگەرچی هێندەی ئەوان باوە.

ململانێی سیاسیی ڕۆژانەو بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان بە هەموو جۆرە چەکێك لەزۆربەی کاتدا بەوە کۆتایی دێت کە پێ لەسەر یەکەیەکی پێویست لەنێوان بەرهەمی ئەدەبی و کاری تاکەکەسدا دادەگیرێ، ئەگەر لەڕوانگەی بایەخی کۆمەڵایەتیەوە حوکمی خۆمان بەسەریاندا دا. بەپێی ئەم مەنتقەش ئەگەر نووسەرێك هەڵوێستێکی سیاسیی کۆنەپەرستانەی هەبوو دەبێ کارە ئەدەبییەکەش هەروا بێت، خۆگەر بەرهەمێکی کۆنەپەرستانە بێت ئەوا هەموو کارەکانیشی هەر دەبێ وابن.... ئەگەر ئەمڕۆ (مالرۆ) کۆنەپەرست بێت ئەوا ڕۆمانەکانیشی هەمیشە هەر کۆنەپەرستانە بوون و مادامەکی ناوەڕۆکی نووسینەکانی هەندێ لە نووسەران گومان لێکراون کەواتە دەبێ هەموو کارەکانی تریشیان لەسەر هەموو ئاستەکان هەر گومان لێکراوبن.

بێگومان ماتێریالیزمی دیالەکتیك پێ لەسەر یەکەی هۆشمەندی و کاروکردەوە دادەگرێت هەر لەساکارترین ئاستی دەرك کردنەوە (بڕوانە نوسینەکانی مارکس سەبارەت فویرباخ). تاشێوە ئالۆزەکانی فیکری تیۆری (هەر ئەمەشە کە جان پیاجێ لەدەروونزانیی نوێدا ناوینا (مۆرکی پیادەیی هزر) (طابع الفكر الاجرائي). بەڵام گومان لەوەدا نییە کە لەسەر ئاستی تاکەکەس بەتەنها هۆشمەندی کار لە ڕەفتار ناکات، بەڵکو ڕەفتاریش کار لەژیانی ڕۆشنبیری و عاتیفی دەکات (ئەم کارلێکردنەش کۆمەڵێك بیرمەندانی خۆرئاوا سەبارەت بە ماتێریالیزمی

دیالەکتیك تۆماریان کردووە هەر لە باسکالەوە (نوێژ بکە باوەڕ دەهێنیت) تا تیۆری ژینگەیی ئینفعال لای جیمس لانجو تۆژینەوەکانی جان پیاجێ.

هەروەها ئێمە لەوباوەڕەداین کە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، کارلێکێکی گەوهەری هەیە لەنێوان بیروکردەوەداو هەریەکەیان کار لەوی دی دەکات، هەر بەم پێیەش هەموو کارێکی ئەدەبیی گرنگو هەموو تەوژمێکی فەلسەفی یا هونەری خاوەن گرنگیی خۆی دەبێتو، کاریگەریی لەسەر رەفتاری کەسانی سەربەو توێژە کۆمەڵایەتییە دەبێت. بەپێچەوانەوە شێوازی ژیانو هەڵسوکەوتی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغێکی دیاریکراودا بەشێکی گەورەی رەوتی ژیانی رۆشنبیریو هونەری دیاری دەکات.

بەڵام ئەم دوو سەرنجە ئەوە ناگەیەنن کە یەکەیەك هەیە لەنێوان ئەرکی مەوزوعیانەی رەفتاری نووسەرێكو نێوان بایەخی مەوزوعیانەی کارە فەلسەفی، یان ئەدەبییەکەی. گەرچی دەشێ ئەم یەکەیە هەبێت، دەشێ بەنیسبەت کەسێکەوە نموونەیەکی بەرزیش بێو تاقە مەبەستێکیش بێت بۆ وەدیهێنانی ژیانێکی تەواو. بەنیسبەت توێژی کۆمەڵایەتیشەوە، ئەوا راستە کە بیروکردار کارلێك دەکەنو لەهەندێ رووەوە لەیەك نزیك دەبنەوە.

کۆمەڵێك نییە تەنها لەبیرمەندان، یان کارگوزاران پێکهاتبێت. بەڵام مرۆڤ دەتوانێ خۆی بۆ لایەنێك تەرخان بکات کە بەشێکە لەژیانی کۆمەڵایەتی لای توێژێك لەخەڵکیو هەر بۆیە کەسانێك دەبینیتەوە بەتەنها بیرمەند یا هونەرمەندنو یان بەتەنها کارگوزار[1].

بێگومان دەشێ چالاکیی کۆمەڵایەتیو سیاسی یاریدەی تێگەیشتنی ئەو مەبەستانە بدات کە فیکر دەیانخاتەڕوو، ئەوەش ئاشکرایە کە رەگەزە بنچینەییەکانی فیکری دیالەکتیکی لەکاری شۆڕشگێڕە گەورەکانی وەکو مارکسو ئەنگڵسو لینینو رۆزا لۆکسمبۆرگدا دەبینینەوە.

بەڵام ئەمە تەنها بۆچوونێکە گەرچی لەزۆرکاتدا ڕووداوەکان ئەمەیان سەلماندووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یاسایەکی گشتی نییە و مەرج نییە وابێت. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە بەڕێی ئێمە کاری ڕۆژانە بەوردو درشتییەوە ڕەنگە هەندێجار یاریدەدەربێت لەو شیکردنەوەیەدا کە بەرنامەیەکی فەلسەفی ئەنجامیدەدات. ڕەنگە هەر ئەمەش بێت هۆی ئەوەی کە مۆرکێکی گشتگر نەبینیتەوە لە نووسینە فەلسەفیەکانی مارکسو چەند پەڕاوێك سەبارەت دیالەکتیکی لینین ئەگەرچی نکووڵی لەتوانای داهێنانیو ڕۆشنبیریی قووڵی ئەم دوو نووسەرە ناکرێ. دەشێ بارەکە بەنیسبەت هونەرمەندەوە جیاواز بێت. ئەو هونەرمەندەی کە ڕەنگە داهێنانەکەی لەسەر ئاستی هەستو لەڕێی بەیەك گەیشتنی راستەوخۆو چڕو پڕەوەو لەگەڵ واقیعێکی فیعلیدا ڕەوتێ بگرێتە بەر. دەشتوانین لێرەدا نموونەی تریوەها بهێنینەوە کە پێچەوانەی ئەمەش دەخاتەڕوو، بۆ نموونە ئەو کارەی تۆڵستۆی کە دەربارەی جووتیارەکانی ڕووسیا نووسیویەتی لەسەرەتای ژیانیدا، یان شیعری یاخیبوون لای بودلێر، بەڵام دەبێ پێ لەوەش داگرین کە کاری ئەدەبی خۆی لەخۆیدا بەلای هونەرمەندەوە، یان بە لای بیرمەند، نەك بەتەنها کارە، بەڵکو چالاکترین کارێتی.

وێڕێی هەموو ئەو شتانەی پێشووش دەڵێین هەندێکات وەکو ئەم کاتەی ئێستا ئێمە تێیدا دەژین ڕەنگە هەلومەرجەکانی ململانێی چینایەتی لەبارو یاریدەدەرنەبن بۆ تەعبیری هونەری پرۆلیتاریو فەلسەفەی مارکسیزم.

ئەم سەرنجەی دوایی ڕووبەڕووی کێشەیەکی ترمان دەکاتەوە کە پەیوەندیی بە کێشەی یەکەمەوە هەیە ئەویش کێشەی داهێنەری لایەنگری گرووپێكو داهێنەری (ئازاد)ە. هەریەك لەم دوو حاڵەتەدا ناوبەناو لەقۆناغە مێژووییە جیاجیاکاندا وەك حاڵەتێکی نموونەیی داهێنانی ئەدەبیو فەلسەفی خۆی خستووەتە روو. لەپێشدا وتمان کە هونەر گوزارشت لە شێوازێك لەهەستکردن بە گەردوونو تێڕوانین بۆ گەردوون دەکا. لەو دەمانەدا کە کەفوکوڵی جەماوەر

دەبێ بەیەکو یەکەیەکی زیندوو لەنێوان ڕێکخراوەکانو ئەو چینە کۆمەڵایەتییەدا پێك دێ کە تەمسلیی دەکات، هونەرمەند دەتوانێ لەچوارچێوەی ئەو ڕێکخراوانەدا تەعبیر لەتێڕوانینێك بکات کە ڕەنگدانەوەی ئەو چینەو ئەو ئەقڵیەتە کۆمەڵییە بێت. (وەکو نموونەیەکی دیار بۆ ئەمە دەتوانین ڕۆمانی "دایك"ی گۆرکی بهێنینەوە -و-) بەڵام لەو دەمانەدا کە بەستەڵەکیو پاشەکشێ لەئارادایە یان کاتێ ڕێکخراو تاڕادەیەك دەبێتە ڕێکخراوێکی بیرۆکراتی سەربەخۆو پەیوەندییەکانی لەگەڵ چینی کۆمەڵایەتیدا لەمیانی کۆمەڵێك ناوەندی ئاڵۆزەوە ئەنجام دەدرێ، ئەو کاتە داهێنانی ئەدەبی دژوار دەبێو نووسەری (ئازاد) سەربەخۆ، لەم حاڵەتەشدا زیاتر لەنووسەری لایەنگری حیزبێك دەتوانێ گوزارشت لەبیری کۆمەڵ بکات. لەچاخە گەورەکانی فیکری مەسیحیدا کڵێسا کاتێدراڵەکانی بیناکرد. لەقۆناغەکانی پاشەکشێدا دەبێ بیر لەو شتانە بکەینەوە کە بەلای کڵێساوە داهێنراوی نوێیە تاگوێ بۆ دەنگی فیکر شل بکەین. هەمان کێشە لای فەیلەسوفان دەبینینەوە، چونکە ئەگەر لەیەکەم ساتیشدا وا دەربکەوێ کە بەرنامەی فیکری پێویستیی بە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ نییە لەگەڵ واقیعداو دەتوانێ لەناو ڕێکخراوەکەدا کاری خۆی جێبەجێبکات، تەنانەت ئەگەر ڕێکخراوەکەش پەیوەندی واقیعیو زیندووی خۆی لەگەڵ خەڵکیدا ون کردبوو ئەوا لەڕاستیدا هیچ فیکرێکی فەلسەفی، یان بەرنامەیەکی فیکری نابینینەوە، تەنها ئەو کاتە نەبێ کە ڕێکخراوەکە وەك شوێنو کات کۆمەڵێك لەخۆبگرێت. بەڵام هەموو ڕێکخراوێکی بیرۆکراتی بەشتە ڕۆژانەییەکانەوە زۆر وابەستەیەو ئاسۆکانیشی زۆر ڕاستەوخۆنو ڕێگە نادا ئەم یەك گرتنەوەیە لەگەڵ دیدگای گشتیدا ڕوو بدات کە مۆرکی هەموو فیکرێکی فەلسەفیی ڕاستەقینەیە.

کەواتە چەند تیرە شێوەی دەزگا (مؤسسة) وەربگرێو کۆمەڵ جێی بگرێتەوە ئەوەندە دوورکەوتنەوە لەنێوان ڕێکخراوەکان (کڵێسەکان، حیزبەکان... هتد)و داهێنانی فیکریدا

روودەدات. ئەم دوورکەوتنەوەیەش مانای دژایەتی ناگەیەنێت، چونکە زۆرجار لەهێڵە گشتییەکانی ئاسۆی مێژووییدا یەك دەگرنەوە.

بەهەرحاڵ گەر لەم کاتانەدا سڵکردنەوەی کلێساو دەزگاکان لەخاوەن داهێنانو (کەسە ئازادەکان) جێی لێکدانەوە بوو بێتو، گەر ئەم سڵ کردنەوەیەش بەڕادەیەك بوو بێت کە مۆرکی توندوتیژی ئەو ململانێیانەو قەیرانی ئەو دەزگایانەی خستبێتەروو، ئەوا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەرتۆدۆکسیەتی دەقاودەق، یان لایەنگیری گرنگترین ڕێکخراو لەناو چینێکی کۆمەلایەتیداو لەکاتێکی دیاریکراودا مەرجی پێویست، یا تەواوی دروستیی فیکرێك، یان خەملاندنی بەهای ئێستاتیکیی کارێکی ئەدەبی بێت. جا بۆ ئەوەی تاقە نموونەیەکی ڕوون بۆ ئەمە بهێنینەوە کە چەند سەدەیەك لێمان جیادەکاتەوە، دەڵێین کە باسکالو راسین لە گوزارشتکردنیاندا لەکۆمەڵی پۆر ڕۆیالو ئەو چینەی تەمسیلی ئەوانی دەکرد گەیشتنە لووتکەی تەعبیر کردنیان، لەکاتێکدا ئەم دووانە لەگەڵ ئەو کۆمەڵەدا نا تەبابوون.

(5)

لەو کێشانەی لەبواری ئەدەبو ئیستاتیکادا بوونەتە جێی مشتومڕ کێشەی هونەر بۆ هونەرو هونەری مولتەزیمە، لەم مەسەلەیەشدا، وا بەپێویستی دەزانین کە گرنگترین ئەرکێك هەوڵدانی داڕشتنەوەیەکی ڕوونی تێزەکانی ماتێریالیزمی دیالەکتیکە، چونکە زۆر لە ڕەخنەگرەکانی ئەم ڕێبازە وا پیشان دەدەن کە بەرگری لەبەها ئیستاتیکییە راستەقینەکان دەکەن، بەڵام لەسەرێکی تریشەوە داوا لەزۆر بیرمەندو هونەرمەندە لایەنگرەکانیشی دەکرێ کە بەرهەمەکانیان بخەنە خزمەت پێداویستییەکانو ڕوداوە بچووکەکانی ژیانی ڕۆژانەو، لەم ڕووەوە مۆرکێکی نموونەیەی پێ ببەخشنو تاوای لێدێ پاشان فەلسەفەو هونەرەکەیان بکەنە پڕوپاگەندەو هیچی تر....

بەڵام ئەم دوو هەڵوێستە هەردووکیان هەڵەنو دوودیوی یەك مەدالیا، چونکە هەڵەیەك دەخەنە ئەستۆی ئیستاتیکای دیالەکتیك کە پێچەوانەی بنەماکانێتی، ئەویش هەڵەی جیاکردنەوەی شێوەو ناوەڕۆکە. بەڵام راستیی مەسەلەکەش بەنیسبەت ئیستاتیکای دیالەکتیکەوە ئەوەیە کە:

1-ڕاست نییە گەر بوترێ هونەر بریتییە لەشێوەیەکی دابڕاو لەناوەڕۆك، یان ئەگەر هونەر زۆر لەژیانی واقیعیو ململانێیە کۆمەڵایەتییەکان نزیك بووەوە ئەوا پاکژییەکەی لەدەست دەدات.

2-هەروەها راستیش نییە بوترێ کە دەکرێ بەهای کارێکی ئەدەبی لەمیانی ناوەڕۆکەکەیەوە یان بەناوی هەندێ ڕێبازو پێودانگی فیکرییەوە هەڵبسەنگێنرێ، چونکە هونەرمەند نایەت فۆتۆکۆپیی واقیع بکاتەوە، یان هەندێ ڕاستی دووبارە بکاتەوە. بەڵکو هونەرمەند کۆمەڵێك بوونەوەرو شت دەخولقێنێت کە جیهانێکی فراوانو یەکبوو پێك دەهێنێت.

شتێکی سروشتییە کە جۆرە بوونێك لەم جیهانەدا هەبێو مەنتیقێکی ناوەکیی هەبێ کە دەشێ لەروانگەیەکی دیاری کراوەوە لێی بڕوانین. دەشێ جیهانێکی فانتازیایی بێت هەر وەکو لە حیکایەتەکاندا دەبینینەوە. بەڵام پاش باوەڕهێنان بەهەندێ بەڵگەنەویست ئەم جیهانە دەبێتە خاوەن کۆمەڵێك یاسای وردی وا کە بڕیار دەدەن لەسەر ئەوەی ئایا بونەوەر دەتوانێت تیایدا بژی یان نا. لەبەر رۆشنایی ئەم سەرنجەش ستەمە (هاملێت) یان (فیدرا) لەجیهانی حیکایەتی جنۆکەکاندا بژی، بەڵام هونەری ناتورالیستی (الفن الطبیعي)ش واقیع فۆتۆکۆپی ناکاتەوە، بەڵکو کۆمەڵێك بونەوەری زیندوو لەناو جیهانێکی تردا دادەهێنێت کە لە جیهانی ژیانی رۆژانەمان دەچێت.

دەربارەی ئەو روانگەیەش کە هونەرمەند لەمیانییە وە کارەکەی دەنووسێت، جیهانبینیی ئەو نووسەرە ئەو روانگەیەی دیاری دەکات. جیهانبینییە کەی چەند ئورستۆکراتی، یان بورژوازی، یان پرۆلیتاری بێ، هونەرەکەشی ئەوەندە ئورستۆکراتی یان بورژوازی یان پرۆلیتاری دەبێت. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ (بەڵکو تەواو پێچەوانەی ئەوەیە) کە ئەو هونەرە ببێتە وانەوتنەوە، یان پروپاگەندە، چونکە ئەوە مۆرکی زیندوو واقیعی بوونەوەرو شتەکان لەناو دەباتو لەو زیندوویێتیو واقیعیە رووتیان دەکاتەوە.

لەبەر ئەوە وتاری رۆژنامەنوسێکی، باش یان لێکۆڵینەوەیەکی باش لەسەر لاهوت یان فەلسەفە ئەدەبێکی خراپە، چونکە هەر بۆ نموونە هونەری پرۆلیتاری هونەرێکە کە چاوی کرێکارێکی شۆڕشگێڕەو دەڕوانێتە بوونەوەرەکان، نەك ئەو هونەرەی دەیەوێ بیسەلمێنێت کە ڕێبازی سوسیالیزم، یان کۆمۆنیزم تاقە ڕێگای ڕاستە، هەروەها هونەری بۆرژوازیش هونەرێکە کە رواڵەتێکی دیار، یان بونیادێکی دیار لە جیهانێکی خولقاودا دەخاتەڕوو نەك ئەو هونەرەی بەرگری لەڕژێمی دەسەڵاتدار بکات.

جۆرج لۆکاش لەلاوێتیدا گوزارشتی لەمە کردووە کە وتویەتی: هەمان دووفاقی لەشێوەکانی گوزارشتکردندا دەبینینەوە. چونکە ناتەباییەکە لەنێوان وێنەو دەلالەتدایە. یەکێکیان وێنە دەخولقێنێتو ئەوی تریشیان دەلالەت. بەلای یەکێکیانەوە تەنها شت هەیەو بەلای ئەوی تریشیانەوە تەنها پەیوەندیو چەمكو بەها هەیە، شیعر جگە لە جیهانی شتەکان هیچی دی ناناسێ، چونکە لەدیدگای شیعرەوە هەموو شتێك جیدیو دانسقەیەو قابیلی بەراورد نییە، بۆیە دوورە لەکێشەوەو کێشە بەتەنها پەیوەندییەکانی نێوان ئەو شتانە دەگرێتەوە.

من ئامادەی موحازەرەیەك بووم کە جۆرج لۆکاش سەبارەت تۆڵستۆی دەیووتەوە، تێیدا تۆڵستۆی بە (نووسەرێکی جوتیار) لەقەڵەم دابوو، یەکێك لە گوێگرەکان بەتوندییەوە ناڕەزایی

خۆی بەرامبەر ئەو وەسفەی لۆکاش دەربڕی، بەو پێیەی زۆربەی کاراکتەرەکانی تۆلستۆی ئۆرستۆکراتو بۆرژواو کارمەند بوون. لۆکاشیش لەوەلآمدا وتی:

ئەو کەسە بەخوێنەر ناژمێردرێ گەر هەست بەو جووتیارە پەنهانە نەکات کە لە پشت (کونت تۆلستۆی)ەوە بووەو قەلەمەکەی ئاراستە کردووە کاتێك ئەو کاراکتەرانەی بەرجەستەکردووەو وەسفی کردوون کە سەر بەچینە فەرمانڕەواکان بوون.

ئەم چەمکە بۆ هونەر گرنگیی (ناوەرۆك) دەهێنێتە گۆڕێ. هونەر کۆمەلێك بوونەوەری زیندوو واقیعی لەو جیهانەدا دەخولقێنێت کە دایدەهێنێت، بەهای هونەریی کارێکی هونەریش وابەستەیە بە دەولەمەندیی جیهانە داهێنراوەکەوە، هەروەها بە هێنانەکایەوەی گونجاوترین شێوە بۆ خولقاندنی ئەو جیهانەو گوزارشتکردن لێی. بۆیە دەشێ ڕۆژگاری ڕەسەن بهێنێتەوە وەکو شیعرەکانی ریلکە کە گوزارشت لەجیهانبینییەکی سۆفیانەو کۆنەپەرستانە دەکەن، ئەمەشە وا لەکارە هونەرییە بەرزەکان دەکات کە هەتا هەتایە بەهای خۆیان بپارێزن، ئەمە بەڕەچاوکردنی جیاوازیی ئەو گرنگییەو رادەی خوێنەرانو خۆشەویستیان بۆی بەپێی چاخو چینە کۆمەلآیەتییە جیاوازەکان.

بەلآم کاتێك مەسەلەکە پەیوەندی بە سیستمەکانی فیکری فەلسەفییەوە دەبێت هەلۆێستەکە ئالۆزتر دەبێت. چونکە کارە فیکریەکان پێویستەو دەبێت لەسەر ئاستی چەمك حوکمیان بەسەردا بدرێ، واتە لەسەر ئاستی (حەقیقەت)، بەلآم هەندێ لە فەلسەفە (هەلەکان) وەك تەعبیرێکی فیکری لە تێڕوانینی جیاواز بۆ ژیان دەشێ تا ماوەیەکی زۆر گرنگی خۆیان لەدەست نەدەن، هۆکەش بۆ توندوتۆلیی ناوەکیی ئەو فەلسەفانە دەگەڕێتەوە. هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو فەلسەفانە بە چۆنێتییەکی گونجاوو شێوازێکی دیاری کراو لە تێفکرینو هەستکردن بەژیانو گەردوون پێکهاتووەو، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو فەلسەفانە یەکێکن لەڕوالەتە بنچینەییەکانی واقیعی ئینسانی.

(6)

ئێستاش، بۆ کۆتایی هێنان بەم سەرنجانەی کە خۆم لە هەموو کەس باشتر دەزانم مۆرکی سەرەتاییان پێوە دیارە، دەمەوێ چەند وشەیەکیش سەبارەت بە (گرنگترین کێشە لە ئیستاتیکا)دا بڵێم: ئەویش کێشەی (بلیمەتی)ە کە لێرەدا ناتوانین زۆر بەفراوانی لێی بدوێین، یان لە چوارچێوەیەکی تەسکدا داینێین بەمەبەستی گەیشتنە ناساندنێکی ڕووت و قوتابخانەیی. بێگومان بلیمەتی لەناو دیاردە پێکهێنەرەکانی ژیانی فیکردا ئاڵۆزترینیانە، چونکە بلیمەتی جگە لەوەی پێویستی بە بەهرەیەکی گەورەو سەبرێکی زۆرو توانایەکی گەورەی کارکردنە، لەکۆمەڵێك توخمی تریش پێکدێ کە رەنگە هەرگیز نەتوانین تەواو شییانبکەینەوە. بەڵام دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە کێشەیەکی بابەتییە لەکێشەکانی مێژوو و ڕەخنەی ئەدەبی، کە مێژوونووسان، یان ڕەخنەگران ناتوانن خۆیان لە قەرەی نەدەن، بەڵکو لەسەریان پێویستە تەقەلای روونکردنەوەی بدەن، تەنانەت ئەگەر هەستیان بەوەش کردووە کە ناتوانن بەو ئامانجە بگەن تەنها لەسنوورێکی زۆر دیاری کراودا نەبێ.

تا دەگەینە ئەو رۆژەی کە بتوانین ئەم دیاردەیەش بە تەواوی روونبکەینەوە قایلکردنی هەموو لایەك شتێکی دژوارە. تەنانەت لەرووی چۆنێتیی دارشتنی ئەم کێشە ئیستاتیکییەشەوە، چونکە گەلێجار واقیعی بابەتیانەی بلیمەتی ئەدەبی لەگەڵ ئەو هەستو عاتیفەیەدا تێکەڵ دەکرێ کە بەرامبەر نووسەرێك هەمانە، بۆ نموونە بۆ هەر کەسێك هەیە بایرۆنی لە شەکسپیر پێ باشتربێ، یان نۆڤالیسی لەگۆتە زیاتر خۆش بوێ، یان پتر حەز بە رۆمانی سەرچڵی بکات نەك شیعری لیریکی، بەڵام ئەمە نابێتە بنەمایەك بۆ حوکمێکی ئیستاتیکیانەی وەها کە بەهایەکی کەونیی هەبێ.

ئەمەش ئەو گیروگرفتە سەرەکییە دەهێنێتە پێشەوە کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە. چونکە بۆ لێکۆڵینەوەی هەر دیاردەیەك پێویستە: یان پێناسەیەکی کاتمان هەبێت تا لەرێیەوە بە دوای هەندێ ڕاستیدا بگەڕێین کە سەلمێنەری ئەو پێناسەیەن (لەوانەشە لەبەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوەی ئەو راستییانەدا بە پێناسەکەدا بچینەوەو بیگۆڕین)، یاخود لەچەند ڕاستییەکەوە دەست پێبکەینو بگەینە پێناسەیەك (لەوانەشە دواتر لە چوارچێوەی ئەو پێناسەیەدا بگەینە چەند ڕاستییەکی تر کە لە سەرەتادا لێیان بێئاگا بووین).. بەلام لەحاڵەتی بلیمەتیدا گیروگرفتەکە لەوەدایە کە رێکەوتنێك نییە، ئەگەرچی لاوەکیش بێ دەربارەی ئەو ڕاستیانەو دەربارەی ئەو پێناسەیە. کەواتە هیچ نەبێت ئێمە لەهەندێ ناوی ئەدەبیی نوێوە دەست پێ دەکەین کە پێدەچێت جۆرە ڕێکەوتنێك لەسەریان هەبێت، ئەوانەش دانتیو سێرڤانتیسو شەکسپیرو گۆتەن، بەرلەدەستپێکردن بەو گفتوگۆیەی تایبەتە بە مەسەلەی بلیمەتی دەمانەوێ بەکورتی دوو مەسەلەی بنچینەیی بخەینەڕوو:

1 -گوتمان کاری هونەری جیهانێکە لە شتەکانو بوونەوەرە هەست پێکراوەکان کە توندوتۆڵیی ناوەکیو یەکەی شێوەو ناوەرۆك دوو ئەدگاری جیاکەرەوەی تری کاری هونەرین. بەلام هونەرمەندان هەن وەکو (بۆدلێرو رامبۆو ریلکە) بۆ یەکەمجار ئەم جیهانە دەخولقێنن، واتە بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی هەست گوزارشت لەشێوازێکی جیای ڕوانین بۆ گەردوونو هەستپێکردنی دەکەن. بۆیە کارەکانیان لەسەرێکەوە خاوەنو ڕەسەنایەتیەکی تایبەتینو، لەسەرێکی تریشەوە توانای کارتێکردنیان لەسەر پەرەسەندنی فیکرو هەست هەیەو، کارەکانیان فاکتەرێکی گرنگ دەبێت لە بنیادنانی مرۆڤی ڕۆشنبیردا. هەربۆیەشە زۆرجار کە باسیان دەکرێ باس لە بلیمەتی دێتەگۆڕێ، بەلام لەم حاڵەتەشدا مەسەلەکە تەنها پەیوەندیی بە بڕیارێکی خودییەوە نییە بەڵکو بەواقیعێکی بابەتی (مەوزوعی)یەوە، هەر بۆیە گفتوگۆکردن لەسەر خودی زاراوەکە بە تەنها شتێکی بێهودەیە.

بەڵام ئەو دەمەی ئەو مانایە بە وشەی بلیمەتی دەدەین جیاوازییەکی گەوهەری دەبێ لەگەڵ مانای ئەم وشەیە لەحاڵەتی قسەکردنماندا سەبارەت بەدانتی و شەکسپیرو گۆتە، لەبەر ئەوە ئێمە باوەڕمان وایە کەوا چاکترە تۆژەرانی ئیستاتیکا هەمان زاراوە بەکار نەهێنن بۆ دیاریکردنی ئەم دوو مانا جیایەی بلیمەتی.

2-هەڵەیە گەر بێتو دووخانە جیابکەینەوە خانەیەك بۆ دانتی و سێرڤانتس و شەکسپیرو گۆتە، یان بە واتایەکی دی بۆ نووسەرە بلیمەتەکانو، خانەیەکی دی بۆ ئەو نووسەرانەی کە ناگەنە ئاستی ئەوان. لەراستیدا ئێمە ناتوانین لە بلیمەتی بگەین تەنها بەوە نەبێت کە بە ئاستێك داینێین کە هەندێ لە نووسەران دەخوازن کەم تا زۆر پێی بگەن. ئاشکراشە کە جگە لەو نوسەرانەی ناومان هێنان کۆمەڵێك ناوی دی هەن کە دوورخستنەوەیان لەئاستی ئەو ناوانەی یەکەم کارێکی دژوارە وەکو:

راپلییە، راسین، بەلزاك، تۆلستۆی، هۆڵدرلین... دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە بۆمان دەردەکەوێ کە لەنێو بونیادی کاری ئەو نووسەرانەدا کە لێیانەوە دستمان پێکرد، دوو توخم هەن کە بەلای سۆسیۆلۆژیای فیکرەوە گرنگن و ئێمەش لێرەدا دەمانەوێ بەتەنها سەبارەت بەو دوو توخمە بدوێین:

1-کاری ئەم نووسراوانە قۆناغی گواستنەوەی نێوان دوو مەودای زەمەنی دەخاتەڕوو: جیهانێك کە تیایدا ڕەها دەبێ و بەها کۆنەکان هەرەسی هێناوەو کۆمەڵێك بەهای تری نوێ دێتە گۆڕێ، گەر بەدوای دەلالەتی ئەمەشدا بگەڕێین دەبینین ئەم نووسەرانە وێڕای قبووڵکردنی بەها نوێیەکان هەوڵ دەدەن دوای هەرەسهێنانی جیهانە کۆنەکە رەهاییە ونبووەکەی ئەو جیهانە بدۆزنەوە.

بێگومان ئەم نووسەرانە پێشکەوتنخوازن، بەڵام بەمانا تایبەتی و جەدەلییەکەی ئەم وشەیە، چونکە ئەمانە لە گەرمەی ململانێی نێوان رابردووی رووەو هەرەس و پاشەڕۆژی

ڕووەو لەدایکبوون تەنها بەوە ناوەستن کەلایەنی هێزە نوێیەکان بگرن، بەڵکو هەوڵ دەدەن لەچوارچێوەی گروهێکی کۆنو مێژوو ییدا بیخەنەڕوو.

لەمیانی مرۆڤەوە ئەو مرۆڤە دەدۆزنەوە کە ئەو نوێیەی لیٚ دەبێتەوە. لە میـانی مرۆڤیشەوە بەمێژوو و کەون دەگەنەوە. بێگومـان مرۆڤ لەکارەکانی کۆرنایو شیللەرو پترارکو دۆستۆیڤسکیدا هەیە.

بەڵام ئەگەر بڕوانینە راپلیەو مۆلییرو بەلزاکو تۆڵستۆی دونیایەکی کۆمەڵایەتیی کۆمیدی ئامێز یا تراژیدیایەکی بەشەری دەبینینەوە. گەر بڕوانینە سێرڤانتیسو دانتیو شەکسپیرو گۆتەش، یەکانگیر بوونی ئەم دووانە دەبینینەوە: واتە مرۆڤو کەون، ئەمەش یەکانگیر بوونی نێوان رابردوو و پاشە رۆژو، نێوان کۆنو نوێ دەگەیەنێت. بەڵام ئەم پێکهاتەیە نابێتـە چارەسەرێکی مام ناوەندی یاکۆنەپەرستانە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێتە تێهەڵچوونەوەی بەها مرۆڤایەتیو راستەکانی رابردوو لەروانگەی ئەو هێـزە نوێیانـەوەی کـە پاشـەڕۆژ دەخولقێنن، تێهەڵچوونەوەیە کە بەهۆیەوە دەگەینە جۆرە روانینێکی گشتگیری وەها کە تاقە بەهایەکی گەوهەریی هەموو فیکرێکی رەسەنە.

2-وێڕێی ئەمانە خاسیەتێکی دی هەیە وا پیٚدەچیٚ کە خاسیەتێکی هاوبەش بێت لەنێوان ئەو نووسەرانەدا کە لێیانەوە دەدوێین. لەراستیدا هەر نووسەرێك لەکارەکەیدا گوزارشت لەشێوازە روانینێك دەکات بۆ جیهانو چۆنێتیی) هەستکردن پێیو چۆنییەتی بەخەیاڵ خولڤاندنی. جا ئەم جیهانە بەپیٚی سروشتو کەسـێتیی نووسـەرەکەی دەشـیٚ بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەستی پێبکریٚ، یان بە پێچەوانەوە بەشێوەیەکی دەرك پێکراوو لەڕێی هۆشو بیری وێناندن (الفكر التصوري)ە وەو بەئاستی جیاجیا.

لەحاڵەتی یەکەمیاندا مەترسییەکە لەوەدا دەبیٚ کە کارەکە ببێتە کارێکی هونەریی لاوەکیو خاوەن بەهایەکی تایبەتیی ڕووت. لەحاڵەتی دووەمیشدا مەترسییەکە لەوە دەبێت

کە کارەکە تەنها لەئاستی تەسەوریو ئەبستراکتدا بمێنێتەوە. پێویستیش ناکات بڵێین کە نووسەرە گەورەکان دەگەنە ئەوەی کە ئەم دوو لەمپەرە تێپەڕ بکەن-بەڵام نووسەری بلیمەت بەڕێی ئێمە ئەو نووسەرەیە کە کارە هونەرییەکەی گەلێ ڕاستەوخۆیەو گەلێ فیکریشە لەبەر ئەوەی هەستیاریی نووسەرەکە هاوشانی ڕەوتە مێژووییەکانو پەرەسەندنیانە. نووسەری بلیمەت ئەو نووسەرەیە کە تاوەکو دەربارەی کێشە گشتییەکانی خۆی بدوێ لەبەرامبەر ئەوە تەواوی کێشە بنەڕەتییەکانی سەردەمەکەی بە شتی سادەو زانراوو بەڵگەنەویست لەقەڵەم نادات، بەڵکو بەکۆمەڵێك حەقیقەت کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو زیندوو لەنێو هەستو سۆزو مەزەنەیدا تەعبیر لەخۆیان دەکەن.

لێرەدا دەتوانین زاراوەیەکی فەلسەفیی کۆن بەکاربهێنین ئەویش زاراوەی جیهانی بچووك (MICROCOSM)ە، چۆن فەلسەفەی سروشت پێی وابوو کە ناسینی مرۆڤ بەسە بۆناسینی یاساکانی جیهانو هەروەها بەپێچەوانەوەیشەوە ناسینی سروشتو گەردوون بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤو چارەنووسی مرۆڤیش بزانین، هەر بۆیە دەڵێین کە نووسەری بلیمەت ئەو نووسەرەیە کە کاتێك تەعبیر لەمەزەنەو هەستو سۆزی خۆی دەکات بەوە لەهەمان کاتدا تەعبیر لە گەوهەری ئەو گۆڕانکاریانە دەکات کە دووچاری دێن.

ئەمەیە نهێنیی مەزنیی دانتیو سێرڤانتسو شەکسپیرو گۆتە، هەروەها تا رادەیەکی زۆریش مەزنیی مۆنتینیو راپلییەو، راسینو مۆلییرو بەلزاکو کۆمەڵێك نووسەری دی.

بەکورتیو بەسادەیی ئەوەی مەبەستمە بیلێم ئەوەیە: کە نووسەری بلیمەت ئەو نووسەرەیە کە هەستیارییەکەی فراوانترو دەوڵەمەند ترو مرۆڤ دۆستانەترە.

ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە لەم تۆژینەوەیەدا دەگەینە دوو ئەنجام: گەر بشێ کارێکی ئەدەبی وەکو پێویست کارێکی کۆنەپەرستانە بێت بەبێ ئەوەی بەهای ئیستاتیکی، یان تەنانەت ئینسانیی خۆیشی ون بکات، ئەوا بەپێچەوانەوە، بلیمەتی هەمیشە پێشکەوتنخوازە

لەبەر ئەوەی بەتەنها ڕوانگەی چینی سەرکەوتوو و لە قۆناغێکی دیاری کراوو لەمیانی ئایدیۆلۆژیاکانو مەترسی هەڵەکارییەکانەوە دەتوانێت دەستەبەری ڕۆشنبیرییەکی فراوانترو هەستیارییەکی دەوڵەمەند تر بێ. سەرباری ئەمەش دەتوانین بڵێین کە سەردەمی قەیرانو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە قووڵەکان باشترین سەردەمێکی گونجاون بۆ لەدایکبوونی شاکاری هونەریو ئەدەبی، چونکە لەو سەردەمانەدا کێشەو ئەزموونی جیا جیا هەیە، جگە لە فراوانبوونی ئاسۆی عاتیفی و ڕۆشنبیری. هەروەها ئەم تۆژینەوەیەی کە پێشکەشمانکردن کەمو کورتیی زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوە ڕەخنەییانەمان بۆ دەخاتەڕوو کە سەبارەت کارەکانی ئەوان نووسراون کە دەربارەیان دەدوێین، چونکە زۆبەیان، یان لەمیانی زمانی نووسەرەکەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتییەوە روانیویانەتە ئەو کارانە، یان بەتەنها بایەخیان بەخودی کارە ئەدەبییەکەو یا ناوەرۆکی فیکریو یا شێوە ئیستاتیکییەکەی داوە، بەڵام هەر یەکێك لەم ڕێبازانە بە تەنها نوقسانە.

بایەخدان بەژیانی نووسەر کارێکی باشەو، ڕوونکردنەوەی ئەو ئەزموونانەی لەپشتی ئەو نووسینانەوەن وامان لێ دەکات پتر لەو نوسینانە بگەین، بەڵام زۆرجار ئەوە لەیاد دەکەین کە هەستیاریی شەکسپر، یان گۆتە هەستیاریی هەموو دونیا نییە و ئێمە ناتوانین لـەرێی عیشقێکی پاکو راستگۆیانەو قووڵی ڕەخنە نووسێکی ئەدەبییەوە بەرامبەر دڵبەرەکەی یان هاوسەرەکەی، لەخۆشەویستیی گۆتە بۆ فریدریك یان خۆشەویستیی دانتی بۆ پیاتریس بگەین (ئەگەر ئەو جۆرە خۆشەویستییەش هەبوو بێت).

گۆتە خۆی گۆتەیە، لەبەر ئەوەی جیهانێکی تایبەت لەهەستو سۆزیدا ڕەنگ دەداتەوەو گوزارشت لەخۆی دەکات.

لەبەر ئەوە زۆربەی ئەو نووسەرانەی کە ئەم ڕێبازە دەگرنەبەر (پشت بەستن بە بایۆگرافی) زۆرجار دەگەنە قەناعەت پێکردنی ئەو خوێنەرانەی کە هەمان هەستیارییان هەیەو ئەمەش

وایان لێ دەکات پشتی ئەو ڕەخنەنووسانە بگرن، بەڵام بەمە زۆر دوور دەکەونەوە لەو کارە ئەدەبیانەی کە ویستویانە لێی بتۆژنەوە. سەبارەت بەشیکردنەوەی ناوەرۆکی ڕۆشنبیریو ئایدیۆلۆژیی کاری ئەدەبیش بەدابڕکردنی لە ئەزموونە راستەوخۆو کەسییەکانی، ئەمەش مەترسیی دوورکەوتنەوەی لەگەوهەری بابەتەکە لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، جگە لە مەترسیی بەزۆر سەپاندنی شەقڵی ڕێبازێکی فیکریی ڕووت بەسەر بابەتە راستەوخۆو هەست ئامێزو زیندووەکەدا، ئەمە جگە لەوەی کە ڕەخنەنووس هەندێ جار ناوەرۆکی وەها لەدەقەکە هەڵدەهێنجێت کە نووسەرەکە خۆیشی پەی پێ نابات. هەروەها شیکردنەوە ئیستاتیکییە ڕووتەکانیش تەواو ئامانج ناپێکن، چونکە حوکم دان بەسەر شێوەیەکدا لەدەرەوەی ناوەڕۆکە عاتیفیو فیکرییەکەی شتێکی ئەستەمە. ئێمە پەی بەمەترسییەکانی شیکردنەوە ماتەریو دیالەکتیکییەکان دەبەین، بەڵام پەی بەو لایەنانەش دەبەین کەوا لەم میتۆدە دەکات لەو میتۆدانەی دی باشتر بێت. شیکردنەوەی سۆسیۆلۆژی یەکێکە لەرێگە بە بایەخەکان لەشیکردنەوەی کاری هونەری یان ئەدەبیدا. ماتێریالیزمی دیالەکتیکیش چەند یاریدەدەرە بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لەکۆی پرۆسە مێژوویی‌و کۆمەڵایەتییەکانی قۆناغێك لە قۆناغەکان، ئەوەندەش یاریدەدەرە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو پرۆسانەو نێوان ئەو کارە هونەرییانەی کەوتونەتە ژێر کاریگەریی ئەو پرۆسانەوە، بەڵام شیکردنەوە سۆسیۆلۆژی ناتوانێت پەی بە تەواوی لایەنەکانی کاری هونەری بەرێت، بەڵکو هەندێ جار ناتوانێ خۆی لە قەرەشی بدات. ئەم شیکردنەوەیە بریتییە لە هەنگاوێکی سەرەتایی پێویست بۆ پەی بردن بەکاری هونەری، بەڵام ئەوەی گرنگە دۆزینەوەی ئەو شێوەیەیە کە بەهۆیەوە واقیعی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی تەعبیری لەخۆ کردووە لە میانی هەستیاریی تاکیی داهێنەرەکەی ئەو کارە ئەدەبییە، یا هونەرییەی کە لێی دەتۆژینەوە.

بێگومان ئەستەمە بتوانین لە (فاوست) یا (پاندۆرا) بگەین بەبێ ئەوەی ڕەچاوی شۆڕشی فەرەنسایی یا ناپلیۆن بکەین. بەڵام کاتێ ئەو پەیوەندییەی نێوان ئەو کارانەو نێوان ئەو ڕووداوە مێژووییانەش دەدۆزینەوە کە هاوکاتی ئەو کارانەن دەمێنێتەوە ئەوەی کە سەبارەت (چۆنێتی)ی ئاوێتەبوونی ئەو ڕووداوانە لەهۆشی گۆتەدا لەگەڵ ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆیدا بپرسین تا بووەتە ئەو شاکارانە.

هەڵبەتە بۆ ئەنجامدانی ئەمکارەش گەلێ کۆسپ لەبەردەم ڕەخنەنووسی ماتەریدا قووت دەبێتەوەو پتر لەو کۆسپانەی دەکەونە بەردەم ڕەخنەنووسی ئایدیالیستی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو بایەخە کە ڕەخنەنوسی ماتەری بەلایەنی سۆسیۆلۆژیی دەدات لە شیکردنەوەیدا زۆربەیجار وایلێدەکات بەکەمزانینەوە بڕوانێتە ئەو کۆسپو تەگەرانە، بەڵام دواتریشو لەزۆربەی کاتدا سەرکەوتنێك بەچنگ دەهێنێ کە بەکەم نازانرێ. چونکە تا چەند خۆی لەنێو گەرمەی ئەو ململانێیەدا بێو بەچالاکییەوە بەشداری لە پرۆسە مێژووییەکاندا بکات هێندە درێژەپێدەرو میراتگری کاری بلیمەتە هونەریو ئەدەبییە گەورەکان دەمێت لەمێژووداو، ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتیانە لەفیکرو هەستیاریدا پتر یاریدەدەری دەمێت بۆ پەی بردن بەو هەلومەرجانەی کە هاوشانی داهێنانەکانی دانتیو شەکسپیرو گۆتە بوون.

بەڕێی ئێمە خستنەڕووی ئەم سەرنجانە سوود بەخشە چ لە ڕووی دیاریکردنی ئەو ئاستەی کە تێیدا گفتوگۆ سەبارەت بە راستو چەوتیی چەمكو بۆچوونەکانی ماتێریالیزمی دیالەکتیك دەکرێ تا ئەو ڕادەیەی پەیوەستە بە مێژووی ئەدەبو هونەرەوە، یان هێندەی پەیوەستە بەو ئەستەمەی کە پێویستە دۆزینەوە ئیجابییەکان بۆ راستییەکان رەچاوی بکەن(2).

## پەراوێز

(1)گوتمان دەشێ (گەرچی ئەم حاڵەتە دەگمەنە) دابڕان لەنێوان فیکری هۆشیارو چالاکی کۆمەڵایەتیی نووسەرو لەنێوان مەبەستو بابەخی مەوزوعیی کارەکانیدا ڕوویدات.

هەر بۆ نموونە ژیانی کانت، یان راسین ژیانێکی خاڵی لە مەرگەسات بووە. هەروها نیگارەکانی پیکاسۆ لەجیهانبینییەکی کرێکاریەوە گەلێ دوورن، ئەگەرچی پیکاسۆ خۆی ئەندامی حیزبی شیوعی فەرەنسا بووە.

(2)سەرچاوە: البنيوية التكوينية والنقد الادبي –لوسيان گولدمان– ترجمة: محمد سبيلا 1985

# بەهای شێوە فۆرمالیستە ڕووسەکان

▪ بابەك ئەحمەدی

"بەلای مرۆڤەوە هیچ شتێك لـە نەبوونی وەڵام ترسناكتر نییە"

(باختین)

(1)

بزووتنەوەی فۆرمالیزمی روسیایی کە لە ساڵی 1941دا نیشانە سەرەتاییەکانی دەرکەوت، لەدوا ساڵانی بیستەکانی ئەم سەدەیەدا، لەژێر زەبری شاڵاوەکانی رژێمی ستالینیدا لەبەریەك ترازا، بەڵام هەر لەو ماوە کورتەدا بووە یەکێك لە رێبازە فیکرییە سەرەکیەکانی ئەم سەدەیەو تائێستاش بە ئاشکرا کاریگەریی تۆژینەوە سەرەکییەکانو شێوازی کاری فۆرمالیستەکان بەسەر تیۆرەی ئەدەبیەوە دیارە.

ڕەخنەی ئەدەبیی سەدەی نۆزدەهەمی روسیا زیاتر لە خزمەتی بزاڤی بیری ئازادو لەدوا ساڵانی ئەو سەدەیەشدا، تاڕادەیەك لەراژەی سۆسیال دیموکراسیی روسیادا بوو.

تەواوی ڕەخنەنووسانی رووس لەسەدەی پێشوودا ڕەخنەیان بۆ گەیاندنی (پرنسیپە سیاسیو ئەخلاقییەکان) تەرخان کردبوو. تەنانەت نووسەرێکی دواکەوتووخوازی وەك (ئەپۆلۆن گریگۆریێف)یش ڕەخنەی (لەخزمەتی بیروباوەڕی گەل)دا دەنووسی، یان لیوتۆلستۆی کە نە هاوڕێی دیموکراتە رادیکالو شۆڕشگێڕەکان بوو، نە هی هێزە دواکەوتووخوازەکان: دەیووت کە رۆڵی ڕەخنە روونکردنەوەی ئایدیای (ئاکار-ئەخلاق)ە. لەنەوەدەکانی سەدەی (19)دا تەنها (میرژوفسکی)و (ڤلادیمیر بریۆسۆف) جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کە دەبێ ڕەخنەی هونەری بەر لە هەموو شتێك لەچوارچێوەی (بنەما ئیستاتیکیەکان)دا ئەنجام بدریو وەسیلەکانی هەڵسەنگاندنی دەقێك (یاسا هونەرییەکان) بێت. دوو بڕیاری دی لە تۆژینەوەی ریشەکانی بزاڤی فۆرمالیستەکاندا بایەخی خۆیان هەیە: یەکەمیان ئەلیکسەندەر پوتب نیایە کە خاوەنی کتێبی (چەند وانەیەك لەمەڕ تیۆرەی ئەدەبی)و کتێبی (مەسەلە تیۆریەکانی سایکۆلۆژیای هونەر)ە و تیایاندا باسی لەگرنگیی ئازادیی وشەکان کردووە لە دەسەڵاتی بیروباوەڕو، بەهای شیعریو ئەدەبیی زمانی لە (رەمزییەتی زمان)دا بینیوەتەوە. ئەوی تریان ئەلیکسەندەر ڤسلوڤسکییە کە بەتایبەتی دیدگای فۆرمالیستەکانی سەبارەت (مێژووی ئەدەبی) داڕشتو لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی فۆلکلۆر کارێکی زۆری لەسەر شێوازی کاری ڤلادیمیر پرۆپ کرد. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی خێرای بزاڤی سیمبۆلیزمدا دوو گروپی سەرەکی لەنێو ڕەخنە نووساندا پەیدا بوو: (باوەڕداران بە جوانناسی- ئیستاتیکا) کە لە پەیڕەوانی میرژوفسکیو بریۆسۆف بوونو، (عارفان) کە ناودارترینیان ڤیاچسلاڤ ئیڤانۆف بوو کە هونەری بە (تەجەللای مەزهەبی دینی) دەژمارد کە بەرئەنجامی کۆمەڵێك توخمی پیرۆزی باڵاتر لە حەقیقەتە زەمینییەکانو، بەیاریدەی (سیحرو نهێنیو رەمز) دێتە ئاراوە. بەڕێی ئەو هونەری مەزهەبی دەتوانێ نەك بە تەنها کۆمەڵگاو مێژوو، بەڵکو حەقیقەتیش بگۆڕێ. ڕەخنەی عیرفانی، ریشەی لەکاری ڕۆمانتیکە

ئالمانییەکانو نوسراوە ئیستاتیکیەکانی شلینگدا هەیەو، ئەم فەیلەسوفە لە داواکاریەکانیدا بەرگریی لەهێزی گۆڕانکاری (پەیوەندیی نێوان بیرو هونەر) دەکرد.

سەرئەنجام لە ساڵی 1910دا داپچڕانی تەواوەتی لەنێوان (ڕەخنەی عیرفانی)و (ڕەخنەی ئیستاتیکی)دا روویدا. لەکاتێکدا لایەنگرانی (بونیادی مەزهەبیی هونەر) بەرەو (کلاسیزم) چوون، هەوادارانی ڕێبازی ئیستاتیکی لە ئاست بنەما سەرەتاییەکانی سیمبۆلیستەکاندا بە ئەمەکداری مانەوەو هەر زوو کەوتنە ژێر سیحری (هونەری نوێ)و بەتایبەتی بیرو باوەڕەکانی فۆتۆریست (ئایندەخواز)ە ئیتالیاییەکان. بلاوبوونەوەی بەیاننامەی فوتوریزمی ئیتالیایی لە ساڵی 1909دا، دەنگدانەوەیەکی زۆری لەنێو ڕەخنەنووسە لاوەکانی رووسدا هەبوو، شێلگیریەکەی مایکۆڤسکی لەسەر ئەوەی کە (پێویستە مشتەکۆڵەیەکی توند لە چێژی هەمووان بدرێ) لە فوتوریزمەوە سەرچاوەی گرتبوو. ئەم بزاڤە ئەدەبییە نوێیەی روسیا بنیادنەری گەلێ نوێکاری بوو لە بواری شیعرو، پەخشانو، هەروەها شانۆدا. لەسەرەتای دەهەی بیستدا تێگەیشتنی تەقلیدی بۆ (جوانیی هونەری) جێی بۆ تێگەیشتنێکی سۆفیانەو شەیدایی بۆ شێوەی ئەندازەییو (شێوازگەرایی) چۆلکرد. لەجێی هاوبەندیو دۆستایەتی لەگەڵ سروشتدا، شارو مەکینە هاتنە گۆڕێو، یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکانی تریش ئەوە بوو کە ئیدی باس لە پەیوەندیی کارێکی ئەدەبی بە حەقیقەتو جیهانەوە نەدەکرا، بەڵکو مەسەلەکە بووە ئەم پرسیارە سادەیە.. (شیعر چۆن دێتە ئاراوە؟).

بزاڤی فۆرمالیستەکان هاوکات لەگەڵ ئەم نوێگەرییە هونەریەدا هاتە گۆڕێو دامەزرێنەرانی ئەم بزاڤە کۆمەڵێك لاوی نوێخواز بوون. بە شێوەیەکی ئاسایی کتێبەکەی شکلۆڤسکی واتە (راپەڕینی وشە) بە یەکەم بەڵگەنامەی فۆرمالیزم دادەنرێو لە ساڵی 1914دا بلاوبۆوە. هەروەها دوو کتێبی کورتی تری ڤیکتۆر شکلۆڤسکی کە لە ساڵانی دواتر نووسیونی، واتە (دەربارەی تیۆرەی زمانی شیعری) 1916و (دەربارەی شاعیری) 1919 لەرووی شێواز ناسییەوە بایەخی زیاتریان هەیە.

ڕێبازی فۆرمالیزم بە دامەزراندنی **Opoiaz** (ئەنجوومەنی تۆژینەوەی زمانی ئەدەبی) لە ساڵی 1916دا لە پەترسبۆرگ ڕەنگو شێوەی خۆی وەرگرتو، ئەم ئەنجوومەنە لەگەڵ گروپە نوێگەرەکاندا پەیوەندیی بەست. ئەکرێ بەڵگەی ئەم پەیوەندییەش لە کتێبێکدا ببینینەوە کە ڕۆمان یاکۆپسن ساڵی 1921 لە پراگ بەناونیشانی (شیعری نوێی رووسیایی) بڵاوی کردەوە. پەیوەندیی دۆستانەی خلیبنیکۆڤو مایکۆڤسکی لەگەڵ ڕەخنە نووسانی فۆرمالیستدا نیشانەی نزیکیانە لە بیرکردنەوەدا. دۆزینەوەی کاریگەریی فوتوریستەکان لەسەر فۆرمالیستەکان کارێکی ئاسانە. شکلۆڤسکیو فۆرمالیستەکانی دیکە لەو فۆرمالیزمەوە فێربوون وشەگەلێك بدۆزنەوە کە لەهەر جۆرە دیاریکردنێکی بەهایی ئازادبنو بەدوا سینتاکسێکی نوێی زماندا بۆ ئەم وشانە بگەڕێن. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەیاد نەچێ کە فۆرمالیستەکان تەواو بە هەوادار، یان هاوڕێی فۆتۆریستەکان ناژمێردرێن. هەر بۆ نموونە، ئەو کتێبەی کە لە ساڵی 1923دا بۆریس ئاخنبام دەربارەی ئانا ئەخماتۆڤا بەچاپی گەیاند، پیشانیدا کە فۆرمالیستەکان بۆ زۆر لە بنەماکانی سیمبۆلیزم (ڕەمزگەرایی) ئەمەکدار بوون.

ڤیکتۆر شکلۆڤسکی (لەدایکبووی 1893) دەستی بەنووسین لەسەر گرنگترین ڕێسا تیۆریەکانی فۆرمالیزمی روسیایی کردو، لەگەڵ ڕۆمان یاکۆبسندا ناسراوترین نووسەرن کە لەسەر بزاڤی فۆرمالیستەکانیان نووسیبێت. لەساڵی 1925دا کۆمەڵێك وتاری بەناونیشانی (دەربارەی تیۆرەی پەخشان) بڵاوکردەوە. هەورەها بۆریس ئاخنبام (1886-1959) بە کتێبی (پاڵتۆکەی گۆگۆڵ چۆن نوسراوە؟) دەستی بەکاری خۆی کرد. پاشان کتێبێکی قەوارە بچووکی دەربارەی شیعرەکانی لێرمانتۆڤ نووسی (1924)، بۆریس تۆماشڤسکی (1890-1957) کتێبێکی دەربارەی عەروزی شیعر نووسیو لەساڵی 1923دا لە کتێبێکدا بەناونیشانی (دەربارەی شیعری رووسی) بڵاوی کردەوەو، بەهۆی نوسینەکانییەوە زیاتر وا ناسراوە کە گرنگی بەجیاوازیی نێوان پلۆتو چیرۆك دەدات.

یۆری تینیانۆڤ (1894-1943)یش بە لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بەکاریگەریی گۆگۆل لەسەر دۆستۆیڤسکی دەستی پێکردو بەناونیشانی (مەسەلەی زمانی ئەدەبی) لەساڵی 1924دا بەچاپی گەیاند. پاشتر لە نامیلکەیەکی خۆیدا بەناوی (لایەنە کۆنو نوێکان لەشیعری رووسیدا) 1929 باسی لە گۆڕانکاریەکانی زمانی شیعری رووسیایی کرد. هەورووەها ڤیکتۆر ژیرمۆنسکی بەتۆژینەوەیەك سەبارەت ڕۆمانتیسمی ئاڵمانی دەستی پێ کردو هەوڵیدا ریشەکانی سیمبۆلیزم لەو بزاڤەدا بدۆزێتەوەو، کتێبەکەی کە ناوی (هونەری پێکهاتن لەشیعری لیریکیدا)یە لەساڵی 1921دا بلاو بۆوە. ڤیکتۆر ڤینۆگرادۆڤیش لەناو فۆرمالیستەکاندا تیئۆریستێکی دیار نەبوو، بەڵام وەکو تۆژەرەوەیەکی مێژووی ئەدەبی کۆمەڵێك کاری گرنگی نووسی. کارە سەرەکیەکەی ئەم کارێکی تیۆرییە دەربارەی پەیوەندیی فیکریی دۆستۆیڤسکیو گۆگۆڵو بەناوی (دروستبوونی ناتورالیزمی رووسی)ەوە بلاوبۆوە. کارەکانی دواتری، زۆربەیان بەزمانی فەرەنسیو ئاڵمانیو چیکی نووسراون.

ئۆسیپ بریك، لە ڕێکخستنی فیکریی فۆرمالیستەکاندا رۆڵێکی بایەخداری هەبوو، گەرچی کارە بلاوکراوەکانی زۆرنین، بەڵام وتاری (گوتارەکانو شیعری رووسی) کە لە ساڵی 1919دا بلاوی کردەوە سەرەتای چەند تیۆریەك بوو کە لە دەهەی دوایی لەپراگ، لەلایەن ترۆبتسکۆیو یاکۆبسنو مۆکاروڤیسکییەوە خرانەڕوو. (لیڤ یاکوبینسکی)یش لەهەمان ساڵدا 1919 وتارێکی گرنگی دەربارەی چەمکی مێژووی ئەدەبی بلاوکردبووەوە. هەورەها بۆریس ئینگلگارد درێژەی بەکارەکەی ئەوداو ساڵی 1927 لە مۆسکۆ کتێبێکی بەناوی (میتۆدی شێوەیی لەمێژووی ئەدەبیدا) بلاوکردەوە.

لەم نێوەدا پێویستە ناوی کەسانێکیش بهێنین کە هەرچەند بە فۆرمالیست ناژمێردرێن، بەڵام پەیوەندیی فیکریی نزیکیان بە فۆرمالیستەکانەوە هەبوو:

میخائیل باختین، ڤلادیمیرپرۆپ، ڤاسیلی گیپیوس کە لە ساڵی 1924دا کتێبێکی دەربارەی گۆگۆل نووسی، گیورگی کوکوڤسکی کە لە 1927دا لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی

ئەدەبیاتی رووسی لەسەدەی هەژدەیەمدا بەچاپ گەیاند، گیورگی ڤینوکور ئەو زمانناسەی کە لە ساڵی 1925دا کتێبێکی دەربارەی (زمانی شیعری) نووسیو ساڵی 1943 کتێبی (مایکۆڤسکیی زمانساز)ی لەمۆسکۆ بڵاوکردەوە، کە کتێبێکی دیارو ئەمەکدارە بۆ بنەماکانی فۆرمالیزم.

سەرئەنجام دەبێ باس لە ئەلکساندەر ریفۆرماتسکی بکەین کە لە ساڵی 1922دا (تەمەنیشی 22 ساڵ بوو) کتێبێکی بەناوی (شیکردنەوەی شێوەی کورتە چیرۆك نووسی)و، ئەم کتێبە دیارە کاریگەریەکی فرەی لەسەر ئۆسیپ بریکو تۆماشڤسکی کرد. لەم ساڵانەدا کۆمەڵێك نووسینی ریفۆرماتسکی سەبارەت تیۆرەی ئەدەبی بەزمانی رووسی بڵاوبۆوە. پاش کشانەوەی بزاڤی فۆرمالیزم، ریفۆرماتسکی رووی لەوانە وتنەوەی گوتارناسیو زمانناسی کردوو، بوو بەیەکێك لە بەناوبانگترین زمانناسانی شوورەویو کارەکانی کاریگەریەکی زیادیان لە پەیدابوونی (رێبازی نوێی زمانناسیی مۆسکۆ)دا هەبوو.

لەساڵانی نێوان 1916-1921دا فۆرمالیستەکان شێلگیرانە ویستیان جیاوازیی خۆیان لەگەڵ رێبازە ئەدەبیەکانی دیکەدا بخەنەروو. لەساڵانی 1921-1928دا پەرەیان بە کارەکانیانداو هەندێ مەسەلەی وەکو (مێژووی ئەدەبی)یان وروژاند. رابەرانی حزبی کۆمۆنیست لە ساڵی 1924ەوە بە ئاشکرا هێرشی خۆیان بۆ سەر فۆرمالیستەکان دەست پێ کرد. لیون ترۆتسکی لە (ئەدەبو شۆڕش)دا هێرشی کردە سەر (بیرو باوەڕە دژە مێژووییەکانی) ئەوانو مارکسیزمی بەرامبەر فۆرمالیزم دانا. رکابەرانی ترۆتسکی لەباڵەکانی تری حیزبدا بەزمانو شێوازێکی رەقتر درێژەیان بەو هێرشە دا. لەساڵی 1928دا بەرەسمی فۆرمالیزم رەتکرایەوە. فۆرمالیستەکان کە لە ساڵی 1924ەوە دژی تێڕوانینی رەسمی وتووێژیان دەکرد، بەناچاری خامۆش بوونو تا ناوەڕاستی دەهەی سی هەریەکەو رێیەکیان هەڵبژارد.

لێکۆڵینەوەکانی شکلۆڤسکی لەمەڕ تۆڵستۆی وردە وردە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ فۆرمالیزمدا پچڕاند، تارادەیەك ئیدی ئەدگارێك لە فۆرمالیزم بە تۆڵستۆیەوە نەما. داڕان لەهەندێ بنچینەی فۆرمالیستی لە ژیننامەکەی خودی شکلۆڤسکی خۆیدا کە بەناوی (سێیەمین فاکتەر)ەوە لە ساڵی 1926دا نووسیو بڵاوی کردەوە، دەبینینەوە. شکلۆڤسکی کە رۆژێك لەرۆژان هونەری وەها لە قەڵەم دەدا کە (لەژیان ئازادە)، لێرەدا باسی لە کاریگەریی (فاکتەرە سەروو ئیستاتیکیەکان) لەسەر مانای گوتاری ئەدەبی کردووە. بەڵام ناکرێ لەم بارەیەوە موبالەغەش بکرێ، چونکە هەموو فیکرێکی زیندوو چەندەها جار رەخنە لەخۆی دەگرێو زۆر لە بنەماکانی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. فاکتەری سەرەکی کە کۆتایی بەژیانی فۆرمالیزمی رووسی هێنا، زەبرو زەنگی فەرمانڕەوایان بوو کە جگە لە تێگەیشتنێکی سادەو رەمەکیی خۆیان بۆ مارکسیزم نەبێت، هیچی تریان پێ قبوڵ نەبوو و بەرگەیان نەدەگرت. بەهەرحاڵ شکلۆڤسکی لە سییەکاندا رووی لە (تیۆرەی فیلم) کردو کۆمەڵێ وتاری سەبارەت سینەما نووسیو لەو نووسینانەیدا دیارە کە هێشتا رەگێکی فۆرمالیزمی تێدا ماوە. لەساڵی 1923دا کتێبێکی بەناونیشانی (سینەماو ئەدەب) بڵاوکردەوە، لەساڵی 1927یشدا پێکەوە لەگەڵ ئاخنبامو، تیتیانۆفو، ئادریان پیوتەرۆڤسکیدا کۆمەڵە وتارێکیان لەژێر ناوی (تیۆریی ئەدەبی سینەما)دا چاپ کرد (ئەم کتێبە لەساڵی 1990دا لە مۆسکۆ سەر لەنوێ چاپ کرایەوە).

یاکۆبسن کە لە ساڵی 1920ەوە لە پراگ وانەی دەوتەوە، ساڵی 1928 بەیەکجاری رووسیای بەجێهێشتو لەپراگ درێژەی بەکارەکەی خۆیدا، پاشانیش بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چوو، لەدەهەکانی دواتردا لەو بیرمەند کەمانە بوو کە ئەمەگی بۆ بنەما سەرەکیەکانی فۆرمالیزمی رووسیما. ئاخنبام لەسەردەمی ژیدانۆڤدا بە توندی کەوتە بەرشاڵاویو تا مردیش ئەو هێرشو شاڵاوانە هەر لەسەری بەردەوام بوون، گەرچی ئەو بەتەنها خەریکی نووسینی ژیاننامەی ئەدیبان بوو.

تۆماشڤسکی سەرگەرمی نووسینەوەو لەسەر نووسینی ئاسەوارە کلاسیکیەکانی رووس بوو و لە تۆژینەوەی دەقە کۆنەکاندا مامۆستایەکی بێ هاوتابوو. تینیانۆف لەسەر بناغەی ژیانی پوشکینو گریبایدۆڤ خۆی سەرگەرمی نووسینی چیرۆك کرد. ژیرمۆنسکی خۆی بە نووسینی (وشەکانو شێوەزارەکانی ئالمانی)یەوە خەریك کرد.

ڤینۆگرادۆڤ رووی لە زماننناسی کرد. بەلام لە کتێبەکەیدا (زمانو شێوازی دەربڕین لای پوشکین-1941) ترووسکەی شێوازی فۆرمالیستی دەبینینەوە. هەروەکو چۆن لە کارەکانی تریشیدا دەربارەی دەستوری زمانی رووسیو مێژووی ئەدەبی رووسیا کاریگەریی فۆرمالیزم لەسەری هەر ماوە. بەشێکی کەم لەکاری فۆرمالیستەکان بە زمانە ئەوروپاییەکان بلاوبۆتەوە. بەبێ ئاشنایی زمانی رووسی، ئاسان نییە پەی بە گەورەیی کاری فۆرمالیستەکان ببرێ، بە تایبەتیش پەی بردنی تەواوەتی بەو کارانەیان کە دەربارەی مەسەلەکانی زمانی شیعری رووسیایی نووسیویانە، کە بە تەنها کاتێك فەراهەم دەبێ کە دەقەکان بەزمانی ئەسلی بخوێنرێنەوە.

(2)

سەرەتا هیچ یەکێك لە بونیادنەرانو نووسەرانی ئەم بزاڤە ناوی (فۆرمالیزم) یان پێ قبوڵ نەبوو. ئاخنبام لەیەکێك لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانیدا نووسیویەتی: (بە ئێمە دەڵێن فۆرمالیست، بەلام وا راستتر دەبوو لەبری فۆرمالیزم، مۆرفۆلۆژییان بەکار بهێنایە).

ئەو (کارە ئەدەبییەکە خۆی نا، بەڵکو ئەوەی لەکارەکەدا دەنگی داوەتەوە) بەبابەتی ئیشی بزاڤەکەی دادەنا، هەر بۆیە چەمکی باوی شێوە (یان فۆرم)ی پێ قبوڵ نەبوو. پاش چەند ساڵێك ئاخنبام نووسیی، (ئێمە فۆرمالیست نین، بەڵکو ئاشناییمان لەگەڵ تایبەتمەندێتی کاری ئەدەبیدا هەیە). زاراوەیەکیشی هێنایە گۆڕێ کە نوێ بوو و تا ئەو رۆژەش لەزمانی رووسیدا بەکار نەدەهێنرا، **Specifikatory** پسپۆڕ. هەر چۆنێك بێت ناوی (فۆرمالیزم)،

سەرەتا ڕەخنەگرانو ناحەزانی ئەو بزاڤە بەسەریاندا دابڕین کە مانایەکی سووکی لەدووتوێی خۆیدا هەڵگرتبوو، کە ئەوەی پیشان دەدا (ئەم نووسەرانە بایەخێکی زیاد لەپێویست بە شێوە) دەدەن. بەڵام وردە وردە لەلایەن هەوادارانی بزاڤەکەوە ئەم ناوە پەسەند کراو بەکارهێنراو ئەمڕۆش ئەم ناوە ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەوانە بەجۆرێکی تایبەتی بایەخیان بە شێوەی کاری هونەری داوە کە لەمانای بونیادەوە نزیکە.

یاکۆبسن بە وتاری (شیعری نوێی رووسی) بەکورتی گرنگترین بابەتی لەمیتۆدی لێکۆڵینەوە فۆرمالیستەکاندا بەمجۆرە دیاری کردووە: (بابەتی زانستی ئەدەبی ئەدەب نییە، بەڵکو ئەدەبی بوون -ئەدەبیەت-ی دەقەکانە).. دوای پەنجا ساڵ یاکۆبسن لە پاشکۆیەکدا کە بۆ هەڵبژاردەیەك لەکارەکانی خۆی نووسیویەتی بەناونیشانی (مەسەلەکانی تیۆریی ئەدەبیی) بڵاوبۆوە، دەڵێت: (ئەدەبیەت، یان بەمانایەکی دی گۆڕانی گوتار بۆ کارێکی ئەدەبیو ئەو سیستمەی کە کار دەکاتە سەر ئەم گۆڕانە ئەو سەرمایە سەرەکییەیە کە زمانناسی لە شیکردنەوەکانی خۆیدا دەربارەی شیعر ئەنجامی دەدات).

ڕێبازە رەسمیو زانکۆییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لەدەهەی 1920دا نەك تەنها لە ئەوروپا، بەڵکو لە وڵاتەکانی ئەنگلۆساکسۆنیشدا (دەرەوەی دەق) ببووە بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکانیان، واتە لە روانگەی سۆسیۆلۆژیای مێژوویی، یان سایکۆلۆژییەوە، پرسی سەرەکی لای ئەوان بریتی بوولە :(چ شتێك دەق دەخولقێنێ؟)

بەڵام لای فۆرمالیستە رووسەکان (خودی دەق) یان بە مانایەکی باشتر (ئەوەی لەدەقدا رەنگی داوەتەوە) بوو بە بابەتی سەرەکیو سەنتەری کاریانو هەر روانگەیەکی تر کە خاڵی دەرچوونی دەرەوەی دەق بێ، لەخانەی دووەمی بایەخیاندا دایاننا. پرسیاری سەرەکی لای فۆرمالیستەکان ئەمە بوو: (جیاوازیی دەقێکی ئەدەبی لەگەڵ هەر دەقێکی تردا چییە؟) یان بە دەربڕینێکی دیکە (ئەدەبیەتی دەق چییە؟) دەتوانین دوو ئەدگاری سەرەکی کاری فۆرمالیستەکان بەم جۆرە دیاری بکەین:

1)جەخت کردنیان لەسەر گەوهەری سەرەکیو (ئەدەبی)ی دەق، واتە خودی کارەکانیان ڕەچاو دەگرتو هەوڵیان دەدا بەشە خولقێنەرەکانی دەلالەتی مانایی دەقەکە لە شێوەکەی هەڵبهێنجنو ئەوەی کە لە دەقەکەدا ڕەنگی داوەتەوە وەدەست بهێنن.

2)بۆ ئەم مەبەستە جەختیان لەسەر سەربەخۆیی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کرد، واتە تەنها ئەو ئەنجامە تیۆریو ئەدەبیانەیان بەلاوە گرنگ بوو کە لەتوێژینەوەی خودی کارە هونەریەکەوە وەچنگ دەهاتن، نەك لە تۆژینەوەی زەمینەی مێژووی هاتنەکایەوەی کارەکە یان ناسینی کەسێتیو سروشتی سایکۆلۆژیی نووسەرەکەیەوە.

فۆرمالیستەکان شێوازە باوەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیان خستە لاوە تا پەی بە (ڕێگای تایبەتیی ناسینی گەوهەری سروشتی سەرەکیی کاری ئەدەبی) بەرن.

یاکۆبسن، لەم بارەیەوە نووسیویەتی:

(مێژوو نووسانی کۆنی ئەدەب لەو پۆلیسانە دەچن کە بۆ گرتنی کەسێك دەچن هەموو خەڵکی دەگرنو دەست بەسەرماڵی هەمووواندا دەگرن، تا کار دەگاتە ئەوەی هەر کەسێك بەشەقامەکەدا تێبپەڕێ دەیگرن. مێژوونووسانی ئەدەبیش پەنا دەبەنە بەر هەموو شتێك: زەمینەی کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژیا، سیاسەتو فەلسەفە. ئەوانەی لەبری ئەوەی پەنا بۆ شێوازی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەرن، کۆمەڵێك یاسای خۆبەخۆیی دەخەنە ڕوو.)

فۆرمالیستەکان هەوڵیاندا جگە لە (خودی) دەق خۆی پەنا نەبەنە بەر هیچ شتێکی دی. نکوڵیان لەگرنگیی ناسینی بەرکەماڵیی (شێوەکانی دەربڕینی ئەدەبی) نەدەکرد، بەڵام ئەوەیان پیشاندا کە ئەو شێوانە تەنها لە (شوێنی ئەمڕۆ)ی خۆیاندا دەناسرێن. بەم جۆرە فۆرمالیستەکان وەکو (سۆسۆر) یەکسەر مێژوویان ئەفەرۆز نەکرد، بەڵکو هەوڵیاندا (ئەوەی کە ئێستا هەیە)، بیناسن، ئەوەی لای ئەوان گرنگ بوو کارایی شێوە دەربڕینە نوێکە بوو، نەك شێوەی هاتنە ئاراوەی. بەڵام لەسەرێکی تریشەوە ئەوەیان سەلماند کە گۆڕان سەد دەر سەد لە ئەنجامی کاروکاردانەوەی توخمەکانی ناوەوەی دەقەوە نایەت، بەڵکو وابەستەیە

بەگۆڕان لە (یاسای ژانرە) ئەدەبیەکانیشەوە کە لەگەڵ جێ گۆڕکێی کۆمەڵایەتی واتە گۆڕان لەژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەوانیش دەگۆڕێن. دەسکەوتی فۆرمالیستەکان روونو ئاشکرابوو: دەقی ئەدەبیان خستە سەنتەری بایەخپێدانی خۆیانەوەو لێکۆڵینەوە زانستیو، مێژووییەکانو تۆژینەوە ژیاننامەیی (بایۆگرافیك)و سوسیۆلۆژیو سایکۆلۆژیو.. بەکورتی هەموو شتە نائەدەبیەکانیان خستە پەراوێزی کاریانەوە. ئەوان مانایان بە (ئەدەبیەت) بەخشیو مێژووی ئەدەبییان بە پرۆسەی دینامیکی (گۆڕانکارییە ناوەکیەکانی ئەدەب) لێك دایەوە. هەروەها دەبێ باس لەو تەکنیكو میتۆدی کارانەش بکەین کە لە شیکردنەوەی دەقدا رەچاویان دەکرد. ئەوان بە وردی شێوە جۆراو جۆرەکانی دەربڕینیان لەیەکتر جیادەکردەوە، شێوەکانی گێڕانەوەی چیرۆك، رۆڵی گێڕەرەوەو، پایەکانی ژانرە ئەدەبیەکانو گۆڕانکاریەکانیان لە مێژووی ئەدەبیدا روون کردەوە. ئەمڕۆ ئێمە کاتێك لەشیعر دەکۆڵینەوە رەخنە لەو بۆچوونە دەگرین کە دەڵێت شیعر وێنەیەو، لەراستو دروستیی (ئیستیعارە)و (مەجاز)و، رۆڵی یەکە زمانەوانیو سینتاکسییەکان دەپرسینەوەو، لەهەموو ئەمانەشدا قەرزاری کاری فۆرمالیستەکانین.

یەکێك لەخاڵە گرنگەکان لەرێبازی کاری فۆرمالیستەکاندا جیاکردنەوەی دەق لەمێژوو بوو. شکلۆڤسکی کە هەموو جۆرە لێکدانەوەیەکی کۆمەڵایەتی- مێژوویی بۆ کاری هونەری رەتدەکردەوە، ساڵی 1923 نووسی: (هونەر هەمیشە لەژیان جیابووەو رەنگی لەرەنگی ئەو ئاڵایە نەچووە کە بەسەر دەروازەی شارەوە دایانکوتاوە). جەختی لەسەر ئەوە کرد کە لەهونەردا هەموو بابەتەکان لەرووی بەهاوە یەکسانن. یاکۆبسن لەبەرگریکردنیدا لەم تێڕوانینە پرسی: (بۆچی ئەبێ ئەوە قبوڵ بکەین کە بەرپرسیاریی شاعیر بەرامبەر ململانێی بیروباوەڕەکان، زیاترە لەبەرپرسیاریی بەرامبەر هەر شتێکی دیکە؟) هەورەها بەیەك چاو تەماشاکردنی هونەرو ژیانی بەکاری ئەو بینەرانە دەشوبهاند کە لەکۆتایی نمایشەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا داوای ئەو ئەکتەرەیان دەکرد کە دەوری یەهوودای بینیوە تا بەتێلا بیکوتنەوە. ئاخنبام دەربارەی جیاوازی لەمێژوو لە وتاری (ژینگەی ئەدەبی)دا سەرەتا

پێشنیازی کرد کە (هەڵبژاردنو چەمکسازیی راستیەکان لەیەك سیستمدا) هەمیشە وابەستەیە بەتیۆرییەکی مێژوویی یا دیدگایەکی تایبەتییەوە سەبارەت بەمێژوو، هەر ئەو پاشان ئەو حوکمە هیگڵییەی سەلماند کە هەمیشە راستیە مێژووییەکان لەبەر رۆشنایی تێگەیشتنی ئەمڕۆدا شیاوی ناسینن‌و (مێژوو میتۆدێکی تایبەتییە بۆ تۆژینەوەی زەمانی هەنووکە بەیاریدەی راستیە هەڵبژاردەکانی زەمانی رابردوو).

مێژوو لەڕووی هەڵبژاردنی راستیەکانەوە دەشوبهێتە پلۆتی چیرۆك کە بە هەڵبژاردەی راستیەکانی چیرۆکەکە دادەنرێ. بەو پێیە روانگەی سەرەکی ئێمە هەرچییەك بێت، پەیوەندیی نێوان ئەم هەڵبژاردنانە لێکترجیا دەکەینەوە. ئاخنبام میتۆدی ئەو کەسانەی کە هەوڵ دەدەن لە رێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانەوە پەیوەندییە ناوەکییەکانی دەق راڤە بکەن بەهەڵە لەقەڵەم داو نووسیی: (ئەم میتۆدە تەواو سایکۆلۆژییەو تیایدا کەمترین بایەخ بەهونەر دەدرێ)، جەختی لەسەر ئەوەش کردووە کە ئەو جۆرە میتۆدە هەرگیز ناتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە (بۆچی بە پێی کۆمەڵێك هەلومەرجی تایبەتی فەراهەم بووە؟) لەبەر ئەوەی: (ئەدەب وەکو هەر سیستمێکی رێکی دی لە کۆمەڵێك راستیی ترەوە سەرچاوە ناگرێ کەسەر بە سیستمێکی ترن، هەر بۆیە ناکرێ بەچاوی کەمبایەخییەوە سەیری ئەو راستیانە بکرێ. پەیوەندیی نێوان راستیەکانی سیستمی ئەدەبی‌و ئەو راستیانەی کە لە گەڵیاندا هاوپەیمانن، پەیوەندیی نێوان هۆو ئەنجام نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی دوو لایەنەیە، خاوەن کرداری ناوەکی خۆیانن‌و، وابەستەو مەرجسازی یەکتریشن). کەواتە توخمە خولقێنەرەکانی دەقی ئەدەبی (تەنها بەیاریدەی خۆیان شی دەکرێنەوە. راستییە ئەدەبی-مێژووییەکان کۆمەڵێك راستیی ئاڵۆزن کەرۆڵی سەرەکی تیایاندا بە -ئەدەبییەت-ەوە پابەندە نەك بەشتێکی دیکەوە). بێگومان کاری ئەدەبی سەبارەت حەقیقەت شتمان پێ دەڵێت، بەڵام هەر وەکو موکارۆڤسکی دەڵێت (بەهیچ جۆرێك بەرئەنجامێکی میکانیکیی ئەو نییە). کارێکی راست نییە گەر بمانەوێ لەڕێی شیکردنەوەی حەقیقەتی جیهانەوە پەی بە جیهانی

دەق بەرین، بەپێچەوانەوە، دەبێ لەرێی حەقیقەتی دەقەوە، حەقیقەتی جیهانی دەرەوە بناسین. هەر لەبەر ئەمەشە رۆمانەکەی مارسیل پرۆست (مەبەست لەرۆمانی "گەڕان بەدوا زەمانی لەدەستچوودا"یە —و-) پتر لەهەر وانەیەکی زانکۆیی، دەروونی مرۆڤمان پێ دەناسێنێو کورتە چیرۆکەکانی کافکا لەهەموو بەیاننامە سیاسییەکان وردتر تەعبیر لەرۆژگاری ئەمرۆمان دەکەن.

ئەم بابەتەی کە ئاخنبام قسەی لەسەر کردووە، لەکتێبێکی تینیانۆف (دەربارەی کامڵبوونی ئەدەبی) 1927دا باسی لێکراوە.

تینیانۆف هەوڵیداوە ئەرکو ئامانجی رەخنەگری ئەدەبی دیاری بکات. ئەو نووسیویەتیو دەڵێت کە مێژووی نووسینی ئەدەبیو لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی بەشێك لەلایەنە پەراوێزییەکان روون دەکەنەوە، بەڵام گەیشتن بەم ئەنجامانە (ئامانجی سەرەکی رەخنەنووسی ئەدەبی نییە). تینیانۆف جەختی لەسەر ئەوە کرد کە (تەنها کاتێ مێژووی ئەدەبی دەبێتە زانست کە بابەتەکەی ئەدەبییەتی کارەکە بێت)و سیستمێکی تایبەتی بناسین کە لە نێو سیستمێکی دیکە واتە (پێگەی ئەدەبی)دا دابنرێ. پرسیاری گرنگیش لێرەدا ئەمەیە: (توانای هاو ئاهەنگیی کارێکی ئەدەبی لەگەڵ توخمەکانی دیکەی سیستمی پێگەی ئەدەبیو دواتر لەگەڵ سیستمەکەدا بەگشتی چییە؟) هەر بۆ نموونە وشەگەلێکی کارێکی ئەدەبی، لەسەرێکەوە لەگەڵ توخمەکانی دیکەی هەمانکاردا پەیوەندی هەیەو لەسەرێکی دیکەشەوە پەیوەندیی لەگەڵ دونیای وشەی کارێکی ئەدەبیی دیکەشدا هەیە. تینیانۆف پێشنیازی کرد کە شێوازی تۆژینەوەی توخمە ناوەکیەکانی سیستمی کارێکی ئەدەبی لەشێوازی تۆژینەوەی توخمە ناوەکیەکانی (سیستمی پێگە ئەدەبی) جیاکەینەوە: تۆژینەوەی پەیوەندی زمانی کارێکی ئەدەبی لەگەڵ توخمەکانی تریدا پێویستیی بە میتۆدێکی تایبەتە کە جیاوازە لە میتۆدی تۆژینەوەی پەیوەندیی وشەگەلێکو زمانی کارێکی ئەدەبی لەگەڵ دونیای وشەی کاری ئەدەبی تردا.. تۆدۆرۆڤ دەڵێت یەکێك لە گرنگترین ئەو وانانەی کە لەفۆرمالیستە

رووسەکانەوە فێربووین ئەوەیە کە: ناکرێ توخمەکانی کارێکی ئەدەبی- کە تەنها لەنێو چوارچێوەی ئەو کارەدا هێزی دەلالی خۆیان لە دەست نادەن- لەگەڵ توخمەکانی کارێکی دیکەدا بەراورد بکەین. جیاوازی توخمەکانی تراژیدیاکانی راسینو توخمەکانی تراژیدیاکانی کۆرنای زۆر گرنگە، چونکە هەر توخمێك لەهەر یەك لەم دوو کۆمەڵە تراژیدیایە (دەلالەتی مانایی) تایبەتی خۆیان هەیە.

تینیانۆف ئەنجامێکی تریشی بەدەست هێناوە: ئەوەی لەسەردەمێکدا بەتوخمێکی ئەدەبی دەژمێردرێ، لەسەردەمێکی تردا تەنها وەکو دیاردەیەکی سادەی زمانەوانی سەیر دەکرێو بەس. بیرو مەبەستی نووسەر بەرجەستەبوونی کۆمەڵێك بارن کە لەسەرەوو دەقەوە هەن. لە نێوان هەلومەرجەکانی ژیانو بیری نووسەرو کارە ئەدەبیەکەیدا مەودا هەیەو، بەیاریدەی لێکۆڵینەوەی ئەو هەلو مەرجانە ناتوانین کارە ئەدەبیەکە بناسین. تینیانۆف جەختی لەسەر ئەوە کرد کە ناکرێ پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان (مەبەستی نووسەر)و کارەکەیدا بدۆزینەوە. تۆژینەوەی سروشتی سایکۆلۆژیی نووسەر چ کارابیەکی نییە، هەروەها ناتوانین لەرێی شیکردنەوەی ژینگەو رووداوەکانی ژیانی نووسەر، یان باری ئابووریو رۆشنبیریی چینەکەیەوە کارە ئەدەبیەکانی نووسەر بناسین.

یاکۆبسن نموونەیەکی سەبارەت بە جیابوونەوەی نووسەرو کاری ئەدەبی هێناوەتەوە. لەم رووەوە ئاماژەی بۆ چامە دڵدارییەکانی شاعیری رۆمانسیی چیکی کارل هینك (یان) ماشا کردووە، کە تیایاندا شاعیر تا رادەی پەرستن دڵبەرەکەی خۆی خۆشویستووە. لەسەرێکی ترەوە هەمان شاعیر لە دەفتەری بیرەوەریەکانیدا زۆر بە خراپ ناوی هەمان دڵبەری هێناوە.

یاکۆبسن دەپرسێت تۆ بڵێی کام تەعبیرەیان لەو ئەزموونەی راست بێت، هەر خۆشی وەڵام دەداتەوە: (هەردووکیانو هیچیشیان). هەروەها بەردەوام دەبێتو دەڵێت: (ئەو شاعیرەی کە گفت دەداتو دەڵێت ئەوەی حەقیقەتی رووتو پەتی نەبێت نایڵێم، ئینجا هەروەکو ئەوەی سەرگوزشتە هەڵبەستێ وایە. هەروەها کاتێ شاعیر دەڵێت هەرچییەکی وتووە زادەی

خەیاڵیەتی، ئینجا هەر راست نییە، چونکە شیعرەکەی، رەگو ریشەی لە حەقیقەتو ژیاندا هەیە). کەواتە دەبێ لەگەڵ ئاخنبامدا بڵێین کە (لەشیعردا روخساری شاعیر دەبێتە دەمامکێکو هیچی دی) کاری ئەدەبی لەژیانی نووسەر جیایە، بەو مانایەی کە بەشێوەیەکی راستەوخۆو خێرا لە کارەکەیدا رەنگ ناداتەوە. کەواتە بۆ ناسینی کاری ئەدەبی، گەڕانەوە بۆ ژیانی نووسەر کارێکی بێ هودەیە. کاری ئەدەبی بەجۆرێ پەیوەندیی بە نووسەرەوە هەیە کە روخساری دەشارێتەوە.

بەهەرحاڵ، یاکۆبسن پتر لە جارێك تەئکیدی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە لە روانگەی فۆرمالیستەکانەوە، ناتوانین لەرێی ئەو ئەدگارانەوە کاری هونەری بناسین: (تینیانۆفو، موکارۆڤسکیو شکلۆڤسکیو من، هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووین کە هونەر خۆی بۆخۆی کاملە، بەپێچەوانەوە، ئێمە هەمیشە جەختمان لەسەر ئەوە کردوە کە هونەر بەشێکە لە حەقیقەتی کۆمەڵایەتیو لەگەڵ توخمەکانی دیکەدا پەیوەندیی هەیە). ئەم رایەی یاکۆبسن رێ لەو بۆچوونە نادروستانە دەبەستێتەوە کە کاری هونەری بە (چارەنووسێکی حەتمی داهێنان) لەقەڵەم دەدەنو نووسەرو هەلو مەرجە مێژوویی- کۆمەڵایەتیەکان، یەکسەر ئافەرۆز دەکەن. بۆ نموونە وەکو ئەو بۆچوونەی ئۆسیپ بریك کە وتوویەتی: (ئەگەر پوشکینیش لە دایك نەبوایە، یەفگینی ئۆنگین هەر دەنووسرا). ئەم جۆرە بۆچوونە یەکلایەنەو زێدەڕۆییە. هەر وەکو چۆن کاتێك شکلۆڤسکی هونەری بە (ئازاد لەژیان) دەزانی، حوکمێکی نادروستی دەداو بە پێچەوانەشەوە وەختێك کە دەینووسی (کاری ئەدەبی بریتییە لە تەواوی ئەوشێوازانەی دەربڕین کە تیایدا بەکار هاتوون)، نەك بەتەنها نکوڵیی لەرۆڵی مێژوو نەدەکرد، بەڵکوئەوەشی پێ قبووڵ بوو کە نووسەر ژمارەیەك لە توخمەکانی دەربڕینی بە ئاگاییەوە بەکارهێناوە. ئەوەی گرنگ بێ بوترێ ئەوەیە کە بەهۆی ئەو توخمانەوە کە نووسەر بەئاگایانە بەکاری هێناون راست نییە ئێمە (مەبەست)ی نووسەر بکەینە خاڵی دەستپێکردنو ناسینی کارە ئەدەبییەکە.

لێکۆڵینەوە بەگەڕانو پشکنینی مێژوویی دەستپێناکات، بەڵکو بە (خودی کارە هونەریەکە). سەرهەڵدانو دروستبوونی تەکنینەکەکانی شێوازی دەربڕین گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە کۆبوونەوەیانە لە دەقێکدا. فۆرمالیزم بە شێوەیەکی موتڵەق نکوڵی لەمێژووی ئەدەب ناکات، بەڵکو هەوڵ ئەدات لەشوێنی دروستی خۆیدا دایبنێت. نموونەی باسی مێژوویی لە نووسراوەکانی فۆرمالیستەکاندا زۆرە، بەڵام لە تەواوی ئەو نوسراوانەدا بایەخ بەمێژووی شێوە ئەدەبیەکان دراوە نەك مێژووی سەرهەڵدانی ئەو کارە ئەدەبیانە. بۆ نموونە کاتێ یاکۆبسن لە وتارێکیدا دەربارەی پوشکین (1936) دەڵێت: (بونیادی ئیستاتیکیی شیعری پوشکین کلاسیزمە، بەڵام ئەو جۆرە کلاسیزمەی کە لەژێر کاریگەریی ڕۆمانسیزمدا رەنگوبۆی بەخۆوە گرتووە، هەر وەك چۆن ئەو ڕۆمانسیزمەی لەکارەکانی دوا ڕۆمانتیکەکاندا دەیبینینەوە- بۆ نموونە لە کارەکانی لۆتریامۆنو، بۆدلێرو، دۆستۆیڤسکیدا- بەناچاری کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەو حەقیقەتەوە کە رۆژگار، رۆژگاری ریالیزم بووە). لەڕاستیدا مێژووی ئەدەبی بەو جۆرەی کە ولڤلین سەبارەت مێژووی هونەر ئەنجامی داوە، دەگۆڕێ بۆ مێژووی شێوازی دەربڕین، یان (مێژووی شێوەکان) و ئەمەش رێك بەو مانایە دێ کە ئاخنبام دەیوت: (ئێمە مۆرفۆلۆژیستین).

## (3)

یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی کە فۆرمالیستەکان دەربارەی شێوەی دەربڕینی ئەدەبی خستیانە روو چەمکی (نائاساییکردن)ە. بۆ یەکەمجاریش شکلۆڤسکی ئەم چەمکەی خستەروو، ووشەی **Osrannenja**ی رووسی بەکارهێنا.

دوای ئەو یاکۆبسنو تینیانۆف لەهەندێ شوێندا ئەم چەمکەیان بەزاراوەی (نامۆکردن، یا بێگانەسازی) بەکارهێنا. یەکەمین بەکارهێنانی ئەم چەمکە لای شکلۆڤسکی لەکتێبی (هونەر وەکو تەکنیك) 1917دا بەرچاو دەکەوێت. بەتێڕوانینی شکلۆڤسکی، هونەر دووبارە

(ئیدراکی حسی)ی ئێمە رێك دەخاتەوەو لەم رەوتەیدا نەریتە باوەکانو بونیادە بەرواڵەت لەحەقیقەت چووەکان دەگۆڕێت. هونەر خوو و نەریتەکانمان دەگۆڕێتو هەموو شتێکی ئاسایی لەبەرچاومان نامۆ دەکات.

مەودا لەنێوان ئێمەو هەموو ئەو شتانەدا دروست دەکات کە خوومان پێیانەوە گرتووە (وەکو کار، پۆشاك، رازاندنەوەی ناو ماڵ، هاوسەر، ترس لەشەڕ هتد..)، شتەکان (بۆخودی خۆیان) چۆنن ئاوەها پیشانی ئێمەی دەداتو هەموو شتەکان لە حوکمی تاکڕەهەندانە کە زادەی ئیدراکی حسیی ئێمەیە ئازاد دەکات. ئەم چەمکە لەمەڕ (نائاساییکردن) نیشانەی کاریگەریی فینۆمینۆلۆژیا (دیاردەناسی)ی (هۆسێرل)ە لەسەر شکلۆفسکیو بەئاشکرا ئەو بۆچوونەی (هۆسێرل)مان دێنێتەوە یاد دەربارەی (ئیکتیفانەکردن بە) بەرەو رووبوونەوەی (یەکەمین یا سروشتی)ی ئێمە لەگەڵ جیهانو زەرورەتی پەیبردن بە (خودی شتەکان). لەوتاری (هونەر وەکو تەکنیك)دا شکلۆفسکی هەندێ نموونەی سەبارەت نائاساییکردن هێناوەتەوە. لەمەڕ تۆلستۆی دواوە کە (بینینی شتەکان لەدەرەوەی زەمینەی ئاساییو سروشتیی خۆیاندایە). هەروەها سەبارەت بە وێنە ئیرۆتیکییەکانی (دیکامیرۆن)ی پۆکاچیۆو بەکارهێنانی وشە دێرینو لەیادچووەکان لە شیعردا دواوە. ئەم تۆژینەوەیەی شکلۆفسکی پەلو پۆی بۆ گۆڕان لە پەیوەندییە ئابووریو کۆمەڵایەتی- سیاسیەکانیشدا هاویشت. بۆ نموونە ئەو چەمکی (نائاساییکردن)ی تا سنووری نکوڵی کردن لە (هەموو رێسایەکی بەرهەم هاتوو لە ئەنجامی موڵکداریی تایبەتییەوە) برد.

ئاماژەکانی شکلۆفسکیو فۆرمالیستەکانی دیکە بە (موڵکداری تایبەتی)و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری رەنگدانەوەی گوتاری حوکمڕانو باڵادەستیی مارکسیستیی روسیای ئەو رۆژگارەیە. نائاساییکردن لەکارەکانی شکلۆفسکی دا بە دوو مانا بەکارهاتووە. یەکەمیان بەمانای شێوازێك لە نووسین دێ کە ئاگایانە، یان نائاگایانە لەهەر کارێکی ئەدەبیدا دەبینرێتەوەو تەنانەت هەندێجار شێوەی باڵادەستی دەربڕینە. ریشەی ئەم

چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ تۆژینەوەیەکی دێرین لە تیۆرەی ئەدەبیدا سەبارەت بە بەکارهێنانی توخمەکانی مەجاز لە دەقی ئەدەبیو شیعردا. بەکارهێنانی مەجازیی وشەکان زەینی وەرگر بۆ مانای نوێ دەباتو مانا ئاشناکان بێبایەخ دەبنو لە نێو دەچن. مانای دووەمی (نائاساییکردن) لەکارەکانی شکلۆڤسکیدا مانایەکی فراوانترەو تەواوی ئەو تەکنیکە هونەریانە لەخۆدەگرێت کە نووسەر ئاگایانە، یان بێئاگایانە سوودیان لێ دەبینێت تا (جیهانی دەقەکە لەبەر چاوی وەرگران نامۆ پیشان بدات) نووسەر لە جێی چەمکە ئاشناو ئاساییەکان، کۆمەڵێك وشە، یان شێوەی دەربڕین، یان کۆمەڵێك ئاماژەی نائاشنا بەکار دێنێت. ئەم تەکنیکە هونەرییە کارێك دەکات دەرکی دەلالەتە مانابیەکانی کارەکە ئاسان نەبێتو بابەتەکە والێدەکات وەکو ئەوەی نوێ بێتو پێشتر نەبووبێت. مەبەستی دەربڕینی ئیستاتیکی لەم حاڵەدا روونکردنەوەی راستەوخۆی ماناکان نییە، بەڵکو خولقاندنی هەستێکی تازەو تایبەتو بەهێزە کە خۆی دەبێتەوە بە خولقێنەری کۆمەڵێك مانای نوێ. لە راستیدا هەر ئەوەندە ئەو وشەو بابەتە شیعرییە خۆی گەیاندە قەڵەمڕەوی (ئیدراکی حسی)، ئیدی (نائاساییکردن) دەست پێ دەکات، شکلۆڤسکی نووسیویەتی کەنارنشینان گوێیان لە شەپۆلەکانی دەریا نییەو (ئێمە هەموو رۆژێك سەیری یەکتر دەکەین، بەبێ ئەوەی یەکتری ببینین.) چونکە ئیدراکی حسیی ئێمە خووی بەجیهانەوە گرتووە. ئەرکی شاعیر لەناوبردنی هێزو توانای (خوو)ە، واتە خولقاندنی دونیایەکی تازەو، بینینی ئەو شتانەی پێشتر نەمانبینیون. شکلۆڤسکی ئەم تەکنیکی (نامۆکردن)ەی بەسروشتێکی تایبەت بەهونەری مۆدێرنی لەقەڵەم نەدەدا، بەڵکو بەخەسڵەتی زۆر لەدەقە هونەریەکانی رابووردویشی دەزانی. هەر بۆیە (تۆڵستۆی) بە نموونە هێناوەتەوە کە یەکێك لە مامۆستایانی هونەری ریالیستو دەڵێت کە باشترین ساتەکانی داهێنانو کارەکانی ئەو ساتانەن کە لە هەموو شتە ئاساییو ئاشناکان جیا دەبنەوە. لەرۆمانی (جەنگو ئاشتی)دا دیمەنی ئۆپێراکە (دەبێ بەکۆمەڵێك کاغەزی یاری)، یان گێڕەرەوە لە کورتە چیرۆکی (خۆلستۆمەر)دا ئەسپێکەو ئێمە لەدیدی ئەم

(تەواو نامۆ)یەو دەڕوانینە هەموو شتەکان، ئورلیش نووسیویەتی کە مێژووی نامۆکردن، یان بێگانەسازی دەگەڕێتەوە بۆ (تیۆرەی ئەدەبی) لای ئەرستۆ کە تیایدا هاتووە (دەربڕین بە کۆمەڵێك وشەی نامۆ تەشکیل دەبێ)، هەروەها دەتوانین شێوەیەکی تریشی لەکارەکانی رۆمانتیکە ئینگلیزەکاندا ببینینەوە. ئورلیش دەربڕینی ئەمڕۆی ئەم چەمکەی بە تەنها نەگەڕاندەوە بۆ فۆرمالیستەکانو، ناوی سوریالیستەکانی هێنا کە چ لە بواری داهێناندا چ لەبواری داهێناندا بەرگریان لە (بێگانەسازی) کردووە. هەروەها (ژان کۆکتۆ)ی بە نموونە هێنایەوەو بە (یەکێك لەگرنگترین شاعیرانو رەخنەگرانی سوریالیست)ی ژمارد کە نائاساییکردنی بە بناغەی کاری هونەری لەقەڵەم داوە. بە چاوپۆشین لەو هەڵەیەی ئورلیش کە کۆکتۆی بە سوریالیست ناو بردووە (تەنانەت کۆکتۆ خۆیشی نکوڵی کردووە سوریالیست بێت) ئەو حوکمەی راستە.

کۆکتۆش وەکو سوریالیستەکان باسی لە گرنگیی (دەربڕینی نامۆیانە) کردووە. یەکێك لە ئەدگارە گرنگەکانی نائاساییکردن (نامۆیی زمانەوانی)ی کارەکەو نامەئلوفێتیی شێوازی دەربڕینە. ئەکرێ ئەمە لەلایەنە جۆراوجۆرەکانی شیعردا ببینرێ، لەوانە: بەکارهێنانی زاراوەکان، وشەو زمانی ناباو (نامەئلوف) (بۆ نموونە سوود وەرگرتن لە وشە کۆنەکان). ئەم (نەریت شکێنی)و دژایەتییە لەگەڵ یاسا هونەرییەکاندا، بەڕێی فۆرمالیستەکان (گەوهەری بنەڕەتیو نەگۆڕی هونەر)ە. پەی بردن بەکاری هونەریش لەڕێی ئەوەوە نەبێ کە یاکۆبسن پێی دەڵێت (سیستم شکێنیی سیستم) ئیمکان نییە. ئەم چەمکەی کە هەنگاوێکە بەرەو رێبازی (بونیاد شکێنی).

سەرچاوەیەکی تری ریشەی چەمکی نائاساییکردن، (دەروونناسیی گیشتالت)ە: (هەر ئیدراکێکی حسی دەبێ بەخوو و کردەیەکی ئۆتۆماتیکی پەیدا دەکات) لەسەر بنەڕەتی ئەم خوو و کردە ئوتوماتیکییە ئێمە دەتوانین لە میانی هەر شێوەیەکەوە، ناوەڕۆکەکەی مەزنە بکەینو وا تەسەور بکەین، کە دەیناسین. بەڵام کردەی بنەڕەتیی هونەر لەوەدایە کە فێرین

هەموو خوویەك بخەینە لاوە. هونەر بۆیە هەیە چونکە ئێمە هەست بەشتەکان دەکەین. ئامانجی هونەر خولقاندنی هەستە بەشتەکان وەك ئەوەی دەبینرێن، نەك وەك ئەوەی دەناسرێن، یان شی دەکرێنەوە. تەکنیکی هونەری هەموو شتەکان نامۆو ناروون دەکات. هەر بۆیە وا لەئیدراکی حیسی دەکات دژواربێتو درەنگ پەی بەشتەکان بەرێت. کرداری ئیدراکی حسی لەهونەردا خۆی بۆ خۆی دەبێتە ئامانج، بۆیە ئەبێ زۆر بخایەنێت، هەر لێرەشەوە ئەوەی لە هونەردا حیسابی بۆ دەکرێ ئەزموونی ئێمەیە سەبارەت کردەی داهێنان،نەك دەرئەنجام.)

شکلۆڤسکی لە ئەنجامی ئەم تۆژینەوەیەدا هونەری بە مانای لەناوبردنی ئەو لایەنە ئوتوماتیکیەی ئیدراك لەقەڵەمدا. واتە هەر وێناندنێك دەبێ ئیدراکێکی نوێ سەبارەت بە بابەتەکە بەدەستەوە بدات نەك ماناکەی دووبارە بکاتەوە. کەواتە وێنە هەمیشە پەیوەستە بە نائاسایی کردنەوە.

لەهونەری چیرۆکنووسیدا، دەکرێ نائاساییکردن لە رێی دەربڕینی تێڕوانینی کەسێتیەیەکانو بەکارهێنانی زمانو (هەڵبژاردنی پلۆت)ەوە بخرێتەروو. نووسەر بە هەڵبژاردنی چەند ساتێك لەڕووداوەکانی چیرۆکەکەو رێکخستنیان لە پلۆتەکەدا هەموو شتەکان (سەرسووڕهێن) دەکات دەتوانین بڵێین کە لە ئەدەبدا تەکنیکی (واقیعیانە) نییە. نووسەر گەر ئاگای لەم خاڵە بێت، باشتر دەنووسێتو، کارەکەشی وەکو بەڵگەنامەیەکی لێ دێت سەبارەت بە نووسین هەروەك چۆن (تریسترام شاندی) بەر لە هەر شتێك رۆمانێکە دەربارەی تەکنیکەکانی نووسین. نموونەیەکی کامڵە کە (ئاگایانە) لەرێی ئامادەگیی نووسەرو تەنانەت هەندێ جار لەرێی شیکردنەوەی ئەو فێڵانەوە کە بەکارهێنراون، بونیادەکەی ئاشکرا دەکات.

هەروەها ئاخنبام دەربارەی ئەو تەکنیکانەی دواوە کە گۆگۆل لە چیرۆکی (پاڵتۆ)دا پەنای بۆ بردوون و لە رێیەکی ناڕاستەوخۆ (دەنگی وشەکان، نوکتە، رووداوی نامەعقولو

خەندەهێن، ناوی سەیرو سەمەرە- ناوو ناتۆرە- و رووداوی بێمانا)وە، پێوەرە واقیعیو ئاساییەکان تێکو پێك دەدات.

تۆژینەوەی شکلۆڤسکیو فۆرمالیستەکان سەبارەت بە نائاساییکردن کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر رەخنەی ئەدەبی کردووە. رۆلان بارت بەپشتیوانیی ئەم تۆژینەوەیە ئەوەی پیشاندا کە شێوازی فلۆبیر (کە بارت بە -گواستنەوەی را بەبێ سوود وەرگرتن لە کەوانە-ی لەقەڵەم داوە) بەندە بە بنچینەی میانە وەرگرتن لەنێوان نوسەرو دەق (کەسێتییەکان، رووداوەکان، پلۆت)دا. ژان پۆل سارتەر لە دووەمین بەرگی کتێبی (گەمژەی خێزان)دا دەربارەی ئەم (بێگانەسازی)یە دواوە. بە بۆچوونی سارتەر، فلۆبیر هەموو شتێ (نائاسایی دەکات)و گێڕانەوەی رووداوەکان کە لەبناغەدا پشتیان بەنیانی (مرونەت)ی گوتار بەستووە، رووداوەکانی ژیانی رۆژانە دەگۆڕێ بۆ کۆمەڵێك چاوگی سەرسوڕمان. لێرەدا سارتەر هەمان رای بنچینەیی شکلۆڤسکیو فۆرمالیستەکانی دووپات کردۆتەوە.

(4)

چەمکی (شێوەی کاری ئەدەبی) کە لە ئاسەواری فۆرمالیستەکاندا بایەخێکی فرەی پێ دراوە، پەیوەستە بەدوو تێزی گرنگەوە کە ئەوان خستیانەروو:

(1)هەر یەکەیەکی ئەدەبی، لەوشەوە تا گوتار، دەبێ لەپەیوەندیدا لەگەڵ باقیی یەکەکانی تردا بناسرێو بخرێتە بەر لێکۆڵینەوەو، بەمپێیە ناسینی بونیاد یا کۆڵەکەی بنەڕەتیی کارەکە، گرنگترین بابەتی ئەدەبییە.

(2)تۆژینەوەی (هاوزەمانی)- سۆسۆر باسی لێوە کردووە- میتۆدی سەرەکیی تۆژینەوەی ئەدەبییە.

تینیانۆف لە (پەخشانی رووسی) 1925دا نووسیویەتی: (تۆژینەوەی ژانرێکی ئەدەبی ناکرێ دابڕێ لە پەیوەندیی ئەو ژانرە بە سیستمە ئەدەبییەکەوە). ئامانجی سەرەکیی

فۆرمالیستەکان، کە هەریەکەو بەجۆرێ خستوویەتیەڕوو، وەدەستهێنانی (زانستی ئەدەب) بوو. ئەو زانستەی کە بایەخ بە وەسفی کارکردنەکانی سیستمی ئەدەبی، شیکردنەوەی توخمە خولقێنەرەکانی دەق، لێکۆڵینەوەی یاسا ناوکیە باڵادەستەکانی بەرکەماڵیی ژانرە ئەدەبیەکان لەڕێی زانستی پەیوەندییەکانی توخمەکانی ناوەوە، دەدات. بێگومان ئەم پەیڕەوندنە بەزانست، خاڵی نەبووە لەکاریگەریی ئەو چەمکە پۆزەتیڤیانەی سەبارەت بەزانست لەئارادابوو. لەسەرەتای کاردا وا بە خەیاڵی فۆرمالیستەکاندا هات کە لەچەند گۆشەیەکی جیاجیاوە (گوتارناسی، ڕێساکانی کێش، مۆرفۆلۆژی، کارکردی سینتاکسی، وشەناسی و..) گرنگی بە دەقێکی ئەدەبی، یان پارچە شیعرێك بدەن و، ئینجا ڕوو لە پەیوەندییە ناوەکیەکانیان بکەن، لەهەنگاوی دواتردا تێگەیشتن کە دەبێ کۆدە ئەدەبییەکان لەڕێی کۆدە زمانییەکانەوە بناسرێن و، لێرەوە مەسەلەی سەرەکیی خۆیان کە پەیوەندیی ئەدەب و زمان بوو، خستەڕوو.

ئەدەب سیستمێکی تایبەتیی نیشانە (ئاماژە)یە، وەك هەر سیستمێکی دەلالیی دی (زمان، هونەر، ئەفسانە..) بەڵام لەگەڵ تەواوی سیستمە نیشانەییەکان و هونەرەکانی دیکەدا جیاوازییەکی سەرەکیی هەیە: کەرەسەی سەرەکی و، بونیادی بنەڕەتیی ئەم (زمان)ە، واتە سیستمێکی دەلالیی دیکە. شکلۆفسکی لە کتێبی (ئەدەب و سینەما)دا نووسیویەتی: (جیهانی دەرەوە بەلای شێوەکارەوە حوکم بەسەر ناوەرۆکی کارەکەیدا نادات، بەڵکو بەوپەڕی سادەیی کۆمەڵێك کەرەسەن بۆ نیگارکێشانەکەی، بەڵام جیهانی دەرەوە بۆ شاعیر و نووسەر حوکم بەسەر ناوەرۆکی کارەکەیدا دەدات. ئەو بیرو باوەڕو هەڵچوون و خرۆشانەی کە لە کاری ئەدەبیدا تەعبیریان لێ دەکرێ لەکەرەسە خولقێنەرەکانی ئەو کارە نین. لام روون بۆتەوە کە وشەدان، کەرەسەیەك نین بۆ گوزارشتکردن لە شتەکان لەدەست نووسەردا. بەڵکو کەرەسەی سەرەکی کارەکەین. ئەدەب لەوشە پێکدێ و هەمان ئەو یاسایانە بەسەر ئەدەبدا حوکم دەکەن کە بەسەر زمانیشدا حوکم دەکەن). لەدرێژەی تۆژینەوەکەیدا شکلۆفسکی سێ جۆر کەرەسەی لەیەك جیا کردەوە:

1 -کەرەسەی فیزیکی، وەك بۆیەو قوماش لە نیگارکێشاندا، دەنگ لە مۆسیقاداو زمان لەئەدەبدا.

2 -کەرەسەی دەلالی کەزیاتر بە (بابەتی کار)ەکە ناوی دەبەن، وەکو جیهانی دەرەوە لەنیگار کێشاندا.

3 -کەرەسەی هزرییان بیرۆکەکانی کارەکە.

شکلۆڤسکی (ماناکان)ی لەم دەستەیەی سێیەمدا پۆل کردو نووسی: (تەنانەت ماناکانیش وەکو کەرەسە بۆ بینای هونەری بەکاردێن). ئەوەی کەسێتییەك باوەڕی پێیەتی، مانای ڕووداوەکان، مانای ڕستەیەكو نیشانە ئەدگاریەکان، هەموو لەژێر حوکمی سێیەمین جۆری ئەم کەرەسانەدان. ئەم تایبەتمەندێتییە، کە کەرەسەی سەرەکیی ئەدەب زمانە، بەتەنها لە ئاسەواری فۆرمالیستەکاندا قسەی لێ نەکراوە، بەڵکو (یان مۆکارۆڤسکی)یش لێی تۆژیوەتەوە. ئەم مەسەلەیە بە ئەنجامێکی گرنگ گەیشت کە بووە بەردی بناغەی ڕەخنەی ئەدەبی لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا: بەکارهێنانی میتۆدە زمانناسییەکان لە ناسینی دەقە ئەدەبییەکاندا شتێکی ناچارییە.

فۆرمالیستەکان هەمیشە خولیای پەیبردن بەو نهێنییە بوون کە چۆن (ژانرێکی تایبەتی) سەر لەنوێ دەبوژێتەوە، لەکاتێکا وا دەزانرێ کە کۆتایی هاتووەو مردووە، کەچی ناکاو لەبەرگێکی تازەدا سەر هەڵدەداتەوە، یاکۆبسن نووسیویەتی کە ئەدەب هەمیشە پێویستی بەو سەرلەنوێ بوژانەوەیە یان (گەڕانەوەی بەربەریەت)ە هەیە. دۆستۆیڤسکی سەر لەنوێ شێوەی پەراوێزنووسی کە لە بڵاوکراوە فەرەنسیەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا باو بوو لە ڕۆمانەکانیدا زیندووکردەوە، هەروەها ئەلیکساندەر بلۆك شیعرە لەیادچووەکانی قەرەجە رووسەکانی بوژاندەوە، پوشکین چامەی دڵداری هێنایەوە نێو مەیدانی شیعری نوێی رووسی. لە ناسینەوەی ئەم (ژیاندنەوە)یەدا میتۆدی فۆرمالیستەکان زمانناسی بوو، نەك مێژوویی. ئەو شیکردنەوە (هاوزەمانی)یەی کە بنچینەی کاری ئەوان بوو، بە هیچ جۆرێك بەمانای

نکوولێکردن لە گرنگیی شیکردنەوەی (ناوزەمانی) نەبوو. تۆماشڤسکی پیشانییدا کە هەندێجار توخمێکی ئەدەبی کارکردی مەئلوفی خۆی لەدەست دەداتو لەهەلومەرجێکی مێژوویی نوێدا کارکردێکی تازە بەدەست دێنێت. هەر بۆ نموونە شێوەی (گروتسك) کە لە قۆناغی کلاسیزمدا سەرچاوەی تەعبیری کۆمیدیایی بوو، لە قۆناغی ڕۆمانتیسیزمدا گۆڕا بە تەعبیری تراژیدیایی: (لەم گۆڕانە بەردەوامەی کارکردەکاندا، ژیانی راستەقینەی دەقی ئەدەبی ئاشکرا دەبێ). فۆرمالیستەکان، بەدووی ئەم گۆڕانی کارکردانە لە ئەدەبی رووسیدا چوونو تێگەیشتن کە چۆن شێوەیەکی لاوەکیو بێبایەخ (هەندێجار- مردوو-) ناکاو دەگۆڕێ بە (شێوەی سەنتەریو بالا دەستی دەربڕینی ئەدەبی)و، لەپەراوێزی ئەم مەسەلەیەدا، توانیان لە پەیوەندییەکانی (ئەدەبی رەسمی)و (ئەدەبی فۆلکلۆری)و، هەروەها نهێنیی ئەوەی کە نووسەرە کلاسیکیەکانی رووس چۆن لە (شێوە ئەدەبییە بێ بایەخەکان) سوودیان بینیوە، تێبگەن. لەم تۆژینەوەیەدا وەکو یاکۆبسن دەڵێت، ئەم مەسەلەیە هەمیشە وەکو کۆسپێك لەبەردەم تۆژەرەوەی ڕۆشنبیریی ئەمڕۆدا قوت دەبێتەوە، واتە چەمکێك سەبارەت رابردوو و نەك خودی رابردوو. ڤینۆگرادۆڤ لەوتاری (پەیامی شێوازی دەربڕین)داجەخت لەسەر ئەوە دەکات کە لە هەنگاوی یەکەمدا (ئەبێ شێوازی دەربڕینی تایبەتیی نووسەر بە جیا لە تەواوی نەریتەکانو تەواوی کارەکانی سەردەمەکەی دیاری بکەین، واتە دەبێ کارەکەی بەگشتی وەکو سیستمێکی زمانناسی لەبەرچاو بگرین). بەڕێی ڤینۆگرادۆڤ دەبێ زمانی هەر کارێ لەو کارانە بەجۆرێکی جیا لێی بکۆڵرێتەوە، پاشان پەیوەندیی ئەو کارە بە زمانی سەرجەم کارەکانی نووسەرەوە، دوای ئەم دوو هەنگاوی لێکۆڵینەوەیە، دەبێ لەزمانی کۆمەڵێك کاری تر کە لەهەمان سەردەمدا نووسراون بکۆڵرێتەوە، بەکارهێنانی میتۆدی (شیکردنەوەی هاوزەمانی) لە ئاسەواری فۆرمالیستەکاندا، بەئاشکرا کاریگەریی سۆسۆرو قوتابیەکانی بەدەر دەخات، هەروەها لە چەمکێکی سەرەکیتریاندا کە سیستم، یان بونیادی دەقە، بەهەمان شێوە کاریگەریی سۆسۆر دەبینینەوە. تەواوی فۆرمالیستەکان لەوەدا یەك بوون کە

(هەرکارێکی هونەری خاوەنی کۆڵەکە (یان بونیاد -و-) ێکەو، هەر یەکەیەکیش پەیڕەوی لە ڕێسایەك دەکات کە لەپەیوەندیی بە بونیادی بنەڕەتیەوە دێتەگۆڕێ).

ئاخنبام یش هەمان رای لەدێڕێکدا دەربڕیوە: (تەنانەت رستەیەکیش لەکاری ئەدەبی ناتوانێ خۆی لەخۆیدا تەعبیرێکی راستەوخۆ بێت لە هەستی نووسەر، بەڵکو هەمیشە لەژێر حوکمی ساتێك لە ساتەکانی دەقدایە). هەروەها جەختکردن لەسەر گرنگیی پەیوەندییە ناوەکیەکانی یەك بونیاد (کە یەکێکە لەگرنگترین بنەماکانی بونیادگەری) لە ئاسەوارەکانی فۆرمالیستەکانی دیکەدا بەشێوەی جیا جیا دووبارە بۆتەوە.

تینیانۆڤ ساڵی 1929 نووسیویەتی: (کاری ئەدەبی تەعبیرە لە سیستمی ئەو توخمانەی پێکەوە بەندن، پەیوەندیی هەر توخمێك بەوی دیکەوە، بەکارکردی ئەو توخمە لەناو چوارچێوەی سیستمی کارەکەدا دەژمێردرێ).

هەڵبەتە لەم سیستەمەداو هەر بونیادێکی دیکەدا باس لە (هاوبەندی توخمەبەرانبەرەکان) نییە، بەڵکو لەهەر سیستمێکدا زنجیرەیەك توخمی باڵا دەست هەیە کە رۆڵی فاکتەرەکانی دیکە بێ بایەخ دەکەن. بۆ نموونە لە ڕۆمانێکدا کە جیهانبینیی نووسەر تیایدا بایەخێکی زۆری هەیە، شێوازی دەربڕینی باڵادەست، گفتوگۆی نێوان کەسێتییەکانە (وەکو ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی)، مەسەلەکە لێرەدا ئەوەیە کە بوونی ئەو توخمە باڵادەستانە، خولقێنەری جۆرێك لەپایە بەهاییەکان (پایگان ارزشی)ە.

چەمکی شێوە لە ئاسەواری فۆرمالیستەکاندا چەندەها جار گشتگرترە لەهەمان چەمك لە تیۆرە ئەدەبیەکانی دیکەدا. وەختێ شلۆڤسکی دەیوت: (شێوەی تازە، ناوەرۆکی تازە دەخولقێنێت) مانایەکی نوێو فراوانی شێوەی دەخستەروو. فۆرمالیستەکان لەو باوەڕەدا بوون کە شێوە بەرئەنجامی دوو کارکردی دژ بەیەکە: رێکسازیو شێوەشکێنی. چەمکی (شێوەشکێنی) لەدیدی ئەوانە مانای کردەیەکی سەلبی نادات، بەڵکو بە مانای ئەو گۆڕانانە دێت کە لە کەرەسەکاندا روو دەدەن. وەکو ئەو شێوازەی کە تیایدا وشە شیعریەکان، بە

پێچەوانەی وشەكانی پەخشانو زمانی پێوانە تەشكیل دەبن. بەڵام ئەو كەرەسەو توخمانە دەبێ بەشێوەیەكی (سیستماتیك) لەگەڵ یەكدا رێكبخرێن، (هاوەڵ و یەكسان) بن. بەجۆرە فۆرمالیستەكان تەنها بایەخیان بەدەنگو وشەو، كێشو دەستووری شیعریو، ژانرە ئەدەبیەكانو... هتد نەداوە، بەڵكو كاركردی ئیستاتیكیی بیرۆكەكانو، پلۆتی چیرۆكو رێساكانی دەربڕینیشیان لەبەرچاو گرت.

(5)

یەكێك لە دەسكەوتە گرنگەكانی فۆرمالیستەكان لەبواری تیۆریی ئەدەبیدا جیاوازیی نێوان چیرۆك (كە فۆرمالیستەكان نزیك لە وشە لاتینییەكە پێیان دەوت **FABULA** و پلۆت (كە وشە رووسیەكە **Sjuzet** یان بۆ بەكار دەهێنا) بوو. نووسینەكانی شكلۆفسكیو فۆرمالیستەكانی دی رۆڵێكی دیاریان لە روونكردنەوەی لایەنە ئاڵۆزەكانی ئەم بابەتەدا بینی، بەڵام ناوازەترین كار لەم بارەیەوە نووسینەكەی تۆماشڤسكییە بەناونیشانی (مایەكانی كار). بەرێی فۆرمالیستەكان (چیرۆك) هەوێنی بنچینەیی گێڕانەوەو، لۆژیكی تەواوی كردارەكانو، بنەمای سەرەكیی پەیوەندییەكانو (ئامادەگی)ی كەسێتییەكانو، رەوتی رووداوەكانو (ئەوەی لە پلۆتەكەدا خراوەتە روو و نەخراوەتە روو)و بزاوتی وابەستە بەزەمانی گێڕانەوەكەیە. بەڵام پلۆت هەڵبژاردەی چیرۆكەكەیە كە دەگێڕدرێتەوە، بەو جۆرەی كە گێڕەرەوە/ نووسەر چۆنێتی رێكخستنی رووداوەكانی (هەڵبژاردووە)، هەر بۆیە پچڕ پچڕی زەمانی بە سەریدا زاڵە، جوڵەكەشی بەرەو ئایندە نییەو ریتمی بە پێویست لەگەڵ زەمانی رۆژژمێری (یا زەمانی تەقویمی)دا هاوشان نییە.

زۆربەی شتەكان لە پلۆتدا بە نەگوتراوی دەمێننەوەو دەدرێنە دەست (مەزنە یا خەیاڵ)ی خوێنەر (یابینەری نمایش، یان فیلمو یان ئۆپێرا). لەم بارەیەوە (ئومبێرتۆ ئیكۆ) باسی لە

(توانای کەوانەسازیی خوێنەر) کردووە، سیحری خوێندنەوەی چیرۆك بەستراوە بە ئازادیی خوێنەرەوە کە لە هەڵبژاردەکەی نووسەرەوە، واتە لە (پلۆت)ەوە (پەی بە چیرۆکەکە بەرێت)، یان بە دەربڕینێکی دی چیرۆکەکە بخولقێنێت، چیرۆك هەمان زاراوە **Diegesis**ی ئەرستۆیەو پلۆت گێڕانەوەی هەڵبژاردەکەیەتی. یەکەمیان توانایەو دووەمیان کردارە، یەکەمیان لەزەینی خوێنەردایەو دووەمیان لە لاپەڕەکانی کتێبدا. تەواوی رووداوەکانی (جەنگو ئاشتی) وەك ئەوەی لەبەسەرهاتی کەسێتییە خەیاڵیەکانی ڕۆمانی تۆڵستۆیدا روو دەدەن (هەروەها لە رووداوە مێژووییەکاندا کە دەیانگێڕێتەوە، یان خوێنەر لەڕێی سەرچاوەی ترەوە مێژووە-راستەقینە-کەی خوێندۆتەوە) ئەمانە هەموو پێکەوە کەرەسەی خولقێنەری چیرۆکەکەن. بەڵام لە ڕۆمانەکەی تۆڵستۆیدا پچڕ پچڕیی زەمانی دەبینینەوەو، ئەمەش بەندە بە هەڵبژاردنی نووسەرەوە. خوێنەر لەڕێی ئەو پلۆتەوە چیرۆکەکە دەخولقێنێت. لەسەرەتای فیلمی (کۆتایی بەهار)ی یاسۆ جیرۆ ئیزۆدا چاومان بە دەعوەتێکی چا لەسەر دەستووری ژاپۆنی دەکەوێت، بەڵام وردو درشتی دەعوەتەکە نابینین، بەڵکو بەپێی (گێڕانەوەی سینەمایی)، واتە گێڕانەوەیەکی هەڵبژاردەو پوختە، لەڕەوتی بەرەو پێشچوونی فیلمەکەدا بە زانینی پەیوەندیی نێوان کاراکتەرەکان (بەتایبەتیی پەیوەندیی نۆریکۆ بە پوریەوە)و بە تێگەیشتن لەپایەی کۆمەڵایەتیو تاکە کەسییان هەر بینەرێك لای خۆیەوە بەشێك لەکەرەسە نوقسانەکانی ئەو دەعوەتە (پڕدەکاتەوە)، بینەر چیرۆکەکە دەخولقێنێت، لەکاتێکدا لە سەرەتادا بەتەنها (چەند توخمێکی پلۆتەکە)ی پیشان دراوە. خولقاندنی چیرۆك واتە (ستراتیژیەتی خوێندنەوە)، ئەم چەمکەی کە لە لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکانی (ئیستاتیکای وەرگرتن)دا گرنگییەکی زۆری پێدرا. پەیبردن بەتوخمە چیرۆکیەکان لە فیلمێکی سینەماییدا لەگەڵ پەیبردن بەهەمان ئەو توخمانە لە ڕۆمانیکدا جیاوازە. لەفیلمدا تایتڵەکان، یان مۆسیقای وێنایی دەقەکە (کە بەپێی مەنتیقی گێڕانەوە کاراکتەرەکانی فیلمەکە نایبیستن، بەڵام بینەر دەیبیستێت) یا ئەو وشانەی بۆ روونکردنەوە بەکار دێن (وەکو- پاش ساڵێك- کە

لەسەر شاشەکە دەردەکەوێ، یان وێنەی کاتژمێر کە میلەکانی بەخێرایی دەڕۆن، یان هەڵدانەوەی خێرای پەڕەکانی ساڵنامەیەك، یا ئەو نوسینانەی لەسینەمای بێ دەنگدا لەبەینی دیمەنەکاندا دەنوسرێن، نووسینەکانی دیو کارتێکەرە دەنگیەکان) ئەمانە هەموو توخمی (ناچیرۆکی)ن، کەواتە دەکرێ بڵێین کە پلۆت بریتییە لە توخمە ناچیرۆکیەکان+ ئەو رووداوانەی خراونەتە روو+ ئەو رووداوانەی نەخراونەتەڕوو.

شکلۆڤسکی لەکتێبی (پلۆتو شێوازی دەربڕین)دا چەمکە تەقلیدیەکەی پلۆت (کە وەك کۆمەڵێك بیرۆکە لێی دەڕوانێ)ی ئەفەرۆز کرد. هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کرد کە تۆژینەوەی شێوە جیاوازەکانی پلۆت (بەرەو پێشچوونی هەنگاو بەهەنگاو، هاوتەریبیو بەدوا یەکداهاتن- **توازي و توالي**-ی مایەکانو..) شێوە وەکو سیستمێکی کۆکەرەوەی ئەو پەیوەندیانە دەخاتەروو کە لەنێوان توخمەکانی پلۆت دایە. وەرگر، ئەو پەیوەندییە ناوەکیانەی توخمەکانی چیرۆك دەخولقێنێو بەجۆرێکی هاوزەمانی بونیادی گێڕانەوەی چیرۆکەکە مەزنە دەکاتو پەی بە سیستمی مەنهەجیانەی دەقەکە دەبات. هەروەها بەهۆی دۆزینـەوەی پەیوەندییە ناوەکیەکان، یان شێوەی کارەکە (ناوەرۆك)ی کارەکە دەخولقێنێ. بەم پێیە شێوەو ناوەرۆك لێکدی جیاناکرێنەوە. وەرگر لە دۆزینەوەی شێوەی کارەکەدا بەردەوام مەزنە دەکاتو نەخشە بۆ پلۆتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە، پەیوەندیی نێوان کسەکان، پەیوەندیی نێوان توخمەکانی دیکەی کارەکە دادەڕێژێت. وێناکانیشی هەم لەژیانی راستەقینەی خۆیەوە سەرچاوە دەگرنو، هەم وابەستەشە بە شارەزایی لەژانری کارەکەو، رەمزەکانی. ئاسەوارە ناباو (نامەئلوف)ە هونەریەکانیش خاوەن یاسای تایبەتی خۆیانو تەسەوری تازەو شتی نوێ دەخولقێنن.

بەم جۆرە هاندەر لە پلۆتدا خولقێنەری چیرۆکە. شکلۆڤسکی روونی کردەوە کە شێوەی داستان زۆربەی توخمەکان دیاری دەکات، کە ئێمە ئەنگێزەکانی بەرەو پێشچوونی رووداوەکان دەزانین. ئەو تەنانەت ناهاوسەنگیی ئاکاریو سەقامگیر نەبوونی کەسێتیەکان لە (دۆن

كیشۆت)ی سێرڤانتس دایگەڕاندەوە بۆ كاركردی بونیاد یان شێوەی ئەو چیرۆكەو دەسەڵاتی شێوەی بەسەر بیرۆكەكاندا سەلماند. لە وتارێكی تریشدا بەناوی (كاملبوونی پلۆتو تریسترام شاندی) تەئكیدی لەوە كردەوە كە (وا راهاتوون پلۆت لەگەڵ وەسفی رووداوەكاندا بەشتێك لە قەڵەم بدەن. بەڵام پلۆت كەرەسەیەكە لە خولقاندنی شێوەی چیرۆكدا بەشدارە، بۆیە كارێكی راست نییە ئەگەر ئێمە وا تەسەور بكەین كە چیرۆكی (یەڤگینی ئۆنەگین) باسی بەسەرهاتی دڵداریی قارەمانەكەو تانیا نایە).

تۆژینەوە لەشێوە سەرەتاییەكانی چیرۆك چەمكی (پلۆت)مان لا روون دەكاتەوە، ئەم شێوانە كە بەر لە هاتنە ئاراوەی رۆمانو كورتەچیرۆك هەبوون، بونیادیان وەك بونیادی ئەم دوو شێوەیەیە. رەگو ریشەی رۆمانو كورتەچیرۆك دەگەڕێتەوە بۆ راپۆرتی مێژوویی، حیكایەت، سەفەرنامەو شێوەكانی تری گێڕانەوەی ئەدەبی. تۆژینەوە لەم شێوانە یەكێكە لە ئەركە سەرەكیەكانی رەخنەی ئەدەبی. بەم پێیە تەئكیدكردنەوەی شكلۆڤسكیو فۆرمالیستەكانی دیكە لەسەر ئەم مەسەلەیە فراوانیو بایەخی كارێك پیشان دەدا كە ئاندریێ بۆلس لەبوارێكدا كە خۆی ناوی لێنا (شێوە ئەدەبییە سادەكان) برەوی پێدا، شكلۆڤسكی دوو جۆر بونیادی لە (چیرۆكە ئەدەبییە سادە، یان سەرەتاییەكان)دا لێكجیاكردەوە، لە یەكێكیاندا قارەمانێك لەرەوتی كۆمەڵێك رووداوی پەی دەر پەیدا شتی زۆری بەسەرا دێ (شێوەی باڵادەستی چیرۆكەكانی هوپ پیكارسك)، لەوی دیكەشیاندا بە حوكمی كۆمەڵێك هۆكاری جۆراو جۆر، كۆمەڵێك بەسەرهات پێكەوە گرێ دەدرێن، (وەكو هەزارو یەك شەوەو دیكامیرۆن) لەجۆری یەكەمدا بەركەماڵییەك لە كەسێتییەكانو یان لانی كەم لە كەسێتیی سەرەكیدا دەبینینەوە، بەڵام لە چیرۆكەكانی جۆری دووەمدا كەسێتیەكان كامڵ نینو لە هەموو شتێك زیاتر تەئكید لەسەر كردار دەكرێت. لە چیرۆكەكانی جۆری یەكەمدا ئەنگێزەكانی كەسێتیی سەرەكی پلۆتی چیرۆكەكە دەخولقێنێو بەم پێیە لێكۆڵینەوەی سروشتی سایكۆلۆژیو وێنەكێشانی (فێرگوزاریانە)ی قارەمانەكە گرنگی پەیدا

دەکات، بەلاّم لە چیرۆکەکانی جۆری دووەمدا کەسێتییەکان کۆمەڵێك وەسیلەن کە بەکرداری خۆیان پلۆتەکە بەرەو پێشەوە دەبەن. شکلۆڤسکی لەمەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە جۆری یەکەم لە رەوتی بەرەو کامڵ چوونیدا گۆڕا بە ڕۆمانو جۆری دووەمیش بەکورتە چیرۆك. باشترین رواڵەتی جیاوازی نێوان ئەم دوو شێوەیەشی لە چۆنییەتیی (کۆتایی هاتن)یان دا بینییەوە.

کورتەچیرۆك بەجۆرێك بەرەو پێشەوە دەچێت کە لە کۆتایی پلۆتەکەدا، دەڵێی هەموو شتێك کامڵ یان تەواو بووە، دوا وشە، کۆتایی مەنتیقی گێڕانەوەیە لە کورتەچیرۆکدا، بەلاّم ڕۆمان وا نییە، بەکۆتایی هاتنی پلۆتەکەش هێشتا ڕۆمانەکە هەر بەردەوامە. لەکورتەچیرۆکدا هەستی کامڵ بوون لە کرداردا دەبینرێتەوە، بەلاّم لەڕۆماندا دەتوانرێ ئەو هەستە لە مایەی سەرەکی، یان دەربڕینێکی دی لەهاندانەدا بەدی بکرێ. ئەم دوو شێوەیە لە شتێکی گرنگدا بەشدارن: ئەو بازنە سیحرییەی کە کۆتایی چیرۆك بەسەرەتاکەیەوە دەبەستێتەوە. "ئاخنبام"یش لە وتاری (تیۆریی پەخشان)دا لایەنە جیاوازەکانی کورتەچیرۆکو ڕۆمانی ژماردووە. ئەو لەجیاوازیی نێوان ئەو چیرۆکانەی کە بۆ بیستنو ئەو چیرۆکانەی کە بۆ خوێندنەوەن دەستی پێکرد. کۆمەڵێك چیرۆك هەن کە وەکو ئەفسانەکانی منالاّن بونیادیان لە سەر بیستن بەندەو بەرامبەر بەمەش، چیرۆك هەن (دەبێ بخوێنرێنەوە). کارێکی ئەدەبی وەکو (دی کامیرۆن) دەچێتە خانەی جۆری یەکەمیانەوە. حیکایەت خوانان، چیرۆکی لەمەتەڵ چوو، تەنز ئامێز، پەند ئامێزو تەنانەت هەندێجار چیرۆکی ئەخلاقیش دەگێڕینەوە. ڕۆمانە سەرەتاییەکان ریشەیان بۆ ئەم حیکایەتانە دەگەڕایەوەو سروشتی گوتاری/ بیستیاری یان پاراست. بەلاّم لەسەدەی هەژدەیەمەوە، جۆرێکی نوێی چیرۆك گێڕانەوە واتە چیرۆکەکانی خوێندنەوە (هاوکات لەگەڵ زیادبوونی خەڵکی خوێنەوارو ساکاریی هونەری چاپی کتێب) هاتنە گۆڕێو رۆڵی گێڕانەوەی بیستیاری بەئاشکرا روو لەکزبوون بوو. بەدرێژایی سەدەی نۆزدەهەم رۆژ دوای رۆژ ڕۆمان دەسبەرداری (حکایەتخوانی) بوو و لە ژێر کاریگەریی

سایکۆلۆژیاو زانستەکاندا (گۆڕا بە ئاوێتەیەك لەگوتنو گفتوگۆ، دیمەنسازی، وەسفی شوێنو دیکۆر، بزاوتو شێوەکانی دەربڕین، شێوازو فۆنەتیك). ئاخنبام ئاماژەی بۆ کارە لەیادچووەکانی ڕەخنەگری رووسیایی شەفیرۆڤ کرد کە لەساڵی 1843دا ڕۆمانی بە (ئاوێتەیەك لە تەواوی ژانرە ئەدەبیەکان) پێناسە کردبوو و، داستانی لە (ڤیلهلم مایستەر)ی گۆتەو (دۆن کیشۆت)ی سێرڤانتسداو، شیعری دڵداری لە (ئازارەکانی ڤارتەری لاو)داو نمایشی پاڵەوانیی لە چیرۆکەکانی والتەر سکۆتدا دۆزیبۆوەو هەوڵی دابوو لەسەر بناغەی وابەستەیی ریشەییان ڕۆمانەکان پۆلێن بکات. لێرەدا ئاخنبام مەسەلەی (ژانرە ئەدەبیەکان)ی هێنایە پێشێو پەیجۆریەکەی ئەو لەم بارەیەوە لایەنێکی فێرگوزاریی تێدایە:

(لەکامڵبوونی هەر ژانرێکی ئەدەبیدا ساتێك دێتە پێشەوە کە سوود وەرگرتن لەو ژانرە گورزێکی جدی لە دەربڕین دەوەشێنێتو دەربڕین شێوەیەکی خەندەهێنو تەنز ئامێز وەردەگرێت. شیعری داستانی، چیرۆکە رووداو ئامێزەکان، ئەو چیرۆکانەی سەبارەت ژیانی کەسانی بەناو بانگن، دووچاری ئەمە بوون. هەڵبەتە هەلو مەرجەکانی کاتو شوێن دەبنە هۆی شێوەی جۆراو جۆری ئەم گۆڕانە، بەڵام ئەم کردەیە واتە گۆڕانی لایەنی جیددی بەلایەنی کۆمیدی هەمیشە بەپێی یاسایەکی کامڵ بوون دەبینرێتەوە: هەر شیکردنەوەیەکی جدی کە بەوردی خۆی بەوردەکارییەکانییەوە خەریك بکات، رێ بۆ شیکردنەوەیەکی گاڵتە گێڕو لەزەت بەخش خۆش دەکات. نووسەر خۆی دێتە سەر شانۆو تەسەوری جیددی بوونو رەسەنایەتی کارەکە دەخاتە لاوە. رێکسازیی پلۆتەکە دەبێ بەیاری لەگەڵ چیرۆکەکەدا کە خۆی بۆ مەتەڵێك، یان نوکتەیەك دەگۆڕێت. بەم جۆرە وەچەی دوایی ئەم ژانرە ئەدەبییە بە توانایەکی تازەو شێوەیەکی تازەوە دێتەگۆڕێ).

دەبینین کە تۆژینەوەی شکلۆڤسکی سەبارەت سەرچاوە جیاکانی ڕۆمانو کورتەچیرۆك زیاتر بە دەوری کامڵبوونی شێوەکانی دەربڕینی ئەدەبیدا دەخولێتەوە، تۆژینەوەی ئاخنبام پتر مۆرکێکی مێژوویی پێوە دیارە. ئەو خاڵەی کە هەردووکیان ئاماژەیان بۆ کردووە ئەوەیە کە

هەردووکیان بە جۆرێکی تایبەت، قەرزاری تیۆرییە ئەدەبیەکانی ڕۆمانتیکە ئەڵمانەکانن. هەر ڕۆمانتیکە ئەڵمانەکان بوون کە بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی جیدی رەگو ریشەی ڕۆمانو کورتە چیرۆکیان لە (شێوە سادەکان)داو بە تایبەتیش لەئەدەبی فۆلکلۆریدا دۆزیەوەو ئەو کارەی ئەوان کاریگەرییەکی قوڵی کردە سەر ئاندرێ یۆلس. جیاوازیی نێوان چیرۆکو پلۆت کۆمەڵێك ئەنجامی گرنگی لە تیۆرەی ئەدەبیدا بەدەستەوەدا. یەکێك لەو ئەنجامە گرنگانە گەیشتن بەتیۆرەیەك بوو دەربارەی مایەکانی کار. تۆما شڤسکی لەکتێبی (مایەکانی کار)دا لەبارەی ئەم تیۆریە کۆڵیویەتیەوە. بەبۆچوونی ئەو هەموو چیرۆکێك مایەیەکی سەرەکیی خۆی (هەیە کە دواتر کلۆد برمون بە (زل بونیادی مانایی) ناوی برد). هەر چیرۆکەو کۆمەڵێك مایەی لاوەکیشی هەیە کە مانای بەشێك لە بەشەکانی چیرۆکەکە روون دەکاتەوە. خولقاندنی پەیوەندیش لەنێوان ئەم مایە لاوەکیانەدا کاری خوێنەری چیرۆکەکەیە بەمپێیە هەر چیرۆکێك زەمینەیەکی گفتوگۆیە لەنێوان دەقو خوێنەردا. بەتەنها ئەوەش بەس نییە کە دەبێ مایەی سەرەکیی چیرۆکەکە سەرنج راکێش بێت، بەڵکو ئەبێ خوێنەر بتوانێ پەیوەندیی نێوان مایە لاوەکییەکان بخولقێنێتو (ئەم مەسەلەیەش سەرنجکێشیی کارەکە داین دەکات) هەر مایەیەکی لاوەکیش خاوەنی مانایەکە کە لە پەیوەندیی بە زلبونیادی مانای کارەکەوە دەخولقێت. تۆماشڤسکی ئەم (مایە مانادار)ەی ناونا (مۆتیف). ئەم زاراوەیەش لەتیۆری مۆسیقاوە وەرگیراوە. چیرۆك بریتییە لە بەردەوامیی زەمانیو هۆکارێتیو ئەنجامی مۆتیفەکان. پلۆت بریتییە لە ریێك خستنی مۆتیفەکان بەپێی هەڵبژاردنی نووسەرەکە:

(دەتوانین کامڵبوونی چیرۆك بەتێپەڕبوون لەبارێکەوە بۆ بارێکی دی لەقەڵەم بدەین، کە هەر بارە دژایەتیی نێوان بەرژەوەندیو ململانێی نێوان کەسێتییەکانە) توماشفسکی، کامڵبوونی دیالەکتیکی چیرۆکی بە کامڵبوونی کردەی کۆمەڵایەتیو سیاسی بەراورد کرد، کە هەر بارێکی نوێ ئەنجامی ململانێیەکە کە لە باری پێشوودا لەنێوان چینە کۆمەڵایەتیەکاندا روویداوە. بەڕێی تۆماشفسکی کاتێ چیرۆك کۆتایی دێ کە دەگەینە

بارێکی ئازاد لەدژایەتیەکانی پێشووو ململانێی نێوان کەسێتییەکان. بەم جۆرە تۆماشفسکی نموونەیەکی تیۆریی سەبارەت بەبونیادی چیرۆك خستۆتە روو کە دواتر، لە کارەکانی ترڤیتان تۆدۆرۆڤدا بووە بەبابەتی تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەیەکی وردتر، لەلایەکی دیکەوە تۆژینەوەکانی لەمەڕ مۆتیفەکانی چیرۆکەوە، رێی لەبەردەم گریماسو برموندا خۆش کرد تا بەخستنەرووی چەمکی (بەدوا یەکداهاتن **Sequence**)، هەنگاوێکی گرنگ لە بواری لێکۆڵینەوەی چەمکی بونیادی چیرۆکدا بنێن.

نووسراوەکانی ئەلکساندەر ریفورماتسکی رۆڵێکی گرنگیان لەلێکۆڵینەوەی مۆتیفەکانی کارە ئەدەبیەکاندا هەبوو. لەکتێبی (شی کردنەوەی شێوەی کورتەچیرۆك)دا جیاوازیی نێوان مایەو مۆتیفی خستەڕوو. مایەی بەتوخمی وەستاوی پلۆت دانا کە لە پەیوەندیدا لەگەڵ کەسێتییەکاندا ئاراستەیەکی کارکردی پەیدادەکاتو دەگۆڕێت بۆ توخمێکی بزۆزی پلۆتەکە. بۆ ناسینەوەی پلۆتەکە دەبێ گۆڕانی مایەکان بۆ مۆتیفەکان بناسینەوە. ریفۆرماتسکی بەراوردێکی لەنێوان کورتەچیرۆکو یاریی شەترەنجدا (کە خۆی تیایدا مامۆستا بوو) کرد: پارچەکانی یاریەکە (بۆ نموونە ئەسپ) مایەکانن، مایەکان خاوەنی رۆڵێکی تایبەتین (جوڵەی ئەسپەکە)و لە رەوتی یاریەکەدا بەهۆی ئەم رۆڵە تایبەتیەوە دەبن بە مۆتیف. (هەر جارێك کە سەربازێك دەکەینە قوربانی بۆ بەدەستهێنانی بارێکی باشتر، بەمە سوودمان لەرۆڵە تایبەتیەکەی بینیوە). یاریەکە لەسەرەتاوە تا کۆتایی پلۆتە. لەهەمان کتێبدا ریفۆرماتسکی بەراوردێکی دیکەی لەنێوان پلۆتی کورتەچیرۆکو بونیادی سۆناتی کلاسیکدا لە مۆسیقادا ئەنجامداوە: (هەر سۆناتێك لەگەڵ هەر، کانێکدا دوو جۆر مایەی هەیە- مایەی سەرەکیو مایەی لاوەکی) ئەم ئەدگارە هەندێجار ئاڵۆزتر ئەبێ لەبەر بوونی مایە لاوەکیەکانی دووەمو، سێیەمو... لەکورتە چیرۆکدا ئەو بونیادەی کە بەندە بەجیاوازی مایەکانەوە وەکو بونیادی سۆنات، لەگەڵ کانێدا پەیوەندی هەیەو مۆتیفەکان کارکردی ئەم جیاوازیەن).

(6)

فۆرمالیستەکان لەتۆژینەوەیاندا سەبارەت بە شیعر بابەتێکی گرنگیان خستەڕوو کە بوو بەهۆی وروژاندنی مەسەلەی (پەیوەندییەکانی نێوان دەقە ئەدەبیەکان)، ئەم پەیوەندییە ناوەکیانەی نێوان دەقەکان (سەر بە قۆناغێك بێت، یان قۆناغە جیاجیاکان) ئەمڕۆ بە شوێن پێ هەڵگرتنی باختین پێی دەڵێن- پەیوەندییەکانی دەق ئاوێزان- یان بەناو یەکداچوونی دەقەکان- مناسبات بینامتنی). ئەم تۆژینەوەیەش بەوتاری (هونەر وەکو تەکنیك)ی شکلۆڤسکی دەستی پێکرد. لەم وتارەدا ئەوەی خستەڕوو کە چەند زیاتر قۆناغێك بناسین، زیاتر دڵنیا دەبین کە ئەو تەسەورو وێنانەی شاعیرێك بەکاریهێناون (و بەلای ئێمەوە داهێنانی خودی شاعیرەکە خۆیەتی) بێ هیچ گۆڕانکاریەکی گەوهەری لەشیعری شاعیرێکی ترەوە وەرگیراون. نوێکاریی شاعیران لەو وێنانەدا نییە کە دەیانخولقێنن، بەڵکو لەو زمانەدایە کە بەکاری دێنن.

شیعری شاعیران لەسەر بنەڕەتی شێوازی تەعبیرو تەکنیکە زمانەوانییەکانو بەکارهێنانی تایبەتیی زمان لەیەکدی جیادەکرێنەوە. گۆڕانکاری لە کامڵبوونی شیعردا گرنگ نییە، گرنگ لە شیعردا گۆڕانکارییە لەبەکارهێنانی زماندا. لەتێگەیشتنی پەیوەندییەکانی دەقەکاندا وێکچوونە تەکنیکیەکانو نزیکیو لێکچوونی شێوازی تەعبیرو لێکچوونی مایەو وێنەکان گرنگن: (کاری هونەری لە ئاسەوارە هونەرییەکانی پێشوو و لەپەیوەندییدا لەگەڵ ئەواندا دێتە ئاراوە. فۆرمی کاری هونەری لەڕێی پەیوەندییە لەگەڵ سەرجەم کارە هونەرییەکانی پێش خۆیدا دەناسرێ.. ئامانجی فۆرمی نوێ گوزارشتکردن لە ناوەڕۆکێکی نوێ نییە. بەڵکو فۆرمی نوێ دێت تا جێی ئەو فۆرمە کۆنە بگرێتەوە کە ئیدی بەهاو توانای ئیستاتیکیی خۆی لە دەستداوە). شکلۆڤسکی ئەو رایەی فردیناند برونێتیری دووبارە کردەوە کە: (لەنێو تەواوی کاریگەرییە هونەرییەکاندا گرنگترینیان ئەو کاریگەریەیە کە دەقێك

دەیکاتە سەر دەقێکی دی). تینیانۆڤ دەربارەی ئەو کاریگەرییەی کە دۆستۆیڤسکی لە گۆگۆلی وەرگرتووە نووسیویەتی کە دۆستۆیڤسکی بە تێکدانی شێوەی گاڵتەجاڕی کە لە چیرۆکەکانی گۆگۆلدا دەیبینینەوە، جۆرێکی نوێی لەگاڵتەگێڕی خولقاندووە: (وەختێ باس لە نەریتی ئەدەبی، یا بەردەوامیی ئەدەبی دەکەین یەکسەر هێڵێکی راستەوخۆمان دێتە پێش چاو کە نووسەرانی پیرو لاوی لقێکی ئەدەبیی ناسراو بە یەکەوە دەبەستێتەوە. بەڵام مەسەلەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە. هێڵی راستەوخۆ لەئارادا نییەو ئەوەی لەگۆڕێدایە زیاتر پەرتەوازییە. تێپەڕین لە خاڵێکی زانراو، جۆرێکە لە ململانێ، هەر جۆرە سەقامگیرییەکی ئەدەبی بەر لە هەر شتێك ململانێیە، جۆرێك لە تێکدانی بەها کۆنەکانو بنیادنانەوەی بەهاکانە بەگوێرەی ویستو خواست).

تیڕوانینی فۆرمالیستەکان بۆ شیعر تا ئێستاش تازەییو دڵڕفێنیی خۆی لەدەست نەداوە. ئەوان هەر لەیەکەم هەنگاویاندا یەکێك لە گرنگترین راکانی سیمبۆلیستەکانیان بەرپەرچ دایەوە کە دەڵێت (شیعر بریتییە لە گوزارشتکردن لە بیرۆکەیەك بە وێنە). دەتوانین ریشەی ئەم ڕەخنە لێگرتنەیان لە ئاسەوارەکانی گۆستاڤ شپتدا بدۆزینەوە. ئەم فەیلەسوفە دیاردەناس (فینۆ مینۆ لۆژیست)ە جەختی لەوە کرد کە وێنەی شیعری (شتێکی خاڵییە)، وەکو وێنەیەکی سەر قوماش، (تابلۆیەکی نیگارکێشی)، یان سەر رووی پەڕە کاغەزێك نییە، یان وەکو وێنەیەکی فۆتۆگرافی نییە، بەڵکو تەعبیرێکی مەجازییە. خوازە (ئیستیعارە)، یان کینایەیەکە (ناتوانین بەدی بکەین). کەرەسەی سەرەکیی شیعر نە وێنەو تەسەوراتەو نە تەعبیر کردنە لەبیر بەزمان. وەختێ شکلۆڤسکی دەیوت شاعیران تەسەورەکان ناخولقێنن، بەڵکو دەیاندۆزنەوە، واتە ئەو تەسەورانە لە زمانی ئاساییو زمانی پێودانگدا (کۆدەکەنەوە)، بۆ دیدگاکەی گۆستاڤ شپت دەگەڕایەوە. شکلۆڤسکی دەیوت کە وشەی خوێن لە شیعرێکدا (خوێنین) نییە، واتە لە خوێنی راستەقینە دروست نەبووە، بەڵکو وشەیەکە بە تایبەتمەندێتییە زمانناسیەکانی خۆی لە چەند پیتێکی تایبەت دروست بووە، جێکەوت (وقع)ێکی تایبەت

بەخۆی هەیەو، لەڕێی پەیوەندیی هاونشینی لەگەڵ وشەکانی دیکەدا مانا (یا چەند مانایەك) پەیدا دەکات، کاری ڕەخنەگر ناسینی ئەم بوونە ئەدەبییەی ئەو وشەیە نەك لێکۆڵینەوەی ئەدگارە فەرهەنگیەکانی. ئاکامی ئەم تۆژینەوەیە تەنها وەچنگ هێنانی چەمکێکی نوێو وردی زمانی شیعری نییە، بەڵکو هەندێ لە تیۆرییە هەڵەکان دەخاتە لاوە.

بۆ نموونە شکلۆڤسکی ئەو تێڕوانینە سەرەکییەی سیمبۆلیستەکانی رەتدەکردەوە کە بەپێی ئەو تێڕوانینە تەسەورە شیعریەکان لە چەمکەکان سادەترن، دەپرسی کە ئایا چواندن (شوبهاندن)ی هەورەکان بە کۆمەڵێك شەیتانی کەڕو لاڵ لە شیعرە ناوازەکەی تیۆچفـدا وەکو تەسەور سادەتر دەبینرێ یان لەڕێی وردبوونەوە لە (یاری زمانەوانی)یەوە؟

ئەم مەسەلەیەش کە شیعر بەر لەهەر شتێك (یاریکردنە بە زمان) رەگو ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی (نائاسایی) کردن. سەیرو سەمەرەیی زمانی شیعری، هەر شیعرێك دەکات بە (بوونەوەرێکی دانسقە)و بۆ گەیشتن بەمەش کۆمەڵێك تەکنیکی زمانەوانی بەکاری شاعیر دێن، کە فۆرمالیستەکان هەوڵیاندا هەندێکیان بخەنە روو:

1)رێکخستنو هاونشینیی وشەکان لە شیعردا، کە بناغەکەی ریتمو مۆسیقای دەنگەکانە، کە گرنگیو تایبەتمەندی بەهەر وشەیەك دەبەخشێتو، هەر وشەیەك وەك مالارمێ دەڵێت دەبێ بە (خودی حەقیقەت).

تەکنیکەکانی زمانی شیعری (بەکارهێنانی کێشو قافیە، جۆراو جۆریتی قافیە، ردیف- ئەو وشەیەی کە لە کۆتایی دێڕی شیعرەکاندا دووبارە دەبێتەوە، بایەخدان بە جێکەوتی مۆسیقایی) وشە، یان وشەکان وەها بەرجەستە دەکەن کە لە ماناکەی خۆیو لە بەکارهێنانی رۆژانەی دادەماڵن، تا ببێت بە شتێکی نامۆو، دانسقەو، نوێو، خاوەن تەجەللا، ئەمەش پاکژکردنەوەی خوەکانو، نائاسایی کردنە.

2)مەجازەکانی دەربڕینی شیعری: خوازەو جۆرەکانی مەجاز، کینایە، وێکچواندن، ئاوێتەکردنی هەستەکان.

3)کورتی و چڕوپڕگۆیی.

4)بەکارهێنانی وشەی کۆن.

5)بەکارهێنانی تایبەتیی بونیادی دەستووریی نائاشنا یان کۆن.

6)بەکارهێنانی وەسف لەبری وەسف کراو.

7)پێکهاتەی مانایی نوێ.

8)دەربڕینی پشت بەستوو بە ناسازە مەنتیقیەکان.

9)هێنانە ئاراوەی وشەی نوێ، خولقاندنی وشەی پێکهاتەیی نوێ.

شیعر بەدوایەکداهاتنی ریتم داری وشەکانەو هۆکارەکەشی هیچ حەقیقەتێك نییە تەنها زمان نەبێ و، بەتەنها لەڕێی قوربانیکردنی لایەنی مانایی گوتارەوەیە دەتوانین بڵێین کە شیعر بوونی هەیە. شکلۆڤسکی لەم بارەیەوە نووسی: (شیعر خولقێنەری ئەو هەستەیە: کە شتەکان ناناسرێن، بەڵکو تەنها دێنە بەرچاو). نموونەی تۆڵستۆی هێنایەوە کە دەیوت: (با ناوی شتەکان نەبەین، بەڵکو وێنەیان بکێشین، ئەوەش بە جۆرێ کە دەڵێی بۆ یەکەمجارە دەبینرێن)، رێك لەهەمان تایبەتمەندێتی زمانی شیعری دایە، واتە لەتازەیی دایە کە لە وێنانەن دوور دەکەوینەوە. هەنگاوی یەکەم لە شیعردا جیاکردنەوەی هەر بەشێکی ماناییە. توخمە شیعریەکان (نووسینەوەیەکی پەتیی حەقیقەت) نین و بە بەستنەوەی بە شتێکی دەرەوەی خۆیەوە مانا پەیدا ناکات، بەڵکو لەڕێی پێکهاتە ناوەکیەکانی خودی خۆیەوە. یاکۆبسن نووسیویەتی: ئەوەی هۆسێرل پێی دەوت (نائامادەگی) گرنگە. هیچ وشەیەکی شیعری خاوەنی بابەتێك (و دەلالەتێکی مانایی) نییە. ئەو شاعیرە فەرەنساییە (واتە مالارمێ-و-) راستی وتووە کە وتوویەتی گوڵی شیعری مانای نائامادەگی بۆنی گوڵە).

تۆماشفسکی دەیوت: (شیعر گوتارێکە کە راستەوخۆ لەسەر بنچینەی شانەسازیی خۆی، خۆی رێکخستووە)، تینیانۆڤیش دەیوت: (لە شیعردا مانای وشەکان دەگۆڕێن بۆ دەنگ و لە پەخشاندا دەنگەکان دەگۆڕێن بۆ مانا).

ڕەخنەگرتن لە چەمکی (شیعر هەروەکو گوزارشتکردنێك لە بیرۆکەیەك لە ڕێی وێنەسازییەوە) ڕەخنەگرتنە لە نەریتی شیعری سیمبۆلیستیی رووسیا. ئەم چەمکە خۆی ریشەی لەتیۆرەی ئەدەبیی ڕۆمانتیکەکانی ئەڵماندا هەیەو دەتوانین رەنگدانەوەکەی لە ڕەخنەی ئەدەبیی رووسیای سەدە نۆزدەهەمدا ببینینەوە.

بۆ نموونە بلینسکی بۆ یەکەمینجار لەساڵی 1821دا بنەمای (شیعرو وێنە)ی لەوتاری (ئایدیای هونەر)دا بەکارهێناوە. بەتێڕوانینی شکلۆڤسکیو فۆرمالیستەکانی دیکە ئەم بنەمایە زیان بە وەسیلەی سەرەکیی تەعبیری شیعری واتە مەجاز دەگەیەنێت. ئیستیعارەو (مەجازی مورسەل)و وێك چوواندنو کینایە پێویستیان بەوە نییە (وێنە بەرچاو)و لەهەر جۆرە پەیوەندییەکی راستەوخۆ بە حەقیقەتەوە ئازادن. تێڕوانینی فۆرمالیستەکان سەبارەت بە ئازادیی زمانی شیعری لەزمانی رۆژانەو، لە حەقیقەت، کامڵترین دەربڕینی خۆی لەکارەکانی یاکۆبسندا بینییەوە *.

* ئەم باسە بەشی دووەمە لە بەرگی یەکەمی کتێبی (ساختارو تاویل متن)- جلد 1 -نشانە شناسی و ساختار گرایی- بابك احمدی- چاپ دوم 1372 (واتە 1993)- نشر مرکز، تهران، ل 38-60.

## كتێبە چاپكراوەكانی تری وەرگێڕ

❖ *تەرمی نەناسێك* ( كورتە چیرۆك)
چاپی یەكەم 2004

❖ *چاوەكانی* (ڕۆمان)
بوزورگی عەلەوی/ چاپی یەكەم 1997 چاپی حەوتەم 2007

❖ *جۆناسانی نەورەس* (كورتە ڕۆمان)
❖ ڕیچارد باخ/چ2 2002

❖ *خەونێك لەوڵاتی پیاوە بچكۆلەكاندا*
(كورتە چیرۆكی جیهانی)1997

❖ *بەناوی ژیانەوە* ( وتار و لێكۆڵینەوەو گفتوگۆ)
ئەریك فرۆم –(چاپی یەكەم 1998)چاپی سێیەم 2004

❖ *شۆڕش یا ڕیفۆرم*
(گفتوگۆ لەگەڵ ماركۆزو پۆپەردا)1998

❖ *پیدرۆ پارامۆ* (ڕۆمان)
خوان ڕۆڵفۆ_(بەهاوكاری لەگەڵ ڕێبوار سیوەیلیدا)1999

❖ *چەند وێستگەیەكی فیكری و ئەدەبی*
(وتار و باسی فیكری و ئەدەبی)چ1 200 چ2 2006

❖ *تریفەی تەنیایی*
(ژیانو شیعری سوهراب سپهری)2000
چاپی دووەمی بەناوی ( عاشق هەمیشە تەنیایە ) وەیە كە لە ساڵی 2007دا بە ئیزافەوە چاپ كراوەتەوە .

- ***توركیا لەسەردەمی گۆڕاندا***
  محەمەد نورەدین 2001

- ***لەگەڵ ئەقڵی خۆرئاوادا***
  (چەند گفتوگۆیەكی فەلسەفی و ئەدەبی)2001

- **نیچە**
  پۆڵ ستراتێرن 2001

- ***ژنێ لەبەردەم وەرزێكی سارددا***
  (ژیان و شیعری فروغ فەڕوخزاد)چ 1 2002

- ***سارتەر***
  پۆڵ ستراتێرن2002

- ***مۆدێرنەكان***
  رامین جەهانبەگلو2003

- ***ماركۆز و پۆپەر***
  ( باس و گفتوگۆ) 2003

- ***كیركەگۆر***
  پۆڵ ستراتێرن2003
  - كازانتزاكیس
    یۆرگۆس ستاسیناكیس 2004

- ***دەربارەی ئەقڵی مۆدێرن***(گفتوگۆی فەلسەفی و ئەدەبی)
  (بە هاوكاری لەگەڵ ئاوات ئەحمەددا)2004

❖ **چاکەو خراپە**
**کریشنا مورتی**_2004

❖ **ئاوریشم** ( **ڕۆمان**)
**ئەلێساندرۆ باریکۆ چ**1 2004 **چ**2 2007

❖ **بەفر** ( **ڕۆمان**)
**ماکسێنس فێرمین**.2004

- **کەمانچە ڕەشەکە** ( **ڕۆمان** )
  **ماکسێنس فێرمین** 2005

- **هەنگوین** ( **ڕۆمان** )
  **ماکسێنس فێرمین** 2006

❖ **نامەی منالآن بۆ خوا**
**ستیوارت هامپڵ و ئیریک مارشاڵ** *2005*

❖ **فەلسەفەی بوونگەرایی**
**جۆن ماکواری** ، *2005*

* **لاپەڕە پەرشەکان**

*( چەند دەقێکی وەرگێڕاو و نووسراو) 2005*

* **حیکایەتەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ**

*پاولۆ کۆییلیۆ چ1 2006*

* **مێژووی شارستانێتی** *( ب 1 چاپی کوردی ، بە هاوکاری لەگەڵ دانا ئەحمەد و نەبەز کەمالدا )*

*ویڵ دیورانت 2007*

*سازی ئاسنین ( شانۆنامە)

جۆزیف ئۆکۆنۆر 2007

*بەبێ خوێن ( رۆمان)

ئەلێساندرۆ باریکۆ 2007

• نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن( یا ئەفسانەی 1900 )

ئەلێساندرۆ باریکۆ 2008

بەعەرەبی:

❖ *مضيق الفراشات* (قصيدة طويلة للشاعر الكردي شيركو بيكه س)

ترجمة آزاد البرزنجي ط 1, دار الرازي -بيروت- لبنان.1996، ط 2 السليمانية 2007 مؤسسةسردم للطباعة والنشر

❖ *عار تماماً كالماء* (مختارات شعرية لدلاوەر قرەداغي)

ترجمة آزاد البرزنجي, دار الطليعة الجديدة – سوريا – دمشق.2000

❖ *سِفرالروائح* (قصيدة طويلة للشاعر شيركو بيكه س)

ترجمة آزاد البرزنجي, دارنينوى -دمشق -سوريا.2001

## سوپاس بۆ :

هاوڕێی ئازیزم کاك ( ئارام سدیق ) ی نووسەر کە بە مەبەستی هەڵەگیری و چاوپیاخشاندنەوەی ڕێنووسی ئەم کتێبە بۆ ئەم چاپەی ئێستای ، ئەرکی پێاچوونەوەی گرتە ئەستۆی خۆی .